# ڕێگای مەرگ

# چیرۆکی ڕاستەقینەی کۆچبەرێکی کورد

# ڕێگای مەرگ

## چیرۆکی ڕاستەقینەی کۆچبەرێکی کورد

هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی

| ناسنامەی کتێب |
| --- |
| ناوی کتێب: ڕێگای مەرگ<br>چیرۆکی ڕاستەقینەی کۆچبەرێکی کورد |
| نووسەر: هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی |
| پێداچوونەوە: زامدار ئەحمەد |
| دیزاینی ناوەوە: ز. ئـ |
| دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر |
| چاپی یەکەم: ٢٠٢٤ |
| چاپخانەی شەهاب: هەولێر |
| تیراژ: ٥٠٠ دانە |
| لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی (   )ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە. |

## ناوەرۆک


پێشەکی.................................................................. ١٣
لە ڕانیە تا مالمۆ؛ لە مالمۆ تا مانچێستەر........................................ ١٩
**بەشی یەکەم: کۆچبەران لە نێوان تورکیا و ئێران**................................ ٢٤
یەکەم هەنگاو بۆ ئەورووپا.................................................. ٢٤
بەرەو سنوور............................................................. ٢٥
ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران................................................. ٢٧
ماڵی تەحسین هەرکی........................................................ ٢٩
گوندی گەرماوێژ........................................................... ٣٠
کسیس، کۆتا گوندی ئێران.................................................... ٣١
بەرەو تورکیا............................................................. ٣٢
گوندەکانی باکووری کوردستان................................................ ٣٣
گوندی نۆبلین............................................................. ٣٥
تراژیدیای ڕێگا بەردەوامە.................................................... ٣٦
جەژنی قوربان لە سولاوە..................................................... ٣٧
دوو ملیۆن لیرەی تورکی بۆ شەوێك............................................ ٣٨
لە ئۆتۆمبێل و هێستر بێ ئومێد بووین........................................... ٣٨
لە مردن ڕزگاری بوو....................................................... ٣٩

به یەکەوە لەگەڵ وەجبەیەکی دیکەی کۆچبەران..............................٣٩
بەفر تەواو نابێت.....................................................٤٠
بە ڕاستی مرد!.......................................................٤٢
گوندە و گوند دەڕۆین.................................................٤٣
بە لۆری دەڕۆین......................................................٤٤
لە دۆڵێکداین و فڕۆکە بە ئاسمانەوە دەسووڕێتەوە...........................٤٥
گەیشتینە وان........................................................٤٦
شارە جوانەکەی وان لە باکووری کوردستان.................................٤٧
دەچینە ئیستەنبوڵ.....................................................٤٨
یەخت ئامادەیە.......................................................٥٠
لە غازی عەنتابەوە گەیشتینە ئیستەنبوڵ..................................٥٢
ئیستەنبوڵ و تورکیا...................................................٥٤
**بەشی دووەم: ژیان لە نێوان سنوورەکاندا**..............................٥٨
ئیستەنبوڵی بووکی شاران جێ دەهێڵین....................................٥٨
با بڕۆین.............................................................٥٨
خاکی یۆنان..........................................................٥٩
دەستگیر کراین.......................................................٦٠
بەندیخانەی ڤێرێ......................................................٦٢
سنوورداش کراینەوە...................................................٦٤

گەڕاینەوە خاڵی سفر.......................................................٦٥
لە نەخۆشخانەوە بۆ ئەدەنە......................................................٦٦
تۆبەتی تراکتۆرە...............................................................٦٨
هەوڵێکی دیکە................................................................٦٩
بە ڕاستی ترساین..............................................................٧٠
شاحینە نەهات؟...............................................................٧٢
لەبری شاحینە، پۆلیس هات!....................................................٧٣
تەنیا و بێکەسین!...............................................................٧٥
بە گیسکێك درێژەمان بە ژیاندا..................................................٧٥
حەوت کەس و چوار شەوی دوورودرێژ............................................٧٧
بانگی مەغریب و دەنگی کۆماندۆ...............................................٧٨
لە مانگرتنەوە بۆ سنووررداش کردنەوە............................................٧٩
گەڕانەوە بۆ گەڕەکی گۆستەپە....................................................٨٠
لە پلانی ئیتاڵیاوە بۆ کار کردن لە ئیستەنبوڵ......................................٨١
لە ئەزمیرەوە دەچینە ئەسینا......................................................٨٥
گەڕاینەوە ئیستەنبوڵ............................................................٨٦
لە بولگاریاوە بەرەو یۆنان.........................................................٨٨
دەستگیر کراینەوە...............................................................٩٠
سنووررداشی تورکیا کراینەوە......................................................٩١

کار کردن لە نانەواخانەی ئابێ و ئەبڵە................................................٩٢
گۆنا چاوشینی جوان بخوازە....................................................٩٤
دیدارێکی خۆش لە غوربەت.....................................................٩٤
گەیشتینە سۆفیای بووکی بولگاریا ...............................................٩٦
بەرەو یۆنان..................................................................٩٨
ئەسینا: پایتەختی یۆنان.................................................... ١٠٠
کار کردن لە جەزیرەی ئەرگۆس.............................................. ١٠٢
مام و سێ برازا لە ئەسینا.................................................... ١٠٤
لە پاتراوە دەڕۆین.......................................................... ١٠٥
خۆشاردنەوە لە ژێر بارهەڵگر................................................ ١٠٧
ئەو شەوەی باخیرە بووەماڵم................................................. ١٠٨
**بەشی سێیەم: گەیشتین بە وڵاتانی ئەورووپا**............................... ١١٢
من لە کوێم؟.............................................................. ١١٢
سلۆڤینیا و لیوبلیانا........................................................ ١١٣
تاقیکردنەوەی ناسنامە...................................................... ١١٥
ڕاکردن لە هۆتێل و ڕۆیشتن بەرەو سنوور....................................... ١١٨
چووینە ناو خاکی ئیتاڵیا..................................................... ١١٩
ترس و ئومێد؛ گەشتێکی شەوانە لە خاکی ئیتاڵیا.................................. ١٢٠
پۆلیس وارێ: دەتوانن ١٥ ڕۆژ لە ئیتاڵیا بمێننەوە................................. ١٢١

له ڤێنیزەوە بۆ میلان........................................................ ١٢٢
لەفەیەك و دە ملیۆن لیرە!.................................................. ١٢٣
له میلانەوە بۆ ڤێنتیمیگلیا: گەشتێک بە یارمەتی نامۆیەک................ ١٢٤
دۆزینەوەی هاوڕێیان لە غوربەت............................................ ١٢٥
لە کۆگای شەمەندەفەرەوە بۆ پاریس........................................ ١٢٧
سێ وڵات لە یەک ڕۆژدا...................................................... ١٢٩
میوانداریيەکی کوردانە و پەناگەیەکی گەرم................................. ١٣٠
چاکە و پیاوەتی کاك کەرخی وێنەی نەبوو!................................. ١٣١
لە کۆتاییدا گەیشتین........................................................... ١٣٣
**بەشی چوارەم: نیشتەجێ بوون لە ئەورووپا.................................. ١٣٨**
ڕۆژژمێری پەنابەرێک؛ یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە سوید..................... ١٣٨
سەرەتای ژیانی کار کردن لە سوید......................................... ١٤١
یادێك لە ٣٧٩ ڕۆژی ڕابردوو................................................ ١٤٢
سوپاسی هاوکار و هاریکاران دەکەم....................................... ١٤٣
لە دوکانێکی پیتزا کارم کرد.................................................. ١٤٧
خۆشترین هەواڵ.............................................................. ١٤٨
بە ئازادی لە سوید دەژیم..................................................... ١٤٩
هەندێك زانیاری گشتی لە بارەی سوید..................................... ١٥٢
لە دیمەشقەوە بۆ هەولێر...................................................... ١٥٤

له هەولێری پیرە قەراتێ............................................ ١٥٦
گەڕامەوە سووریا............................................................ ١٥٧
بە دوو منداڵەوە لە سوید!.............................................. ١٥٨
بە گەلاوێژ شاد بوومەوە................................................. ١٥٩
گەشتێکی سێ قۆڵی......................................................... ١٦١
دوو وڵات و یەك دەریا.................................................... ١٦٢
وڵاتی گوڵ................................................................... ١٦٣
لەگەڵ خوناو لە ئەڵمانیا یەکمان بینییەوە........................... ١٦٤
شارەکەم: هێلسینگبۆری.................................................. ١٦٥
لە هێلسینگبۆری بۆ ستۆکهۆڵم.......................................... ١٦٨
سەبارەت بە ستۆکهۆڵم.................................................... ١٧٠
ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەی کورددا.............................. ١٧٥
ئەڵمانیا، نورمبێرگ........................................................ ١٧٧
گەشتێک بۆ باشووری ئەفریقا.......................................... ١٧٩
فینلاند، هێلسنکی........................................................... ١٨٦
وڵاتی تانزانیا، دار ئێس سەلام......................................... ١٨٩
ئینگلتەرا، ویڵز............................................................. ١٩٤
ئیسپانیا، بەرشلۆنە.......................................................... ٢٠٠
غانا، ئەکرا................................................................... ٢٠٣

تەکیە و شێخانی غانا........................................................... ٢٠٦
میوانداری بە خواردنی فوو فوو............................................. ٢٠٩
هونەری ژینگەیی لە پارکێکی غانا............................................ ٢١٢
هەرێمی وێڵز، بەریتانیا....................................................... ٢١٤
کۆچی کۆتایی: سوید بۆ بەریتانیا............................................. ٢١٧
کورتە باسێکی شاری مانچێستەر.............................................. ٢٢٠
ڤایرۆسی کۆرۆنا................................................................ ٢٢٦
سەنتەری ترافۆرد لە مانچێستەر............................................... ٢٣٠
ئیسپانیا، سالۆ.................................................................. ٢٣٧
**بەشی پێنجەم: ڕێکخستنەکانی ی. ن. ك لە سوید**.......................... ٢٤٦
کۆمەڵە کوردییەکانی سوید................................................... ٢٤٦
کەرتی ڕێکخستنی ی. ن. ك لە هێلسینگبۆری.................................. ٢٤٨
چالاکییەکانی کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری................................. ٢٥١
کۆمیتەی سوید.................................................................. ٢٥٥
کۆنفرانسی کۆمیتەی سویدی ی. ن. ك........................................ ٢٥٩
دوای کۆنفرانس................................................................. ٢٧٣
هاتنی وەفدێکی ی. ن. ك بۆ سوید............................................ ٢٧٦
کۆبوونەوەی وەفدەکەی ی. ن. ك............................................. ٢٨٤
میوانداریيەك لە کەبابخانەی سەفین.......................................... ٢٨٨

دەربارەی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید.................................... ٢٩٠
ژمارەیەك نووسراو و ڕاپۆرت و بابەتی حیزبی.............................. ٢٩٥
لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە.................................................. ٣٢١
**لیزگەی ناوەکان**.................................................................. ٣٤٦
**پاشکۆی وێنەکان**.................................................................. ٣٧٢

## پێشەکی

مرۆڤ بە ئازادی لە دایک دەبێت، مافی ئەوەشـــی هەیە بە ئازادی لە سەر گۆی زەوی بژیت و لە ژێر سایەی دەسـەڵاتەوە هەموو ماف و ئازادییەکی بۆ فەراهەم بکرێت. هەندێک جار، یان هەندێک ڕۆژگاری تاڵ و ناخۆشی ژیان، وا لە مرۆڤ دەکات، ڕێگای هات و نەهات بگرێتە بەر، بە مەبەسـتی بە دەسـت هێنانی مافەکانی ژیان، بە شـێوەیەک بیر لە هیچ ناهەمواری و ناخۆشییەک نەکاتەوە.

ڕۆژگارە ســـەخت و دژوارەکانی دوای ڕاپەڕین، کە بەرۆکی میللەتی بێ پشت و پەنای گرتەوە، ژیانی کۆمەڵانی خەڵک زۆر قورس و گران کرد، بە شێوەیەک کار گەیشتە ئەو ئاســـتەی کە زۆربەی خێزانەکانی کوردســـتان نەتوانن ڕۆژانە سێ ژەم خواردن بخۆن، تاکی کورد وای لێهات، کە هەموو هێز و توانـای خۆی بۆ پـەیـدا کردنی نـان بـەکـار بهێنێـت، تـا بژێوی ڕۆژانـەی ژیـانی پێ دابین بکـات و لـە برسان نەمرێت.

پاش هەڵگیرسـانی شــەڕی نەگریســی ناوخۆ، ژیان و گوزەرانی خەڵکی باشـــووری کوردســـتانی زۆر قورســـتر و

گرانتر بوو، چونکه خەڵک نەیدەتوانی بە ئازادی بۆ کار کردن بچێتە هەموو شوێنێک و بژێوی ژیان پەیدا بکات. سەرەڕای ئەوەی سەدان و هەزاران گەنج و لاوی کورد لە شەڕی نەگریسی خۆسەپێندا بوونە قوربانی و سووتەمەنی ئەم شەڕە، هەزارانی دیکەش کەم ئەندام بوون و دەیانی دی بێسەروشوێن بوون و چارەنووسییان بە نادیاری مایەوە، کە جێگای داخە.

لەو نێوەدا سەدان منداڵی چاوگەشی گەلی کوردی خێر لە خۆ نەدیو، هەتیو بوون و بێ نازی باوک مانەوە؛ لە سۆز و خۆشەویستی باوک بێبەش کران. هەزاران کچی وڵاتەکەم بوونە ڕەشپۆش بە هۆی لەدەستدانی ئازیزانیان، سەدان ژنی گەنجی ئەم نیشتمانە لە بەرامبەر لەدەستدانی هاوژینەکانیان ڕەشپۆش بوون، هەروەها سەدان دایکی پیر و پیاوی ڕیش سپی جەرگ سووتاو بوون.

زۆربەی هەرە زۆری گەنجە خێر لە خۆ نەدیوەکانی کوردستان بە مەبەستی دەرباز بوون لە ئاگری ئەم شەڕە نەخوازراوە ڕێگای هات و نەهاتی هەندەرانیان گرتە بەر و خۆیان دایە دەست چارەنووس و قەدەرێکی نادیار و ون.

یەکێک لەو سەدان و هەزاران گەنجە نووسەری ئەم کتێبە (کاک هاوڕێ) بوو، کە ئەم چارەنووسەی هەڵبژارد، چیرۆکی ئەم سەفەرەی کاک هاوڕێ، لە ساڵی ١٩٩٦ ڕا دەستی پێ دەکات، بەندەش یەکێک بوو لە هاوسەفەری کاک هاوڕێ، بەڵام قەدەر وا بوو، کە تا نیوەی ڕێگا بە یەکەوە بووین، چونکە دوای ئاوارەبوونمان لە هەولێر، بە یەکەوە ڕووەو ئێران ڕۆیشتین، چەندین شار و دێهاتمان بڕی، لە پاشان گەڕاینەوە و لە سەر سنوور خۆمان گرت، لە کۆتاییدا دوای تێپەڕاندنی چەندین مانگ و ڕۆژی پڕ لە ناخۆشی و تفت و تاڵ و مەترسی، لە شاری کۆیە گیرساینەوە.

سەرەڕای ئەوەی لە کۆیە نیشتەجێ بووین، بەڵام کاک هاوڕێ بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرفەتێکی بۆ دروست بێت ڕوو لە هەندەران بڕوات، ئەو وڵاتەی کە تێیدا لەدایکبووە، تێیدا گەورە بووە؛ سەرجەم خزم و کەس و دۆست و ئازیزانی جێ بهێڵێت، بۆ ئەوەی خۆی لە هەموو دەردەسەری و چەرمەسەری ژیان ڕزگار بکات و کەمێک هەوای ئازادی وەک مرۆڤ هەڵبمژێت و بژیا.

له مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ له سەرەتایی وەرزی بەهارێکی سەوز و جوان و دڵگیر، خۆی دایە دەستقەدەری سەفەر کردن بۆ دەرەوەی وڵات و ڕێگای هات و نەهاتی نادیار و پڕ لە ئاریشەی گرتە بەر، لەگەڵ دەیان و سەدان ڕۆڵەی کوردستان ڕووەو ڕێگای هەندەران هەنگاویان نا؛ سەدان و هەزاران کاتژمێری ژیانیان لە ناو سارد و سەرمای بەفر و لێزمەی باران و ترس و لەرز و برسییەتی و بێ هیوایی بەسەر برد.

کاتێک ناوەڕۆکی کتێبەکەم خوێندەوە، کەوتمە نێو خەیاڵێکی قووڵ، بیرم لەوە کردەوە ئەم مرۆڤە و هەزاران مرۆڤی دیکە بەم جۆرە قوربانییان بە ژیانی خۆیان داوە، تا گەیشتوون بە شوێنی مەبەست، تەنیا لە پێناو ڕزگار بوون لەو ژیانە پڕ لە دەردەسەرییەی باشووری کوردستان.

لەو نێوەدا بە دڵفراوانی و حەزێکی زۆرەوە، بە دڵێکی گەورە و پڕ لە هەستی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی، دەستم دایە پێنووسەکەم، تا بتوانم ئەم پێشەکییەی بۆ بنووسم، دیارە نووسینی پێشەکی بۆ کتێبێکی وا کە پڕیەتی لە چیرۆکی ناخهەژێن، کارێکی ئاسان نییە.

بڕوا بکەن لە کاتی خوێندنەوەی دەستنووسی ئەم کتێبە پێش چاپ کردن، لە هەندێک شوێندا هێندە دڵم پڕ بوو، کە فرمێسک بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە، لەبەر ئەوەی لەو ڕێگایە هێندە ئازار و ماندوویەتی و برسییەتی و سەرما و ترس و لەرز و هیلاکی بینیوە، بە شێوەیەک کە لە هیچ فیلمێکی سینەمایی و درامای تەلەڤزیۆنی شتی وام نەدیتووە.

لە هەندێک شوێن و دیمەنی ناو ئەم کتێبە، باسی ئەوە دەکات کە چەندین شەو ڕۆژ لە ناو جەنگەڵی چڕوپڕی پڕ لە مەترسی ماونەتەوە، کە چەندین گیانەوەری دڕندەی وەک شێر و پڵنگ و گورگ و... هتدی لێ بووە، سەرەڕای ترس لەو ئاژەڵە دڕندانە، مەترسی دەستگیر کردنیان لە لایەن پۆلیسەوە هەبووە، بە تایبەتی لە هەندێک وڵاتی وەک: ئێران، تورکیا، یۆنان و بولگاریا. سەرباری ئەو هەموو ناخۆشییە، دواجار دەستگیر کراون و ڕاپێچی زیندان کراون و لە کۆتاییشدا سنوورداشی تورکیا کراونەتەوە.

بە ڕاستی کارەساتی لەم شێوەیەم نەدیتووە، مەگەر تەنیا لە چیرۆک و ڕۆمان بەرچاوم کەوتبێت، بەڵام هەر بەم شێوەیە نەبووە، کە لەم کتێبەدا هەیە.

نووسەر بە سەدان ناخۆشی و دەردەسەری لەو ڕێگایە دیوە، بەڵام کۆڵی نەداوە، زیاتر لە ساڵێک چاوەڕوانی کردووە و خۆی حەشـــارداوە، لە هەمان کاتدا لە تورکیا ئیشـــی کردووە، دوای ئەو هەموو نارەحەتییە لە کۆتاییدا بە هیوا و ئاواتی خۆی بەدی هێناوە و گەیشتووەتە شوێنی مەبەست، کە شـاری ماڵمۆی وڵاتی سـوید بوو، کە پڕیەتی لە ماف و ئازادی و ژیانی سەربەستی و خۆشگوزەرانی، دوای ١٩ ساڵ ژیان و مانەوە لە ســـوید، ســـەرەنجام لە ســـێی کانوونی یەکەمی سـاڵی ٢٠١٩ لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی سـوید ڕووەو بەریتانیا جێ دەهێڵن و لە مانچێســـتەر نیشـــتەجێ دەبن.

هیوای ســـەرکەوتن و ژیانێکی پڕ لە بەختەوەرییان بۆ دەخوازم.

مافپەروەر

تاهیر مەجید ئەحمەد شێر

٢٦ی ئەیلوولی ٢٠٢٤

کۆیە

## له ڕانیه تا مالمۆ؛ له مالمۆ تا مانچێستەر

ئەم سەفەرە لە ١١ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ دەست پێ دەکات، دەمەوێت بە وردی ئەم سەفەرە (لە ڕانیە ڕا تا مالمۆ، لە مالمۆوە تا مانچێستەر) لەم کتێبەدا تۆمار بکەم، تا سەرگوزەشتەی ڕێگای هات و نەهاتی ئەورووپا بۆ هەمووان بەیان بکەم. تا مێژوو و بەسەرهاتەکانی کۆچی کوردانی باشوور بۆ ئەورووپا ئەرشیف بکرێت، وەک کەرەستەیەکی گرنگ لە بەردەستی خوێنەران و توێژەران بێت، بزانن بارودۆخی کورد لەو ڕێگایەدا چۆن بووە.

هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا خۆشی و ناخۆشی دەبینێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت لە کاتە خۆشەکاندا لەخۆبایی نەبێت؛ لە ناخۆشییەکانیش نا ئومێد نەبێت، ئەگەر مرۆڤ خاوەن ئیرادە بێت، دەتوانێت بە سەر هەموو هەورازەکانی ژیان سەربکەوێت، من یەکێک بووم لەو جۆرە کەسانە، کە لەو ڕێگایەدا تووشی چەندین ناخۆشی بووم، هەر ناخۆشی نا، بەڵکوو جاری وا هەبووە مردن هەڕەشەی لێ کردووم! لەبەر ئەوە ئەو ڕووداوانە وەک خۆی تۆمار دەکەم.

لە کوردستانی باشوور ناخۆشی زۆرمان دیت، شەڕی ناوخۆی براکان وای لێ کردین، دەست لە هەموو پیرۆزییەکانی هەڵبگرین، خاک و مەڵبەندی لەدایکبوونی خۆمان ڕووەو هەندەران جێ بهێڵین.

لەم ڕێگایەدا ناخۆشی زۆرمان دیت، هەوراز و نشێوی زۆرمان بڕی، خەڵکێکی زۆرمان تاقی کردەوە، برسییەتی و تینوویەتی لەڕادەبەدەرمان ئەزموون کرد، ترس و لەرز و سەرمامان دیت، دەستگیر کردن و زیندانیمان بینی، بێ پارەیی ڕووی تێ کردین.

هەروەها ئەم گەشتە هاوڕێ و خزم و دۆستی بۆ تاقی کردمەوە. لە هەمان کاتدا سروشتێکی بێ ئەندازە جوانمان دیت، کولتووری زۆر جیاوازمان بینی، گوێمان لە چەندین زمانی جیاواز بوو، پەیڕەوی زۆربەی ئایینەکانمان بەرچاو کەوت.

گەشتێکی دووردرێژی هەزاران کیلۆمەترمان بەڕێکرد، بابەتەکانی نێو ئەم کتێبە بەرهەمی ئەو گەشتەیە، کە خۆشی و ناخۆشی ژیان نیشان دەدات، شوێن و جێگای ژمارەیەک وڵاتی جیهان بە ئێوە دەناسێنێت، چیرۆکی هەمەڕەنگت لا دروست دەکات، بە ڕاستی هەرچی ڕێگای

قاچاخی ئەورووپای بینیبێت، دەزانێت کە ڕێگا چەند هەوراز و نشـــێوی تێدایە، هەڵبەت دیارە هەر یەکەمان خاوەن چیرۆک و ژیانێکی تایبەتین، لەو نێوەدا منیش مرۆڤم و خاوەن ئەم چیرۆک و بەسەرهاتانەم.

لەم کتێبەدا ناوی چەندین هاوڕێی ڕێگا هاتووە، بەداخەوە ناوی بەشێکی دیکەیانم لە یاد کردووە.

هاوڕێ سماقوڵی

٣٠ی ئاداری ٢٠٠١

سوید، هۆڵتس فرێد

Sweden- Hults fred

# بەشی یەکەم

# کۆچبەران لە نێوان تورکیا و ئێران

# بەشی یەکەم: کۆچبەران لە نێوان تورکیا و ئێران

## یەکەم هەنگاو بۆ ئەورووپا

هەموومـان مرۆڤین، لە دایـک و بـاوک و خـاک و مەڵبەند و ناوچەیەک بۆ ژیان هاتووینەتە سەر دونیا، دیارە ئێمەش هەستمان هەیە، شعور بە خۆشی و ناخۆشی ژیان دەکەین، بەڵام لەوەتەی هەســـتم بە ژیـان کردووە، لەو نـاوچەیەی کە تێیـدا لە دایـک بووم، هەمیشــــە لە ژێر ڕەحمەتی بۆردوومان و هێرشی ئاسمانی و زەمینی حکومەتی عێراقدا بووین، چەندین جاریش ناوچەکەمان ســـــووتاوە و لەگەڵ زەوی تەخـت کراوە، خەڵکێکی زۆریش کوژراوە. لە پاش ڕاپەڕین شـەڕی ناوخۆی هێزەکانی خۆمان، ناوچەکەی تووشـــی کارەســـات وماڵوێرانییەکی گەورەتر کرد و هیچ ئاســـۆیەکی ڕوون بۆ کەناری ئارام لە ئایندەدا نەبوو، ئەوە هۆکار بوو، تا منیش وەک سـەرجەم گەنجانی وڵاتە خێر لە خۆ نەدیوەکەم ڕێگای هەندەران بگرمە بەر، ســـەرەنجام لە مالمۆی سوید گیرسامەوە.

چەند ڕۆژێک بەر لەوەی کۆچ بکەم، لەگەڵ کاک لوقمان قەراسەنجی چووینە لای کاک (ب)ی ڕێبەر و خەڵکی دەبردە ئەورووپا، لە سەر گەشتی ئەورووپا ڕێککەوتین، دواتر لەگەڵ کاک سەنگەری کاک ئیحسانی برام و کاک ئەمیری مام فەرحانی برای کاک لوقمان قەراسەنجی چووینەماڵی کاک (ق. شێخانی)، ماڵەکەی جمەی دەهات، چەندین گەنجی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی لێ بوو، دواجار لە ڕێککەوتی ١١ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ لە ڕانیە ڕا بەرەو ئێران بەڕێکەوتین.

## بەرەو سنوور

ئێمە ٣٧ کەس بووین، لە ڕانیەوە بە دوو ئۆتۆمبێل چووینە قەڵادزێ، دواتر ڕووەو نۆکان و زەڵێ و قاسمەڕەش ڕۆیشتین. لە کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ڕۆژی ١١ی ئادار، لە ژێر خێوەتێکی گەورەی گوندی نۆکان لاماندا و لە چێشتخانەی قاسمەڕەش نانمان خوارد. کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی هەمان ئێوارە، کوڕێکی ئەسمەری چوارشانە هاتە لامان، ١٧ هێستری بە خاوەنەوە لەگەڵ بوو، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوونە گوندی نۆکان، تا ئێمە بگەیەننە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کاتژمێر ٩ی شەو هەموومان بە یەک قافڵە بە سەر زنجیرە چیای بەرامبەر گوندەکانی زەڵێ و نۆکان سەرکەوتین و سنووری خاکی باشووری کوردستانمان بەرەو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران بەجێهێشت.

وەک باسم کرد تێکڕای ئەو کەسانەی بە یەکەوە هاوسەفەر بووین، ٣٧ کەس بووین، کە لە کوردستانەوە ڕووەو هەندەران ڕۆیشتین، کە ئەم ئەمانە بوون: ئەمیر ئەبوو شوارب، باسڵ، عەبودە ڕەش، دلێر گەرمیانی، مامۆستا هەوراز، هاوڕێ سماقوڵی، سەنگەر سماقوڵی، جەبار سەکرانی، زوهێری برای سەددام چاوشین، قادر قەبرستان، مام هەژار، فوئادی مام غەفوور، لوقمان ناسراو بە شوان، خەسرۆ مەجید بیرۆکەیی، دڵشاد محەممەد ڕەشید سولاوکەیی، نزار حەمەدەمین شێخۆ، ئیدریس عەزیز سولاوکەیی، دڵشاد ڕواندزی، وشیار ئامۆزای بەهرامە شەل، ئازاد، مەرزان، عیماد، دەشتی ڕەحمەتی، زاهیر بەڕازیلی، کاروان سلێمانی، حیکمەت، کامەران برای عەبود، کرێکار، فەرهاد دیسکۆ، مامۆستا هەمەوەند، مامۆستا جەبار، گۆران، وشیار ماست فرۆش، سالار، پشتیوان بێرکۆتی، مامۆستا خەلیل و نازم بیرۆکەیی.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران

ئێمە سێ ڕێبەری خەڵکی هەولێر و ڕێبەرێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان لەگەڵ بوو، ئەو شەو دوو کاتژمێر بە پیادە ڕێگامان بڕی، لە دەوروبەری کاتژمێر ١١ی شـــەو گەیشـــتینە ناو بنکەی پاســـدارانی ئێرانی، کە نزیکەی ٢٠ پاسـداری تێدا بوو، سـەرەتا زۆر ترسـام، بەڵام کاتێک بینیم کە پاســـدارەکان پێ دەکەن و بە ڕوویەکی خۆشـــەوە پێشـوازیمان لێ دەکەن، تێگەیشـتم کە دەمیان چەور کراوە. دوای ٣٠ خولەک مانەوە لای پاســـدارەکان، لە کاتژمێر ١١:٣٠ خولەک ڕۆژهەڵاتی گوتەنی دوو شـلەخەجێیان هێنا و بۆ شارەکانی خانێ و شنۆ بەڕێکەوتین.

لە نێوان خانێ و شـــنۆ ئۆتۆمبێلەکان لە یەک دابڕان، شـــۆفێرەکەی ئێمە زۆر زیرەک و چاونەترس بوو، کاتێک گەیشتینە پرسگەی (سەیتەرە) شنۆ، کاکی شۆفێر سڵاوی کرد و کاکی پاسداری پرسگە هاتە پێش و بە زمانی فارسی بە کاکی شـۆفێری گوت: چیت بار کردووە؟ کاکی شـۆفێر بە فارســـی وەڵامی دایەوە و گوتی: ئاغا مەڕم بار کردووە، شـــۆفێر دواوەی ئۆتۆمبێلەکەی بە چـــادرێکی تۆکمە

داپۆشـتبوو، کەچی کاکی پاسـدار هات بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی ئایە کاکی شۆفێر ڕاست دەکات، یان نا؟ لەو کاتەدا ئێمە زۆر ترسـاین و دەنگیشـمان نەدەهات، کاکی پاســدار دەیویســت چادری ئۆتۆمبێلەکە بکاتەوە و سـەیرمان بکات، بەڵام کاکی شـــۆفێر پێی لە بەنزین ناو بە تیژی ڕۆیشـــت، کاکی پاســـدار بە تفەنگ دەســـتی بە تەقە کردن کرد، کە گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، زۆر ترســـــاین، هەموومان لە خودا دەپاڕاینەوە کە سەلامەت بین.

لەو کاتەی پاسـدارەکە تەقەی کرد، ئێمە لە دۆخێکیدا بووین، ئەگەر مســـــت بە ســـــەر تاواندباینەوە، ئەوا کاکی پاسـدار دەردەچوو، دیار بوو کاکی شـۆفێر زۆر بە ئەزموون بوو، چونکە دوای ماوەیەک بەرەو لای گوندێک لایدا و نزیکەی ٢٠ خولەک لەوێ خۆمان حەشـــــاردا، دواتر شـۆفێرەکە چووە سـەر جادە، بە مەبەسـتی کەشـف کردنی ڕێگاکە، تا بزانێت لە پاش تەقەکانی کاکی پاســـدار، هێزی دیکە بە دەنگی تەقەی پاســـــدارەکە نەهاتووە، دیارە شـــۆفێرەکە لەوە دەترســـا کە لە دوای تەقەکان ئۆتۆمبێلی ســـــەربازی بە دوامان بکەوێت، بەڵام خۆشـــــبەختانە هیچ شـــتێک لە ئارادا نەبوو، لەبەر ئەوە کاکی شـــۆفێر کەوتەوە

ڕێگا و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، ئەو کاتە کەش و هەوا زۆر ساارد بوو؛ ئێمە سەرمامان بوو، لە هەمان کاتیشدا دەترساین دەستگیر بکرێن، بە خۆشحاڵییەوە سەلامەت بووین، لە کۆتاییشدا هەردوو ئۆتۆمبێلەکە یەکیان گرتەوە.

شەو هەردوو ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنێک وەستان و ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بچووک کە بە خێوەتێک داپۆشرابوو، هاتە لامان، هەموومان سواری ناو ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە بووین، لە کاتژمێر پێنجی بەیانی گەیشتینە شاری ورمێ، کە شارێکی گەورەی ئێرانە.

## ماڵی تەحسین هەرکی

هەموومان چووینە ماڵی کاک تەحسین هەرکی، کە ڕێبەرێکی کوردی بە توانای ناوچەکە بوو، دوو شەو لە ماڵی ناوبراو ماینەوە، لەوێ خزمەتێکی باش کراین، ڕۆژی دواتر ئاگاداریان کردینەوە کە نان نەخۆین و خۆمان تێر نەکەین، لەبەر ئەوەی ماڵی کاک تەحسین هەرکی خواردنی تایبەتی دروست کردووە، ئێمەش بەو هەواڵە دڵمان خۆش بوو، گوتمان دەبێت ئەو خواردنە چی بێت؟ بە برسێتییەوە چاوەڕێ بووین، نیوەڕۆ داهات؛ سفرە ڕاخرا؛ قاپ و کەوچک

و چنگاڵ دابەش کرا؛ تامەزرۆی هاتنی خواردنە خۆشـەکە بووین، لەناکاو خواردنەکە خۆشـەکە هات، بەڵام چ خواردنێک! خواردنێکی زۆر غەریب، یەکەم جار بوو ببینین و تامی بکەین، ئەویش ترخێنە بوو، ئەگەرچی لە سـنووری سلێمانی ترخێنە خواردنێکی باوە، بەڵام لە سنووری هەولێر خواردنی ترخێنە خواردنێکی زۆر باو نییە، زۆربەمان ئەو کاتـە نەمـانـدەزانی ترخێنە چییە، چونکە پێشـتر ئەو خواردنەمان نەخوارد بوو.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم ١٦ کەسـی دیکە هاتنە ماڵی کاک تەحسین هەرکی، واتە کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە ماڵی کاک تەحسین بووین، ٥٣ کەس بوو.

## گوندی گەرماوێژ

ئێوارەی ڕۆژی شـەممە، ڕێکەوتی ١٣ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ پاسـێکی گەورە هاتە لای ماڵی کاک تەحسـین، هەر ٥٣ کەسـەکە سـواری پاسـەکە بووین و بەرەو گوندی گەرماوێژ بەڕێکەوت، کە ناوچەیەکی سنووری بوو، لە نێوان ئێران و تورکیا. ناوچەیەکی زۆر سارد بوو، سەرتاپا بە بەفر داپۆشـرا بوو، کاتێک گەیشـتینە ئەو گوندە، هەر ٥٣

کەســـەکەیان بە ســـەر دوو ماڵ دابەش کرد، نان و چایی ئێوارەمان خوارد، دیارە ئەو ماڵانە خانەخوێی ڕێبەرەکان بوون. دواتر سێ ماشێن هات و هەر ٥٣ کەسەکە سوار بووین، و ئەو ئۆتۆمبێلانە زۆر بە تیژی دەڕۆیشـــتن، بە ٤٠ خولەک ئێمەیان گەیاندە سەر لێواری دۆڵێک، کەچی دیکە ئۆتۆمبێل نەیدەتوانی بڕوات.

ئێمە لە ئۆتۆمبێلەکـان هـاتینە خوارەوە و بە ڕیز ڕۆیشـــتین، ئەو ڕێگایە زۆر دوورودرێژ بوو، بەو شـــەوە نزیکەی ســـێ کاتژمێر بەو دۆڵەدا ڕۆیشـــتین، بەڵام لەبەر ئەوەی تەواوی ناوچەکە بەفر بوو، شـــەوێکی زۆر ســـپی و ڕووناک بوو، لە هەمان کاتدا بەفر دەباری، کەشـــێکی زۆر ساردی هەبوو.

## کسیس، کۆتا گوندی ئێران

لە کاتژمێر پێنجی بەیانی ڕۆژی ١٤ی ئادار گەیشتینە گونـدی کســـیس، ئەو گونـدە کۆتـا گونـدی ئێران بوو، کەوتبووە ســـەر ســـنووری تورکیا. ئەو ڕۆژە دووبارە بۆ دوو ماڵ دابەش کراینەوە، ڕێز و حورمەتێکی باشـیان گرتین، تا نیوەڕۆ خەوتین، چونکە ڕێگـای زۆرمـان بڕیبوو؛ زۆریش

هیلاک بووین، دوای نیوەڕۆ نەمانتوانی بچینە دەرەوە، لە ترسان نا، بەڵکوو لە سەرمان، سەرمایەکی بێ وێنە بوو. شاخەکان، گردەکان، دۆڵەکان، دەشتەکان، ڕێگا و ناوچەکە بە تەواوی بە بەفر داپۆشرا بوو. لە هەمان کاتدا بایەکی زۆر بەهێزی دەهات، ئەو بایە بەفری سەر لووتکە شاخەکانی دەهێنایە خوارێ، کەڵکی ئەوەی نەبوو، پێنج خولەک لە دەرەوە بوەستیت، بە هەر شێوەیەک بێت ئەو ڕۆژەمان لە گوندی کسیس، لە سەر سنووری نێوان ئێران و تورکیا بەڕێکرد، ئێوارەی ڕۆژی دواتر ڕێبەرە کوردەکانی باکووری کوردستان لە گوندی کسیس هاتنە لامان.

## بەرەو تورکیا

ڕێبەرە کوردەکانی باکووری کوردستان ٥٠ هێستر و ٥٠ خاوەن هێستریان بە کرێ گرتبوو، بە مەبەستی گواستنەوەی ئەو ٥٣ کەسە لە کسیسەوە بۆ وان، لە دوای هاتنی ڕێبەرەکان ئێمە خۆمان ئامادە کرد و هەموومان سواری هێسترەکان بووین، گشتی لە دوای یەکدی دەڕۆیشتین، چ ڕۆیشتنێک؟ مەگەر لە فیلمی تەلەڤزیۆنی بینرا بێت، بەداخەوە کامێرامان پێ نەبوو، تا یاداشتی ئەو ڕۆژە سەختانە بکەین و وەک ئەرشیف بمێنێتەوە.

ئەو قافڵەیە ١٠٨ بوو، بەم جۆرە: ٥٣ کەس کۆچبەر بوو، ٥٠ کەس خاوەن هێســـتر بوو، ســـێ ڕێبەری خەڵکی هەولێر و دوو ڕێبەری باکووری کوردســـتان، هەمووان بە یـەکـەوە ڕێمـان دەبڕی، درێژیی کـاروانی هێســـترەکان و کۆچبەرەکان نزیکەی دوو کیلۆمەتر دەبوو.

ئەو دیمەنەی کە من دیتوومە، دیمەنێکی خەیـاڵی و ئەفســـووناوی زۆر جوان بوو! لە هەمان کاتدا زۆر تراژیدی بوو، کە گەنجانی باشـــووری کوردســـتان بە لێشـاو ســـەری خۆیان هەڵگرتووە و ڕێگای هەندەرانیان گرتووەتە بەر، بە هەر شـێوەیەک بێت، توانیمان سنووری خاکی وڵاتی ئێران تێپەڕێنین، ڕۆژی چوارشـــــەممە، ڕێککەوتی ١٥ی ئاداری ٢٠٠٠ بە قافڵەیەکی یەکجار گەورە، لە گوندی کســـیس ڕا گەیشتینە گوندی نۆبلین لە تورکیا.

## گوندەکانی باکووری کوردستان

بێگومان هەر وڵاتێک دیمەن و ســـروشـــتی تایبەتی خۆی هەیە، تورکیاش خاوەن ڕوخسارێکی جوانە، سەرەتای گەیشـــتنی ئێمە بەو وڵاتە گوندی نۆبلین بوو لە باکووری کوردســـتان، بەڵام چۆن و بە چ ڕێگایە گەیشـــتین؟ بە

ڕێگایەکی دوورودرێژ، لە کەشێکی زۆر ساردی بەفراوی و بایەکی بەهێز، لەو دۆخەدا ئەژنۆمان لە سەرمان دەلەرزی؛ ئاوی لووتمان لەگەڵ سمێڵمان بە یەکەوە بووبووە شەختە! زەختی بەشێکی زۆر لە کۆچبەران لەو ڕێگایە دابەزی، بە ئەندازەیەک توانای ڕۆیشتنیان نەمابوو، یەکێک لە کۆچبەران بە هۆی سەرماوە بە تەواوی بێهێز بووبوو، لەبەر ئەوە پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد جێم بهێڵن، با لێرە بمرم! ڕاستە هەمووان لە سەر پشتی هێستر بووین، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە، ئەگەر لە سەر پشتی هێستر بیت و سەرما بەو ئەندازە زۆرە لێت بدات، ئەوا خوێن لە جووڵە دەوەستێت؛ لەش لە جووڵە دەکەوێت، بڕوا بکەن ئەوەی دەینووسم ڕاستییە، لە هیچ چیرۆکێک؛ لە هیچ فیلم و درامایەکی تەلەڤزیۆنی جیهانی نەبینراوە و پەخش نەکراوە.

بە هەر شێوەیەک بێت ئەو ڕێگا دوورەمان بڕی و گەیشتینە گوندی بازەڕووت، بەڵام تێیدا نەماینەوە و لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین، کاتژمێر ٥:٣٠ خولەک گەیشتینە شوێنی مەبەست، کە گوندی نۆبلین بوو.

## گوندی نۆبلین

دوای گەیشـــتنی ئەو کاروانە زۆر و گەورەیە، ئاغای گوندی نۆبلین پێشـــوازی لێ کردین و بە ســـەر دوو ماڵ دابەشـــیان کردین، ســـۆپای داریان بۆ هەڵکردین، خۆمان گەرم کردەوە، بەڵام بەشـێکی کۆچبەران بنی پێیان بووبووە بلۆق؛ پێستی پێیان ئاوسا بوو، یان بریندار بوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە گۆرەوییەکانیان تەڕ بوو؛ پێڵاوەکانیشـیان باش نەبوو، هەروەها جلوبەرگیشـــمان بووبووە شـــەختە، لەبەر ئەوەی ســـاردییەکە بێ ئەندازە بوو، هەڵبەت لە ترســـی ســـەرما بەشـــێک لە کۆچبەران ڕێگاکەیان بە پێیان بڕی، نەدەچوونە سەر پشتی هێستر، چونکە ترسیان لەوە هەبوو، کە جەستەیان لە کار بکەوێت.

بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژەمان لە گوندی نۆبلین بەسەر برد، هەناسەیەکمان لەو گوندە هەڵمژی؛ خۆمان گەرم کردەوە و نانێکی باشمان خوارد، بەڵام مەترسی دەستگیر کردنمان لە ســەر بوو، بە تایبەتی لە لایەن پۆلیس و ســوپای دەوڵەتی تورکیا، چونکە ژمارەمان زۆر بوو، لە هەمان کاتدا دڵمان بـەو بـەفرە زۆرە خۆش بوو، کـە لـەوانـەیـە ببێتـە ڕێگر لـەبـەردەم هـاتنی پۆلیس و ســـــەربازانی تورکیا، چونکە

ئۆتۆمبێلی سەربازی نەیدەتوانی بە ئاسانی بێتە ئەو گوندانە، زۆر جار بەرزە هێسـتریش لەبەر سـەختی ڕێگا و بە هۆی بـەفری زۆرەوە نـەیـدەتوانی ڕێگـا بکـات، ئـەو ڕۆژەمـان لـە گوندی نۆبلین بەسەر برد.

بڕیار وا بوو ئۆتۆمبێل بێتە گوندی نۆبلین، بەڵام بە هۆی زۆری بەفر و سـەختی ڕێگاکە، ئۆتۆمبێلەکان نەهاتن، بە ناچاری لە کاتژمێر چواری ئێوارە بەرەو گوندی سـولاوە بەڕێکەوتین.

## تراژیدیای ڕێگا بەردەوامە

ڕێگای سولاوە بە هەمان شێوەی ڕێگای نێوان کسیس و نۆبلین بوو، بەفرێکی خەیـاڵی لەو نـاوچەیە کەوتبوو، هەرچەند دەڕۆیشتین بەفر زیاتر دەبوو، ئەگەرچی ڕێگایەکە سـەخت بوو، بەڵام ئەو بەفرە زۆر سـەختتری کردبوو، بە ڕاسـتی ڕێگا زۆر هیلاکی کردین، لە هەندێک شـوێن بە هۆی زۆری بەفرەکە بە گاگۆرە دەڕۆیشتین.

بە هۆی سـەختی ڕێگا و زۆری بەفرەوە؛ سـەرمای زۆرەوە، توانـای ڕۆیشـتنمـان نـەمـا، بـە نـاچـاری ڕێبـەرە کوردەکانی باکووری کوردسـتان و باشـووری کوردسـتان

پەیوەندییان بە چەند هاوڕێیەکی خۆیانەوە کرد و دە هێستریان بۆ هێناین و بەشێک لە کۆچبەران سواری سەر پشتی هێسترەکان بوون.

بە هەر شێوەیەک بێت، دوای ١١ کاتژمێر، کاتژمێر سێی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٦ی ئادار گەیشتینە گوندی سولاوە، بە تاریک و ڕوونی بەیانی ئێمەیان بە سەر چەند ماڵێک دابەش کرد.

## جەژنی قوربان لە سولاوە

ئێمە دە کەس بووین و چووینە ماڵێک، خۆشییەکەی لەوەدا بوو، کە ئەو ماڵە بەشە خێری گۆشتی جەژنی قوربانییان بۆ هاتبوو، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٧ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، ئەو ماڵەی ئێمەی لێ بوو، بێ پیاو بوو، واتە پیاوەکە لە ژیاندا نەما بوو، ژنی خاوەن ماڵ ناوی عەدالەت بوو، سێ منداڵی هەبوو، کوڕێک و دوو کچ، عەدالەت خان لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان ئەو گۆشتەی بە خێر بۆی هاتبوو، بە پڵاو ساوەر لێی نا، خواردنی جەژنی ئێمە گۆشت و ساوەر و شلەی فاسۆلیا بوو.

## دوو ملیۆن لیرەی تورکی بۆ شەوێک

مانەوە لەو گوندانە بێ بەرامبەر نەبوو، بەڵکوو مانەوەی هەر شـــەوێک لەو گوندانە، بۆ هەر کەســـێک دوو ملیۆن لیرەی تورکی بوو، ئێمـە دە کـەس بووین، کرێی مـانـەوەی هەمووومان ٢٠٠٠٠ ملیۆن لیرەی تورکی بوو.

هەرچەنـدە نەتـدەتوانی لـەو گونـدانـە زۆر بمێنیتەوە، چونکـە هـەموو گونـدەکان موختـاریـان هـەبوو، کـاری ئەو موختـارانەش ئەوە بوو، کـە هەر شـــتێکی نامۆ، یان هەر کەســـێکی غەریبیان لە گونـدەکە دیتبووایـە، یەکســـەر دامودەزگـای میرییـان ئـاگـادار دەکردەوە، ئـەگـەر ئەو موختارانە هەواڵیان بدایە، یەکســـەر جاش و جەندرمەی تورکی دەهاتن و دەســـتگیری دەکردیت و ســـنووورداشـــی وڵاتی خۆتی دەکردەوە، بەڵام لەو ماڵە پشـوومانداؤ هاوکاری باشـــیان کردین و لە دەســـت جاش و جەندرمەی تورک ڕزگاری کردین.

## لە ئۆتۆمبێل و هێستر بێ ئومێد بووین

لە گوندی ســـولاوە لە ئۆتۆمبێل و بەرزە هێســـتر بێ ئومێـد بووین، چونکـە بـەفرێکی زۆر بـاریبوو، ئۆتۆمبێـل

نەیدەتوانی بێنە ناوچەکە، لە هەمان کاتدا خاوەن هێستەرەکانیش لە ترسی دەستگیر کردن نەیاندەتوانی لەگەڵمان بێن، چونکە زۆر لە جاسووس و موختاری گوند دەترسان.

## لە مردن ڕزگاری بوو

لە گوندی سولاوە کوڕێکمان لەگەڵ بوو، کە ئامۆزای عەبودە ڕەش بوو، هەر دوو پێیەکانی ئاوسا بوون و ڕەش هەڵگڕا بوون، کەڵکی ئەوەی نەبوو بۆ ڕێگا لەگەڵمان بێت، لەبەر ئەوە بە ناچاری لە گوندی سولاوە ڕادەستی ماڵێکیان کرد، لە دوای ئێمە ئەو ماڵە ئەو کوڕەیان ڕادەستی قەرەقوول کردبوو، قەرەقوولیش بردبوویانە نەخۆشخانە و لە مردن ڕزگاریان کردبوو.

## بە یەکەوە لەگەڵ وەجبەیەکی دیکەی کۆچبەران

لە گوندی سولاوە وەجبەیەکی دیکەی کوردانی باشووری لێ بوو، کە ژمارەیان ١٧ کەس بوو، کۆچبەرەکان خەڵکی کەرکوک و سلێمانی بوون، کوردێک بە ناوی ئەحمەد ڕێبەریان بوو، کە نازناوی ئەرجومەن بوو.

لەگەڵ وەجبە ١٧ کەسییەکە تێکەڵ بووین، ژمارەی کۆچبەرەکانی ڕێگا بوون بە ٧٠ کەس، ئێوارەی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، واتە ١٧ی ئادار، گوندی سولاوەمان بەجێ هێشت و بە ناچاری ڕێگای پیادەمان هەڵبژارد و سەختی ژیان لەو پێناو هەندەران دەستی پێ کردەوە.

دوای چەند خولەک ڕۆیشتن، تووشی وەجبەیەکی دیکەی کوردانی باشوور بووین، کە ژمارەیان ٤٥ کەس بوو، خەڵکی سنووری سلێمانی بوون، بەڵام تێکەڵی یەکتری نەبووین.

ئێمە ڕێگای نادیارمان گرتە بەر؛ سێ ڕێبەری کوردی باکوورمان لەگەڵ بوو، یەکیان ناوی یووسف ئابێ بوو؛ خەڵکی گوندی نۆبلین بوو، هەرچەند لەم ڕێگایە گردمان دەکەوتە بەرچاو، بەڵام زۆربەی ڕێگاکە دەشت و دۆڵ بوو، کە هەمووی بە بەفر داپۆشرابوو.

## بەفر تەواو نابێت

ئەو ڕێگایەی پێیدا دەڕۆیشتین، هەر نەدەبڕایەوە، سەرەڕای بەفرێکی زۆر و هیلاک بوونێکی زۆر، دوای نزیکەی ٤٥ خولەک ڕۆیشتن، لە ناکاو کوڕێک بە ناوی

کاکە دەشـــتی لە ناو بەفر کەوت و یەک بە خۆی هاواری دەکرد: کوڕە بە قوربانتان بم، بەجێم مەهێڵن، چونکە ڕێگا بەفر و سـارد بوو، لە سـەرمان هەموو گیانی لە کار کەوت بوو، کـاکە دەشـــتی کوڕە خەزووری کـاکە ئەمیر ئەبوو شـوارب بوو، کاکە دەشـتی لەو ڕێگایە زۆر هیلاکی کردین، چونکە هەر جارەو کەسـێک دەسـتی ڕادەکێشـرا، هەندێک جاریش لە کۆڵ دەکرا، بە ڕاســـتی ڕۆیشـــتنی ناو بەفر، شەکەت و ماندووت دەکات.

پاش چەند کاتژمێرێک گەیشـــتینە دۆڵاییەک، لەو دۆڵاییە پشـــوویەکمان وەرگرت، بەڵام کەش و هەوا زۆر ســـارد بوو، لەبەر ئەوەی کاکە دەشـــتی بە تەواوی پەکی کەوت بوو، ئێمە گەڕاین و هەنـدێـک دارمـان دۆزییەوە و ئاگرێکی بچووکمان بۆ کردەوە، هەروەها بەتانییەکمان پێ بوو، ئەویشـــمان بە کاکە دەشـــتی دادا، پاش نیو کاتژمێر، دەموچاوی کاکە دەشتی ئەستوور بوو؛ ڕەنگی پێستی شین هەڵگەڕا؛ هەموو گیانی لە سەرمان دەلەرزی؛ هاواری دایک و باوکی دەکرد.

نـەک بـە تـەنیـا من، بـەڵکوو هـەموو کۆچبـەران بـەو دیمەنەی کاکە دەشـــتی ترســـان، پاش پشـــوویەکی ٣٠

خولەکی ڕێگامان گرتەوە بەر، بەڵام چ بەڕێکەوتنێک؟ بە هەشـــت کەس و بە نۆبەت ئەو کوڕەمان لە ناو بەتانی هەڵـدەگرت، پـاش هیلاکییەکی زۆر، ڕێبەرە کوردە باکوورییەکە زانی کە ژیانی کاکە دەشتی لە مەترسی دایە، بۆیە تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکی خۆی کرد، کە لە گوندێکی نزیـک خۆمـان بوو، هێســـترێکی بۆ هێنـاین و بە خێرایی بردیان بۆ گوندەکە و ڕادەستی قەرەقوول کرا، لەبەر ئەوەی قاچاغ بوو، نەدەکرا ڕاســـتەوخۆ بچێتە نەخۆشـــخانە، دیارە کاک دەشتی لە لایەن قەرەقوول برایە نەخۆشخانە.

## بە ڕاستی مرد!

بەداخەوە پـاش مـاوەیەکی کورتی دوو کـاتژمێری ڕێبەرە کوردە باکوورییەکە هەواڵی کۆچی دوای دەشـــتی هاوسەفەری پێ ڕاگەیاندین، بە لەدەستدان و کۆچی دوایی کاکە دەشـتی و ڕادەسـت کردنی ئامۆزایەکی کاکە عەبودە ڕەش ترسی زۆرمان لێ نیشت، دەترساین هێزی سەربازی و فڕۆکە بە دوامان بکەون و بماندۆزنەوە و بمانگرن، هەموو شـتێک بە خەیاڵماندا دەهات، بە هەر شـێوەیەک بێت لە ڕێکردن بەردەوام بووین، تا گەیشتینە گوندێکی دیکە.

## گونده و گوند دەڕۆین

دیسـانەوە وەک جارەکانی پێشـتر، لەو گوندە دابەش کراینەوە، بە خێرایی نـانمـان خوارد، بـە تەواو گەرم نەبووینەوە، یەکسـەر ڕۆیشـتین و ڕێگامان گرتەوە بەر، هەر بە ڕێگادا دەڕۆیشـتین تا گەیشـتینە ڕۆخ ڕووبارێک، هەمووموان لە ڕۆخ ڕووبارەکە کۆبووینـەوە و بێ دەنگیمـان نواند.

سـەرما ڕووبارەکەی بەسـتبوو، بووبوو بە شـەختە، لە ناکاو لۆرییەکی بارهەڵگر بەوێدا هات، ڕێبەرەکان لۆرییە بارهەڵگرەکەیان ڕاگرت و لەگەڵ شـۆفێرەکە ڕێککەوتن، تا ئێمە بگوازنەوە شـوێنی مەبەسـت، کەچی مشتومڕ لە نێوان یووسـف ئابێ و ڕێبەرە کوردەکان و شـۆفێری لۆرییەکە لە سەر پارە پەیدا بوو.

یووسـف ئابێ لە ڕێبەرایەتی و چاوسـاغی ڕێگاکە زۆر زیرەک و بە توانـا بوو، بە ئێمەی دەگوت بڵێین: خۆمـان تەسلیم دەکەین، بۆ ئەوەی شـۆفێری لۆرییەکە بترسێنێت، واتە ئێمەی وەک کارتی فشـار بەکار دەهێنا، لە ناو خۆیان دەیان گوت با پەزەکان بار بکەین، مەبەسـتیان بوو ئێمە

تێنەگەین، لە لایەکی دیکەوە مەبەستیان ئەوە بوو کە خەڵک هەست بکەن، کە پەز بار دەکەن، دیارە پەز یانی مەڕ، لەو کاتەدا ئێمەیان کرد بوو بە مەڕ.

## بە لۆری دەڕۆین

پاش ماوەیەکی درێژ لە مشتومڕی ڕێبەرەکان و کاکی شۆفێر، هەمووومان چووینە ناو لۆرییە بارهەڵگرەکە، ئەو کاتە ژمارەمان بوو بە ٦٩ کۆچبەر، چونکە کاکە دەشتی کۆچی دوایی کرد و لەگەڵمان نەما، ئینجا خێوەتێکیان بە سەر داداین، دروست وەک مێگەلە مەڕ وا بووین، لەو کاتەدا هەمووومان بێدەنگ بووین بۆ ئەوەی خەڵک هەست نەکات، چونکە وەک مەڕ بار کرابووین.

بیست خولەکێک بەو لۆرییە ڕێگامان بڕی و گەیشتینە ناو گوندێک، خودا ڕەحمی پێکردین زوو دابەزین، چونکە ئۆکسجین لە ناو لۆرییەکە نەما بوو، هەناسەمان بۆ نەدەدرا، ئەگەر ماوەیەکی دیکە لۆرییەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بووایە، ئەوا زۆربەمان دەخنکاین، هەر یەکێکمان لە ناو گوندەکە پارچە نانێکمان وەرگرت و ئاومان خواردەوە و یەکسەر کەوتینەوە ڕێگا، ڕێگاکەش زۆر دووورودرێژ بوو؛

هەوراز و نشـــێوی زۆرمان هاتە پێش، بەزمێک بوو بەس خودا بۆ خۆی دەزانێت کە چی ڕوویدا. کاتێک ئێمە لە هەندێک گرد شۆڕ دەبووینەوە نەماندەتوانی بە پێیان بڕۆینە خوارێ، چونکە هەمووی بەفر و شـــەختە بوو، ناچار بووین بە خشخشۆکە بچینە خوارەوە، ئەگەرچی من زۆر بە وردی باسی ئەو ڕێگایە دەکەم، بەڵام وەسفی ئەو ڕێگایە ئەوەندە ئاسان نییە، وشە ناتوانێت پێناسەی بکات.

## لە دۆڵێکداین و فڕۆکە بە ئاسمانەوە دەسووڕێتەوە

دواجار گەیشتینە گوندێک، ئەو گوندە لە شوێنێکی لا چەپ بوو، بەفر لەو گونـدەش هەبوو، بەڵام ئۆتۆمبێـل دەیتوانی بە جادە بێت و بڕوات، جارێکی دیکە لەو گوندە نانمان خوارد و پشـوویەکمان وەرگرت و دیسـان بە پێیان کەوتینەوە ڕێگا، زۆر ڕۆیشـــتین تا بەرەبەری بەیانی ڕۆژی نەورۆز (٢١ی ئاداری ٢٠٠٠) ئێمەیان ناردە دۆڵاییەک، ئەو دۆڵاییە شاخاوی بوو؛ زۆر سەخت بوو، ئەو شوێنە تەنیا شوێنی خۆ حەشاردان بوو، بەس ئاسمانمان لێ دیار بوو.

سێ ڕێبەرە کوردەکەی باکووری کوردستانمان لەگەڵ بوو، لە بەرزاییەکانی ئەو دۆڵە پاسـەوانییان لە ئێمە دەکرد،

له ترسی هەر ئەگەرێکی حکومەتی تورکیا، کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ، سێ فڕۆکەی هەلیکۆپتەر بە سەر ئاسمانی ئەو دۆڵە دەسووڕانەوە، ئێمەش هەمووومان لەتەک یەک و لە بن لێواری شاخەکانی ناو دۆڵەکە خۆمان حەشاردا، ئەگەرچی ژمارەمان زۆر بوو، جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگمان لەبەربوو، هەمووشمان لەو وڵاتە قاچاغ بووین، جێگاکەشمان مەترسیدار بوو، بەڵام لە شاری وان زۆر نزیک بووین، هەر چۆنێک بێت خودای گەورە ڕۆحمی پێکردین و فڕۆکەکان ئێمەیان نەدیت و لەو مەترسییە گەورەیە ڕزگارمان بوو.

## گەیشتینە وان

کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆ هەندێک سەموونیان بۆ هێناین، هەر یەکێکمان نیو سەموونمان پێدرا، نزیکەی کاتژمێر هەشتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ (ڕۆژی نەورۆز) دوو نیو پاسیان (دۆڵمش) بۆ ئامادە کردین، بە دوو وەجبە هەر ٦٩ کەسەکەیان بۆ شارە جوانەکەی وان گواستەوە، نێوان دۆڵەکە و شاری وان بە ئۆتۆمبێل تەنیا ٢٠ خولەک بوو.

ئەو چەند ڕۆژەی بە پێیان ڕێگامان بڕی، لە گوندی نۆبلین تا دۆڵاییەکە، نزیکەی ٧٢ کاتژمێر بوو، باس کردنی

ئەو ڕێگایە ئەوەندە ئاســـان نییە، کولەمەرگی ڕێگا، بەفر و سەرما، ترس و لەرز، برسییەتی، هیلاکەتی، ڕێگای نادیاری ژیـان، مردن، ئەمـانە هەموو هـاتە ڕێگـامـان، ئەگەرچی هـاوکـارییەکە لـە بەرامبەر پـارە بوو، بەڵام نـابێـت ڕۆڵی یووســف ئابێ کەم دیدە بگرین، لەم ڕێگایە تا گەیشــتینە وان هیممەت و هاوکارییەکی زۆری پێشکەش کردین.

## شارە جوانەکەی وان لە باکووری کوردستان

پـاش گەیشـــتنمـان بـە شـــاری وان لە بـاکووری کوردستان، ئێمەیان بردە ناو قاعەیەکی گەورە، کە تەویلەی ئاژەڵان بوو، بۆ ئەوەی هیچ کەســێک گومانمان لێ نەکەن، دیارە ئێمە ٦٩ کەس بووین، ئاســان نەبوو ئەو ژمارە زۆرە لە شــوێنێکدا جێگای ببێتەوە، دیارە ئامانجی ئێمە ســەرەتا گەیشتن بە شارە جوانەکەی ئیستەنبوڵ بوو.

ڕۆژی چوارشـــەممە، ڕێککەوتی ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٠ هەمووومان خۆمان ئامادە کرد، ١٢ کەس ڕیش و ســـمێڵی خۆیان تاشـــی و جلی ڕەنگاوڕەنگی خاوێنیان لەبەرکرد و ڕەنگ و ڕووی خۆیان بە شێوازێکی دیکە لێکرد، بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئیستەنبوڵ لە ئامادە باشی تەواو دابووین.

## دەچینە ئیستەنبوڵ

سـێ ئۆتۆمبێل لە جۆری تاکسی هاتن، لە هەر ئۆتۆمبێلێک چوار کەس سەرکەوت، واتە ئەو ١٢ کەسەی خۆی ئامادە کرد، نێوانی هەر تاکسییەک لە ڕێگادا ٢٠ خولەک بوو، بۆ ئەوەی هەر تاکسییەک کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیس، تاکسییەکانی دیکە ئاگادار بکرێنەوە.

بەداخەوە یەکێک لە تاکسییەک بە هەر چوار کۆچبەرەوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیس، هەموویان دەستگیر کران و سنوورداشی زاخۆ کرانەوە، هەموو ئەو ڕێگە ناخۆشە دوورودرێژ و ماندووبوونەیان بە فیڕۆ ڕۆیشت، بەڵام دوو تاکسییەکەی دیکە گەڕانەوەی لای ئێمە.

لە دوای دەستگیر کردنی ئەو چوار کەسە، ئێمە شوێنی خۆمان گۆڕی و چووینە شوێنێکی دیکە، هەر چۆنێک بێت پۆل پۆل ئێمەیان لە شاری وانەوە دەگواستەوە بۆ شاری ئیستەنبوڵ، ئەو پرۆسەیە نزیکەی ٢٩ ڕۆژی خایاند، لەو نێوەدا ئێمە کۆتا وەجبە بووین.

مانەوەمان بۆ ٢٩ ڕۆژ بە شـێوەیەکی قاچاغ لە شـاری وان هەر وا ئاسان نەبوو، چونکە زوو زوو جێگامان دەگۆڕی، ترس و لەرزیش تەنگی پێهەڵچنی بووین، خـەرجی هـەر شەوێک مانەوەمان لە ماڵان، دوو ملیۆن لیرەی تورکی بوو.

مشتومڕی زۆر لە نێوان باسڵ و ئەمیر ئەبوو شوارب لە لایەک و یووسـف ئابێ لە لایەکی دیکە هەبوو، دیارە ئەو سێ کەسە لە یەکتری بە فێڵ بوون، لە سەر پارە ڕێک نەدەکەوتن، لـەو نێوەدا ئێمە بووبووینە خۆراکی نێوان ئەو ڕێبەرانە، ڕۆژێک قسـەمان لەگەڵ باسـڵ کرد، کە ڕێبەری ئێمە بوو، بڕیارماندا خۆمان لە ئەمیر ئەبوو شـوارب و یووسـف ئابێ بدزینەوە و بچینە لای ڕێبەرێکی دیکە بە ناوی بیلال ئابێ، کە خەڵکی باکووری کوردسـتان بوو؛ هاوڕێی حازم بوو، ئەوە بوو من چوومە ناو بازاڕی شـاری وان، لەگەڵ کوڕێکی دیکە بە ناوی ئازاد، کە خەڵکی شاری سـلێمانی بوو، ئێمە حەوت کەس بووین، من و سـەنگەری برازام دوو لەو حەوت کەسـە بووین، خۆمان لە ئەمیر و یووسـف ئابێ ڕزگار کرد، چووینە لای بیلال ئابێ، چەند ڕۆژێک لە ماڵی کاک ئەحمەد سوئێری بووین، کە کوڕێکی زۆر باش و ڕووخۆش بوو، خزمەتێکی زۆر باشـی کردین،

پاشــان چووینه لای بیلال ئابێ له دوکانه‌که‌ی خۆی، چه‌ند خوله‌کێک چاوه‌ڕێمان کرد، دوو ئۆتۆمبێل له جۆری تاکسی هاتن و ئێمه‌یان برده ماڵێک، که خۆیان مه‌به‌ســــتیان بوو، به‌داخه‌وه له بیره‌وه‌ریه‌کانمدا ناوی زۆربه‌ی ئه‌و ماڵانه‌م تۆمار نه‌کردووه، به داوای لێبوردنه‌وه.

## یه‌خت ئاماده‌یه

ئێواره‌ی ڕۆژی یه‌کشــه‌ممه، ڕێککه‌وتی ٢٣ی نیســانی ســاڵی ٢٠٠٠ لۆرییه‌کیان بۆ هێناین و ئێمه‌یان ســواری ئه‌و لۆرییه کرد، که ژمــاره‌مــان ٤٦ کــه‌س بوو، مــاوه‌ی ٤٠ خوله‌ک به‌و لۆرییه ڕێگامان بڕی، تا گه‌یشــــتینه که‌نار ده‌ریای وان، ســــه‌ره‌تا نه‌مانده‌زانی له شــــاری وانه‌وه بۆ ئیسته‌نبوڵ به چ شێوه‌یه‌ک گه‌شت ده‌که‌ین.

کاتێک گه‌یشـتینه ڕۆخ ده‌ریای وان، دونیا زۆر تاریک بوو، نه‌مـانـده‌زانی ئه‌وه ده‌ریـایه، یه‌که‌م جـار بوو له ژیـانی خۆمان ده‌ریایه‌کی له‌و شێوه‌یه ببینین، ١٠ خوله‌ک به پێیان ڕامان کرد تا گه‌یشــتینه که‌نار ئاوه‌که، کاتێک گه‌یشــتینه ڕۆخ ده‌ریاکه دیتمان به‌له‌مێک ڕاوه‌ستاوه، که پێیان ده‌گوت یه‌خت، هه‌ر ٤٦ که‌ســه‌که ســواری ئه‌و یه‌خته بووین، پاش

چەند خولەکێک یەختەکە دەسـتی بە جووڵە کرد. یەکەم جار بوو سـواری پشـتی بەلەم بین و بە ناو دەریادا بڕۆین، لەبەر ئەوە هەموومان زۆر دەترسـاین، چونکە یەختەکە زۆر گەورە نەبوو، ژمارەی ئێمەش لە چاو یەختەکە زۆر بوو.

یەختەکە جووڵەی کرد و ٢٠٠ مەترێک ڕۆیشـتە ناو قووڵایی دەریای وان، لەو کاتەدا شۆفێری بەلەمەکە ڕاوەستا و بەلەمەکەی کوژاندەوە، دیارە لەگەڵ شـەپۆلی ئاوەکە بەلەمەکە بەولاولادا دەکەوت. شـۆفێری بەلەمەکە بە تەلەفۆن قسـەی لەگەڵ ڕێبەرەکە دەکرد و باسـی پارە و کرێی ئەو کۆچبەرانەی دەکرد، تا لە سـەر کرێیەکە ڕێک نەکەوتن، شۆفێر لە ناو ئەو ئاوە غەزری بوو، نەدەڕۆیشت.

ئێمە لە ناو بەلەمەکە ترس و لەرزێکی زۆرمان لێ نیشـتبوو، هەزار و یەک فاتیحامان بە چەند چرکەیەک دەخوێند و هەر هاواری خودامان دەکرد. پاشـان کاکی شۆفێر یەختەکەی بە جووڵە کردەوە و دەستی بە ڕۆیشتن کرد، یەک کاتژمێر و چل و پێنج خولەک ئەو بەلەمە لە ناو دەریای وان ڕۆیشـت، تا گەیشـتینە قەراغ دەریاکە لەو بەری وان، بەلەمەکە وەسـتا و بە خێرایی هاتینە خوارێ، نزیکەی دە خولەک بە پیادە لە کەنار دەریاکە ڕۆیشـتین،

لەوێ سـێ ئۆتۆمبێلی جۆری نیو پاس چاوەڕێی دەکردین، هەر ٤٦ کۆچبەر چوونە ناو ئەو ئۆتۆمبێلەوە و نزیکەیی ٣٠ خولەک ڕێگامان بڕی، دواتر لە شـوێنێک نیو پاسـەکان وەسـتان و تا سـێ نیو پاسـی دیکە هاتن، کە ئەوانیش کۆچبەری ناو یەختێکی دیکە بوون، ئێمە هەموومان بووین بە شـەش ئۆتۆمبێل، بە یەکەوە چووینە ناو شـاری پاتنۆس، لەو شـارە تیکتی ئۆتۆبۆسـمان کڕی، هەر تیکتێک بە دە ملیۆن لیرەی تورکی بوو، ئینجا چووین بۆ شـاری غازی عەنتاب، کە گەیشـتینە غازی عەنتاب لە وێسـتگەی پاسەکانی ئەو شارە دابەزین.

## لە غازی عەنتابەوە گەیشتینە ئیستەنبوڵ

لە غازی عەنتاب ژمارەی کوردانی باشـوور گەیشـتە ٨٦ کەس، لە شـاری وانەوە تا شـاری غازی عەنتاب ٦٧٣ کیلۆمەتر بوو، بە مانایەکی دیکە بە ڕێگای ئۆتۆمبێل ٨ کاتژمێر و ٢٠ خولەک بوو، لە غازی عەنتابەوە سـێ ئۆتۆبۆس بۆ ئیسـتەنبوڵ ئامادە کرا، لە ناو ئۆتۆبۆسـەکەی ئێمە ٢٢ کەس خەڵکی باشـوور بوون، خۆشـبەختانە هەموومان بە سـەلامەتی گەیشـتینە شـارە گەورە و

جوانەکەی ئیســـــتـەنبوڵ لە تورکیـا، ڕێگـای نێوان غـازی عەنتاب بۆ ئیستەنبوڵ ١١ کاتژمێر و ٣٨ خولەک بوو، واتە ١١٤٣ کیلۆمەتر. بە شێوەیەکی گشتی دووری ڕێگای نێوان وان لە باکووری کوردسـتان و ئیسـتەنبوڵ لە تورکیا ١٦٠١ کیلۆمەترە؛ بە ڕێگای ئۆتۆمبێل ١٨ کاتژمێر و ٣٦ خولەکە.

ئەو ڕێگایە زۆر دوورودرێژ بوو، بەڵام ســـروشـــتێکی جوانمان لەو ڕێگایە دیت، ڕۆژی ســـێشـــەممە، ڕێککەوتی ٢٥ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ گەیشتینە شاری ئیستەنبوڵ، لە وێستگەی پاسەکانی ئیستەنبوڵ هاتینە خوارێ، ئێمە شەش کەس بە یەکەوە بووین، کە ئەمانە بووین: هاوڕێ سماقوڵی، سـەنگەر ئیحسـان، جەبار سـەکرانی، زوهێر برای سـەددام چاوشـــین، ئیدریس و ســـالار، کە هاتینە ناو وێســـتگەی پاســـەکان، ڕاســـتەوخۆ کاک جەبار ســـەکرانی تەلەفۆنی بۆ سـەددام چاوشـین کرد، هەرچەندە کاک جەبار سـەکرانی زاوای ســـەددام چاوشـــین بوو؛ برای کاکە زوهێریش بوو، پاش ٢٠ خولەک کاکە سـەددام چاوشـین و کاکە فریادی مام زیاد هاتنە دوامان و بە دوو تاکســـی ڕۆیشـــتین، تا گەیشتینە شوقەی کاک فریاد و کاکە سەددام لە گەڕەکی گۆستەپە، لە شاری ئیستەنبوڵ.

بەم جۆرە دوای دەردەســەری و ماندووبوونێکی زۆری ڕێگا، هەر لە شـــاری وانەوە بگرە تا دەگاتە بەفر، ســـەرما، برســـییەتی، ترســـی مردن، ترســـی دەســـتگیر کردن و ســـنووررداش کردنەوە، دیمەنە پڕ لە کـارەســـــات و تراژیدیاکەی گوندەکانی باکووری کوردســـتان، گەیشـــتینە شـارە جوان و گەورە و پڕ لە دانیشـتووانەکەی ئیسـتەنبوڵ، کە بەشـێکی لە کیشـوەری ئاسـیا و بەشـەکەی دیکەی لە کیشوەری ئەورووپایە.

## ئیستەنبوڵ و تورکیا

وەک باسم کرد، ڕۆژی سێشەممە، ڕێککەوتی ٢٥ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٠ گەیشـتینە شـاری ئیسـتەنبوڵ، دواتر چووینە گەڕەکی گۆسـتەپە، شـوقە و شـوێنی مانەوەمان لەو گەڕەکە بوو، زۆر بێدەنگ بوو، کاتێک لە دەرگای نهۆمی یـەکـەمـانـدا و دەرگـایـان لێ کردینـەوە، چ دەرگـا کردنەوەیەک! تەنیا ســـەر و دەموچاوی مرۆڤ دیار بوو، هێندە قەرەباڵغ بوو، ئێمە هەر شـەشـمان چووینە ژوورەوە، تێکڕا ٤٥ کەس لەو شـــوقەیە بووین، بەهەرحاڵ توانیمان خۆمان بگونجێنین.

شــەش مانگ بەر لە ئێمە، کاکە ئاسـۆی کوڕی کاک موحسـینی برام گەیشـتبووە ئیسـتەنبوڵ، بەڵام نزیکەی دوو مانگ دەبوو، کە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ماڵەوە پچڕابوو، چونکە تەلەفۆن نەبوو، دایک و باوکی کاکە ئاسـ‍ـــۆ زۆر غەمبار بوون، خۆشبەختانە بە چوونی من و کاکە سەنگەری کاکە ئیحسـان بۆ ئیسـتەنبوڵ، بە یەکتری شـاد بووینەوە و پەیوەندیمان بە ماڵ و کەسوکارمانەوە کرد، ئەوانیش دڵیان خۆش بوو، دواتر کاکە ئاسـ‍ـــۆ هاتە شـ‍ـــوقەکەی ئێمە و ژمارەمان بوو بە ٤٦ کەس، کە لە دوو ژوور دەژیایین.

ئێوارەی ڕۆژی شـەممە، ڕێککەوتی ٢٩ی نیسـان، هەر ٤٦ کەسـ‍ـــەکە خۆمان ئامادە کرد، جلوبەرگ و خواردن و کیسـەی خەو و بەلەمی چوپی سـەفەری و کۆڵە پشـتمان سـاز بوو؛ لە ئامادە باشـیدا بووین، کاتژمێر یەکی شـەوی ڕۆژی یەکشـ‍ـــەممە، ڕێککەوتی ٣٠ی نیسـ‍ـــان، لۆرییەکی بارهەڵگر هاتە بەردەم شوقەکەمان؛ هەموومان سوار بووین و گەڕەکی گۆستەپەمان لە شاری ئیستەنبوڵ بەجێ هێشت.

# بەشی دووەم

# ژیان لە نێوان سنوورەکاندا

# بەشی دووەم: ژیان لە نێوان سنوورەکاندا

## ئیستەنبوڵی بووکی شاران جێ دەهێڵین

لە دەرەوەی ئیســــتەنبوڵ، لە نزیک بەنزینخانەیەک، لۆرییەکە ڕاوەســـتا، کاکی شـــۆفێر چەند کاتژمێرێک لەو شـــوێنەی نزیک بەنزینخانەکە مایەوە، پاشـــان لۆرییەکەی بەکار خستەوە و لە ڕۆیشتنی ڕێگا بەردەوام بوو، کاتژمێری شەشی ئێوارە گەیشتینە سنووری شاری کیشان، لەو شوێنە پیادە بووین و شـــەش کاتژمێر ڕێگامان بە پێ بڕی، تا گەیشـــتینە ســـێگۆشـــەی نێوان تورکیا و بولگاریا و یۆنان. سەرەتای ڕێگا!

## با بڕۆین

نزیکەی کاتژمێرێک بە پیادە لە نێو خاکی یۆنان ڕۆیشـتین، ئینجا تووشـی ڕووبارێکی گەورە و بەرین هاتین، بەلەمە چوپییە ســـەفەرییەکانمان دەرهێنا و پڕمان لە هەوا کرد، ئەوســـا ســـێ ســـێ و چوار چوار بە یەکەوە دەچووینە

ســــەر بەلەمەکان و دەپەڕینەوە، دواتر ڕێگای پیادەمان گرتەوە بەر و تا کاتژمێری پێنجی بەیانی بەردەوام بووین، دونیا تەواو ڕووناک بوو، لەبەر ئەوە لە ناو جەنگەڵێک تا ئێوارە خەوتین.

## خاکی یۆنان

کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی یەکی ئایاری ســاڵی ٢٠٠٠ دیســان دەســتمان کردەوە بە ڕۆیشتن، تا کاتژمێر ٣:٣٠ خولەکی بەیانی ڕۆژی سێشەممە لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین و گەیشتینە نزیک شاری ڤێرێ لە وڵاتی یۆنان، لەو ڕۆیشــتنە زۆر هیلاک و ماندوو بووین، هەموومـان، کە ژمـارەمـان ٤٦ کەس بوو، لە نـاو دڕک و دارێکی چڕ لە نزیک ســکەی قیتار پارمان داوە و خەوتین، دیار بوو پێشتر ئەو شوێنە خەڵکی دیکە و وەجبەی دی لێ خەوت بوو.

ئەو ٤٦ کەســـە بە ڕیز لە تەنیشـــت یەک؛ لە ناو کیســـەی خەو لە خەوێکی قووڵـدا بووین، من لە نێوان ســەنگەر و ئاســۆ خەوتبووم، کە هەردووکیان برازام بوون، پێشـــتریش بــە یــەکتریمــان گوتبوو، لــە ئــەگــەری

ڕووبەڕووبوونەوەی هەر کارێک، یان دۆخێکی نەخوازراو، یەکتری ئاگادار دەکەینەوە، من و دوو برازاکەم کەوتبووینە ناوەڕاستی هەر ٤٦ کەسەکە.

## دەستگیر کراین

کاتژمێر نۆی بەیانی ڕۆژی دووشـــەممە، یەکێک زنجیری کیســـە خەوەکەی منی کردەوە؛ بەخەبەر هاتم؛ کەسێکم دیت، بەڵام چ کەسێک؟ کەسێکی سوور و سپی، بە هەیکەل چوارشانەی باسک ڕووت، تەواوی قۆڵی بە تاتۆ نەخشێنرابوو، کڵاو لەسەر، حەیزەران بەدەست، دەمانچە بە قەد، هەموو جۆرە کەرەستەیەکی بەندکردنیان پێ بوو، هەر بە دەســتەکانی ئاماژەی بەوە کرد، کە هەسـتم تا لەگەڵ خۆیان بمبەن، ئەو دیمەنەم تەنیا لە فیلمە ئەمریکییەکان دیتبوو، کاتێک هەستامە سەر چۆک ٢٢ کەسی لای ڕاستم نەمابوون، هەموویان گرتبوون و ڕاپێچی ناو ئۆتۆمبێلەکانیان کردبوو، ســـەیری دەوروبەرم کرد هەمووی بە جەیش و کۆماندۆ و سـەگی پۆلیســی دەورە درابوو، لە لایەکی دیکە ئەو هاوڕێ و برادەرانەی لەو ڕێگایە بە یەکەوە هاوسـەفەر بووین، نیوەیـان هەر لە خەوی شـــیریـنـدا بوون، منیش

سـەنگەرم لە خەو هەستاند، چەند داریکیان لە سـەنگەردا، سـەربازێکی سـوورەی چاوشـین، حەربەیەکی لە سـەر ملی سـەنگەر دانا، تا بیترسـێنن، دەیانویسـت سـەنگەر بە بێ دەنگی ببەن، سـەنگەریش بە منی دەگوت مامە بڕۆم؟ منیش گوتم: ڕاوەستە و بەرگەی چەند داریک بگرە، گوتم: سەنگەر هەندێک جلوبەرگی زیادە لەبەر بکە.

پاشـان یەک بە خۆم چریکاندم و هاوارم کرد، تا هاوڕێکانم لە خەو هەستن، لەگەڵ قیژەی من سەرجەم ئەو خەڵکەی پێکەوە بووین لە خەوی شـیرین بە ئاگا هاتن، جەیش و کۆماندۆ زۆر مشـەوەش بوون، شـەش کەس لە سـەربازە جل مغاویرییەکان، کە هەر یەکێکیان جیهاز و دەمانچە و کەلەپچە و کێبلێکی ڕەشـیان پێ بوو، گوتم سـەنگەر ئارام بگرە، با بزانین ڕێبەرەکان دەگیرێن؟ یاخود هەڵدێن، چونکە دەرچەیەک بۆ هەڵاتن هەبوو، دیارە من یەکەم جار بوو بکەومە کەمینی جەیش و سـوپای وڵاتێکی ئـەورووپی، بەڵام کە دیتم ڕێبەرەکان دەسـتگیر کران، ئێمەش خۆمان ڕادەسـت کرد، دوو دوو هەمووانیان کەلەپچە کرد، نزیکەی ٧٠٠ مەترێک بە پێیان ڕۆیشـتین، تا گەیشتینە قافڵەی ئۆتۆمبێلەکان، دە ئۆتۆمبێلی سـەربازی

و پۆلیس بوون، ڕێبەرەکان بە ئێمەیان گوتبوو، لە کاتی دەستگیر کردن هەر کەسێک ناوێک لە خۆی بنێت، چونکە هیچمان ناسنامەی ڕاستەقینەمان پێ نەبوو.

## بەندیخانەی ڤێرێ

هەر ٤٦ کەسەکە بە یەکەوە کەوتینە بەندیخانەی شاری ڤێرێ لە وڵاتی یۆنان، لە گۆڕەپانێکدا هەموومان ڕیز کراین و ئێمەیان پشکنی، پۆلیس چەند وێنەیەکی ڕێبەرەکانیان پێ بوو، کە خەڵکی وڵاتی جیا جیا بوون، یەکێک لە وێنەکان وێنەی کوڕێک بوو بە ناوی (با) ڕێبەری ئەو گرووپەی ئێمە بوو، کاکی (با)یان ناسییەوە و جیا یان کردەوە و زۆر یان لێدا، چونکە گومانیان لە کاکی (با) بوو، کە ئەو ڕێبەرەکەیە، واتە قاچاغچییەکە.

لە بەندیخانە ژنێکی کوردی لێ بوو، ئەو ژنە وەک جاسووس کاری بۆ پۆلیسی وڵاتی یۆنان دەکرد، بە تایبەتی لە دەست نیشان کردنی ڕێبەرە کوردەکان، تەواوی ئەو کۆچبەرانەی بە یەکەوە بووین، زۆر یەکگرتوو بووین، هیچ نهێنییەکمان نەدرکاند.

له کۆی ئەو ٤٦ کەسەی لە زیندان بووین، تەنیا ناوی ئەو ٣٣ کەسەم یاداشت کردووە: باسڵ، مامۆستا هەوراز، فریاد مام زیاد، سەددام چاوشین، قادر قەبرستان، هەژار، سالار، ئاری، خەسرۆ مەجید، دڵشاد محەممەد ڕەشید سولاوکەیی، ئیدریس عەزیز، نزار حەمەدەمین شێخۆ، کوردەوان مەحموود فەقێ، هاوڕێ سماقوڵی، سەنگەر ئیحسان سماقوڵی، دڵشاد ڕواندزی، فوئادی مام غەفوور، سیروان، جەبار سەکرانی، زوهێر برای سەددام چاوشین، وشیار، ئازاد، مەرزان، عیماد، گاوان، دلێر گەرمیانی، نازم بیرۆکەیی، عەلی، کارزان، مامۆستا خەلیل، ئاسۆ موحسین سماقوڵی، ئاسۆ و عوسمانی مام غەفوور.

بەندیخانەی شاری ڤێرێ، زیاتر لە ١٢٠ زیندانی دیکەی تێدا بوو، کە کۆچبەری وڵاتە جیاوازەکان بوون، بە نموونە: پاکستان، ئەفغانستان، هیندستان، وڵاتانی عەرەبی، ئێران، کوردستان و خەڵکی وڵاتانی ئەفریقا و چەندین وڵاتانی دیکە لەو بەندیخانەیەدا بوون.

چەند ڕۆژێک لەو بەندیخانە ماینەوە، ڕۆژانە کاکی (با)یان بانگ دەکرد، پێیان دەگوت: ئەگەر تۆ شاحینەیەک کۆچبەرمان بۆ کەشف بکەیت، ئەوا هەموو کۆچبەرەکانی

تۆ بۆ ئەســــیناى پایتەختى یۆنان دەنێرین، بەڵام کاکى (با) زۆر مەرد بوو، هیچ جۆرە نهێنییەکى نەدرکاند. ئەگەرچى ئەم کارەى لە پێناو خۆیدا کرد، بەڵام لە سوودى ئێمە بوو.

لە دیمەنى زیندان، بیرم دەکردەوە؛ خەیاڵم دەکرد و دەمگوت: ئەرێ گەلۆ بۆ دەبێت ئەو هەموو گەنجە جوانە، بە لێشـــاو خاک و وڵات و زێدى باب و باپیرانیان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە هەندەران بکەن؟ بۆچى غوربەتى و دوورە وڵاتى و دوور لە هەست و سۆزى دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکاریان ژیانى تەنیایى هەڵدەبژێرن؟

بێگومان ئەم پرسیارە و دەیان پرسیارى دیکە دروست دەبوو، چونکە ئاســان نییە، شــوێنى لە دایک بوونت بەجێ بهێڵیت، دیارە ئەمە ڕەهەندى جیاوازى هەیە و چەند هۆکار لە پشـــت ئەو کۆچکردنەوە بوو، کە دەکرێت لە کتێبێکى سەربەخۆ هەموو لایەنەکان باس بکرێت.

## سنوورداش کراینەوە

ئێمە ژمارەمان ٤٤ کەس بوو، بەڵام لە ناو بەندیخانەى ڤێرێ لێکیان جیا کردینەوە، مامۆســـتا هەوراز، فریاد مام زیاد، باسل، ئاسۆ، سەنگەر، قادر، سەددام چاوشین و پازدە

کەسی دیکەیان برد و تەنیا ٢٢ کەسیان هێشتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی چواری ئایاری ساڵی ٢٠٠٠ من و ٢٣ کەسی دیکەیان سنوورداشی تورکیا کردەوە.

کاتێک گەیشتینەوە سەر سنوور و خاکی تورکیا، ئێمە چوار کەس بە یەکەوە ڕێک کەوتین و تاکسییەکمان بە ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی بە کرێ گرت و ئێمەیان گەیاندە شاری کیشان، شاری کیشان شارێکی تورکیایە، لە نزیک سنووری یۆنانە.

چوار کەس لە شاری کیشان بە یەکەوە بووین، چووینە وێستگەی پاس و بلیتمان بۆ ئیستەنبوڵ کڕی، لە شاری کیشانەوە بۆ شاری ئیستەنبوڵ بلیت بە شەش ملیۆن لیرەی تورکی بوو، درێژیی ڕێگای نێوان شاری کیشان و شاری ئیستەنبوڵ ٢٣٢ کیلۆمەترە.

## گەڕاینەوە خاڵی سفر

ئەو کاتەی گەیشتینەوە ئیستەنبوڵ یەکسەر چووینەوە شوقەکەمان لە گەڕەکی گۆستەپە، سەرتیپ و حازم لەوێ بوون. ئێوارەی ڕۆژی دواتر مامۆستا هەوراز و ئاسۆ و سەنگەر و گرووپەکەی دیکە هاتنەوە لامان، پاش دوو

ڕۆژی دیکـە کەنعـان نـاوێـک پەیوەنـدی تەلەفۆنی پێوە کردین، گوتی: پاش چەند ڕۆژێکی دیکە وەجبەی دلۆڤان دەڕوات، ئەگەر دەتانەوێت بڕۆنەوە یۆنان، خۆتان ئامادە بکەن و وەرن.

من و سـەنگەر و ئاسـۆ چووینە شـوقەکەی دلۆڤان، ئێمەش پەیوەنـدیمـان بە ماڵەوە کرد و گوتمـان لـەگـەڵ قاچاخچییەکی دیکە ڕێککەوتووین، دوای دوو ڕۆژ کوڕێک هـاتە لامـان، کـە نـاوی عـادل حەلاق بوو، عـادل گوتی: خواردن زۆر مەهێنن، تەنیا خواردنی دوو ڕۆژتان پێ بێت بەسـە، چونکە کاتێک لە تورکیا پەڕینەوە و گەیشـتینە ناو خاکی یۆنان، ئەوا یەکسەر شاحینە لە دواتان دێت.

## لە نەخۆشخانەوە بۆ ئەدەنە

ڕۆژی شـەممە، ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری سـاڵی ٢٠٠٠، ئێمەیان سواری نیو پاسێک کرد و بەرەو نەخۆشخانەیەکی شاری ئیستەنبوڵ ڕۆیشتین، تا ئێوارە ئێمەیان لە گەراجێکی ناو نەخۆشخانەکە ڕاگرت، پاشان نیو پاسەکە جووڵەی کرد و ڕۆیشـت، لە چۆڵەوانییەکی دەرەوەی شـاری ئیسـتەنبوڵ وەسـتا، کە لە نیو پاسـەکە هاتینە خوارێ دیتمان کە

شـاحینەیەک وەسـتاوە، ویسـتمان سـەربکەوین و سـواری شـــاحینەکە بین، بەڵام کە ســـەیرمان کرد، تەنیا ســـەر و دەموچاوی مرۆڤ دیار بوو، واتـە پڕی بوو لـە کۆچبـەری دیکە، تێکڕا بە یەکەوە بووین بە ٨٩ کەس، هەر دەتگوت مەڕی عەرەبین لە ناو ئەو لۆرییە گەورە، پڕی بوو لە پیاو و ژن و منـداڵ، ئێمە نەمـانـدەزانی ئەو لۆرییە بەرەو کوێ دەڕوات، چونکە ڕێبەرەکـان ڕاســـتی ڕێگـاکەیـان پێ نەدەگوتین، لۆری بەڕێکەوت تا گەیشتینە شاری ئەدەنە.

ئەو لۆرییەی ئێمەی تێدا بوو، چاوەڕێی نیو پاســـێکی دیکەیان دەکرد، کە نیو پاســـەکە هات، عادل حەلاق، محەممەد سەبری، محەممەد ڕەزا و خێزانێکی دیکەی تێدا بوو، کە ژمارەیان دە کەس بوو، ئێوارەکەی ئێمەیان بردە گوندێکی نزیک شـــاری ئەدەنە، ٨٩ کەســـەکەی ناو شـاحینەکە و ١٠ کەسـەکەی ناو نیو پاسـەکە، بە یەکەوە بووین بە ٩٩ کەس، لە نزیک گوندەکە، لە چۆڵەوانییەک هاتینە خوارێ، نم نم باران دەباری، خۆمان لە بن نایلۆن حەشاردا، تا تەڕ نەبین، بەڵام شوێنەکە زۆر پارێزراو بوو.

## نۆبەتی تراکتۆرە

ڕۆژی یەکشــەممە، ڕێککەوتی ٢١ی ئایار، تراکتۆرێک هــات، کــە دوو عــارەبــانەی پێوە بوو، هەمووـمــان بە قەرەپەســـتانێ ســـواری دوو عەرەبانەی تراکتۆرەکە بووین، مشەمایەکیان پێدادایـن، دەبووایە سەری خۆمان نزم بکەین و بێ دەنگ بین، بۆ ئەوەی کەس هەســتمان پێ نەکات، تا لە شکایەتی خەڵک و دەستگیر کردن پارێزراو بین.

ئێمە ژمــارەمــان زۆر بوو، لــە نــاو عــارەبــانــەکــانی تراکتۆرەکە زۆر قەرەباڵخ بووین، شـوێنمان زۆر ناخۆش بوو، بەهەرحاڵ ئێمە گەیشتینە نزیک سنووری یۆنان، دیارە سێ چاوســـــاغی تورکمان لەگەڵ بوو، دوو کاتژمێر بە پێیان ڕۆیشــتین، تا گەیشــتینە ســەر ڕووبارێک؛ ئێمە دوو بەلەمی چوپمان پێ بوو، پڕمان لە هەوا کرد؛ هەر دوو چوپەکەمان لێک بەســـــت؛ چوار چوار لە چوپێک ســـــوار بووین، واتە هەشــــــت کەس بە جـارێـک بۆ ئـەو بـەری ڕووبـارەکـە دەپەڕینەوە، تا هەموومان لە ڕووبارەکە پەڕینـەوە، دونیـا تاریک و ڕوون بوو.

## هەوڵێکی دیکە

دەوروبەری کاتژمێر ٤:٣٠ خولەک خۆمان لە ناو جەنگەڵێکی چڕ حەشاردا، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ناو ئەو جەنگەڵە ماینەوە، ئێمە بە شەو دەڕۆیشتین و بە ڕۆژیش لە ناو جەنگەڵ و دارستانی چڕ خۆمان حەشار دەدا.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەڕێکەوتینەوە، کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتینە ڕووبارێکی گەورەتر، بە هەمان شێوەی ڕووبارەکەی پێشوو، لەم ڕووبارەش پەڕینەوە، بە هۆی ئەوەی ژمارەی کۆچبەرەکان زۆر بوون، ڕیزی قافڵەکەمان زۆر دووردرێژ بوو، بۆ بەیانی جارێکی دیکە لە ناو دارستانێکی چڕ ماینەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر بەڕێکەوتینەوە، ڕێگای چیا و شاخمان گرتە بەر، ئەو خۆراک و خواردنەی پێمان بوو بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، برسییەتی هانای بۆ هێناین و ڕێگای پێ گرتین.

دیارە کەس نەیدەوێرا بچێتە مارکێت، یان دوکانێکی ئاسایی بۆ شت کڕین، لە ترسی هەواڵدانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان، چونکە گەلی یۆنانی وڵاتی خۆیان زۆر خۆش دەوێت، هەر شتێکی نامۆ، یاخود هەر کەسێکی غەریبیان

بـدیتـایـە، بێ یەک و دوو هەواڵیـان بـە پۆلیس و دەزگـا ئەمنییەکان دەدا. بەیانییەکەی خۆمان لە ناو دارســـتانێک حەشـاردا، ئەو ناوچەیە شـوێنی کشـتوکاڵ و گەنم و جۆ و ڕەزی ترێ و گوندنشین بوو، ئەو ڕۆژە لە برسان زۆربەمان گوڵە گەنم و ڕێواس و گەڵا مێومان خوارد.

ڕۆژی پێنجشـــەممە یەکی حوزەیرانی ســـاڵی ٢٠٠٠ کۆچبەران لە ڕۆیشـــتن بە پێ بەردەوام بوون، دوای بڕینی ڕێگایەکی دوورودرێژ لە کاتژمێر ٤:٣٠ خولەک گەیشـتینە نێوان شـــارەکانی ڤێرێ و ئەســـکەندەرپوول لە ناو خاکی یۆنان، ئەو ناوچەیە پڕ بوو لە لە بەروبوومی کشـــتوکاڵی، وەک: گەنم، جۆ، ڕەزی ترێ و شتی دیکە.

ئەو ڕۆژە لە ناو دارستانێکی ناوچەکە خۆمان حەشاردا، ناوچەکە زۆر ســـەخت و چڕ بوو، ڕێبەرەکانمان درۆی زۆریان لەگەڵ دەکردین، هەر دەیان گوت: ئێوارە شـاحینە دێت، بەڵام هیچیش دیار نەبوو.

## بە ڕاستی ترساین

دەوروبەری کاتژمێر دەی بەیانی مێگەلێک بزن و مەڕ بە لاماندا هات، کە تەنیا یەک شـوانیان لەگەڵ بوو، زۆر لە

کاکی شـــوان ترســـاین، کە هەواڵمان لێ بدات، یەکێک لە ڕێبەرەکانمان ناوی ئیبۆ میسـری بوو، کەمێک زمانی یۆنانی دەزانی، چووە لای کاکی شوان و ١٠٠ دۆلاری وەک دیاری پێدا، بۆ ئەوەی بەرچاوی بگرێت و هەوڵمان لێ نەدات.

شـوێنەکەی لێ مابووینەوە، چیایەکی سـەخت و دوور لە جادە بوو، ئەو ڕۆژە کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ بەرەو شـاری ئەسـکەندەرپوول بەڕێکەوتین، پێش ئەوەی بگەین، گەیشـتینە نزیک گوندێک، کاتژمێر ٣:٣٠ خولەک تووشـی وەجبەیەکی دیکەی کۆچبەری کوردی باشـــوور بووین، کە خەسـرۆ خەیات سـەرپەرشـتی دەکرد، ئەوانیش ژمارەیان زۆر بوو، بە هەر دوو وەجبە ژمارەمان گەیشـــتە زیاتر لە ١٥٠ کەس.

لە ڕاسـتیدا ئەو دوو وەجبەیە تێکەڵی یەکتری نەبوون، سەرەڕای ئەوە لە یەکتریش دەترساین، چونکە ململانێیەکی ناشـــەریفانە لە نێوان ڕێبەری هەردوو گرووپەکە هەبوو، لەبەر ئەوە زۆر لە یەکتری دوور کەوتینەوە، ئێمە چووینە ناو دارستانێکی چڕ و خۆمان حەشاردا، تەنانەت هەر لەوێ خەوتین.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر (سـێی حوزەیران) چووینەوە نزیک جادە، گوایە شاحینە دێت و بەرەو شاری ئەسینامان دەبەن، تا کاتژمێر چواری بەیانی چاوەڕێمان کرد، بەڵام بێ سوود بوو، بە هەناسە ساردی گەڕاینەوە شوێنی خۆمان.

ئێمە نان و خۆراکمان لێ بڕا، برسـییەتی تەنگی پێ هەڵچنی بووین، ئیبۆ میسـری و فریاد و محەممەد سـەبری و محەممەد ڕەزا، بە خەڵکەکەیان ڕاگەیاند، کە پارەمان بۆ شـاحینە لێ بڕاوە، پێویسـتمان بە ٨٠٠ دۆلارە، بە ناچاری ٨٠٠ دۆلارمان کۆکردەوە و بە ڕێبەرەکانماندا.

## شاحینە نەهات؟

ئێوارەی ڕۆژی دواتر (چواری حوزەیران) چووینەوە ڕۆخی جادە و چاوەڕوانی شـاحینە بووین، ئەو ڕۆژەش تا کاتژمێر چواری بەیانی چاوەڕێ بووین، کەچی شـاحینە نەهات! دیسـانەوە بۆ جارێکی دیکە گەڕاینەوە دارسـتانەکە، ئێوارەی ڕۆژی دواتر (پێنجی حوزەیران) هـاتینەوە سـەر جادە، بەڵام ئەو جارە زۆر جیاواز دەرکەوتین، وەک مێگەلە مەڕ بە نـاو گەنم کەوتین، هەموومـان گورە گەنمـان دەخوارد، هەر یەکێکمـان چـەنـدین گورە گـەنمی لـەگـەڵ

خۆیدا هێنا، جارێکی دیکە ئەو شـــەوەشـــمان هەر بە درۆی ڕێبەرەکان بەڕێکرد. ئەو ڕۆژانە بەو شـــێوەیە هەر بەردەوام بـوو، تـــا ڕۆژی نـۆی حـوزەیـران، ئەو خەڵکە چـــاوەڕێـی ڕێبەرەکانیـان دەکرد، لە هەمـان کاتـدا هیچ چـارەیـەکمان نەبوو.

بەیـانییەکەی هەمـان ڕۆژ دوو لە یـاریـدەدەرەکـانی ڕێبەرەکان بە نـاوەکانی (ف و س) خۆیـان دەرباز کرد و ڕۆیشـتن، گوایە دەچن شـاحینەمان بۆ دەهێنن، ئێمەش هەر لە نـاو ئەو دارســــــتـانە مـاینەوە، لە نـاکـاو مـارێکی بۆری ڕەنگاوڕەنگ بەوێدا هات، یەکێک لە ڕێبەرەکان و چەند کەســـێک مارەکەیان کوشـــــت؛ خێرا ئاگرێکیان کردەوە و مارەکەیان لە سەر برژاند و وەک تکە خواردیان! زۆربەمان هەر گوڵە گەنم و گەڵا مێومان دەخوارد، برســــــییەتی زۆر هیلاکی کردبووین، ئێمەش هەر لە چاوەڕوانی شـــــاحینەی ڕێبەرەکاندا بووین.

## لەبری شاحینە، پۆلیس هات!

کـاتژمێرێـک پێش ئـەوەی ڕۆژ ئـاوا بێـت، یەکێـک هاواری کرد و گوتی: کوڕینە ئاگادار بن، جەیش و کۆماندۆ

هاتن، کاتێک سەیرمان کرد هەر چوار دەورمان بە سەرباز و پۆلیس و کۆماندۆ و سەگی پۆلیسی دەورە دراوە، ئیدی بە ناومان کەوتن، بەڵام چ بە ناو کەوتنێک؟ کەس نەبووە برای کەس، هیچمان برسییەتیمان لە بیر نەما، لە ترسان وەک مشک و پشیلەمان لێهات، لە ناو ئەو دارستانە چڕ و گەورەیەدا سەربازەکان بە دوای ئێمە کەوتن، ئێمە هەڵاتین و غارماندا، لە هەمان کاتدا سەرباز و کۆماندۆ و پۆلیسەکان بە دوامان کەوتن، ئەو دیمەنە لە هیچ چیرۆک و فیلم و درامایەکی تەلەڤزیۆنی جیهانی نەبینراوە، بە ڕاستی ناتوانین ئەو دیمەنانە وەسف بکەین.

پاش چەند کاتژمێر لە هاتنی ئەو سوپا و کۆماندۆ زۆرە، لە کۆی ٩٩ کۆچبەر، تەنیا ١٣ کەس ڕزگارمان بوو؛ نەکەوتینە بەردەستی سەرباز و کۆماندۆ، لەو کاتەدا وەک فەرخەیەک خۆمان دەبینی، ئەگەرچی من و ئاسۆ و سەنگەری برازام بە یەکەوە بووین، بەڵام سەنگەر دەستگیر کرا، ئەو ٨٦ کۆچبەرەی دەستگیر کران بەرەو بەندیخانەی شاری ڤێرێ لە وڵاتی یۆنان بران.

## تەنیا و بێکەسین!

ئێمەش (ئەو ١٣ کەسە) بە بێ ڕێبەر و بە نەشارەزایی و بە برسـیـیەتی ماینەوە، هیچ خواردنێکمان پێ نەبوو، تەنیا هەنـدێـک پـارەمـان پێ بوو، ئیـدی خۆمـان کۆکردەوە؛ هەناسـەیەکمان هەڵکێشـا؛ پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، سـێ کەس لەو ١٣ کەسـە چوونە ناو دارسـتانەکە، ئەو شـوێنەی سـەربازەکان بەسـەریان دادابن، هەموو کۆڵەپشـت و جلوبەرگی ئەو ٩٩ کەسـە لەوێ بوو، ئەو سـێ کەسـە جلوبەرگ و پێڵاو و کۆڵەپشـتی ئەو ١٣ کەسـەیان هێنا، کە دەستگیر نەکرابووین.

ئێمە خۆمان ڕێک خسـتەوە و ڕێگایی نادیارمان گرتە بەر، ئەو شـەوە زۆر ڕۆیشـتین؛ زۆریش هیلاک بووین؛ زۆریش برسـی بووین؛ کورد گوتەنی: "برسـییەتی ڕێی لە هاریە." لە برسان هیچ چارەیەکمان نەبوو.

## بە گیسکێک درێژەمان بە ژیاندا

لە ناکاو گەیشـتینە گوندێکی زۆر چۆڵ، کە تەویلەی ئـاژەڵانی لێبوو، دوو لە کوڕەکـان چوونە نـاو تەویلەکە،

گیســـــکێکی نێرییان دیتەوە و هێنایان، هەر لەوێ چەقۆ و خوێشـیان هێنا، یەکســەر ناوی خودایان لێ هێنا و گیسـکە نێرییان سـەربڕی، پێ دەچوو ئەو کوڕە کاری قەسـابی کرد بێت، زۆر زیرەک بوو، هەندەی پێ نەچوو، گۆشــــتی ئامادە کرد، لەوێ کۆلی ئاودانی حەیوانانی لێبوو؛ حەوزێکی جوانی ئاوی لێبوو، لە ناو حەوزەکە بۆڕییە ئاوێک دەهاتە خوارێ، ئاوێکی زۆر شـیرین و سـازگار و بە تام بوو، کانیاوێکی زۆر ناوازە بوو، ئاومان خواردەوە و مەتارەکانمان پڕ لە ئاو کرد، گۆشتمان شووشتەوە، ئینجا گۆشتەکەمان کردە ناو نایلۆن و کردمانە چوار کۆڵەپشــــت و بە نۆبەت هەڵمان دەگرت، دواتر لە گوندەکە دوور کەوتینەوە و چووینە دارستانێک.

گەیشــــتینە ناو دارســــتانێکی چڕ و بەرز؛ دوور لە ئاوەدانی، ئەگەرچی زۆر هیلاک و برسی بووین؛ سەرمامان بوو، بەڵام نەمانوێرا بەو شـەوە ئاگر بکەینەوە، هەموومان تا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ خەوتین، کە هەسـتاین ئاگرمان کردەوە، گۆشــتی گیســکە نێرمان برژاند و کردمانە تکە و خواردمان، هەموومان ڕەنگ و شــــەوق و زەوقمان هاتەوە، پاش چەندین ڕۆژ خواردنی باشــمان خوارد، گۆشــتی ئەو گیسکە هێز و وزەیەکی باشی پێ بەخشین.

## حەوت کەس و چوار شەوی دووررودرێژ

ئێوارەی هەمان ڕۆژ ڕێگای نادیار و دووررودرێژمان گرتەوە بەر، دوای ماندووبوون و هیلاکی زۆر، شەش کەس لە ١٣ کەسەکەی دەستگیر نەکرابووین، گوتیان: ئێمە خۆمان ڕادەستی پۆلیسی یۆنان دەکەین، ئیدی ئەو شەش کەسە لە ئێمە دابڕان و خۆیان ڕادەستی پۆلیس کرد، ئێمە حەوت کەس ماینەوە، لەو کاتەدا زۆر ترسمان لێ نیشت، چونکە پۆلیس و کۆماندۆی یۆنان لە هەموو کەلێن و بستە خاکێکی یۆنان لە دوای کۆچبەری نایاسایی دەگەڕان.

ئەو حەوت کەسە چوار شەوی دیکە ڕێگای دووررودرێژمان بڕی؛ هەر بە پێ دەڕۆیشتین، تا گەیشتینە نێوان شارەکانی سەبزی و کۆمەتین، کە چەندین گوندی لێ بوو، زۆربەی گوندەکان مزگەوتی ئیسلامی لێبوو، تەنانەت هەندێک گوند بە گوندی ئیسلامان ناویان دەرکردبوو.

ئەو حەوت کەسەی خۆیان ڕادەست نەکرد، ئەمانە بوون: هاوڕێ سماقوڵی، ئاسۆ موحسین، کوردەوان مەحموود فەقێ، ئاری ئاژگەیی، ئاسۆ، مامۆستا ڕەبیع و کەسێکی دیکە.

## بانگی مەغریب و دەنگی کۆماندۆ

ئێوارەی ڕۆژی چوارشـــەممەی ڕێککـەوتی ١٤ی حوزەیران، گەیشـــتینە نزیک گوندێکی لای جادە، بانگی مەغریبی دەدا، لەوێ بەنزینخانەیەک و مارکێتێکیشـــی لێ بوو، ئاری ئاژگەیی و کوردەوان مەحموود فەقێ بە مەبەستی شت کڕین چوونە مارکێتەکە، لە هەمان کاتدا دەیانویست پرســـیاری ڕێگا بکەن، ئێمەش خۆمان لە ناو گەنمەکانی ڕۆخ جادە شــــاردبووەوە، دوای چەند خولەکێک ســـێ ئۆتۆمبێلی کۆماندۆی ســـەربازی چوار دەوریان گرتین؛ بە شەوقی لایتە بەهێزەکانیان ئێمەیان لە ناو گەنم دۆزییەوە و هەر حەوتمـان دەســـتگیر کراین؛ ڕێگـای ســـەختی دوورودرێژی چەند ڕۆژەمان بە فیڕۆ چوو، بە ئۆتۆمبێلەکانی سەربازی ئێمەیان گواستەوە بۆ بەندیخانەی شاری سەبزی لە یۆنان، کاتێک گەیشـــتینە ئەو بەندیخانەیە، گرووپەکەی خەسرۆ خەیات و عەدنان چاوشین لەوێ بوون، بەشێکمان یەکتریمان دەناســـی، لەوێ هەر یەکێک ناوێکی لە خۆی نابوو، بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

## له مانگرتنەوە بۆ سنووورداش کردنەوە

نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠ کۆچبەر لە بەندیخانەی سەبزی بەند کرا بوون، خەڵکی وڵاتی جیاوازی تێدا بوو، لەوانە: کۆچبەری هیندی، پاکستانی، ئەفغانی، سووری، فەلەستینی، جۆرجی، یەمەنی و کورد، شەش کەسیش خەڵکی نایجیریا و لیبیریا بوون، ١٨ ژنی جۆرجیش لە بەندیخانەکە بوون. شوێنەکەمان بەراورد بەو ژمارە زۆرەی زیندانییان، زۆر بچووک و تەسک بوو، لە کاتی خەوتن هەموومان سەرمان بە ڕانی یەکتری دەکەوت.

دوای سێ ڕۆژی هەمووان مانمان لە خواردن و خواردنەوە گرت، چوار کەسیش لە ناو بەندیخانە پیل و باسک و سینگی خۆیان بە مووس و کەتەر بریندار کرد؛ خوێن بە جەستەیان دەهاتە خوارێ، لە هەمان کاتدا هاواریان دەکرد، کاتێک پاسەوانەکانی بەندیخانە چاویان بە خوێن و ئەو ڕووداوانە کەوت، بە خێرایی بەڕێوەبەر و دەزگاکانی دیکەیان ئاگادار کردەوە، لیژنەی پزیشکی نەخۆشخانە و ئاگر کوژێنەوە و پۆلیسێکی زۆر هاتنە ناو بەندیخانە.

ئێمە بە قسەی خۆش لە هۆڵەکە نەهاتینە دەرێ، بۆیە بە زەبری هێز ئێمەیـان هێنـایـە دەرێ و لە گۆڕەپـانەکە ڕیزیان کردین، جلوبەرگیان لەبەر هەمووان داکەند؛ بەس دەرپێ کورتیان لەبەر هێشــتینەوە، تا بۆیان دەربکەوێت کە کێ مووس و کەتەری بەکـار هێنــاوە، لــەو نێوەدا چوار کەسیان دەست نیشان کرد، کە مووس و کەتەریان بەکار هێنا بوو، ئەوانیش: ئاسۆ، هێرۆ، عیماد و ویداد بوون، دواتر ئەو چوار کەســەیان جیا کردەوە و زۆریان لێدان، بە لێدان هیلاکیان کردن.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ ٢٤ کەسیان سنووورداشی تورکیا کردەوە، بەڵام ئێمە تا چەند ڕۆژێکی دیکە لە بەندیخانە ماینەوە، ڕۆژی پێنجشـــــەممە، ڕێککەوتی ٢٢ی حوزەیران، ئێمەش بەندیخانەمان بەجێ هێشـت و سـنووورداشـی وڵاتی تورکیـا کراینەوە، واتــە ئەو هیلاکەتی و برســـییەتی و ماندووبوونەی چەند ڕۆژەمان هەمووی بە هەدەر ڕۆیشت.

## گەڕانەوە بۆ گەڕەکی گۆستەپە

تا گەیشـــــتینەوە ئیســـــتەنبوڵ ترس و لەرزێکی زۆر دایگرتین، لەوە دەترســـاین پۆلیســـی تورکیا دەســـتگیرمان

بکات و سنووورداشی کوردستانمان بکاتەوە، بەهەرحاڵ گەیشتینەوە شوقەکەی پێشترمان، لە گەڕەکی گۆستەپە. لەو ڕێگایە جۆرەها ناوی سەیر و سەمەرە دەبیستیت؛ هیچ ڕێبەر، یان قاچاغچییەک وشەی ڕاستی لا نییە، هەڵبەت ناحەقیان نەبوو، ئەوانیش لە دەست خۆیاندا نەبوو، چونکە هەموو قاچاغچییەک حەزی دەکرد وەجبەکانیان بگەنە شوێنی مەبەست، تا هەم کۆچبەرەکان لەو دڵەڕاوکێیە ڕزگاریان بێت، هەمیش قاچاغچییەکان لە داهات و پارە سوودمەند بن.

## لە پلانی ئیتاڵیاوە بۆ کار کردن لە ئیستەنبوڵ

ئەو جارە من و ئاسۆ و کوردەوان مەحموود فەقێ و ڕزگار مەسیفی پەیوەندیمان بە ڕێبەرێکی دیکەوە کرد، کە ناوی شاخەوان مامز بوو، لەگەڵی ڕێککەوتین تا لە ڕێگەی باخیرەوە بچینە ئیتاڵیا، من و ئاسۆ و کوردەوان و ڕزگار لەگەڵ شاخەوان ڕۆیشتینەماڵی ئاوات کۆنترۆڵ، لە گەڕەکی قەرەگومرک لە ئیستەنبوڵ، یەک دوو ڕۆژ لە ماڵی ئاواتماینەوە، لە پڕێکدا پۆلیس بە سەر شوقەکەی دادا و داوای ڕەگەزنامەیان لێکردین، ئێمەش گوتمان هیچمان پێ

نییە، ئەوسا گوتیان: خەڵکی کوێن؟ لە ترسان نەمانوێرا بڵێین کوردستان، نەوەک سنووورداشمان بکەنەوە، بۆیە گوتمان خەڵکی فەلەستینین و لێرە کار دەکەین، دوای ئەوە هیچ پرسیاریان نەکرد، تەنیا گوتیان شوقەکە چۆڵ بکەن و بڕۆن، ئێمەش زۆر مەمنوون بووین؛ یەکسەر و بە بێ دەنگی شوقەکەمان چۆڵ کرد و ڕۆیشتین.

هەر چوارمان چووینەوە گەڕەکی گۆستەپە بۆ لای کەنعان، ئەو کاتە ئاسۆی برازام پارەی بۆ خەوێنرا، کە بچێتە ئیتاڵیا، منیش چوومە گەڕەکی گوین گۆران لە شاری ئیستەنبوڵ بە مەبەستی کار کردن، لە غەسلی ئەحمەد چیمەنتۆ؛ هاوڕێیەکم لەو غەسلە کاری دەکرد، ناوی عوسمان بوو، پێشمەرگەی مام غەفوور بوو، شەو لای ئەوان دەمامەوە، تا ڕۆژی دواتر.

لەو ڕێگایەدا زۆر هیلاک بووم، پارەیەکی زۆرم خەرج کردبوو، لەبەر ئەوە پێویستم بە کار کردن و پشوویەکی باش هەبوو.

ڕۆژی سێشەممە، ڕێککەوتی ٢٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠ یەکەم ڕۆژی کار کردنم بوو لە تورکیا، ئەو ڕۆژە چوومە کارگەیەکی دوورینی جلوبەرگی پیاوان و داوای

کارم کرد، ئەو کارگەیە چەندین مەکینەی بەرگدووری و ئوتوی جلکانی هەبوو، کە تێیدا چەندین کرێکاری تورک، کوردی تورکیا، سـێ کرێکاری ڕۆمانی و دوو کرێکاری ئازەربایجانی لێ بوو، منیش بوومە یەکێک لە کرێکارەکانی ئەو کارگەیە، خاوەنی کارگەکە تورک بوو؛ ناوی تەنەر بوو؛ پێیـان دەگوت تەنەر ئـابێ، خواردن و خەوتن و خۆ شـووشـتنمان هەر لە ناو کارگەکە بوو، پاش هەفتەیەک هەواڵم بۆ هات کە ئاسۆ و گرووپەکەی دیسان سنوورداشی ئیسـتەنبوڵ کراونەتەوە؛ زۆر خەفەتم خوارد، کەچی هیچ دەسـەڵاتیشـم نەبوو، سـەنگەریش بۆ چەند ڕۆژێک لە من دابڕا، بە هۆی سـەفەرمان بۆ یۆنان و دەسـتگیر کردن و سنوورداش کردنەوەمان بۆ ئیستەنبوڵ.

سـەنگەری برازام و کوردەوان مـەحموود فەقێ بە یەکەوە هـاتنە لام بۆ کـارگەکە و نـانیـان لای من خوارد، هەردووکیان بێکار بوون، دواتر سـەنگەر و کوردەوان لە هەمان گەڕەک و هەمان کۆڵان، کە تەنیا ٢٠٠ مەتر لە یـەکتری دوور بووین، کـاریـان دۆزییەوە لە کـارگەی جلوبەرگ ئوتو کردن دامەزران، کە خاوەنەکەی ناوی قادر ئابێ بوو.

ئێمە لە گەڕەکی گوین گۆرانی شـــاری ئیســـتەنبوڵ بووین، تــا ئەنــدازەیەک پــارێزراو بووین، پۆلیس زۆر نەدەهاتنە ئەو ناوچەیە، هەرچەندە لەگەڵ ســەنگەر خۆمان بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کردبوو. من و ســـەنگەر ناوی خۆمان گۆڕی و خۆمان کردە خەڵکی فەلەستین؛ فەلەستین بووە ناسنامەمان، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی یاسر عەرەفاتی سەرۆکی ئەو کاتی فەلەستین؛ حوسنی موبارەک سەرۆکی ئەو کاتـەی وڵاتی میســـری عەرەبی؛ مـادلین ئۆلبرایـت وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ بنیامین ناتانیاهۆ سـەرۆک وەزیرانی ئیسـرائیلمان لابوو، هەروەها بە مقەســـت وێنەکەم بە جوانی بڕی و لە چاپخانە بۆیان کەپس کردم و وەکوو ناسنامە لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرت.

دوو جار تووشی پۆلیس بووم و داوای ناسـنامەیان لێ کردم، لە وەڵامدا دەمگوت: هیچ ناســـنامەیەکم پێ نییە، تەنیا وێنەی ســەرۆکی وڵات یاســر عەرەفاتم پێیە، یەکێک لە پۆلیســەکان چەند وشــەیەکی عەرەبی دەزانی گوتی: تۆ خەڵکی فەلەستینی؟ عەرەبییەکەی من زۆر لە کاکی پۆلیس باشــتر بوو، گوتم: بەڵێ، خەڵکی فەلەســتینم، پۆلیس گوتی: دەتوانی ناسـنامەمان پێ بدەیت؟ یەکسـەر وێنەی ئەو چوار

کەسایەتییەم دەرهێنا و گوتم: تەنیا وێنەی سەرۆکم پێیە، خۆشبەختانە وێنەی سەرۆک بە کەڵکم هات، بەو وێنەیە لە پۆلیس ڕزگارم بوو.

## لە ئەزمیرەوە دەچینە ئەسینا

لە کار کردن بەردەوام بووم، هەر لە کارگەی جلوبەرگ دوورینی پیاوان درێژەم پێدا، ڕۆژێک کەنعان و سەنگەر و کوردەوان هاتن، کەنعان گوتی: ئەو جارە باخیرە بۆ ئەسینای یۆنان دەڕوات، باخیرەی پشتیوان چاوشینە، گرێنتی و سەد لە سەدە، چونکە باخیرەی ئەو جارە بە خەتی ئەزمیردا دەڕوات، ئێمە ڕازی بووین و خۆمان ئامادە کرد، لەگەڵ کەنعان و چەند کەسێکی دیکە بە نیو پاسێک ڕێگای ئەزمیرمان گرتە بەر، کە گەیشتینە شاری ئەزمیر، ڕاستەوخۆ چووینە گازینۆیەکی سەر دەریا، کە جمەی دەهات، پڕی کۆچبەر بوو، ژمارەمان ١٠٨ کەس بوو، ئەو کۆچبەرانە خەڵکی پاکستان، هیندستان، سووریا، ئێران، فەلەستین و کوردستان بوون، چوار شەو لەو گازینۆیە ماینەوە، پاشان ئێمەیان گواستەوە بۆ باخێکی نزیک لە گوندێک، ئەو باخە پڕی دار پرتەقاڵ و سێو و جۆرەها

داری بەری تێدا بوو، شـــەش ڕۆژ لە ناو ئەو باخە ماینەوە، خۆراکی ســـەرەکی ئەو خەڵکە ســـێو و کارکە پرتەقاڵ بوو، ئەو چەنـد ڕۆژە ئێمەیـان بە درۆ ڕاگرت، کۆی گشــــتی ڕۆژەکـانمـان لە چـاوەڕوانی بـاخیرە گەیشــــتە دە ڕۆژ لە ناوچەی ئەزمیر، پاش ئەو دە ڕۆژە هیچ جۆرە باخیرەیەک نەهات، دیسـان بە هەناسـە سـاردی ڕێگای ئیسـتەنبوڵمان گرتەوە بەر.

## گەڕاینەوە ئیستەنبوڵ

ئێمە گەیشــــتینەوە ئیســــتەنبوڵ، بەڵام لە ڕۆیشــــتن کۆڵمان نەدا، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرە کوردەکانمان تاقی کردەوە، تا بەرەو یۆنان لەگەڵیان بڕۆین، دیارە ئیســــتەنبوڵ شــــارێکی گەورەیە و لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشــــێکی کەوتووەتە کیشوەری ئاسیا و بەشەکەی دیکەی کەوتووەتە کیشوەری ئەورووپا.

جارێکی دیکە لە ڕێگەی برای بەڕێز کاکە محەممەد سـەبری چووینەوە شـوقەکەی خەسـرۆ خەیات، لە گەڕەکی تورابیی ئیســــتەنبوڵی بەشــــی ئاســــیا، نزیکەی ٢٠ ڕۆژ لە شــــوقەی کاکە خەســــرۆ ماینەوە، چاوەڕێی دەرفەتێکمان

دەکرد تا بچینە یۆنان، سـەنگەر لەگەڵ خەسـرۆ و ئەوانی دیکە ڕێککەوت کە بە باخیرە، یان بە شـاحینە بڕوات، بەڵکوو ئەم جارە ڕزگاری بێت.

ڕۆژی دووشـەممە، ڕێککەوتی ١٨ی ئەیلوولی سـاڵی ٢٠٠٠ ڕێگـای گەڕەکی گوین گۆرانم گرتەوە بەر، کـە دەکەوتە ئیسـتەنبوڵی بەشـی ئەورووپا، چوومەوە گەڕەکی گوین گۆران بە مەبەستی کار کردن، لەو کاتەدا هاوڕێیەکم تەلەفۆنی بۆ کردم و ناونیشـانی غەسـلی فەرارەی دامێ، منیش چوومە غەسـلی فەرارە لە هەمان گەڕەک، ئەوان داوای کرێکاریان کردبوو، خاوەنی غەسـلەکە تەلەفۆنی بۆ غەسلی بەلەدیە کرد و گوتی: کرێکارێک لای منە و داوای کار دەکات، پاش چەند خولەکێک خاوەنی غەسلی بەلەدیە هاتە دوام، دوای چاک و چۆنی خۆی پێ ناساندم، کە ناوی تورگۆ بوو، من و تورگۆ ڕێکەوتین کە مانگی بە ٩٠ ملیۆن لیرەی تورکی کار بکەم، شـوێنی خەو و خۆ شـووشـتنیشـم هەر لە غەسـلەکە بێت، ئەو کات ٥٨ ملیۆن لیرە سـەد دۆلاری ئەمریکی بوو، مانگێک و سێ ڕۆژ لەو غەسلە کارم کرد.

## له بولگاریاوه بەرەو یۆنان

له ناکاو کوڕێکی ڕۆح سـووک، که ناوی سـەلاح بوو، خەڵکی شـاری سـلێمانی بوو، یەکێک بوو له ڕێبەرەکانی نێوان تورکیا و یۆنان، هاته لام و گوتی: خۆت حازر بکه دەچینەوە ڕێگای یۆنان، لەو کاتەدا سەنگەریش هاتەوه لام، من، سەنگەر، ئەنوەر و ئەمیر خۆمان ئاماده کرد، کۆڵەپشت و کیسـەی خەو و پێڵاو و خواردن و کەلوپەلی ڕێگامان ئاماده کرد.

ڕۆژ دووشـەممه ڕێککەوتی ٢٣ی تشـرینی یەکەم، چووینه ناو نیو پاسـێک، ژمارەمان گەیشـته ١٣ کەس، هەمووان خەڵکی باشـووری کوردسـتان بووین، ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەرەو ناوچەی باڵەبانچیی سنوور و سێگۆشـەی نێوان تورکیا و یۆنان و بولگاریا بەڕێکەوتین، له ناوچەی باڵەبانچییەوه چووینه ناو خاکی بولگاریا، ماوەیەکی زۆر بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتین.

له ڕێگادا نم نم باران دەباری؛ کەش و هەوا تەمتومان بوو؛ ڕێگاکه خۆڵ بوو؛ ڕێگامان لێ ون بوو؛ لەو ڕێگایەدا نەشارەزا بووین، ڕێگایەکی دوورودرێژمان بڕی، ئەو ڕێگایه دارسـتانێکی چڕ و چۆڵ بوو، تا گەیشـتینه سـەر سـنووری

نێوان بولگاریا و یۆنان، پاشـــان ڕێگای دارســـتان و چۆڵەوانیمان بڕی، نزیکەی دە کیلۆمەتر بە ناو خاکی وڵاتی بولگاریادا ڕۆیشتین، پاشان چووینە ناو خاکی یۆنان.

ڕێگایەکی دوورمان لە پێش بوو، هەشـــت کاتژمێر بە پێیان ڕۆیشـتین، ڕۆیشـتنی ئەو هەموو ڕۆژە بە پێیان ئاسـان نەبوو، لە هەمـان کـات نەمـانـدەزانی کەوتووینەتە چ ناوچەیەک، چ شـــارێک، یـان لـە کوێ نزیکین، چونکە هیچمان لەو ڕێگایە شـارەزا نەبووین، تەنیا یەک نەخشـەی ئەورووپامان پێ بوو، هەر ئەو نەخشەیە ڕێنیشاندەرمان بوو، بهێنە بەرچاوت بە تەنیا نەخشەیەک ڕێ بکەیت!

لەو ڕێگایە کەســـێکمان بە ناوی عەدنان لەگەڵ بوو، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ٢٩ی تشرینی یەکەم، عەدنان لە ڕێگادا زۆر هیلاک بوو، لەبەر ئەوە تووشـــی لەرز و تا بوو، لە هەمان کاتدا زۆر بە خراپی ڕشایەوە.

ڕۆژی سـێشــەممە، ڕێککەوتی ٣١ی تشــرینی یەکەم، عـەدنـان لـە ڕێگـادا پـەکی کـەوت، لێی بێ ئومێـد بووین، چونکە هیچ شـوێنێکی پزیشـکی لێنەبوو، تاکوو بە مەبەسـتی چارەسەر کردن بیبەین، ئێوارەکەی لە سەر چیایەکی چۆڵ، لای ڕێگـایـەکی خۆڵ ئـاگرمـان کردەوە، کـاکە عـەدنـانمـان

خستە ناو کیسە خەو، تا برێک وزەی بێتەوە و گەرم بێتەوە، ئێمەش بە هۆی هیلاکەی و ماندوویەتی لە دەوری ئاگرەکە خەومان لێکەوت.

هێندەمان زانی سەرباز و کۆماندۆ چواردەوریان گرتین، دروست کاتژمێر سێی بەرەبەیان بوو، کە بە ئاگایان هێناین، دیارە ئێمە هەڵەیەکی گەورەمان کردبوو، چونکە لە ئێوارە ئاگرمان کردبووەوە، ئاگریش بە شەوان شەوق دەداتەوە، دیارە ناچار بووین ئاگر بکەینەوە، تا عەدنانی نەخۆش خۆی گەرم بکاتەوە.

## دەستگیر کراینەوە

پاش دەستگیر کردنمان، هەموو کۆڵەپشت و جلوبەرگ و خۆراکی ئێمەیان بە ئاگرەکەی خۆمان سووتاند، دوو دوو کەلەپچەیان لە دەست کردین، بە پێیان دوو کاتژمێر ئێمەیان لەگەڵ خۆیان برد، تا گەیشتینە لای ئۆتۆمبێلی کۆماندۆ، کە پێنج ئۆتۆمبێل بوو، ئێمەش ١٣ کەس بووین، هەموومان سواری ئۆتۆمبێلەکان بووین، ئینجا ئێمەیان بردە بەندیخانەیەک، کە پێیان دەگوت: بەندیخانەی محەتە، لە نزیک شاری ڤێرێ بوو.

دەوروبەری ٢٣٠ کەس لەو بەندیخانەیە بوو، کۆچبەری جیاوازی تێدا بوو، لەوانە: عەرەب، ئێرانی، هیندی، پاکستانی، بەنگلادیشی و کورد، چوار کەسیش خەڵکی نایجیریا بوون، لە کیشوەری ئەفریقا. بە دڵێکی غەمبارەوە گوتمان: ئەو جارەش بووینەوە خۆراکی سەرباز و کۆماندۆی یۆنان، ماندووبوون هیلاکی چەند ڕۆژەی ڕێگامان هەمووی بە هەدەر ڕۆیشت. ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککەوتی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە کەوتینە ئەو بەندیخانەیە، چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە. دواتر سنوورداش کراینەوە.

## سنوورداشی تورکیا کراینەوە

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی پێنجی تشرینی دووەم، بە کۆمەڵ ئێمەیان سنوورداشی تورکیا کردەوە. وەک پێشتر من و سەنگەری برازام و برادەرێکمان بە ناوی ئەمیر، بە یەکەوە لە سەر سنووری یۆنان بە تاکسییەک چووینەوە شاری کیشان.

لە کیشان تیکتی ئۆتۆبۆسمان کڕی و چووینەوە ئیستەنبوڵ، وەک خەڵکی ناوچەکە شارەزای ڕێگا بووبووین،

له وێستگەی ئیستەنبوڵ من و سەنگەر و ئەمیر بە تاکسی ڕۆیشتین، سەنگەر لە گەڕەکی مەرتەل هاتە خوارێ و چووە لای موراد، من و ئەمیر چووینەوە گەڕەکی گوین گۆران بۆ غەسلی بەلەدیە، چەند هاوڕێیەکمان لەو غەسلە بوو، دوو شەو لایان ماینەوە، پاش دوو ڕۆژ من و ئەمیر چووینە نانەواخانەی سەموون، بە ئاگری دار.

## کار کردن لە نانەواخانەی ئابێ و ئەبڵە

ئەو نانەواخانەیە لە گەڕەکی گوین گۆران بوو، ژن و پیاوێک خاوەنی بوون، ناویان جەنگیز ئابێ و سوندووس ئەبڵە بوو، من لەو نانەواخانەیە دەستم بە کار کردن کرد.

سوندووس ئەبڵە و جەنگیز ئابێ زۆر بەڕێز بوون، ڕێزێکی زۆریان گرتم، بە ڕاستی دەتوانم بڵێم لە لای ئەو ژن و پیاوە فێری کار کردن بووم، هەروەها زمانی تورکیشم زۆر باش بوو، ئەو ژن و پیاوە متمانەی زۆریان بە من هەبوو، دیارە منیش بە باشی لەگەڵ ئەوان کارم دەکرد و گونجا بووم.

ئەگەرچی ئەو خانەوادەیە جێگایی باوەڕ بوون، بەڵام لە سەرەتادا وەک فەلەستینی لەو نانەواخانەیە کارم کرد،

ئەمەش لە ترسـی پۆلیسـی تورکیا بوو، لە ڕاسـتیدا پێم ناخۆش بوو، کە ناو و ڕەگەزنامەی خۆم گۆڕی، بەڵام ناچار بووم بەو شێوەیە بەردەوام بم.

پاش ئەو متمانە و باوەڕەی جەنگیز و سـوندووس بە منیان هەبوو، منیان خستە سـەر قاسـە، شـەوان هەر لە نانەواخانەکە دەخەوتم؛ نان خواردن و خۆ شـووشـتن و جلشـۆرینم هەر لە نانەواخانەکە بوو، سـەرەڕای ئەوەش تورکییەکی باش قسەم دەکرد.

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان هات، منیش لەو نانەواخانەیە زۆر ماندوو بووم، دیارە کارەکەیان زۆر جوان بوو، ڕۆژانە ١٧ کیسـە ئاردی ٨٠ کیلۆیمان دەکردە سـەموونی جۆراوجۆر، بە هۆی ڕەمەزانەوە سـەموونی بە کونجی و بە هێلکە دروست دەکرا و سەموونێکی زۆر دەفرۆشرا.

منیش لە لای سـوندووس گوتم: خەڵکی فەلەستینم؛ ژنم نییە، بەس دوو منداڵم هەیە، خۆم زۆر غەریب کرد، ئابێ و ئەبلە سێ کچی بچووکیان هەبوو.

## گۆنا چاوشینی جوان بخوازە

ڕۆژێک کچێکی جوانی چاوشـــین؛ نازدار و عاقڵ، بە ناوی گۆنا لەگەڵ سـوندووس خان هاتنە نانەواخانەکە، گۆنا کچی خوشکی ئەبڵە بوو، سوندووس مەبەستی ئەوە بوو کە کچەکە من ببینێت، منیش ئاگام لە هیچ نەبوو، ئەو کاتە تەمەنم ٢٩ ســاڵ بوو، ســوندووس گوتی: من و جەنگیز تۆمان کەوتووەتە بەر دڵان، پێمان خۆشـــە لەگەڵ گۆنا هاوســەرگیری بکەن، ئەگەر دەتەوێت وەرە با گۆنات بدەینێ، هەروەها دەتوانیت ئیقامەی تورکیاش وەربگریت، لەگەڵ ئێمەش درێژە بە کار کردن بدە، بەڵام من بە نیازی ڕۆیشتن بۆ سوید بووم، نەدەگونجا ئەو بڕیارە قورسە بدەم.

## دیدارێکی خۆش لە غوربەت

نۆ مانگ و ١٧ حەڤدە ڕۆژ ژیانی ئاوارەییم لە تورکیا بەڕێکرد، پاش ئەو ماوەیە ئینجا گەیشتمە شاری ئەسینا لە وڵاتی یۆنان.

کاک ئارام و خوناو خانی برازام تازە هاوســەرگیرییان لە هەولێر کردبوو، بڕیاریاندا بوو بێنە وڵاتی تورکیا، ڕۆژی

١٣ی ڕەمەزانی پیرۆز، لە ناکاو هاتنە لای من، دەرگایان کردەوە و هاتنە ژووریٚ، ئەو کاتە دڵم پڕ بوو، لە خۆشـــیان زۆر خۆشـــحاڵ بووم بەوەی خۆشـــەویســـتەکانم لە وڵاتی غەریبی ســـەردانیان کردووم، بە هاتنیان زۆر شـــادمان و دڵشاد بووم.

ئێوارەکەی بە یەکەوە لە نانەواخانەکە نانمان خوارد، ئەوانیش دەیانویست بچنەوە ئەڵمانیا، چونکە کاکە ئارام لە ئەڵمانیا گەڕابووەوە کوردســـتان، جا لە ڕێگەی تورکیا دەگەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا.

کاک ئارام و خوناو خان لەگەڵ دوو خانەوادەی دیکە شـــوقەیەکیان بە کریٚ گرتبوو، خوناو خان و دوو ژنەکەی دیکە بە شـــێوەیەکی فەرمی هاتبوونە تورکیا، دەبووایە لە تورکیاوە وەک ئێمە بڕۆنە یۆنان، گوتیان: لەگەڵ ئێمە وەرە، بە تەمای خودا بە شـاحینە دەچینە یۆنان، وەرە شـوقەکەی ئێمە و هەمووومان بە یەکەوە دەڕۆین.

ئیدی قســەم لەگەڵ جەنگیز ئابیٚ و سـوندووس ئەبڵە کرد، گوتم: دەڕۆم و دەچمە ســـوید، ئەوان زۆریـان پیٚ نـاخۆش بوو، بەڵام هەر دەبووایـە بڕۆم بۆ ئـەوەی بگـەمـە شـــوێنی مەبەســـت. خۆم کۆکردەوە و پارەی ئەو ماوەیەم

وەرگرت کە کارم کردووە، خودا حافیزیم کرد، بۆ چەند ڕۆژێک چوومە لای کاک ئارام و خوناو خان، کە چووینە شوقەکە کاک جووتیاریش لە شوقەکە بوو، جووتیار و قادر و ئارام لە ئەڵمانیا هاوڕێی یەکتری بوون، بەڵام خێزانی قادر و خوناو و خێزانی جووتیار بەیەکەوە هاتبوونە تورکیا.

من و کاک ئارام و خوناو و ئاسۆ و سەنگەر لە شوقە پێکەوە بووین، هەروەها خێزانی قادر ناوی نیهایەت خان بوو، برای قادر ناوی سۆران بوو، خێزانی کاک جووتیار ناوی شەهلە خان بوو، کاکە ئاسۆ کوڕی کاک جووتیار و کاکە ڕێبوار برای کاکە جووتیار بوو، کاکە میران و کاکە فکری لەوێ بوون، چەند ڕۆژێک بەیەکەوە بووین، ڕۆژێک پۆلیس هاتە سەرمان، بەڵام باش بوو هیچ ڕووی نەدا.

دواتر بە دوو قۆناغی جیاواز کەوتینە ڕێگا، من لە ڕێگای شێخ ئیسماعیل و لەگەڵ کاک سەعید هەرکی بەڕێکەوتین.

## گەیشتینە سۆفیای بووکی بولگاریا

ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ٢٣ی کانوونی یەکەم سەعید هەرکی نیو پاسێکی هێنا، من و سۆران و فکری و

٢٢ کەسی دیکە سواری ئەو نیو پاسە بووین، لە ئیستەنبوڵ تا نزیک شاری کیشان ڕۆیشتین، لەو شارە شاحینەیەک هات، کە پڕی بوو لە دابی منداڵان، ئێمە ٢٥ کورد بووین، ٢٥ کەسی دیکەش هاتن، کە خەڵکی پاکستان و هیندستان بوون، تێکڕا ژمارەمان بووە ٥٠ کەس.

هەموومان لە ناو ئەو شاحینەیە سوار بووین، کە بە شێوەیەکی فەرمی لە بازگەی نێوان خاکی تورکیا و بولگاریا تێدەپەڕی، کاتێک شاحینەکە چووە ناو خاکی بولگاریا، نزیکەی دە کیلۆمەتر ڕۆیشت، تا گەیشتە چۆڵەوانییەک.

لەو چۆڵەوانییەی ناو خاکی بولگاریا، دوو کچی زۆر زیرەک و بە توانا، شاحینەکەی ئێمەیان ڕاگرت، لە ماوەی چەند خولەکێکدا شەش ئۆتۆمبێلی جۆری تاکسی هاتن، تاکسییەکی حەوت کەسی و پێنج تاکسی پێنج کەسی، زۆر بە خێرایی ٢٥ کوردەکە بە یەکەوە، هەر چوار کەس سواری تاکسییەک بووین، تاکسی کۆتایی پێنج کەس سوار بوون، ئێمەیان گواستەوە بۆ هۆتێلێک لە سۆفیای پایتەختی وڵاتی بولگاریا، ئەو شەوە لەو هۆتێلە ماینەوە، نانمان خوارد و خۆمان شووشت و پشوویەکی باشمان وەرگرت.

ئێوارەی ڕۆژی دووشـــەممە، ڕێککەوتی ٢٥ی کانوونی یەکەم، هەر شـەش تاکسـییەکە هاتنەوە بەردەم هۆتێلەکە، ئێمە هەر ٢٥ کوردەکە سـواری تاکسـییەکان بووینەوە، ئەو جارە ئێمەیان بردە گەراجی هۆتێلێکی گەشتیاری.

## بەرەو یۆنان

لە ناو گەراجەکە یەکسـەر سواری نیو پاسـێک بووین، هەر لەوێدا ٢٥ کۆچبەرەکەی دیکەمان دیتەوە و یەکمان گرتەوە، نزیکەی یەک کاتژمێر بە نیو پاســەکە ڕۆیشــتین، گەیشتینە سەر سنووری نێوان بولگاریا و یۆنان، ئەو ڕێگایە لە سنووری نێوان تورکیا و یۆنان سەلامەتتر بوو.

لە ســــنوور هاتینە خوارێ و ڕێگای پیادەمان گرتەوە بەر، دوو ڕێبەری بولگـاریمـان لەگەڵ بوون، کەوتینە دۆڵاییەک و جـەنگـەڵێکی زۆر چڕی بێ ئـاوەدانی، نزیکەی دە کاتژمێر ڕێگای پێیانمان بڕی، کاتژمێر پێنجی بەیانی تا ئێوارە لە ناو دۆڵاییەک و دارســـتانێکی چڕ ماینەوە، ئەو ڕۆژەمـان لەو دۆڵاییە پڕ لە دار و دەوەنە بـە نـاخۆشــــی بەسەربرد.

ئێوارەکەی دوو ڕێبەری یۆنـانی هـاتن و دوو ڕێبەرە بولگارییەکە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان، ئەمجارە لەگەڵ ڕێبەر یۆنانییەکان دوو کاتژمێری دیکە ئەو ڕێگایەمان بە پێیان گرتەوە بەر، ڕێبەرەکـان ئێمەیـان کردە دوو وەجبە، هەر وەجبەی ٢٥ کەس بووین و ڕێبەرێکمان لەگەڵ بوو، من و سۆران و فکری و براژنی سۆران کەوتینە وەجبە پاکستانی و هیندییەکان. ئەو وەجبەی کە من تێیدا بووم، لە کاتژمێر ٤:٣٠ خولەکی بەیانی گەیشـتە هۆتێلێکی خاوێن و جوان لە شــارە جوانەکەی ســالۆنیک لە یۆنان، خواردنمان خوارد و خۆمان شووشت و جلی تازە و خاوێنمان لەبەر کرد.

حەمە شــوان ناوێک ڕۆیشــت و تیکتی ئۆتۆبۆســی بۆ کڕین، من و سـۆران و فکری و براژنی سـۆران، لە کاتژمێر شەشی بەیانی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککەوتی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، ناوی خودامان هێنا و ســــواری ئۆتۆبۆس بووین و ڕۆیشــتین بۆ شــارە جوان و پڕ لە حەســرەت و ئەوینەکەی ئەسینا، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ گەیشتینە ئەسینا، کـە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بوو، دیـارە تـا گـەیشــتینـە ئـەســینا زۆر مـاندوو و هیلاک بووبووین، دەردەسەری و چەرمەسەری زۆرمان لە پێناو ئەسینا بینی.

## ئەسینا: پایتەختی یۆنان

جەژنی ڕەمەزان بۆ من و کەسـوکارم بووە دوو جەژن و خۆشـــی، ئەویش بە دوو هۆکار، یەکەمیان: جەژنی ڕەمەزان، وەک نەریتێکی ئـاینی پیرۆزی ئیسـلام، بە ڕۆژێکی گرنگ دەژمێردرێت. دووەمیان: جەژن ڕۆژێکی خۆش بوو، بە تایبەتی بۆ من، کە گەیشتمە ئەسینا، ئەوەش لـە دوای هیلاکی و زەحمـەتی مـانـدووبوونێکی زۆر؛ نووسینەکانی پێشتر گەواهیدەری ئەوەیە.

یەکەم ڕۆژی جەژن لە ئەسینا چوومە لای کاک هیوا و کاک فاتیح، کە خەڵکی شـاری سـلێمانی بوون. دوو ڕۆژ لای ئەو هاوڕێیانە مامەوە، پاشـان لە بۆ ناو شـاری ئەسـینا ئازاد بووم. هەروەها لە یەکەم ڕۆژی جەژندا مامۆستا هێمن کوڕی کاک تەحسینی برام، لە کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ تەلەفۆنی بۆ کردم، هەواڵی گەیشـتنی منیان بۆ ئەسـینا لە شێخ ئیسماعیل بیستبوو.

ڕۆژی دووشـــەممە، ڕێککەوتی یەکی کانوونی دووەم سـاڵی ٢٠٠١ سـەنگەری کاک ئیحسـانی برام گەیشـتە ئەسـینای پایتەختی یۆنان. لە ڕێککەوتی چواری کانوونی دووەم من و سـەنگەر لە پارکی ئامۆنیا، لە شـاری ئەسـینا

یەکترمان گرتەوە و بە دیدەنی یەکتری شـــاد بووینەوە، چەند ڕۆژێک بوو من و ســـەنگەر لە یەکتری دابڕا بووین، خۆشـبەختانە یەکترمان دیتەوە، دڵمان پڕ بوو لە خۆشـی و خۆشـبەختی، من و سـەنگەر چووینە هۆتێلی ئەفەندی کۆ، لای کاک فوئاد و کاک هۆشـیار، شـەو لای ئەو بەڕێزانە ماینەوە.

دیارە لەو ڕێگایە ناخۆشـــی و نەهامەتی زۆر دەبینیت، تەنانەت جاری وا هەیە، تا دەگەیتە شـــوێنی مەبەســـت، ڕووبەڕووی ڕووداوی نەخوازراو و ناخهەژێن دەبیتەوە، من و برازاکانم وەک سەرجەم کۆچبەران، بێ ئەندازە ماندوو و هیلاک بووین، ئەو ڕێگایە خۆشـــەویســـترین کەسـت لێ دوور دەخاتەوە، سەرنج بدەن ئاسۆ و سەنگەر هەردووکیان برازای منن؛ کوڕی برامن، ئەگەرچی لە کاروانی ڕێگا بە یەکەوە بووین، بەڵام نەمانتوانی بە یەکەوە بگەینە شـــوێنی مەبەست، بەڵام خۆشبەختانە بە ئامانجی خۆمان گەیشتین، کە ئەورووپا بوو.

## کار کردن لە جەزیرەی ئەرگۆس

ڕۆژی پێنجشـەممە، ڕێککەوتی چواری کانوونی دووەم، من و سـەنگەر لە پارکی ئامۆنیا، لە شـاری ئەسـینا، تووشـی کـاک فـەرهـاد حـەلاق بووین، گوتی: ئێوە کـار دەکـەن؟ منیش گوتم: بەڵێ دێین، بـەڵام کـارەکـە چییـە؟ کـاک فەرهاد گوتی: ڕنینی باخی پرتەقاڵە، لە شوێنێکی خۆش، کە ناوی جەزیرەی ئەرگۆسـە، ئێمە ئەو حەوت کەسـە بووین: هاوڕێ سـماقوڵی، سـەنگەر ئیحسـان سـماقوڵی، جەبار سەکرانی، هیوا خەیات، ڕزگار چیوەیی، ڕەزا بارزانی، شەماڵ باڵەکایەتی.

تیکتی شەمەندەفەرمان کڕی، کاتژمێر ١١ی شەو هەر حەوتمان سواری شەمەندەفەر بووین و کاتژمێر دووی نیوە شەو گەیشتینە شاری ئەرگۆس، ئەو ناوچەیە جەزیرەیەکی سـەربەخۆ بوو. هەمووومان لای ژنێک کارمان دەکرد، بە ناوی یانولە، حەوت ڕۆژ لای یانولە ماینەوە، کارەکەمان لە لای ئەو ژنە زۆر بە دڵ نەبوو.

ئەو حەوت کەسە بووینە گرووپێکی باشی کار کردن، ئەو نـاوچەیەش بـاخ و پرتەقـاڵێکی زۆری لێبوو، لـەوێ شـوێنێکی باشـترمان دۆزییەوە، خاوەن باخەکان پێویسـتییان

به کرێکار هەبوو، ئێمە چووینە لای ژنێک بە ناوی کیکی و دوو پیاو بە ناوەکانی: کۆسە و خریستۆ بوو، ئەو کارانە بە قۆنتەرات گیرا بوون، باخەکان چەندین جۆری پرتەقاڵ و لیمۆی تێدا بوو، ڕۆژانە چەندین بارهەڵگری گەورە لیمۆ و پرتەقاڵی دەگواستەوە وڵاتانی ئەورووپا.

ئەرگۆس زۆر گەورە و پان و فراوان بوو، خەڵکی ئەو ناوچانە باخێکی یەکجار زۆری پرتەقاڵیان هەبوو، ئەو باخانە ئەوەندە زۆر بوون، نە سەریان دیار بوو، نە بن، هەتا چاو دەیبینی هەر هەمووی پرتەقاڵ بوو، زەوییەکان هەمووی تەخت بوون، ئەو باخ و پرتەقاڵانە دیمەن و سروشتێکی جوانییان بە ناوچەکە بەخشی بوو.

ڕۆژانە بە دەیان گرووپ لە ناو ئەو باخانە کاریان دەکرد؛ ڕۆژانە چەندین ترێڵەی بارهەڵگر پرتەقاڵیان دەگواستەوە، بەڵام فریا نەدەکەوتن، چونکە هەموو پرتەقاڵەکان لە یەک کاتدا پێدەگەیشتن، بۆیە ڕۆژانە کرێکاری زیاتری پێویست بوو، تا لەو ناوچەیە کار بکەن.

## مام و سێ برازا لە ئەسینا

چەند کوردێکی دیکەی باشــووری کوردســتان هاتنە لای ئێمە، بە مەبەستی کار کردن، ئێمە لە شاری ئەرگۆس لە ســـەر کار بووین، هەواڵی ئەوەمان بۆ هات، کە خوناو و ئاســۆ کە هەردووکیان کچ و کوڕی کاک موحســـینی برام بوون، گەیشتوونەتە شاری ئەسینا، بەو هەواڵە دڵمان خۆش بوو، ئەو کاتە لە ڕووی داراییەوە بۆ ئێمە زۆر ســەخت بوو، چونکە لە یەک کاتدا ڕێگەی هەندەرانمان گرتبووە بەر، من و کاکە ئاســۆ و کاکە ســەنگەر و خوناو خان. نزیکەی ســـێ مانگ لە وڵاتی یۆنان ماینەوە، زۆربەی کات من و سەنگەر بە یەکەوە بووین، تەنانەت کارکردنیشمان هەر بە یەکەوە بوو، لـەو ڕێگـایـە زۆر بـە دەگمـەن لـە یـەکـدی دادەبڕاین.

کاکە ئاســـۆ، خوناو خانی خوشـــکی لەگەڵ بوو، لەبەر ئــەوە نەیــدەتوانی بە تەنیــا بەجێی بهێڵێــت، ئێمەش نەماندەتوانی هەر لەگەڵ ئەوان بین، چونکە دەبووایە ئێمە بە مەبەستی پەیدا کردنی پارە کار بکەین.

## له پاترا‌وه ده‌ڕۆین

ئێمه هه‌ندێكمان پاره كۆكرده‌وه، من به سه‌نگه‌رم گوت: ده‌چمه پاترا بزانم له‌وێ چ ده‌گوزه‌رێت، ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌ت هه‌بوو و ده‌رچووم ئه‌وه ده‌ڕۆم، ئه‌گه‌ر ده‌رنه‌چووم ده‌گه‌ڕێمه‌وه لای تۆ، پاترا شوێنێكی تایبه‌ت بوو، هه‌رچی باخیره‌ی گه‌وره هه‌بوو، له‌و شوێنه له ڕۆخ ده‌ریا ده‌وه‌ستان، بارهه‌ڵگره‌كانیش ده‌چوونه ناو باخیره و ڕووه‌و ئیتاڵیا و وڵاتانی دیكه‌ی ئه‌ورووپا ده‌ڕۆیشتن.

من و هیوا خه‌یات ڕێككه‌وتین كه ڕۆژێك بچینه ڕۆخ ده‌ریا له پاترا، له‌وێ شاحینه بارهه‌ڵگره‌كان ببینین، تا بزانین خه‌ڵك چۆن ده‌چێته ئیتاڵیا، به یه‌كه‌وه تیكتی شه‌مه‌نده‌فه‌رمان كڕی و بۆ پاترا حه‌یاته‌كه ڕۆیشتین، پاترا پڕی بوو له خه‌ڵكی جیاواز، وه‌ك گوتم دیاره پاترا شارێكی بچووكی سه‌ر ده‌ریا بوو، شوێنی گواستنه‌وه‌ی بارهه‌ڵگری گه‌وره بوو به باخیره له ڕێگای ده‌ریاوه، چه‌ندین شوێنی وه‌ستانی باخیره‌ی لێ بوو، ناوی جیاوازییان لێنابوون، له‌وانه: گه‌راجی هه‌ولێرییان، گه‌راجی سلێمانییان، گه‌راجی كه‌لارییه‌كان، گه‌راجی دهۆكییه‌كان و چه‌ند ناوێكی دیكه، له‌و شوێنانه چه‌ند كه‌سێك، وه‌ك مافیا و قاچاغچی یه‌كیان

گرتبوو، خەڵکیان بە قاچاغ و بە پارەیەکی خەیاڵی سواری لۆرییە بارهەڵگرەکان دەکرد و دەیانپەڕاندنەوە بۆ ئیتاڵیا و وڵاتانی دیکە.

من و هیوا لە پاترا چەند کەسێکمان دەناسی، چووینە لایان و سێ شەو لە پاترایە ماینەوە، بە وردی سەرنجماندا کە خەڵک چۆن بە باخیرە دەپەڕێتەوە بۆ ئیتاڵیا، سێیەم ڕۆژ هیوا لە من دابڕا، لەگەڵ گرووپێکی دیکە ڕێککەوت و لە ڕێگەی قاچاخچییەوە ڕۆیشت، من بە تەنیا مامەوە.

هەموو بیر و مێشکم بەکارخست، بۆ ئەوەی بپەڕمەوە، دیارە نەمدەویست وەک تورکیام لێ بەسەر بێت، بەڵکوو دەمویست بە شێوەیەک بڕۆم کە یەکەم جار ڕزگارم بێت.

ئەو شوێنە گۆڕەپانێکی گەورە بوو، پڕی بارهەڵگر بوو، باخیرەکانیش لە ڕۆخ دەریا ڕادەوەستان، بارهەڵگرەکانیش یەک یەک سەردەکەوتنە ناو باخیرەکان، دەروازەیەکیش هەبوو، کە بارهەڵگرەکانی پێدا دەچووە ژووری، لەوێدا بە بەردەوامی پێنج شەش پۆلیس و پاسەوان چاودێرییان دەکرد، ئەو کاتانەی کە باخیرە نەبووایە شۆفێری بارهەڵگرەکان دەچوونە دەرەوەی گۆڕەپانەکە، لەو کاتەدا تەنیا دوو پاسەوان لە دەروازەکە هەبوو.

## خۆشاردنەوە لە ژێر بارهەڵگر

هاوشێوەی شۆفێرەکان چاکەت و پاڵتۆ و چاویلکەم لە چاو کرد، قەمسەڵەشم خستە سەر دەستی خۆم، نزیک کاتژمێر پێنجی ئێوارە، لەگەڵ شۆفێرەکان وەک شۆفێری بارهەڵگرەکان چوومە ژوورەوە، زۆر بە خێرایی خۆم لە ناو بارهەڵگرەکان شاردەوە، چوومە ژێر بارهەڵگرێکی گەورە، لە لای تایە سوپێرەکە شوێنی خۆم کردەوە و خۆم بێ دەنگ کرد. نزیکەی ١٥ خولەکی پێ چوو، باخیرە هاتوو وەستا، بارهەڵگرەکان یەک یەک چوونە ناو باخیرە، منیش یەکێک لەو کەسانەی بووم، کە لە ژێر بارهەڵگرەکە بووم و چوومە ناو باخیرەکە. نزیکەی ٢٠ خولەک لە ناو باخیرە خۆم مات کرد؛ باخیرە بە کار کەوت و ڕۆیشت.

نەمدەزانی ئەو باخیرە بۆ کوێ دەڕوات، سەرەتا وامزانی باخیرەکە دەچێتە ئیتاڵیا، دڵم زۆر خۆش بوو، گوتم: ڕزگارم بوو، هەڵبەت دەبەیەک ئاو و سێ سەموونم پێ بوو، بۆ کاتی تەنگانە هەڵمگرتبوو.

هەموو کەس نەیدەوێرا ئەو سەرکێشییە گەورەیە بە ژیانی خۆی بکات، لە لایەک مەترسی گرتنی پۆلیس هەبوو، لە لایەکی دیکە ئەو گرووپ و مافیایانە ئازاریان

پێدەگەیاندی، چونکە نەیاندەهێشــت بۆ خۆت بە بێ ئەوان بڕۆیت، دەبووایە لە ڕێگەی ئەوانەوە ڕۆیشتبای، تا داهات و پارەیان دەست بکەوتایە.

خۆشــــبەختانە یۆنانمان تێپەڕاند، بەڵام لەگەڵ کاکە سەنگەر و کاکە ئاسۆ لێک دابڕاین، ئاسۆ لەگەڵ خوناو بوو، ســــەنگەریش و زۆری پێ خۆش بوو من بڕۆم، چونکــە بارودۆخی منی بە باشی دەزانی، من و سەنگەر ئاسۆ مام و برازا بووین، لە هەمان کاتدا لەو ڕێگایە هاوڕێی دڵســــۆزی یەکتری بووین.

## ئەو شەوەی باخیرە بووە ماڵم

لە ڕاســــتیدا وامدەزانی ئەو باخیرەی منی لە نێودایە دەچێتە ئیتاڵیا، یان بە شــێوەیەکی دیکە بڵێم: بە مەبەســتی دڵدانەوەی خۆم وا بیرم دەکردەوە کە ئەو باخیرەیە دەچێتە ئیتاڵیا، چونکە جیا لە ئیتاڵیا باخیرە بۆ چەندین وڵاتی دیکە دەڕۆیشت.

بـاخیرەکـان زۆر گەورە بوون، لە چەنـدین نهۆم پێـک هاتبوون، کاتێک شـاحینەکان سـەرکەوتن و شـوێنی خۆیان گرت، شـۆفێر و گەشـتیارەکان سـەرکەوتنە نهۆمی سـەرەوە،

تا پشوو بدەن و بخەون، مانای وایە ڕێگاکە دوورودرێژە. لە دوای ئـەوەی بـاخیرەکـە ڕۆیشـــــت، من هــەر لــە ژێر بـارهـەڵگرەکـە بووم، نەمـدەوێرا بێمە خوارێ؛ جووڵە بکەم، هێندەم ترس هەبوو، وامدەزانی هەر بێمە خوارێ دەسـتگیر دەکرێم، چونکە یەکەم جارم بوو، کە ســـــواری ئەو باخیرە گەورانە بم و بە ڕێگای نایاسـاییدا بڕۆم، لەو کاتەدا هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکت بۆ دێت، دیارە لەو ڕێگایە هێندەمان ناخۆشـــی و دەســـتگیر کردن و نارەحەتی دیت، لە هەموو شتێک دەترساین، ناحەقیشمان نەبوو.

باخیرە زیاتر لە چوار کاتژمێر لە ناو دەریا ڕۆیشـــــت؛ شــەو بوو، بای دەهات؛ شــەپۆلی دەریا ئەو باخیرە گەورەی دەهەژاند، منیش هەر لە بن باخیرە بە بێ دەنگی خۆم مات کردبوو، شـــوێنەکەم وا بوو، کە نزیک بووم لە ســـۆندەی هەوای بارهەڵگرەکە، لە ناکاو سۆندەی هەوای بارهەڵگرەکە تەقی و دەنگێکی گەورەی لێوەهـات، هەر زراوم چوو، زۆر ترســـام، دەمزانی کە شـــتێک تەقییەوە، بەڵام نەمدەزانی ســۆندەی هەوای بارهەڵگرەکەیە، بە خێرایی شـــوێنی خۆم بەجێ هێشـــت، هەر لە ژێر شـــاحینەکانەوە چوومە ڕیزی حەوتەم و خۆم لە بارهەڵگرە سۆندە تەقیوەکە دوورخستەوە،

چوومە بن بارهەڵگرێکی دیکە و خۆم مات کرد، بەڵام هەستم کرد کە بەشی فریاکەوتنی باخیرە هاتن و سۆندە تەقیوەکەیان چارەسەر کرد.

ئەو بارهەڵگرەی من لە ژێرەوە سواری بووم سەلاجە بوو، بە غاز کاری دەکرد، پاشان ئارامی گەڕایەوە ناو باخیرە و دونیا کشومات بوو، بێدەنگیش ڕوو لە ناو باخیرە کردەوە.

لە کاتژمێر پێنجی ئێوارە تا کاتژمێر پێنجی بەیانی لە ناو باخیرە بووم، واتە نزیکەی ١٢ کاتژمێر لە ژێر ئەو بارهەڵگرانە کاتم بەڕێکرد.

کاتژمێر پێنجی بەیانی باخیرە وەستا، یەک یەک بارهەڵگرەکان دەچوونە خوارێ، لە دەروازەکە کۆنترۆڵی پۆلیس هەبوو، کاتێک پۆلیس و سەگێک بۆ سەیر کردنی بارهەڵگرەکە هاتن، لەو کاتەدا زۆر ترسام، چونکە سەگەکە دەهاتە نزیک من و دەحەپی، بەڵام پۆلیسەکە هیچی نەدیت، کەچی سەگ لە حەپینی خۆی بەردەوام بوو، خودا ڕۆحمی کرد و پۆلیسەکە سەگەکەی ڕاکێشا و لەگەڵ خۆی بردی، ئیدی لە کاکی پۆلیس و حەپە حەپی سەگ ڕزگارم بوو.

# بەشی سێیەم

# گەیشتن بە وڵاتانی ئەورووپا

## بەشی سێیەم: گەیشتین بە وڵاتانی ئەورووپا

### من لە کوێم؟

بارهەڵگر بەڕێکەوت و نزیکەی ٣٠ خولەک ڕۆیشت، لە ناکاو بارهەڵگر چووە ناو گەراجێکی گەورە و وەستا، ئیدی کاکی شۆفێر ڕۆیشت، تەنیا من و بارهەڵگرەکە لە گۆڕەپانەکە ماینەوە، ماوەی ١٥ خولەک لە ژێر ئەو بارهەڵگرە مامەوە و چاوەڕێم کرد، دواتر کاتێک هاتمە دەرەوە، دونیا ئارام و خامۆش بوو، لە ئاوێنەی بارهەڵگرەکەوە سەیری خۆم کرد هەموو گیانم بە دووکەڵی گزۆزی بارهەڵگرەکە ڕەش هەڵگەڕا بوو، شێوە و ڕوخسارم لە مرۆڤی ئاسایی نەدەچوو، دروست وەک شێت خۆم دەهاتە بەرچاو.

چەندین نووسراو نیشانە کەوتە بەرچاوم، بەڵام هیچ نووسراوێکم بەر چاوی نەکەوت، کە ئاماژە بە ئیتاڵیا بکات، زۆر ترسام، نەمزانی هاتوومەتە چ وڵات و چ شارێک، چ ناوچەیەک، گۆڕەپانی بارهەڵگرەکانم بەجێ هێشت، بە

پرسگەکەدا ڕۆیشتم یەک نەفەری لێ بوو، ئەویش سەری خۆی بەرز نەکردەوە و منی نەدیت، بە خێرایی چوومە دەرەوە.

دە خولەک بە پێیان ڕۆیشتم، ویستم بگەمە ئاوەدانی تا دەموچاوی خۆم بشۆم، لە سێگۆشەیەک تووشی منداڵ و کچێک هاتم، یەک بە خۆیان هاواریان کرد و هەڵاتن، زۆر لە من ترسان، وایانزانی من شێتێکی ترسناکم.

## سلۆڤینیا و لیوبلیانا

چەند خولەکێکی دیکە ڕۆیشتم و گەیشتمە چەند کرێکارێک، کە لە خانوویەکدا کاریان دەکرد، منیش کەمێک ئینگلیزیم دەزانی، بە زمانی ئینگلیزی بەیانی باشم لێ کردن و گوتم: بێ زەحمەت ئێرە کوێیە؟ من نازانم ئێرە کوێیە و ناوی چییە؟

لەو کاتەدا کوڕێک بە ناوی ئیبراهیم بە تورکی قسەی لەگەڵ کردم، منیش زمانی تورکییەکەم باش بوو، ئیبراهیم گوتی: ئابێ ئێرە وڵاتی سلۆڤینیایە، ئەم ناوچەیەش لیوبلیانایە، ئەوسا تێگەیشتم کە لە کوێم! سۆندەی ئاویان لە لا بوو، دەموچاوی خۆم شووشت و نەختێک خۆم خاوێن

کردەوە، بەڵام جلوبەرگەکانم لەبەر ڕەشی و دڕان کەڵکیان نەمابوو، چوومە دوکانێکی جلوبەرگ، پاڵتۆ و کراس و فانیلەیەکی ژێرەوەم کڕی، پەنجا مارکی ئەڵمانیم دایە، ئەو کاتە پارەی ئەڵمانیا مارک بوو، خاوەن دوکانەکە یەک سەفتە پارەی دامەوە، لە سەری نووسرابوو تۆلار، دوکاندارەکە بە شێوازێک قسەی دەکرد، کە نەمدەزانی چ زمانێکە، چەندی کردم و قسەم لەگەڵی کرد، نە ئەو لە من حاڵی بوو، نە من لە ئەو حاڵی بووم.

چارم نەما، دەبووایە پشت بە خۆم ببەستم، هەندێکی دیکە ڕۆیشتم، تووشی کۆنترۆڵێکی گەورە هاتم، ئەو کۆنترۆڵە پڕی پۆلیس بوو، چەندین پۆلیس بە سواری ئەسپ دەگەڕان، لە هەمان کاتدا سەگی پۆلیسییان پێ بوو، بە ناچاری چوومە لای پۆلیسەکان و داوای هاوکاریم کرد، گوتم لە ئیتاڵیاوە بە هەڵە هاتوومەتە ئێرە، نازانم ئێرە کوێیە، تکایە هاوکاریم بکەن، با بگەڕێمەوە ئیتاڵیا.

بە مەبەستی لێکۆڵینەوە منیان ناردە لای دوو پۆلیس، گوتیان: ناوت چییە و خەڵکی کوێیت؟ لە کوێ ڕا هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟ لە وەڵامدا گوتم: کوردم و خەڵکی کوردستانی عێراقم، لە ئیتاڵیا هاتوومەتە ئێرە،

دەمەوێت بچمە ســـوید. نەموێرا بڵێم لە یۆنانەوە بە هەڵە هاتووم، دەترسام سنووورداشی یۆنانم بکەنەوە، گوتم: با ناوی ئیتاڵیا بهێنم، ئەگەر بڕیار بێت ســـنووورداشـــم بکەنەوە، با بمنێرنەوە ئیتاڵیا.

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوە، پرســـیارم کرد و گوتم: کـاکی پۆلیس ئێرە چ وڵاتێکە؟ من هـاتوومەتە کوێ؟ لە وەڵامدا کاکی پۆلیس گوتی: ئێرە وڵاتی ســـلۆڤینیایە. ئیدی منیان ســواری ئۆتۆمبێلێکی ســەربازی کرد، ئۆتۆمبێلێک لە پێشــەوە و یەکێکیش لە دواوە دەڕۆیشــت، لەو کاتەدا فیلمە ئەمریکییەکان دەهاتە پێش چاوم، چەندین کیلۆمەتر مان بڕی و چووینە هۆتێلێکی جوان و خاوێنی چوار ئەستێرە.

## تاقیکردنەوەی ناسنامە

لە هۆتێلەکە منیان بردە هۆڵێکی گەورە، کە زیاتر لە ٢٠٠ کەســـی تێدا بوو، پاش ٣٠ خولەک لە چاوەڕوانی بەرپرسێکی باڵای شارەکە هات، وەرگێڕێکی کوردی لەگەڵ بوو، کوڕە وەرگێڕەکە خەڵکی شـــاری کەرکووک بوو، دیار بوو لە مێژە لە سلۆڤینیا دەژیا، چونکە زمانی سـلۆڤینی زۆر باش بوو.

ئەو خەڵکەی لە هۆڵەکە بوون، خەڵکی وڵاتی جیاواز بوون، لەوانە: مەغریب، جەزائیر، توونس، لیبیا، سووریا، فەلەستین، ئێران و چوار کوردی ڕۆژهەڵات، کە هەر چواریان خەڵکی کرماشان بوون، بەندەش یەکێک بوو لەو خەڵکە، زۆربەی عەرەبەکان خۆیان بە عێراقی لە قەڵەمدا بوو، بەڵام هیچ زانیارییەکیان لە سەر وڵاتی عێراق نەبوو، هەر لە وەڵامەکانیان دەرکەوت کە بێ زانیارییین.

بەرپرسە سلۆڤینییەکە یەک یەک لە خەڵکەکەی دەپرسی، پرسیاری زۆر سادەی دەکرد، بەڵام لەگەڵ وەڵامدانەوە بە وردی سەیری بەرامبەری دەکرد، پرسیارەکانیش ئەمانە بوون: ژنی سەددام حوسێن ناوی چییە؟ کوڕی سەددام حوسێن ناوی چییە؟ کچی سەددام حوسێن ناوی چییە؟ دراوسێکانی عێراق ناوییان چییە؟ دوو ڕووباری گرنگ لە عێراق هەیە، ناویان چییە؟ مەبەستی دیجلە و فورات بوو، کە بە عێراقدا تێدەپەڕێت، لەگەڵ پرسیارێکی دیکە.

لە ڕاستیدا عەرەبەکان سەبارەت بە پرسیارەکان هیچیان نەدەزانی، کاتێک نۆبەتی من هات پێناسەیەکی جوانی عێراقم کرد و وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە،

پرسیارەکان بۆ من ئاسان بوو، چوار کوردەکەی کرماشان زۆریان داوا کرد و گوتیان: بلێ ئەمانە خەڵکی خانەقینن، چونکە ئەوان شیعە بوون.

کاکی وەرگێڕ گوتی: بەڵێ ئەمە ڕاست دەکات، خەڵکی هەولێرە، بەرپرسەکە گوتی: ئەگەر لە سلۆڤینیا دەمێنیتەوە، ئەوا یەکسەر ئیقامەی وڵاتی سلۆڤینیات پێ دەدەین، خانوو و هەموو مافێکی مانەوەت پێدەدەین، لە وەڵامدا گوتم: ببوورن، من نامەوێت لێرە بمێنمەوە، دەمەوێت بچمە سوید.

جگە لە خۆم چوار کوردە کرماشانییەکەم لەگەڵ خۆم ڕزگار کرد، من و چوار کوردە ڕۆژهەڵاتییەکەیان بردە ژوورێکی گەورەی جوان و خاوێن، ئەو ژوورە تەلەڤزیۆن و تەلەفۆن و هەموو جۆرە کەلوپەلێکی لێبوو، چەند ڕۆژێک لەو هۆتێلە ماینەوە، بەڵام نەماندەتوانی بە ئارەزووی خۆمان بچینە دەرەوەی هۆتێلەکە، وەک دەستبەسەر وا بووین.

هۆتێلەکە زۆر گەورە بوو، لە شەش نهۆم پێک هاتبوو، پڕی کۆچبەر بوو، خەڵکی نەتەوەی جیاوازی تێدا بوو، من ١٤ چواردە ڕۆژ لەو هۆتێلە، لە شـــاری لیوبلیانا لە وڵاتی سلۆڤینیا مامەوە.

## ڕاکردن لە هۆتێل و ڕۆیشتن بەرەو سنوور

ئێوارەی ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێککەوتی ٢٥ی شـوبات، کوڕێکی ئێرانی بە ناوی مەمەند، کە فارس بوو، هاتە لام و بە ١٢٥ دۆلاری ئەمریکی منی لە شـــوقەکە ڕزگار کرد، جگە لە من کوردێکی خەڵکی باکووری کوردستانی بە ناوی فەرهاد، کە خەڵکی کۆنیا بوو ڕزگار کرد.

مەمەنـد دوو تیکتی ئۆتۆبۆســـی بۆ بڕین، کـاتژمێری ١١ی شـــەو ســـواری ئۆتۆبۆســـەکە بووین، بەر لەوە نەخشـــەیەکی ڕێگای پێـداین و تێی گەیـانـدین کـاتێـک ئۆتۆبۆسەکە وەستا ئێمە بێینە خوارێ، واتە لە کۆتا وێستگە، نزیکەی کـاتژمێر و نیوێـک بـە ڕێگـاوە بووین، لـە کۆتـا وێســتگە دابەزین، شــەو درەنگ بوو، دونیا کشــومات بوو، تەنیا ســەگ دەوەڕی و حەپە حەپیان دەهات، نزیکەیی ٣٠ خولەک بە پێ ڕۆیشـتین، گەیشـتینە سـەر سـنووری نێوان وڵاتی سلۆڤینیا و وڵاتی ئیتاڵیا.

لە ناکاو ســێ کەس بە شــەوقی لایتەوە بۆ لای ئێمە هــاتن، من و فەرهــاد بە خێرایی لــە نێوان خــانووەکـان دەوروبەر خۆمان حەشـــاردا، ئەو ناوچەیە کۆنە خانوو و

کەلاوە خـانووی زۆری لێبوو، نزیکەی ٤٠ خولەک لـەو شـوێنە خۆمان حەشـاردا، مانگ لە دەرەوە نەبوو؛ شـەو زۆر تاریک بوو؛ تاریکە شەو!

## چووینە ناو خاکی ئیتاڵیا

من و فەرهاد شارەزا نەبووین، بەڵام بەگوێرەی نەخشە دەڕۆیشـتین، ئەو نەخشـەیە بۆ ئێمە هاوکار و پاڵپشـتێکی باش بوو. دواتر کە هەستمان کرد پاسەوانەکان ڕۆیشتوون؛ جموجۆڵ نەما، دەستمان بە ڕۆیشتن کردەوە، چووینە سـەر سنوور، لەوێ بینیمان کە سنووری نێوان ئیتاڵیا و سلۆڤینیا بە تەواوی تەلبەند کراوە، بە ئاشکرا دەتزانی کە ئەم دیوی سـیمەکە وڵاتی سـلۆڤینیایە و ئەو دیوی سـیمەکە وڵاتی ئیتاڵیایە، ئێمە نەمانتوانی بە سـەر سـیمەکە ئاودیو بین؛ پەرژینی سـیمەکە بەرز بوو، لـە بـەشـی سـەرەوەی تەلبەندەکەش سـیمی دڕکاوی لێ دانرابوو، ئاسـان نەبوو بە سەر سیمەکە سەربکەوین.

نزیکەی پەنجا مەترێک لە ڕۆخی سیمەکەوە ڕۆیشتین، خۆشـبەختانە کونێکمان دیتەوە، من و فەرهاد لەو کونەوە ئاودیو بووین و چووینە ناو خاکی ئیتاڵیا. ئەو شـەوەش

دواجار و دوا شـــەو بوو، ئیدی وڵاتی ســـلۆڤینیامان بەجێ هێشـــت و ڕوومان کردە وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا، وردە وردە لە ئامانجەکەمان نزیک دەبووینەوە.

## ترس و ئومێد؛ گەشتێکی شەوانە لە خاکی ئیتاڵیا

بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی ٢٦ی شوباتی ســـاڵی ٢٠٠١ من فەرهاد گەیشـــتینە ناو خاکی ئیتاڵیا، شەوێکی تاریک؛ ناوچەیەکی چڕی شاخاوی؛ جادەیەکی قیرٍ؛ شوێنێکی ترسناک، ترسی ئەو جارە لە پۆلیس نەبوو، بەڵکوو لە ئاژەڵی دڕندەی کێوی بوو، وەک: شێر، پڵنگ، ورچ و...

ئەو شــەوە ڕێگای چۆڵەوانیمان بە پێیان بڕی، کاتژمێر یەکی نیوە شــەو، هەر بە ڕێدا دەڕۆیشــتین، لەگەڵ فەرهاد بــەردەوام بووین و کۆڵمــان نــەدا؛ ڕێگــامــان دەبڕی و دەڕۆیشـــتین، دڵی خۆمـان بە یەکتری دەدایـەوە، بـەڵام هەمیشـە دڵمان خورپەی دەکرد، بە ڕاسـتی شـوێنێکی زۆر ترسناک بوو!

وەک گوتم: ناوچەیەکی شاخاوی چڕ بوو، لە هەندێک شـــوێندا شـــەلالی ئاو هەبوو، هاژەی تاڤگەکان دەهات، سەرەڕای ئەوە بێ دەنگی ڕێگاکە دونیای خامۆش کرد بوو،

چرپەی هەر شـــتێک دەهات لێی دەترســـاین، هەســـتمان دەکرد لە نـاکـاو ئـاژەڵێکی درِنـدە پەلامـارمـان دەدات، بەهەرحاڵ تا کاتژمێر پێنجی بەیانی لە ڕۆیشـــتین بەردەوام بووین.

## پۆلیس واریَ: دەتوانن ١٥ ڕۆژ لە ئیتاڵیا بمێننەوە

لە ناکاو ئۆتۆمبێلێکی بچووکی پێنج کەســـی لە ڕێگادا پەیدا بوو؛ ڕای نەگرت، بەڵام هێواش هێواش دەڕۆیشـت و چـاودێری ئێمەی دەکرد، ئێمەش نەمـانزانی چییە، پـاش چەنـد خولەکێـک دوو ئۆتۆمبێلی پۆلیس هـاتن و ئۆتۆمبێلەکەی دیکەش وەســـتا، ئەو ئۆتۆمبێلەی چاودێری ئێمەی دەکرد ئەفســـەرێکی خاوەن دوو ئەســـتێرە بوو. پۆلیســـەکان هاتنە خواریَ و چواردەوریان گرتین، گوتیان: بوەستن.

لە ڕاســـتیدا ئێمە نەترســـاین، گوتم: ئێوە پۆلیســـی ئیتـاڵیـان؟ گوتیـان: بەڵێ، لەو کاتەدا زۆر دڵم خۆش بوو، جارێکی دیکە پرســـیارم کردەوە، گوتم: بە ڕاســـتی ئێوە پۆلیســـی ئیتاڵیان؟ دیســـانەوە گوتیان: بەڵێ، ئێمە پۆلیســـی ئیتاڵیاین.

پۆلیسـەکان دە کەس بوون، ئێمەیان پشـکنی، ئەوجا ئێمەیان لەگەڵ خۆیان بردە شـاری گۆریزیا، کە بنکەیەکی پۆلیسی لێبوو.

لە بنکەی پۆلیسی شاری گۆریزیا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ من و فـەرهـاد کرد، پـاش لێکۆڵینەوە و پەنجەمۆر یـەکی کاغـەزێکیـان پێـداین و گوتیـان: تـا پازدە ڕۆژی دیکـە لە خاکی ئیتاڵیا ئازادن، دەبێت پاش ئەو پازدە ڕۆژە ئیتاڵیا بەجێ بهێڵن.

## لە ڤێنیزەوە بۆ میلان

دواتر پۆلیسـەکان ڕێگایان نیشـانداین، تا بچینە وێستگەیی شەمەندەفەری گۆریزیا، من و فەرهاد بە یەکەوە بۆ وێسـتگەی شـەمەندەفەری شـارەکە ڕۆیشـتین و تیکتمان بۆ شاری ڤێنیز کڕی.

کاتژمێر حەوتی ئێوارە سـواری شـەمەندەفەر بووین، کاتژمێر ٨:٢٥ خولەک گەیشـتینە شـاری ڤێنیز، واتە نێوان ئەو دوو شـارە تەنیا ١٣٩ کیلۆمەتر بوو، بە کاتژمێرێک و ٢٥ خولەک گەیشتینە شاری ڤێنیز.

لە شاری ڤێنیز نەماینەوە، یەکسەر تیکتمان بۆ شاری میلان کڕی، کاتژمێر ٩ی شەو سواری شەمەندەفەر بووین و بۆ میلان بەڕێکەوتین، ڕێگای نێوان ئەو دوو شـــارە ٢٧٨ کیلۆمەتر بوو، بە دوو کاتژمێر و ٤٣ خولەک گەیشــــتینە میلان.

ئەو شـەوە لە وێستگەی شـەمەندەفەری شاری میلان ماینەوە، بەڵام لەوێ لەگەڵ فەرهاد لێک دابڕاین، ئیدی من تەنیا مامەوە.

## لەفەیەک و دە ملیۆن لیرە!

کاتژمێر ٨:٣٠ خولەکی ڕۆژی ٢٧ی شـوبات لە سـەر کورســییەک دانیشــتبووم، لە پڕدا گەنجێکی ڕەزاســووکی ئیتاڵی هاتە لام، بە ئیتاڵی ســـڵاوی کرد، بەڵام من هیچ تێنەگەیشـــتم، ئەو گەنجە هەســـتی کرد کە کۆچبەرم، لە قســـەکانی تەنیا ئەوەندە تێگەیشـــتم کە گوتی ١٠ خولەک چاوەڕێ بکە دێمـەوە لات، منیش هەر لە شــــوێنی خۆم مامەوە.

کاتێک گەنجەکە گەڕایەوە لەفەیەکی گەورەی گۆشتی ســـووری پێبوو، لەفەکە و دە ملیۆن لیرەی ئیتاڵی دامێ،

ئەگەرچی سوپاسم کرد و گوتم: نامەوێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەم لەفەکە و هەم دە ملیۆن لیرەکەی پێدام، ئینجا خودا حافیز، خودا حافیز.

## لە میلانەوە بۆ ڤێنتیمیگلیا: گەشتێک بە یارمەتی نامۆیەک

کاتژمێر ٩:١٠ خولەک کوڕێکی جەزائیری زۆر بەڕێز بە لامدا هات، بە زمانی عەرەبی سڵاوی کرد و گوتی: چۆنە لێرە دانیشتوویت؟ پێویستت بە هاوکاری هەیە؟ دیارە ئەو کوڕە جەزائیرییەش هەستی دەکرد کە من غەریب و نەشارەزام، بۆیە پرسیاری کرد، منیش گوتم: دەمەوێت بچمە ڤێنتیمیگلیا، لە سەر سنووری فەرەنسا، بەس نازانم وێستگەی شەمەندەفەر لە کوێوە دەڕوات.

ئەو کوڕە جەزائیرییە بێ سێ و دوو، تەلەفۆنێکی کرد و هێندەی نەبرد تاکسییەک هاتە بەردەممان، بە زمانی ئیتاڵی بە شۆفێری تاکسییەکەی گوت: ئەو کوڕە بگەیەنە وێستگەی شەمەندەفەری مێترۆپۆلیتان، چونکە شاری میلان گەورەیە و وێستگەی شەمەندەفەرەکانی جیاواز بوون، ئەو کوڕە جەزائیرییە هەر خۆشی پارەی تاکسییەکەیدا، ماڵی ئاوا بێت.

تاکسی منی گەیاندە بەر دەرگای وێستگەی شەمەندەفەری مێترۆپۆلیتان، لە ناو شاری میلان، چوومە ناو وێستگە و شوێنی تیکت کڕین، تیکتم کڕی و کاتژمێر ١١ی بەیانی سواری شەمەندەفەر بووم و بەرەو شاری ڤێنتیمیگلیا بەڕێکەوتم. ڕێگای نێوان شاری میلان و شاری ڤێنتیمیگلیا ٢٨٤ کیلۆمەتر بوو، ڕێگاکە بە شەمەندەفەر ٣:١١ سێ کاتژمێر و یازدە خولەک بوو، لە کاتژمێر ٢:١١ خولەک گەیشتمە شاری ڤێنتیمیگلیا.

## دۆزینەوەی هاوڕێیان لە غوربەت

شاری ڤێنتیمیگلیا زۆر جوان و دڵڕفێن بوو، شارێکی سەر دەریا بوو، لەگەڵ فەرەنسا هاوسنوور بوو، بەڵام شارێکی زۆر گەورە نەبوو، من بە پێیان چوومە سەر دەریا، شەپۆلی دەریا و بوونی باڵندەیەکی زۆر لە ڕۆخی دەریایەکە جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، دیمەنی ئەو ناوچەیە زۆر جیاواز بوو.

ئەگەرچی لە کۆتایی مانگی شوبات نزیک دەبووینەوە، کەچی بایەکی زۆری دەهات، کەش و هەوا سارد بوو، تۆزێکی دیکە ڕۆیشتم و چەند هەنگاوێکم نا، لە ناکاو

تووشــی کوڕە کوردێکی هەولێری بووم، کە ســەیرم کرد و ســـڵاوم لێکرد زانیم کـە هـاوڕێی کۆنی خۆمـە و نـاوی هەڵکەوت جەمالە، بە دیتنی هەڵکەوت زۆر دڵخۆش بووم، لەو کاتەدا پارەم زۆر پێ نەما بوو، تەنیا ٣٠ دۆلارم پێبوو.

تەلەفۆنم بۆ خزمێـک کرد، کـە لە دەرەوە بوو، داوای ٥٠ دۆلار قەرزم لێکرد، بەداخەوە ڕەفزی دامێ، بە هیچ جۆرێـک هـاوکـاری نەکردم، بەڵام کـاکە هەڵکەوت وەک شــێرە کوڕ گوتی: کێشـــەت نەبێت من هاوکاریت دەکەم، ئینجا شـوێنێکی نیشـاندام، کە ڕێکخراوی خاچی سـوور بوو، هاوکاری خواردن و جلوبەرگیان پێشـــکەش بە کۆچبەران دەکرد.

هەڵکەوت گوتی: کوڕێکی دیکەی هەولێریم لا یە، کە نەخۆشە، بۆ فەرەنساتان بەڕێدەکەم، بەڵام دەبێت هاوکاری بکە یت و ئا گات لێی بێت، ئەویش خزمی خۆمانە، من و هەڵکەوت چووینە لای کوڕەکە، ســـــەیر دەکـەم کـاکە محەممەدی خەڵکی شـارۆچکەی هیرانە، ئەویش ناسـیاوی خۆم بوو، لە خزمانی ماڵی کاکی هیران بوو.

چوار ڕۆژ لەو شـــارە دڵڕفێنەی ســـەر دەریا؛ شـــارە جوانەکەی ڤێنتیمیگلیا لە ســـەر ســـنووری نێوان ئیتاڵیا و

فەرەنسا مامەوە. ئەو چوار ڕۆژە من و هەڵکەوت و محەممەد لە کاتی نان خواردن بە یەکەوە دەچووینە ڕێکخراوی خاچی سوور.

## لە کۆگای شەمەندەفەرەوە بۆ پاریس

پێشتر هەڵکەوت ئامۆژگاری کردین و گوتی: لە ڤێنتیمیگلیا تا شاری پاریس ٢٢ وێستگەیە، پاش چوار ڕۆژ هەڵکەوت شوێنێکی لە ناو شەمەندەفەر بۆ دۆزینەوە، واتە تیکتمان نەکڕی و بە قاچاخ سوار بووین، چونکە پارەی تیکتی شەمەندەفەرمان پێنەبوو، چووینە ژوورێکی ناو شەمەندەفەرەکە، ئەو ژوورە وەک کۆگا (مەخزەن) بوو، تایبەت بوو بە کەلوپەل و کەرەستەی ناو شەمەندەفەرەکە، شەمەندەفەرەکە لە نێوان ئیتاڵیا و فەرەنسا هاتووچۆی دەکرد.

من محەممەد لەو کۆگایە خۆمان حەشاردا، تەگبیری ئەوەمان دەکرد، ئەگەر جابی ناو شەمەندەفەرەکە هات، ئەوا خۆمان دەخەوێنین، شەمەندەفەرەکە نزیکەی کاتژمێرێک لە ناو خاکی فەرەنسا ڕۆیشت و کەس نەهات، پاشان کاکی جابی هات، هەموو لەشمان لە ترسان

دەلەرزی، بەڵام بە کلاوات خۆمان خەواندبوو، کەچی کاکی جابی هەڵیستاندین. کاتێک هەستاین کوڕێکی گەنجی سوور و سپی چاوشین لە لامان دانیشت و قسەی لەگەڵ کردین، گوتی: خەڵکی کوێن؟ بۆ لەو کۆگایە خۆتان شاردووەتەوە؟ لە وەڵامدا گوتمان کوردین و خەڵکی کوردستانی عێراقین، هیچ بەڵگەیەکمان پێ نییە؛ لە ترسی پۆلیس خۆمان حەشارداوە، دەمانەوێت بچینە سوید.

کوڕە فەرەنسییەکە زۆر میهرەبان بوو، گوتی: دانیشن و مەترسن، کە گەیشتینە پاریس وەرنە خوارێ و برۆن، هەروەها یەکی دەبەیەک ئاوی داینێ، ئینجا ئێمەی بەجێ هێشت، دواتر کەمێک دڵمان هێور بووەوە، تا گەیشتینە پاریسی پایتەختی فەرەنسا.

لە ڕاستیدا بە شەمەندەفەر ڕێگایەکی دوورودرێژمان لە نێوان ڤێنتیمیگلیا و پاریس بڕی، ئەو ڕێگایە ٩٧٢ کیلۆمەتر بوو، دووری ڕێگاکە بە شەمەندەفەر ٩:٣١ خولەک بوو.

## سێ وڵات لە یەک ڕۆژدا

ڕۆژی پێنجشـــەممە، ڕێککەوتی یەکی ئاداری ســـاڵی ٢٠٠١ لەگەڵ محەممەد گەیشـــتینە وێســـتگەی ســـەرەکی شـــەمەندەفەر لە شـــاری پاریس، ئێمە دەمانویســـت بچینە شـاری برۆکسـل لە وڵاتی بەلجیکا، کاتێک گەیشـتینە ئەو وێســـتگەیە دەبووایە بچینە وێســـتگەیەکی دیکە، چونکە لەو وێستگەیە شـەمەندەفەر بۆ شـاری برۆکسـل نەدەڕۆیشـت. لــەبــەر ئەوە من و محــەممــەد چووینە وێســـــتگەی شـــەمەندەفەری گار دو نۆرد لە شـــاری پاریس. جارێکی دیکە بە هۆی بێ پارەیی تیکتمان نەکڕی، یەکســـــەر لە وێستگەی شەمەندەفەری گار دو نۆرد سواری شەمەندەفەر بووین، تا گەیشـــتینە وێســـتگەی شـــاری برۆکســـل، کە پایتەختی وڵاتی بەلجیکایە.

لە وێســـتگەی برۆکســـلەوە ویســـتمان بچینە ناو ئەو شەمەندەفەرەی کە بۆ شاری لاهایی وڵاتی هۆڵەندا دەڕوات، بەڵام کۆنترۆڵی وێستگەی شـەمەندەفەری برۆکسـل بەهێز بوو، ویســـــتمـان خۆمـان لە خەتی گێلی بـدەین و بچینـە شەمەندەفەری لاهای، بەڵام دوو لە پۆلیسەکان هاتنە پێش من و محەممەد، گوتیان: بۆ کوێ دەچن؟ گوتمان: دەچینە

شـاری لاهای، پۆلیسـەکان گوتیان: خەڵکی کوێن؟ ئێمەش گوتمان: کوردســـتان. لەو کاتەدا پۆلیســـەکان پێکەنین و گوتیان: گۆ، گۆ، کوردۆس!

دواتر ئێمە سـواری شـەمەندەفەر بووین، بەرەو شـاری ئەمسـتردامی هۆڵەندا ڕۆیشـتین، خۆشـبەختانە تووشـی هیچ نەبووین و بە ســـەلامەتی گەیشـــتینە شـــارە جوانەکەی ئەمستردام لە وڵاتی هۆڵەندا.

## میواندارییەکی کوردانە و پەناگەیەکی گەرم

کـاتژمێر ٢:٤٠ خولـەکی ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی دووی ئاداری ســـاڵی ٢٠٠١ من و محەممەد گەیشـــتینە وێســـتگەی شـــەمەندەفەری شـــاری لاهای (واتە داناغ) لە وڵاتی هۆڵەندا. لە وێســـتگەی شـــەمەندەفەر هاتینە خوارێ؛ تووشـــی دوو کورد هاتین، پرسـیارمان لێ کردن و گوتمان: چـەنـد خزمێکمـان لێرەیـە، دەمـانەوێـت بیـانـدۆزینـەوە، لـە وەڵامدا گوتیان: کاتژمێر ٣:٣٠ خولەک لە چێشـــتخانەی مـــەغریببیـــان بن، ئـــەوێ پڕی کوردە، کێتـــان بوێـــت دەیدۆزنەوە.

تا ئەو کاتە چاوەڕێمان کرد، عوسمان ماستاوە (کوڕێکی خەڵکی دهۆک بوو) و کاک حەسەن چیوەیی هاتن، چاک و چۆنیمان کرد و خۆمان بە یەکتری ناساند. ماڵیان ئاوا بێت زۆر بەڕێز بوون، ئێمە تەلەفۆنمان پێ نەبوو و دەمانویست لەگەڵ کاک کەرخی کاک مەلا سانی هیرانیٚ قسە بکەین، کە ماڵی لە ئەمستردام بوو، ماڵی ئاوا بێت کاک حەسەن چیوەیی تەلەفۆنی بۆ کاک کەرخی کرد و ئێمەش قسەمان لەگەڵ کرد، گوتمان: وا لە داناغین؛ لە چێشتخانە مەغریببیەکە، دوای ٤٠ خولەک کاک کەرخی لە ئەمستردامەوە بە شەمەندەفەر هاتە دوامان لە داناغ، کاکە کەرخی زۆر پیاو و مەردانە بوو، من و محەممەد بە یەکەوە لەگەڵ کاکە کەرخی بە شەمەندەفەر ڕۆیشتینە ئەمستردام و چووینە ماڵی کاک کەرخی.

## چاکە و پیاوەتی کاک کەرخی وێنەی نەبوو!

ناتوانم چاکە و پیاوەتی کاکە کەرخی کاک مەلا سانی کاکی هیرانیٚ ئاوا بە سادەیی باس بکەم، چونکە بە ڕاستی خاوەن کەسایەتی بوو؛ جوامێر بوو؛ بە وەفا بوو؛ دیارە پیاوی مەرد لە کاتی ناخۆشی و تەنگانە دەردەکەوێت.

ڕۆژی پێنجی ئاداری ساڵی ۲۰۰۱ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، من و کاکە محەممەد و کاکە کەرخی و کوڕێکی تر بە ناوی ئالان، کە میوانی کاکە کەرخی بوو، بە یەکەوە جەژنمان کرد، کاکە کەرخی سەرەڕای خوێندن و کار کردن بۆ بژێوی ژیان، نزیکەی ۱۹ ڕۆژ من و محەممەدی لە ماڵەکەی خۆیدا حەواندەوە، خزمەتێکی زۆری کردین، کە ناتوانم بە نووسین قەرەبووی بکەمەوە.

ئەو ۱۹ ڕۆژە نەیهێشت ئێمە هەست بە هیچ کەموکوڕییەک بکەین، هەموو ئێواران کە دەهاتەوە دوو کیسە نایلۆنی پڕ لە خواردن و خواردنەوەی بۆ دەهێنایەنە ماڵەوە. بە ڕاستی کاکە کەرخی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە جوامێری و پیاوەتی خۆی بۆ من و محەممەد سەلماند، تا ئەم کاتەشی لەگەڵ بێت نەمتوانیوە ئەو پیاوەتییە گەورەیەی کاک کەرخی لە بیر بکەم، چونکە هەمیشە وەک برا و خۆشەویست و کەسی نزیکی خۆم سەیری کەسایەتی و جوامێری ئەو پیاوەم کردووە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم: سوپاس کاکە کەرخی، من فەخر و شانازی زۆر بە تۆی بەڕێز و خۆشەویست دەکەم، ماڵت هەر ئاوەدان بێت، هیوای لەشساغی و تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم.

## له کۆتاییدا گەیشتین

له تورکیــاوه پەیوەنــدییم به کــاک هەژاری مــام ســـــلێمانەوه کرد، ئامادەی هەموو هاوکارییەکی ماددی بۆ دەربڕیم، بەڵام تـا نەگەیشـــــتمه هۆڵەنـدا پێویســـــتیم به هاوکارییەکەی کاک هەژار نەبوو، کاک هەژار ماڵیان له ئۆستۆرپ بوو، له نزیک شاری هێلسینگبۆری، له باشووری سوید.

له هۆڵەندا پەیوەندییم به کاک هەژارەوه کرد، ماڵی ئاوا بێت زۆر ڕووخۆش بوو، به خۆشـــــحاڵییەوه ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری کردنم دەربڕی، وەک له سەرەتادا گوتم: من دەمویســـــت بچمه ســـــوید، چونکه ئەو کاته ســـــوید بۆ کۆچبەران زۆر باش بوو، له لایەکی دیکه خانەوادەی ماڵی کاک هەژار به باوک و دایک و خێزان و برا و خوشکەکانی هەموویـان له ســـــویـد دەژیـان، من و هەژاریش هـاوڕێی قوتـابخـانه بووین، حەزم دەکرد لەو خـانەوادەیه نزیـک بم، چونکه ناسیاوی یەکتری بووین.

محەممەد هۆڵەندای بەرەو ئەڵمانیا بەجێ هێشـــــت و خۆی ڕادەســـــت کرد، من تەنیا لای کاک کەرخی مامەوه،

کاکه کەرخی تەلەفۆنی بۆ کوڕێک کرد، ناوی شـۆڕش بوو، ئیدی لەگەڵی ڕێککەوتین، کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بچمە سوید.

شـــۆڕش هاتە ماڵی کەرخی و منی لەگەڵ خۆی برد، چووینە ماڵی دلێر چاوڕەش و ئازاد و ســەددام ناوێک، ئەو ســێ کەســـە بە یەکەوە کاریان دەکرد و لەگەڵ یەکتری هاوبەش بوون.

ڕۆژی ٢١ی ئادار، کە یەکەم ڕۆژی نەورۆز بوو، ئێمە لە هۆڵەنداوە چووینە شاری هامبۆرگ لە ئەڵمانیا، ئەو ڕۆژە ڕێپێوانێکی گەورە بوو، هەرچی کورد بوو کۆبووبوونەوە، پۆلیسێکی زۆریش لەو ناوچەیە هەبوو.

دلێر و ئـازاد چـاوەڕێی کوڕێکیـان دەکرد، تـا لە دانیمارکەوە بێت و منی ڕادەســـت بکەن، بەڵام لەبەر ڕێپێوانەکە نەهات، ئیدی ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە کەمپێکی هۆڵەندا، کە ناوی هێلف سلاوز بوو، شەو لای کوڕێکی ڕۆح سووکی عەرەب خەوتم، کە ناوی غاندی بوو، خەڵکی شاری عەمارەی عێراق بوو.

جارێکی دیکە ئەم چوار کەســە: من، هیمداد، ئارام و شـــێروان لەگەڵ ســـەددام بە ڕێگـایەکی دیکـە و بە

ئۆتۆمبێلێکی بچووک چووینەوە نـاو خـاکی ئەڵمـانیـا، لە چۆڵەوانییەک ســــواری بـارهەڵگرێکیـان کردین، لـەوێ ژمارەمان ٢٢ کەس بوو، هەندێکمان یەکترمان دەناســــی، بەڵام هەندێکیان جەمەدانیان بە دەموچاوی خۆیاندا دەدا، بۆ ئەوەی نەیاننناسییەوە.

سروشتی ژیان ئاوایە، کە دەڵێن خودای گەورە نەبێت کەس لە کەس تێناگات، هەر کەســـێک و پەیوەندی بە خـۆیەوە هەیە، خـودای گەورە نەبێــت، کەس لە کەس گەورەتر نییە، جا هەر کەسێک بیت و کوڕی هەر کەسێک بیت.

لە کۆتاییدا بە ســـەلامەتی و بە دڵخۆشـــییەوە ڕێگای دوورودرێژمان گەیاندە کەناری ئارامی و ڕێگاکەمان بە کۆتا گەیاند، گەیشـــتینە ئەو وڵاتەی کە ئامانجمان بوو، ســــەرەتـا نـاومـان لێ هێنـا بوو، ئـەویش وڵاتی جوان و مرۆڤدۆست، سوید بوو.

# بەشی چوارەم

# نیشتەجێ بوون لە ئەورووپا

## بەشی چوارەم: نیشتەجێ بوون لە ئەورووپا

### ڕۆژژمێری پەنابەرێک؛ یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە سوید

کاتژمێر هەشـــتی ئێوارەی ڕۆژی شـــەممە، ڕێککەوتی ٢٤ی ئاداری ساڵی ٢٠٠١ گەیشتمە شاری مالمۆ لە وڵاتی سوید، کاروانی ئەو ڕێگایەم بە یەکجاری لە سوید نیشتەوە، ئەو وڵاتە بووە وڵاتی دایــک، ئەو ڕێگــایە کــاروانێکی دوورودرێژ بوو، پڕ بوو لە هەوراز و نشێو، سەرما، برسییەتی، هیلاکەتی، بێ جێگایی، ترس و لەرز، دەســتگیر کردن، درۆ کردن، بێ پارەیی، هەموو ئـەمـانـەم هـاتە ڕێگا، تەنانەت هەندێک جار مردنیش هەڕەشـەی لێسـەندنەوەی ژیانی لێ کردووم، بەڵام کۆڵم نەدا، باوەڕم بە خۆم بوو، ئارامم گرت، بە ســـەر ناخۆشـــییەکاندا زاڵ بووم، تا گەیشـــتمە کەناری ئارام. من و هێمداد لە مالمۆ لێک دابڕاین، ئەو چووە لای ناســـیاوەکانی خۆی، منیش چوومە ماڵی کاک هەژار، کە لە شـــــارێکی بچووک بە ناوی ئۆســـــتۆرپ دەژیان، لە نزیک شاری هێلسینگبۆری بوون.

له مالمۆ تیکتی شــەمەندەفەری هێلســینگبۆریم کڕی، نێوان ئەو دوو شـــارە ٦٤ کیلۆمەتر بوو، ئیدی گەیشـــتمە هێلسینگبۆری و لە وێستگەی شەمەندەفەری کنوتپونکتێن کاکە هەژار و تاڤگە خانی هاوســـەری لە چاوەڕوانی مندا بوون، پاش ســــڵاو و ڕێز بە یەکەوە چووینە ماڵی کاک هەژار، کە ماڵیان لە ئۆســتۆرپ بوو، نزیکەی ٢٢ کیلۆمەتر بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشتین تا گەیشتینە ماڵی کاک هەژار، تاڤگە خان خواردنێکی خۆشــی ئامادە کردبوو، خۆم شــووشــت و نانم خوارد، پشــوویەکی باشــم وەرگرت؛ دوو شــەویش لە ماڵی کاک هەژار مامەوە.

کاتژمێر نۆی شـــەوی ڕۆژی دووشـــەممە، ڕێککەوتی ٢٦ی ئادار چوومە بنکەی پۆلیسی شاری هێلسینگبۆری و خۆم بە پۆلیسی سوید ناساند، پاش لێکۆڵینەوەیەکی کورت، بە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس منیان گواستەوە بۆ شاری مالمۆ، لە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران؛ ژوورێکی پاک و خاوێن، خاولی، شـــامپۆ و ســـابوون، مووس و مەکینەی ڕیش تراشــینیان دامێ، ئەو شــەوە خەوتم، بۆ بەیانی ماوەی دوو کاتژمێر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، ئەویش لە ڕێگەی وەرگێڕێکی کوردی سۆرانی، کە ناوی کاک فەرهاد بوو.

دواتر وێنەیان گرتم؛ پەنجەمۆریان پێکردم، بەم جۆرە سـوید بووە شـوێنی مانەوەی ژیان، تەنیا دوو ڕۆژ لەو بەڕێوەبەرایەتییە مامەوە، ڕۆژی پێنجشـەممە، ڕێککەوتی ٢٩ی ئادار، وەجبەیەکی پەنابەری ٢٠ کەسییان لە ڕێگەی پاسـێکی تایبەت گواسـتەوە شـارێکی بچووک، بە ناوی هۆڵتس فرێد، منیش یەکێک بووم لەو ٢٠ پەنابەرە.

ئەو شـارە کەمپێکی بە ناوی هۆلتس فرێد لێبوو، سـەرەتا خانوویەکی سـێ ژووریيان بە ئێمەدا، کە شـەش کەس بووین، دوو کەس، دوو کەس لە ژوورێک نیشتەجێ بووین، هەروەها چێشتخانەیەکی گەورە و حەمام و توالێتیان پێدان، شـەش کەسـەکە ئەمانە بوون: هاوڕێ سـماقوڵی، کاک ئیدریس زێباری، لویس (مەسـیحی دهۆک بوو)، مەسـعوود حەسـەن دهۆکی، ئاسـۆ کەرکووکی، کویی، کە خەڵکی وڵاتی لیبێریا بوو، لە کیشـوەری ئەفریقا، کاک ئیدریس و مەسـعوود لە یەک ژوور، من و کویی لە یەک ژوور، ئاسـۆ و لویس لە ژوورێکی دیکە، لە هەمان کاتدا هۆڵێکی گەورەشـمان هەبوو، کە تەلەڤزیۆنی تێدا بوو، هۆڵەکە بۆ هەموومان هاوبەش بوو، پاش چەند ڕۆژێک لویس ڕۆیشت و ئێمە پێنج کەس ماینەوە.

## سەرەتای ژیانی کار کردن لە سوید

پاش مانگ و نیوێک لە شــاری کالمار چوومە ســەر کار، چوومە لای کوڕێکی لوبنانی، کە دوکانی پیتزای هەبوو، بەڵام لەو بارەیەوە هیچم نەدەزانی، نزیکەی ٤٠ ڕۆژ لەو دوکانە کارم کرد، تا ڕادەیەک شـتێک فێر بووم، ئەزموونم لەو شوێنە وەرگرت.

پاش ئەو ٤٠ ڕۆژە بە مەبەســتی کار کردن چوومەوە شاری ئۆستۆرپ، لە نزیک ماڵی کاک هەژار و کاک ئاکۆی برای و ماڵی کاک ســلێمانی باوکیان، لە لای کوڕێکی باش کە ناوی کاک ئەحمەد شێخ محێدین بەرزنجی بوو؛ خەڵکی شـــاری کەلار بوو، بەم جۆرە کارێکی باشـــترم دۆزییەوە، هەروەها لە خانەوادەی ماڵی کاک ســـلێمانی باوکی کاک هەژار نزیک بوومەوە.

کۆچبـەرەکـانی دیکـە، کـە لە ڕێگـا پێکـەوە بووین، هەمووومان لێک دابڕاین، هەر کەســـێک ڕووی لە وڵاتێک کرد، من و ســـەنگەر و ئاســـۆش هەر یەکێکمان و بە جیا گەیشتینە سوید، سەنگەر و ئاسۆ چوونە شاری ستۆکهۆڵم، منیش لە باشووری سوید لە شاری ئۆستۆرپ، نزیک شاری هێلسینگبۆری نیشتەجێ بووم.

ڕێگەی کوردســتان تا ســوید ســاڵێک و ١٤ ڕۆژی خایاند، واتە ٣٧٩ ڕۆژ بە ڕێگاوە بووم، ئەگەر بە کاتژمێر لێکی بدەینەوە دەکاتە ٩٠٩٦ کاتژمێر بە بێ وەستان ڕێگام بڕیوە، ئەگەر بە پێوەری کیلۆمەتر لێکی بدەیتەوە دەکاتە ٤٦٢٠ کیلۆمەتر، هەڵبەت لەو ڕێگایەدا چەندین قۆناغی جیاوازم دیت، چەندین جار بە چەندین ڕۆژ ڕۆیشــتووین و دەســـتگیر کراوین، دووبارە و چەند بارەمان کردووەتەوە، ئەگەر بە وردی باســیان بکەین، ئەوە زۆر لەمە زیاترە، کە باسم کردووە.

ئەو وڵات و شـــارانەی لە ڕێگا دیومن، تا ئێســـتاش دیمەن و ســروشــتی جوانیانم لە پێش چاوە، بەڵام لە زۆر شـــوێن و زۆر ناوچە لەزەتم لە جوانی و خۆشـــییەکان وەرنەگرت، چونکە ئازاد نەبووم، نەمدەتوانی بە سەربەستی و بە دڵ و ویستی خۆم بگەڕێم و هەوای ئازاد هەڵبمژم.

لە لایەکی دیکە ترس، هیلاکی، دەســـتگیر کردن، ڕۆیشتنی نایاسایی، ئازار، دوورکەوتنەوە لە باوک و دایک و خوشک و برا، دوورکەوتنەوە لە جگەرگۆشەکانم؛ کەسوکار و نیشـــتمانم، هەموویان لەبەردەمم ڕێگر بوون، تا بە دڵی

خۆم چێژ لە دیمەنە جوان و سەرنجڕاکێشەکان وەربگرم. بە شێوەیەکی قاچاخ بینین و تێپەڕین بە ناو ئەو هەموو وڵاتە، هەر بە قسە خۆشە، لەو ڕێگایە زۆرم دیوە و لێرەدا کەمم نووسیوە، بەداخەوە لەوانەیە زۆر شتیشم لە یاد نەمابێت.

ئەو دۆست و برادەرانەی کە لە کوردستان، لە شاری ڕانیەوە بە یەکەوە هاتین بۆ هەندەران، لەم ڕێگایە هەر هەموومان لێک دابڕاین، هەر یەکێکمان کەوتە وڵات و شوێنێک، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەشێکی زۆرمان ئاگامان لە هەواڵی یەکتری نییە، بە داخێکی زۆرەوە.

## سوپاسی هاوکار و هاریکاران دەکەم

ناتوانم بە ئاسانی تێپەڕم و باسی ئەو خۆشەویستانە نەکەم، کە لەم ڕێگایە هاوکارم بوون، هەم لە ڕووی دارایی و هەم لە ڕووی مەعنەوییەوە.

١. ماڵی کاک سلێمان و یا ماهیە خان، واتە دایک و باوکی کاک هەژار، کاک هەژاری کوڕی و تاڤگە خانی هاوسەری، کاکە ئاکۆی برای کاک هەژار و تەواوی بنەماڵەکەیان، بۆ من وەک چیای سەفین

وا بوون، بوونە هاوکار و پشتیوانێکی زۆر بەهێز، بە تایبەتی لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، تا گەیشتمە سوید ئەو خانەوادەیە پشتیوانم بوون، بە ڕاستی ڕێگای هەندەران تاقیکردنەوەی دۆست و هاوڕێیانە، خۆشەویستی کەسە جوانەکانت بۆ جیا دەکاتەوە، لێرە ناتوانم هیچ لە ئاست گەورەی و دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەو بەڕێزانە بڵێم، لە چاو ئەو گەورەییەی ئێوە بۆ منتان کردووە، من هیچم بۆ ئێوە نەکردووە، هەر لە تورکیاوە تا هۆڵەندا دەستان گرتم و هاوکارم بوون، یەکە بە یەکە دەستەکانتان دەگوشم، چاوی هەمووتان ماچ دەکەم، تەنیا دەتوانم بڵێم کاکە هەزار سوپاس.

٢. کاک عیمران و ماڵی خاڵە جەلالم، بێگومان چاکە و پیاوەتی و یارمەتییەکانیان گرنگ بوو، بەوپەڕی فەخرەوە سوپاسگوزاریانم.

٣. کاک شێخ ئیسماعیل، لە تورکیا تا یۆنان هاوکارم بوون، ناتوانم چاکە و پیاوەتی ئەو کەڵەپیاوە کەم دیدە بگرم، جێگای ڕێز و تەقدیرە.

٤. دایک و باوک بە هیچ جۆرێک جێگرەوەی نییە، تا مردنیش قەرزداری دایکم و باوکمم، بەداخەوە ئێستا ئەوان لە ژیاندا نەماون، لەبەر ئەوە تەنیا دەڵێم خودای گەورە بە بەهەشتان شاد بکات، ئەو کاروانە ڕێگای هەموومانە، باوکە گیان و دایە گیان.

٥. خومار خانی خوشک، یەکێکی دیکە یە لە ژنە جوامێرەکان، کە بە هەموو شێوەیەک هاوکارم بوو، دەستەکانی بە گەرمی دەگوشم و چاوی ماچ دەکەم.

٦. کاک کەرخی کاک مەلا سانی کاکی هیرانێ، لەو کەسانەیە کە بووە پشتیوانێکی بەهێزی من، بە تایبەتی لە هۆڵەندا، ١٩ ڕۆژ لە لای ئەو جوامێرە مامەوە، هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێشکەش کردم، سوپاس بۆ هەڵوێست و پیاوەتییەکانت کاکە گیان.

٧. کاک موحسینی برام، کە ئاسۆی کوڕی لە ڕێگا بوو، کاک ئیحسانی برام، کە سەنگەری کوڕی لە ڕێگا بوو؛ لە یەک کاتدا سێ کەس لەو ڕێگایە بووین، هەر سێکمان لەو ڕێگایە پێویستمان بە پارەیەکی زۆر هەبوو.

٨. سوپاس بۆ کاکە دکتۆر یووسفی کوڕی مام کێخوا عەزیزی سەماقوڵی سەروچاوە، کە لە ڕێگا هاوکارمان بوو، هەم لە ڕووی داراییەوە هەمیش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لە سەر خەت بوو.

٩. کاک لوقمان قەراسنجی، یەکێک لە پێشمەرگەکانی مام زیاد خۆرانی بوو، چەند ساڵێک بە یەکەوە کارمان دەکرد، من وەک یاریدەدەری ناوبراو کاری پێشمەرگایەتیم دەکرد، لە کاتی هاتنم بۆ دەرەوەی وڵات، بێ دوودڵی بووە هاوکار و پشتیوانێکی باش، کە ناتوانم ڕۆڵی ئەو پیاوە دڵسۆزە کەم دیدە بگرم، لێرەوە تا شاری ڕانیەی ئازیز، ڕێز و حورمەتم بۆی هەیە.

١٠. کاکە هیوای مام عەلی لە ڕانیە، یەکێکی دیکەیە لە کەسە ناوازەکان، کە هاوکاری کردووم؛ چاوەکانی ماچ دەکەم.

١١. پەرژین خانی خوشکم، یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە لە ڕێگادا هاوکارم بوو، لێرەوە سوپاسگوزاری و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خۆی و منداڵەکانی دەنێرم.

١٢. لەوەیە ناوی زۆر کەســمان لە بیر کردبێت، کە لە ڕێگادا هاوکارمان بوو، لەبەر ئەوە دەڵێم: سـوپاسـی سەرجەم ئەو خزم و خۆشەویستانە دەکەم کە لەم ڕێگەیە هاوکارم بوون.

## لە دوکانێکی پیتزا کارم کرد

دوای مانگێک مانەوە لە ســـوید چوومە قوتابخانە بۆ فێربوونی زمانی ســـویدی، بەڵام بە هۆی ســـەفەرە دوورودرێژەکەم قەرزێکی زۆرم لە ســـەر بوو، واتە ناچار بووم کار بکەم، تا قەرزی ئازیزان بدەمەوە.

نزیکەی دە مانگ لە دوکانێکی پیتزا، بە ناوی پیتزای ئەستۆریا، لە شاری ئۆستۆرپ، لای کوردێک بە ناوی کاک ئەحمەد شـــێخ محێدین بەرزنجی کارم کرد، کە خەڵکی شاری کەلار بوو.

سـەرەتا مانگی بە ٥٠٠٠ کرۆنی سویدی کارم دەکرد، پاش چوار مانگ کاک ئەحمەد بەرزنجی مووچەکەی بۆ کردمە ٦٠٠٠ کرۆنی سـویدی، بەم جۆرە ئەزموونی زیاترم لە کار پەیدا کرد.

کاک ئەحمەد کوڕێکی باش بوو، بە یەکەوە بووینە هاوڕێی یەکتری، دیارە من هەر لە دوکانی پیتزای ئەستۆریا کارم دەکرد، نان خواردن و خەوتنم هەر لە ئەو دوکانە بوو، ڕۆژانی سێشەممە پشووم هەبوو، لەو ڕۆژەدا بۆ خۆ شووشتن و جل شووشتن دەچوومە ماڵی کاک هەژار، هەندێک جاریش دەچوومە پیتزای میلانۆ کە هەژار سەرپەرشتی دەکرد، لەوێ هاوکاریم دەکردن، کاک هەژار چێشتخانەیان هەبوو.

تا ئەو کاتەی سەرجەم قەرزەکانم دایەوە هەر لە پیتزای ئەستۆریا لە شاری ئۆستۆرپ، لای کاک ئەحمەد کارم کرد.

## خۆشترین هەواڵ

پاش ساڵێک و حەڤدە ڕۆژ مانەوە لە سوید، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی ١٢ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٢، خۆشترین هەواڵم لە ڕێگەی پۆستەوە پێگەیشت، ئەویش ئیقامە بوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سوید مافی مۆڵەتی نیشتەجێ بوونیان بە مندا، دوای ئەوە بە تەواوی گۆڕانکاری بە سەر ژیانمدا هات،

بەم جۆرە ژیانی من کەوتە سەر ڕێڕەوی خۆی، لەو ڕۆژەوە دەستم بە کاروانی ژیان لە سوید کرد. دوای وەرگرتنی مافی پەنابەریتی، ماڵ و شوێنی کارەکەم گواستەوە شاری هێلسینگبۆری لە باشووری وڵاتی سوید. لەوێ چوومە لای کاک ئاکۆ ئەکرەم خدر ڕەجەب، کە خەڵکی شاری هەولێر بوو، لە هەمان کاتدا کوڕێکی دیکەش لای ئاکۆ دەژیا، ناوی سیروان حەیدەر بوو، خانووەکە خانووی ئاکۆ بوو، من و سیروان لای ئاکۆ دەژیاین.

## بە ئازادی لە سوید دەژیم

ئاکۆ کاری دەکرد، منیش بە مەبەستی کار کردن لە شاری هێلسینگبۆری چوومە ڕێستۆرانت و بارێک، خاوەنەکەی ناو عەلی بوو، خەڵکی باکووری کوردستان بوو، من لەو ڕێستۆرانتە درێژەم بە کارەکانمدا، ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کارم دەکرد، بۆ هەر کاتژمێرێک ٥٠ کرۆنی سویدیم وەردەگرت، بەم شێوەیە ماوەیەک باری داراییم بەرەو باشی دەچوو.

دواتر لە شاری هێلسینگبۆری خانووی خۆم وەرگرت، خانووەکەم بچووک و یەک کەسی بوو، لە ڕاستیدا شوقە

بوو، کەوتبووە گەڕەکی کارلس گاتان، ئەو شوقەیە لە نزیکی وێستگەی شەمەندەفەری هێلسینگبۆری بوو. چەند کوردێک لەو شوقەیە دەژیان.

هەمووومان خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری بووین، سەرجەم پەنابەرە کوردەکان سەڵت بوون، واتە خێزان و منداڵمان لا نەبوو، ئێمە لە نهۆمی سێیەم، لە ڕیز یەکدی دەژیایین، کە ئەم کەسانە بووین: ئاکۆ ئەکرەم خدر، شوان مەرزان، سیروان حەیدەر، ئاسۆ ئەکرەم خدر، شێرکۆی برای، ئازاد حەمە ڕەش، هاوکار محەممەد قەمبەری، ئەحمەد لای کاک ئازاد دەژیان، هاوڕێ سماقوڵی، دەشتی قارەمان ماوەی چەند مانگێک لای من بوو، نیهاد شێخ محەممەد، گۆران شێخ محەممەد، فەرهاد شێخ محەممەد، ئەو سێ کەسە برای یەکتری بوون. هەمووومان کارمان دەکرد، جاروبار ئێواران کۆدەبووینەوە، یاری کۆنکانمان دەکرد و کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد.

ئەو ماوەیەی بە تەنیا لە سوید بووم، ئەزموونی زۆرم پەیدا کرد، هەر لە زمانی سویدی بگرە تا دەگاتە کولتوور، دابونەریت، بەڕێوەبەرایەتی کۆمۆنی شار، بانکەکان، مارکێتە بچووک و گەورەکان، شوێنی کڕینی جلوبەرگ، کەرەستەی

ناو ماڵ، بازاڕ کردن، شـــــارەزا بوو لە ناوچەکە، وەرزش، دیتنی سەر دەریا، ڕۆیشتن بە شەمەندەفەر، پاس، تاکسی، خواردنی ســـویدی، ئەو شـــوێنانەی بۆ ئێمە نامۆ بوو، کار کردن لە سوید، بەڕێوەبەرایەتی کار کردن، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس، کتێبخانە، بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران، شوێنی کڕینی تیکتی بـاخیرە، شـــەمەنـدەفەر، پـاس، مۆزەخـانە، یاریگای تۆپی پێ، مەلەوانگە، باڕ، دیسـکۆ، شـوێنی جیهازی قومار و دەیان شـــوێنی دیکەی ژیان، کە بۆ ئێمە گرنگ و پێویســـت بوون، هەڵبەت بەشـــێک لەو شـــوێنانە بۆ ئێمە گرنگ و پێویســــت نەبوون، بەڵام گرنگ بوو بزانین کە شـــوێنەکان چین و ناویان چییە. بە ماوەیەکی زۆر کەم بەو شوێنانە ئاشنا بووین کە ڕۆژانە کارمان پێی دەبوو.

قوتابخانەکانی ســـوید، کە بۆ پەنابەران تایبەت بوو، پێیـان دەگوت ئەســـەفی، هەر زوو فێری ئەلف و بێی ســـویـدییـان کردین، لە هەمـان کـاتـدا خەڵکەکـەیـان تاقیدەکردنەوە تا بزانن ئاســـتی خوێندەواری کۆچبەرەکان چەنـدە، بەگوێرەی ئـاســـتی خوێنـدەواری لـە قۆنـاغێکیـان دادەنایت.

سوید چوار یاسای بنەڕەتی هەیە، کە پێکەوە دەستوور پێکدەهێنن، ئامرازی حکومەت، یاسای جێنشینی، یاسای ئازادی ڕۆژنامەگەری و یاسای بنەڕەتی ئازادی ڕادەربڕین.

## هەندێک زانیاری گشتی لە بارەی سوید

بەشێک لە یاسا سادەکانی وڵاتی سوید، کۆمەڵێک یاسایی زۆر جوانی تێدایە، ئەو یاسایە لە هەموو خاکی ئەو وڵاتە ڕەنگی داوەتەوە، لە جێبەجێ کردندا بۆ هەموو خەڵکی دانیشتووی سوید وەک یەکە.

١. سوید هاوکاری دارایی پێشکەشی هەموو خانەوادەیەک دەکرد، کە مافی پەنابەری وەربگرتایە، یارمەتی ئەو پەنابەرانەشیان دەدا، کە مافی پەنابەریەتییان وەرنەدەگرت، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز.

٢. ئەگەر منداڵی کەمتر لە پێنج ساڵەت هەبووایە، دەنێردرایە دایەنگە، کە بوونە شەش ساڵ دەچوونە پێش قوتابخانە، بە مەبەستی گوێ گرتن، کە بوونە حەوت ساڵ دەچوونە قوتابخانە.

٣. به زوویی ژن و پیاو قوتابخانەیان بۆ دیاری دەکرا، تا به زوویی فێری زمانی سـویدی بن، ئەمەش مانای وایه زووتر دەچوویه سەر کار، بەم شێوەیه پشتت به خۆت دەبەست، ئیدی کۆمۆنی ئەو وڵاته هاوکاری دارایی نەدەکردیت.

٤. ژنی دووگیان له کاتی منداڵ بووندا، تەنیا یەک ساڵ دەیتوانی پارەی دایکایەتی وەربگرێت، پاشان دەبوو ئەو ژنه چووبایەوه سەر کار.

٥. کاتێک منداڵ دەبووه یەک ساڵ، یەکسەر دەنێردرایه دایەنگه، تاکوو دایکەکه بگەڕێتەوه سەر کارەکەی.

٦. ئەگەر پیاوەکه به شێوەیەکی بەردەوام کاری سپی بکردایه، تێچووی ژیان پەیدا نەدەبوو، لەبەر ئەوه دەبوو ژنیش هاوشێوەی پیاو کار بکات، تا بتوانن ژیانێکی مسۆگەر دەستەبەر بکەن.

٧. ڕۆژانەی کار کردن له ڕۆژێکدا هەشت کاتژمێر بوو، دەبووایه له هەفتەیەکدا ٤٠ کاتژمێر کار بکەیت.

٨. پیاو و ژن لە ژیان و بۆ بەڕێوەبردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانە هاوبەشـن، لەبەر ئەوە دەبووایە هەردووکیان کاریان بکردایە.

بەگوێرەی ئاماری سـاڵی ٢٠٢٣ دەریدەخات کە چڕی دانیشـتووانی سـوید نزیکەی ١٠٥٥٥٤٤٨ دە ملیۆن و پێنج سـەد و پەنجا و پێنج هەزار و چوار سـەد و چل و هەشـت کەسە.

سـویـد کەوتووەتە باکووری کیشـوەری ئەورووپا و کەوتووەتە چوارچێوەی وڵاتانی ئەسـکەندەناڤیا. ئەو وڵاتە خـاوەن دارسـتـانێکی بێ وێنەیـە، یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە تایبەتی بە سـامانی دار، ژینگەی سـوید یەکێکە لە ژینگە جوان و خـاوێنەکـانی وڵاتـانی جیهـان، هەروەها چەندین دەریاچە و ڕووباری فراوانی لەخۆگرتووە.

## لە دیمەشقەوە بۆ هەولێر

مرۆڤ تا لە ژیاندا بێت، خۆشـی و ناخۆشـی دەبینێت، هەوراز و نشـێوی دێتە ڕێگا، بەڵام گرنگ ئەوەیە کۆڵ نەدەیت و بەردەوام بیت، کاروانی ژیان ئەزموونی زۆرت فێر دەکات.

پاش وەرگرتنی ئیقامە بڕیارمدا بگەڕێمەوە زێدی لە دایک بوونم، تا بە دیدەنی دایک و خوشک و براکانم شاد ببمەوە، پاش سێ ساڵ و حەوت مانگ دابڕان لە ئازیزانم، ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣، لە ڕێگای فڕۆکەخانەی کۆبنهاگن لە دانیمارک بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشق گەشتم کرد.

کاتێک گەیشتمە دیمەشق یەکسەر چوومە باڵیۆزخانەی سوید لە شاری دیمەشق، یەکسەر کاتێکمان بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ گەلاوێژی هاوسەرم دیاری کرد، ئیدی ڕێککەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤یان بۆ چاوپێکەوتنی گەلاوێژ دەست نیشان کرد، ئەمە کارێکی گرنگ بوو، دەبووایە ئەنجامی بدەم.

دواتر چوومە وێستگەی پاسەکانی شار، بلیتم بۆ شاری قامیشلۆ کڕی، ڕێگای نێوان دیمەشق و قامیشلۆ ٧٠٤ کیلۆمەتر بوو، بە ئۆتۆبۆس ٩:٣٩ خولەک بوو.

لە شاری قامیشلۆوە چوومە سەر سنووری نێوان سووریا و عێراق، لە شارۆچکەی ڕەبیعەوە چوومە ناو خاکی عێراق، هەر لە شارۆچکەی ڕەبیعەی سەر سنوور تاکسییەکی تایبەتم (خسوسی) بۆ هەولێر گرت، کاتژمێر

١٢:٤٠ خولـەکی ڕۆژی هەینی، لـە کـاتی نوێژی هـەینی گەڕامەوەماڵەوە و بە دۆســت و ئازیزان و نیشـتمانم شـاد بوومەوە.

## لە هەولێری پیرە قەراتێ

ئەگەرچی بە خزم و کەسوکار و ئازیزانم شاد بوومەوە، بەڵام بەداخەوە گیانلەدەستدانی باوکم بۆ من زۆر ناخۆشـی بوو، لەو سـەردانە نەمتوانی بە دیدەنی باوکم شـاد ببمەوە، چونکە ئەو کاتەی لە سـوید بووم، کۆچی دوایی کرد. تەنیا ئەوەم پێکرا کە بچمە سـەر گۆڕەکەی و دوعـای خێر و گریان و هەناسـەی قووڵی بۆ هەڵکێشـم، کە بە ڕاسـتی جێگای ئاخ هەڵکێشان بوو.

کێخوا عەبدەی سماقوڵی، هەم باوکم بوو، هەم هاوڕێم بـوو، چـونکە بە بەردەوامـی ئـامـۆژگـاری دەکـردم؛ بە ڕێنماییەکانی خۆشـحاڵ دەبووم، باوکم هەم لە سـماقوڵی سەروچاوە و هەم لە ناوچەکە مێژوویەکی جوانی بۆ خۆی و بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.

ئەو سەردان و گەڕانەوەیە نزیکەی سێ مانگی خایاند، بۆ من خۆشـی و ناخۆشـی تێدا بوو، چونکە منداڵەکانم،

ڕێژینی تەمەن شەش ساڵ و ڕێناسی تەمەن چوار ساڵ ئیقامەیان بۆ دەرچوو، بەڵام گەلاوێژی هاوسەرم ئیقامەی بۆ دەرنەچوو.

## گەڕامەوە سووریا

ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی ١٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ گەلاوێژ، خومار خانی خوشکم، ڕێژین و ڕێناس چووینەوە شاری قامیشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان، شەوێک لەو شارەماینەوە، پاشان چووینە دیمەشق، لەوێ چووینە گەڕەکی مەساکین بەرزە، کە کوردی زۆر لێبوو، لەو شارە خانوویەکمان بە کرێ گرت و چەند ڕۆژێک لەو شارە ماینەوە.

ئەو چەند ڕۆژە لە دیمەشق زۆر گەڕاین، کارەکانی خۆمان جێبەجێ کرد، لیزە پاسی ڕێژین و ڕێناسم لە باڵیۆزخانەی سوید لەو شارە وەرگرتەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی کانوونی دووەم، جارێکی دیکە چووینەوە باڵیۆزخانەی سوید بە مەبەستی چاوپێکەوتنی گەلاوێژ، خۆشبەختانە لە چاوپێکەوتنەکە سەرکەوتوو بوو.

ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەم، من و ڕێژین و ڕێناس چووینە سوید، گەلاوێژ و خومار خانی خوشکم گەڕانەوە هەولێر.

## به دوو منداڵەوە له سوید!

به گەڕانەوەم بۆ شاری هێلسینگبۆری له باشووری سوید، ئەرکم نەختێک گران بوو، چونکه ماوەی شەش مانگ منداڵەکان به تەنیا لای من بوون، نەمدەتوانی کار بکەم، تەنیا خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکان بووم، خۆشبەختانه پاش بیست ڕۆژ منداڵەکان باخچەی ساوایانیان بۆ دەرچوو، ڕۆژانه هەموو بەیانیان منداڵەکانم دەبردە باخچەی ساوایان و دوای نیوەڕۆش منداڵەکانم دەهێنایەوە ماڵ.

دەبێت ئەوەش بڵێم: بەرپرسێکم له شارەوانی هێلسینگبۆری هەبوو، ناوی ئەنیکه بوو، ژنێکی زۆر باش بوو، ڕێگای پێدام تا گەشت بۆ کوردستان بکەم و منداڵەکان لەگەڵ خۆم بهێنمه سوید، لەبەر ئەوە کرێی ئەو ئەو سێ مانگەی خانووی بۆ خەرج کردبووم که له کوردستان بووم، جێگای سوپاس و دەستخۆشییه.

نزیکەی پێنج مانگ و دە ڕۆژ لەگەڵ منداڵەکان بە یەکەوە بووین، خۆشــــبەختانە گەلاوێژی هاوژینم ئیقامەی وەرگرت، جارێکی دیکە خومار خانی خوشــــکم و گەلاوێژ ڕێگای ســــووریا و دیمەشــــقی پایتەختیان گرتەوە بەر، پێشــتریش کاک موحســین و نەســرین خان و ســەرگوڵی خێزانی ئاســۆ چووبوونە دیمەشــق، لەو شــارە هەموویان بە یەکتری شاد بوونەوە.

## بە گەلاوێژ شاد بوومەوە

ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٤، گەلاوێژ و سەرگوڵ خانی هاوژینی ئاسۆی برازام بە یەکەوە لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە هاتنە فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە ستۆکهۆڵم.

ڕۆژی شـــەممە، لە ماڵی محەممەدی مامە ســـابیرم مانەوە، ڕۆژی یەکشـــەممە گەلاوێژ و ســـەنگەری کاک ئیحســـانی برام لە ســـتۆکهۆڵمەوە بە پاس هاتنە شـــاری هێلسینگبۆری.

ئەو ڕێگـایە ٥٥٦ کیلۆمەترە، بە پـاس نزیکەی ٨:٥٠ خولەکە، کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گەیشــتنە

شـــاری هێلســـینگبۆری، ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە ڕۆژێکی تایبەت بوو، من و گەلاوێژ و ڕێژین و ڕێناس لەو شـــارە جوانە بە یەکتری شاد بووینەوە.

بۆ هەموومان دابڕان وشـەیەک و هەسـتێکی ناخۆشـە، بە تایبەتی هاوسـەر و ڕۆڵەکان و کەسـە خۆشـەویسـتەکان، دابڕانم لە دایک، باوک، هاوســـەر، منداڵ، خوشـــک، برا، هاوڕێ و کەســـە خۆشـــەویســـتەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، هەســـتەکانی زۆر ناســـک کردم، غوربەتی و دووره وڵاتی ڕووی تێکردم، بەڵام هاوڕێی بە وەفا و دۆســـتی باش و ڕەوەنـدی کوردی لە دەرەوەی وڵات، تـا ڕادەیـەک ئـەو بۆشاییەیان بۆ پڕ کردمەوە.

لە لایەکی دیکە حکومەت و شارەوانی و مامۆستاکانی وڵاتی ســـویـد، بە تەواوەتی خەمەکـانی ڕابردوویـان بۆ ڕەواندمەوە، تا ئەو چرکە ساتەش چاکە و پیاوەتی سـویدم لـە یادە، ئـەوەی ســـوید بۆ من و هەزارانی وەک منیـان کردووە، بێ وێنەیە، کە ناتوانین بە نووســـین پاداشـــتیان بدەینەوە.

سوید نیشتمانی دووەمی دایکە، چوار منداڵم لەو وڵاتە لەدایکبوون، خۆم و خانەوادەکەم نزیکەی نۆزده ســـاڵ لە

وڵاتی سوید ژیانمان بەڕێکرد، دیارە ئێمە هەموومان خاوەن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەین. تا ئێســــتاش بە بەردەوامی بە پاســپۆرتی ســوید گەشــت بۆ کوردســتان و وڵاتانی جیهان دەکەم، لەبەر ئەوە دەڵێم: ســوید شــوێنی هەموو خۆشــی و جوانییەکانە.

## گەشتێکی سێ قۆڵی

لە مــانگی تەمووزی ســــــاڵی ٢٠٠٣ من و دلێر عەبدولواحێد و دیار قادر بە یەکەوە گەشتێکی سێ قۆڵیمان بۆ ئەڵمــانیــا و هۆڵەنــدا کرد، دیــار لە نەرویج و دلێر لە دانیمارک دەژیان، منیش لە سوید بووم.

دیار و دلێر هاتنە لای من لە شاری هێلسینگبۆری لە باشــووری ســوید، چونکە من لە ناوەڕاســتی هەردووکیان بووم، هەر سـێکمان بە یەکەوە گەشـتمان دەسـت پێ کرد، من مۆڵەتی شۆفێریم نەبوو، بەڵام شارەزای نەخشـەی ڕێگا بووم، بەڵام دلێر و دیــار مۆڵەتی شـــۆفێرییــان هەبوو، هەردووکیان بە نۆبەت شـــۆفێرییان دەکرد، منیش بوومە ڕێنیشــاندەر، بەم جۆرە بۆ یەکەم جار بە ئۆتۆمبێلی خۆمان گەشتی ئەورووپامان کرد.

ئەو کاتە (GPS) نەبوو، تەنیا پەرتووکێکی گەورەی نەخشـــەی ئـەورووپـا و جیهـانمـان لابوو، من لـە ڕێی نەخشـەکەوە ڕێگام دیاری دەکرد، دلێر و دیاری بە نۆبەت شۆفێریان دەکرد، چونکە ڕێگاکە دوور بوو.

گەشـتەکەمان لە شـاری هێلسـینگبۆری لە باشـووری وڵاتی سـوید دەسـت پێ کرد، لە شـاری هێلسـینگبۆری بە ئۆتۆمبێل لە ڕێگای کەشتی پەڕینەوە بۆ شاری هێلسینگۆری لە دانیمارک، ئەو ڕێگایە بە کەشـــتی نزیکەی بیســـت خولەک بوو.

## دوو وڵات و یەک دەریا

بە ئۆتۆمبێل وڵاتی دانیمارکمان تێپەڕاند، تا گەیشـتینە دەریای باڵتیک، ئەو دەریایە ســـنووری نێوان دانیمارک و ئەڵمانیا لێک جیا دەکاتەوە. بە کەشـــتی ڕێگای ئاوی نێوان دانیمـارک و ئەڵمـانیـامـان بـە کـاتژمێرێـک و چـل و پێنج خولەک بڕی، چەندین کەشـــتی لە دەریا کار دەکەن، ئەو کەشـتییەی ئێمەی گواسـتەوە ناوی سـکاندلاین کەشـتی هایبرید (Scanlines Hybrid Ferry) بوو.

سەرەتا گەیشتینە سنووری شاری هامبۆرگ، ئەو شارە کەوتووەتە باکووری ئەڵمانیا، ماڵی خۆشەویستێکمان بە ناوی کامەران کەریم ڕەزا لەو شارە بوو، ئێمەش چووینە ماڵیان و دوو ڕۆژ لە شاری هامبۆرگ لە ماڵی ناوبراو ماینەوە، شاری هامبۆرگ یەکێکە لە شارە جوان و گەورەکانی باکووری ئەڵمانیا.

## وڵاتی گوڵ

دوای دوو ڕۆژ شاری هامبۆرگمان بەجێ هێشت، ڕێگای ٥٠٠ کیلۆمەترمان بە پێنج کاتژمێر و چل و حەوت خولەک بڕی و گەیشتینە شارە جوانەکەی دێلفت لە هۆڵەندا.

لەوێ چووینە ماڵی هاوڕێیەکی خۆشەویستمان بە ناوی شەفیق شەمسەدین، ئەو کاتە کۆردۆ عوسمان لەگەڵ ناوبراو دەژیا، کاکە نەهرۆ شەمسەدینی برای کاکە شەفیق هەر لەو شارە دەژیا و بە دیدەنی ئەویش شاد بووینەوە و دڵخۆش بووین.

هۆڵەندا یەکێکە لە وڵاتە جوان ڕازاوەکانی جیهان، کە ناوبانگی بە وڵاتی گوڵ دەرکردووە، لە هۆڵەندا چەندین شار

گەڕاین، وەک: ئەمستردام، ڕۆتەردام، لاهای، دێلفت و چەندین شار و شارۆچکە دیکەمان بینی. یاریگای تۆپی پێ، مۆزەخانە، سینەما، پارکە جوانەکان، گوڵە ڕەنگاوڕەنگە ناوازەکان، جامخانە سەیر و سەمەرەکان، کولتوور، جلوبەرگی نەتەوەیی وڵات، زمانییان، شایی و هەڵپەڕکێی جیاواز، سواڵ کردن لە ڕێگەی ژەنینی ئامێری مۆسیقاوە، قوفڵی خۆشەویستی سەر شەقامەکان و دەیان شتی دیکەمان بینی، کە هەندێکیان بۆ ئێمە زۆر نامۆ بوو، نزیکەی هەفتەیەک لە وڵاتی جوان و دڵڕفێنی هۆڵەندا ماینەوە، لەوێش بە دیدەنی چەندین دۆست و خۆشەویست شاد بووینەوە.

## لەگەڵ خوناو لە ئەڵمانیا یەکمان بینییەوە

پاشان گەشتەکەمان بۆ شاری نورمبێرگ لە ئەڵمانیا درێژە پێدا، لەو شارە چووینە ماڵی کاک ئارام و هاوسەرەکەی، کە ناوی خوناو خان، بوو کچی کاک موحسینی برام بوو، لە پێشوودا باسم لە کاک ئارام و خوناو خان کردووە.

دوو ڕۆژیش لەو شـــارە ماینەوە، ســـەردانی شـــاری میونشـــن و بەشـــێکی زۆری هەرێمی باڤاریامان کرد. بە هەمان شێوەی وڵاتی هۆڵەندا زۆر شتی جوان و جیاوازمان بینی.

لە لایەکی دیکەوە سەردانی کاکە کارزانمان کرد، کە ناســـیاوی کاک دیاری هاوڕێمان بوو، لە وڵاتی ئەڵمانیا چەندین شار و شارۆچکە گەڕاین، لەوانە: هامبۆرگ، برێمن، هانۆڤەر، دۆرتمۆند، دوسێلدۆرف، شتوتگارت، ستراسبۆرگ، ئاوگسبۆرگ، نورنبێرگ، میوشن، مانهایم و فرانکفۆرت.

ئەو گەشتە سێ قۆڵییە بۆ ئەڵمانیا و هۆڵەندا، نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، لەزەتێکی خۆشـــمان لەو گەشـــتە وەرگرت. پاش گەشـــتەکەمان گەڕاینەوە وڵاتی خۆمان و کۆتاییمان بە گەشتەکە هێنا.

## شارەکەم: هێلسینگبۆری

سەرەتا لە هێلسینگبۆری لە باشووری سوید دەژیام، بۆیە پێم خۆشە بە کورتی باسی ئەو شارە جوانە بکەم.

- ســاڵی ١٠٨٥ بۆ یەکەم جار وەک شــارۆچکەیەک باسـی لێوە کراوە، لە سـەدەکانی ناوەڕاستدا گرنگی

سەربازی و سیاسی ستراتیژی زۆری هەبووە، چونکە قەڵای بەهێزی تێدایە، ئەمەش خاڵێکی گرنگ بووە.

- ساڵی ١٦٥٨ شاری هیلسینگبۆری لە لایەن سویدەوە ئازاد کراوە، ئەو کاتە لە لایەن دانیمارکەوە داگیر کرا بوو، دواتر بۆ چەندین جار شاری هیلسینگبۆری لە لایەن دانیمارکییەکانەوە وێران کراوە، چونکە تا سەرەتای سەدەی ١٨ شەڕی نێوان سوید و دانیمارک هەر هەبوو.
- شاری هێلسینگبۆری لە ڕووی سروشتەوە زۆر جوانە، ئەگەرچی لە وەرزی پاییزان ڕەشەبای زۆر ڕووی تێدەکات، بەڵام لە وەرزی زستاندا کەمتر بەفری لێ دەبارێت، لە چاو شاری ستۆکهۆڵم و ناوەڕاست و باکووری سوید.
- شاری هێلسینگبۆری کەوتووەتە باشووری سوید لە هەرێمی سکۆنێ، ساڵی ٢٠٢٣ چڕی دانیشتووانی بە ١٥١٣٠٦ سەد و پەنجا و یەک هەزار و سێ سەد و شەش کەس خەمڵێنرا.

- هێلسینگبۆری شارێکی سەر سنووری دانیمارکە؛ شارێکی کەنار دەریایە، ئەو شارە ڕێگای وشکانی بۆ دانیمارک نییە، تەنیا لە ڕێگای باخیرەوە دەتوانی سەردانی شارەکانی دانیمارک بکەیت، دووری نێوان شارەکانی هێلسینگبۆری سوید و هێلسینگیۆری دانیمارک بە باخیرە، تەنیا ٢٢ خولەکە.
- شاری هێلسینگبۆری یەکێکە لە شارەوانییەکانی هەرێمی سکۆنێ، شارێکی کۆنی سویدە، زیاتر بە کەنار ئاوەکانی ناوبانگی دەرکردووە، شارێکی گەشتیاری سەرنجڕاکێشە، لەگەڵ دانیمارک هاوسنوورە، ئەو دەریایە دوورودرێژە، بەڵام زۆر بەرین نییە، بە باخیرە تەنیا ٢٢ خولەکە، لە سویدەوە زۆر بە ئاسانی شار و گوندەکان و خاکی دانیمارک دەبینرێت.

## له هێلسینگبۆری بۆ ستۆکهۆڵم

دوای ئەوەی مامۆستا جەمال بڕیاریدا کە بەرپرسی کۆمیتە دەبێت ماڵی لە ستۆکهۆڵم بێت[1]، بە ناچاری ماڵم گواستەوە، هەرچەندە هیچ بەرنامە و پلانێکی ماڵ گواستنەوەم نەبوو، دیارە هەموو ئەو بڕیارانە هەنجەتی ململانێی سیاسی باڵەکانی ناو یەکێتی بوو، بەڵام من بڕوای تەواوم بە خۆم هەبوو، بۆ جێبەجێ کردنی هەموو کارێک.

ئەگەرچی کارێکی ئاسان نییە لە دەرەوە بگەڕێیت و خانوو بدۆزیتەوە، چونکە بۆ دۆزینەوەی خانوو و ئەو جۆرە کارانە دەبێت ماوەیەکی درێژ لە چاوەڕوانیدا بیت، تا خانووت دەست دەکەوێت، بەڵام بە بێ بەرنامەی پێشوەختە ماڵمان گواستەوە ستۆکهۆڵم.

ئەو کاتە محەممەدی ئامۆزام دەیویست بگەڕێتەوە کوردستان، منیش قسەم لەگەڵ کرد تا خانووەکەی بە من بدات، هەر بە قسە نیمچە ڕێککەوتنێکمان کرد، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی یەکی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٧، کاک عومەر، کە خەڵکی زەڕایەن بوو، لە شاری هێلسینگبۆری دادەنیشت، کاری سەوزە فرۆشی دەکرد، ئۆتۆمبێلێکی

(١) وردەکاری ئەم بابەتە لە بەشی پێنجەمدا باس کراوە.

گەورەی بۆ ناردم، عیماد کوڕێکی ئێزدی بوو لەگەڵ شێخ نیهاد، بە یەکەوە ماڵەکەمان بار کرد و ڕێگای دوورودرێژی نێوان هێلسینگبۆری و ستۆکهۆڵممان گرتە بەر، کە شەش کاتژمێر و ٣٨ خولەک بوو، ئێمە ١٥ ڕۆژ بێ خانوو بووین، هەر لەو و لەم ماڵە خزم دەسووڕاینەوە.

نزیکەی ١٥ ڕۆژ لە ماڵی ئاسۆی برازام و کاک تەهای حاجی خدر دەربەندی ماینەوە، بەڵام کاک محەممەدی ئامۆزام زوو لە خانووەکە پەشیمان بووەوە و لەو خانووە بەخت یاوەرمان نەبوو.

لە پێشتر گوتم: هاوڕێ و خزم و برادەر لە کاتی تەنگانە تاقیدەکرێتەوە، کاک تەها حاجی خدر دەربەندی یەکێکە لەو هاوڕێ و کەسانەی کە مرۆڤ دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت، چەند ڕۆژێک لە ماڵی ناوبراو ماینەوە، کاک تەها تەلەفۆنی بۆ کاک حاجی عومەر کرد، ئەو کاتە ماڵی لە نێسبی پارک بوو، گوتی: من لەو خانووە دەڕۆم، ماڵی ئاوا بێت، بەڵێنی پێدایین کە خانووەکەمان بداتێ، خاوەنی خانووەکە عەرەبێکی میسری بوو، ناوی محەممەد بوو، بە ئەبوو ئەحمەد بانگیان دەکرد، چونکە کوڕەکەی ناوی ئەحمەد بوو، ئیدی دەرگای بەختمان بۆ کرایەوە، ئەو

خانووەی نێسبی پارک و ئەبوو ئەحمەدمان بە نسیب بوو. چوومە لای ئەبوو ئەحمەد و ڕێکەوتنمان کرد، ڕۆژی ١٥ی تەمموز چووینە ناو خانووەکە لە ناوچەی نێسبی پارک لە شارەوانی تێبی، کە ناوچەیەکی خۆش بوو، بە شارەوانی مۆدێرنەکان ناوبانگی دەرکردبوو.

شاری ستۆکهۆڵم و ئەو خانووە بۆ ئێمە زۆر بە بەرەکەت بوو، خودای گەورە چوار منداڵی لەو خانووە پێ بەخشین، ماوەیەکی درێژ لەو خانووەماینەوە.

لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ١٥ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧ چووینە ناو خانووی ئەبوو ئەحمەد، تا ڕۆژی سێشەممە، ڕێککەوتی سێی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، نزیکەی ١١ ساڵ و پێنج مانگ و هەژدە ڕۆژ لە خانووی ئەبوو ئەحمەد ماینەوە. دوا جار ماڵئاوایيمان لێکرد و هاتین بۆ مانچێستەر لە ئینگلتەرا.

## سەبارەت بە ستۆکهۆڵم

شارەوانی تێبی یەکێکە لە شارەوانییە خۆشەکانی ستۆکهۆڵم، مۆڵێکی گەورە و سەرنجڕاکێشی لێیە، ئەو مۆڵە نزیکەی ٢٦٠ دوکانی جۆراوجۆری تێدایە، پارکێکی سێ

نهۆمی بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی تێدایە، سـینەما، چێشـتخانە، یاری منداڵان، مارکێت، کافتریا و چەندین شـوێنی دیکەی لەخۆگرتووە.

ستۆکهۆڵم دیمەنێکی جوان و سـەرنجڕاکێشـی هەیە، وێستگەی شەمەندەفەری شارەکە دیزاینێکی ناوازەی هەیە، سـتۆکهۆڵم بە تونێل بانە ناوبانگی دەرکردووە، سـێ هێڵی ڕەنگاوڕەنگ لەخۆدەگرێت، هێڵەکان وا کێشـراون کە کار ئاسـانی زۆر باش بۆ گەشـتیاران دەکات، هێڵەکان ڕەنگی سـەوز، شـین و سـوورن، تێکڕای ڕێگاکان حەوت سـایدە، سـەرجەم ڕێگاکان بە ناوەندی شـاردا تێدەپەڕن و کۆتاییەکانیان جیاوازە، هەر سێ هێڵەکە لە ناوەڕاستی شار یەکتر دەبڕن، تونێل بانەی سـتۆکهۆڵم بە درێژترین گەلەری هونەری جیهان ناوزەند کراوە، ئەو تونێل بانەیە کارێکی هونەری زۆر جوانی تێدا کراوە، پەیکەری جۆراوجۆر، پێکهاتەی بەردەکەی، تابلۆکانی ناوەوەی، ڕووناکی و نەخشاندن و نیگارکێشانەکەی، لە لایەن زیاتر لە ١٥٠ هونەرمەندەوە دروست کراوە.

ستۆکهۆڵم چەندین شوێنی سەرنجڕاکێش و بەناوبانگی هەیە، لەوانە: مۆزەخانە و پارک و بینا. لێرەدا بەشێکیان باس دەکەم.

مۆزەخانەی ڤاسا، مۆزەخانەیەکی بەناوبانگە، کە کەشتی ڤاسای تێدایە، بە دار نەخشێنراوە و داپۆشراوە، چیرۆکی بنەماڵەی شاهانەی سوید دەگێڕێتەوە.

مۆزەخانەی ئابا: ڕێزلێنانێک بۆ تیپی (ئەی، بی، ئەی)، کە دیسک و پلاتفۆرمی زێڕین و یادگارییەکانی تێدایە.

هۆڵی شارەوانییەکانی ستۆکهۆڵم: بینایەکی بەناوبانگە، کە نووسینگەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی تێدایە، بە هۆڵەکانی ڕێوڕەسم ناسراوە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی زۆر هونەری دروست کراوە.

کۆشکی شاهانە شوێنێکی گەشتیاری بەناوبانگە، کە لە سەرەتای سەدەی ١٨دا لە سەر شوێنی قەڵایەکی پێشوو دروست کراوە.


ستۆکهۆڵم چەندین شوێنی ناوازەی تێدایە؛ چەندین شوێنی جوان و جیاواز لەو شارە دەست نیشان دەکەین، هەڵبەت ئەمە بەشێک لە شوێنەکانە:

T- centralen, Kungliga Djurgården, Stockholm City Hall , Stortorget, Gröna Lunds Tivoli, Globen Skyview, Fjällgatan, Drottninggatan, Järnpojken, S:ta Clara kyrka, Mårten Trotzigs gränd, Katarinahissen, Vinterviken, Stockholm Entdecken, Sergels Torg, Biblioteksgatan, Karl XII staty Kungsträdgården, Kungsgatan, Sveavägen, Hötorget.

ستۆکهۆڵم چەندین شارەوانی تێدایە، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین شارەوانییەکانی ستۆکهۆڵمە.

Järfälla kommun, Huddinge kommun, Botkyrka kommun, Haninge kommun, Tyresö kommun, Danderyds kommun, Sollentuna kommun, Stockholms kommun, Nacka kommun, Sundbybergs kommun, Solna kommun, Täby kommun, Södertälje kommun, Norrtälje kommun.

سوید وڵاتێکی مەلەکییە، خاوەن مەلیکی خۆیانن، بەڵام وڵاتێکی پەرلەمانییە و لە چەندین پارتی سیاسی پێک دێت، پەرلەمانەکەیان خاوەنی ٣٤٩ کورسییە، هەشت پارتی سیاسی و دوو ئەندامی سەربەخۆ لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە بەشدارن، کە بۆ پێک هێنانی حکومەت بە سەر سێ گرووپ دابەش بوون، کە بریتین لەم پارتانە:



ژمارەی کورسیەکان
349
گرویە سیاسییەکان
حکومەت (103)
میانڕەوەکان (68)
دیموکراتە مەسیحییەکان (١٩)
لیبراڵەکان (16)
پارتی پشتیوانی (73)
دیموکراتەکانی سوید (72)
بێ حزب (1)
ئۆپۆزسیۆن (173)
سۆسیال دیموکراتەکان (106)
پارتی چەپ (24)
ئاهەنگی ناوەند (24)
پارتی سەوز (18)
بێ حزب (1)

## ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەی کورددا

زۆر هەوڵم داوە تا لە مێژووی ڕاستەقینەی ئێزدییەکان تێبگەم، چونکە ئەوانیش بەشـــێکی گرنگی دانەبڕاوی گەلی کورد پێک دەهێنن. من لە شاری هێلسینگبۆریی سوید، لە ڕێککەوتی ٢٠ی نیسـانی سـاڵی ٢٠٠٣ تێکەڵ بە ژیانی برا ئێزدییەکان بووم، زۆربەیانم ناسیوە، پەیوەندی باشم لەگەڵ دروســـــت کردوون، ئەو پەیوەندییە تا ئێســـــتاش هەر بەردەوامە. لەو نێوەدا تێکەڵاوی خێزانیم لەگەڵ زۆربەیان دروست کردووە و زۆر پرسیارم لێ کردوون.

حەزم کردووە ئاشـــــنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەم، تا لە مێژووی برا ئێزدییەکان تێبگەم، ئەوەندەی هەســـــتم پێ کردووە برا ئێزدییەکان لە مێژووی خۆیاندا چەوسێندراونەوە و غەدری زۆریان لێکراوە، ئەگەرچی لە شـۆڕشـەکانی گەلی کوردســـــتاندا هەوڵ دراوە، توانراوە ئەم گەلە ڕەســـــەنە بە زیندووی بمێننەوە، بەڵام خۆشـــــیان زۆر خۆڕاگر بوون بۆ پاراســـتنی دابونەریت و کولتوور و ئایینی خۆیان، چونکە لە ناو خێزانـەکانیـان زمـانی شـــــیرینی کوردی و کولتوور و دابونەریتی خۆیان لە دەست نەداوە.

گەلان خۆیان خاوەنی مێژووی ڕاستەقینەن، هەرچەندە لە زووەوە بە حوکمی دەسەڵاتداریەتی دەستە و تاقم و چینی زۆردار هەڵە و قسەی هەڵبەستراو بەپێی حەزی ئەوان خزێنراوەتە ناو مێژووەوە، بەڵام هێندەی نەبردووە ڕووی ڕاستەقینەی مەسەلەکان لە لایەن گەلانەوە خراوەتە ڕوو.

کاتێک مێژوو بکەوێتە بەر دەستی تاقمی دەسەڵاتدار بە ئارەزووی خۆیان مێژووەکە دەستکاری دەکەن و دەیشێوێنن، چی لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت تۆماری دەکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی گەل خۆی خاوەنی ڕاستەقینەی مێژووە، ئەگەر بۆ ساتێکی کورت و لە ئەنجامێکی دەسەڵاتێکی کاتییەوە مێژووەکەی بشێوێنرێت، ئەوا لە داهاتوودا ڕاستییەکان لە لایەن گەلەوە دەخرێنە بەرچاو و جێگای خۆیان لە مێژووی دێرینی نەتەوەی خۆیان دەکەنەوە، وەک و گوتم ڕاستییە مێژووییەکان لە لایەن ئیرادەی گەلان دەچەسپێنرێت، نەک تاقم و دەسەڵات.

ڕاستە لە شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بۆ یەکەم جار گوترا عەرەب و کورد لە عێراق بەشدارن، بەڵام لەو کاتەدا کاربەدەستان ڕایانگەیاند کە کورد لە سەر نیشتمانی

عـەرەب میوانـە، ئـەگـەرچی لـە زۆر ڕووەوە دوژمنـان و داگیرکەرانی گەلی کورد لە هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕیزەکانی گەلەکەمان. دیارە نەخشـــەی وڵاتەکەمان و پێکهاتەی میللـەتـەکـەمـان چـەنـدین نـەتـەوە و چـەنـدین ئـایین لەخۆدەگرێت، بۆیە زۆر پێویســـتە حکومەتی کوردســـتان ئەزموونێکی باش لە حکومەتەکانی ڕابردوو وەربگرێت و گرنگی زیاتر بە نەتەوە و ئایینەکانی دیکە بدات، بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ئێمە بێزار نەبن، کە وەک چۆن ئێمەی کورد لە حکومەتەکانی ڕابردوو بێزار بووبووین، چونکە ئێســتا برا ئێزدییەکان لە نیشتمانی دایک لە کوردستان دەژین، حەق وایـە زیـاتر ئـاوڕیـان لێ بـدرێتـەوە، لـە ڕوانگـەی ئـایینی و نەتەوەییەوە کاریان بۆ بکرێت، چونکە مافێکی ســـروشـــتی خۆیانە و گەلێکی دانەبڕاوی خاکی کوردستانن.

## ئەڵمانیا، نورمبێرگ

شـــاری نورمبێرگ بە هونەر دەوڵەمەندە، لە مێژە ئەو شـــــارە بە ســـــندووقی گەنجینەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا ناســـــراوە، پارچەکانی لەو شـــــارە هەڵگیراون، بریتییە لە جلوبـەرگی ئیمپراتۆریـەتی ڕۆمـانی پیرۆز و گـەنجینـەکـانی

دیکەی شـــار، وەک چادرگەی کڵێســـای گەورەی ســـانت لۆرێنس، هەروەها هەموو شـــووشـــە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو کڵێسایە.

نورمبێرگ شارێکی جوانی ئەڵمانیایە، ماڵی کاک ئارام و خوناو خانی کاک موحســـینی برام لەو شـــارە دەژین. ئێمەش بـــە خێزانێکی حەوت کەســـییـــەوە لـــە ڕۆژی یەکشـەممە ڕێککەوتی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١ بە گەشتێکی خێزانی چووینە شاری نورمبێرگ لە ئەڵمانیا.

ماوەی دوو هەفتە لە شـــاری نورمبێرگ ماینەوە، لەو سەردانە چەندین شوێن گەڕاین، هەر لەو شارە ماڵئاواییمان لە ساڵی ٢٠١١ کرد، پێشوازی سەری ساڵی ٢٠١٢مان لە شاری نورمبێرگ کرد.

ڕۆژی یەکی کانوونی دووەمی سەری ساڵ؛ ڕۆژی سێی هەمان مانگ ڕۆژی لە دایک بوونی کاکە ڕێبین و ڕێژین خان بوو، لە ماڵی کاک ئارام ئاهەنگێکی خنجیلانەمان بۆ دروست کردن، کە منداڵەکان هەموویان دڵیان خۆش بوو.

لەو سـەردانەمان چووینە شـاری میونشـن، سـەنتەری شار، مۆزەخانە، گەلەری شار، چەندین شـوێنمان لەو شارە دیت.

منداڵەکانی ئێمە و منداڵەکانی کاک ئارام و خوناو خان بە یەکتر بینینەوە زۆر دڵیان خۆش بوو، ئەگەرچی وەرزەکە وەرزی زستان بوو، بەڵام کەش و هەوا ئەوەندە سارد نەبوو.

لەو گەشتەمان بۆ شاری نورمبێرگ، لەزەتێکی خۆشمان وەرگرت، بە دیدەنی چەند دۆست و برادەرێک شاد بووین.

ڕۆژی پێنجی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ وڵاتی ئەڵمانیامان بەجێ هێشت و گەڕاینەوە شاری ستۆکهۆڵم.

## گەشتێک بۆ باشووری ئەفریقا

ژیان و مێژووی مرۆڤ پڕیەتی لە چیرۆکی هەمەڕەنگ، منیش یەکێکم لەو مرۆڤانەی کە ڕابردوو و مێژووم پڕیەتی لە چیرۆکی جیاواز، لەبەر ئەوە پێم خۆش بوو ئەو ڕووداوانە وەک خۆیان تۆمار بکەم و بیاننووسمەوە، چونکە دەکرێت بەشێک لەم یادگارییانە سوودیان بۆ بۆ نەوەکانی داهاتوو هەبێت.

ئەگەرچی مرۆڤ ژیانی هەمووی چیرۆکە، بەڵام چیرۆکەکان جیاوازن. بە شێوەیەکی گشتی بەر لەوەی

گەشت بۆ هەر وڵاتێک بکەم، لە ڕێگەی فەیسبووک، یان ئینستاگرام چەند هاوڕێیەک پەیدا دەکەم، تا شارەزای ناوچەکە بم و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەم، تا لە گەشتەکەم هاوکار و هاریکارم بم، هەڵبەت پرسیاری ئەوە دەکەم کە ئەمانە کێن و لەگەڵ کێ دەژین و منداڵیان هەیە، یان نا؟ تا بە دەستی بەتاڵ نەچم و دیاری لەگەڵ خۆم ببەم.

بۆ ئەو گەشتە شاری کیپ تاونم (Cape Town) دەستنیشان کرد، ئەو شارە دووەم شاری وڵاتی باشووری ئەفریقایەیە، چڕی دانیشتووانی وڵاتەکە لە ساڵی ٢٠٢٣دا (٦٠٤١٤٤٩٥) کەسە، دووەم گەورەترین شاری ناوی جۆهانسبێرگ (Johannesburg)ە.

کیپ تاون شارێکی جوان و هەمەڕەنگە، سپی پێست و ڕەش پێست بەیەکەوە دەژین، هەروەها چەندین نەتەوە و ئایینی جیاوازی تێدایە، وڵاتێکی یەکجار دڵڕفێنە، میوانیان لە لا خۆشەویستە.

ساڵی ٢٠٢٣ ڕێژەی دانیشتووانی شاری کیپ تاون (٤٩٨٠٠٠٠) کەسە. هەموویان بە یەکەوە وەک برا و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەژین، ئەمەش سیما و ڕوخساری شارەکەیان

جوانتر کردووە. کیپ تاون شارێکی جوان، خاوێن و دڵگیرە، جوانییەکەی بێ ئەندازەیە. سێ بەشی شارەکە ئاوە و زنجیرە چیا و شاخ و تەپۆڵکەکان ئەم شارەیان جوانتر کردووە. چەندین ڕۆژ لەو شوێنانە بمێنیتەوە بێتاقەت نابیت، پیاسەی ئێوارانی کەنار دەریا و بینینی باڵندەکان، نەورەسەکان و شەپۆلی دەریا سەرسامت دەکات. یاریگا ناوازەکەی تۆپی پێی شاری کیپ تاون و پارکە جوانەکان؛ بوونی چەندین وێنە و پەیکەری نیلسۆن ماندێلا و شتی هەمەڕەنگی دی شارەکەیان جوانتر کردووە. لە لایەکی دیکەوە گەورەیی شار و زۆری چڕی دانیشتووان خۆشییەکی دی بە شارەکە بەخشیوە، زۆری نەتەوەکان، زۆری ئایینە جیاوازەکان و کولتوورە هەمەڕەنگەکان بەشێکی دیکەی جوانییەکانن.

سەرەڕای ئەمانە ٤٠%ی دانیشتووانی شارەکە سپی پێستن؛ ٦٠%ی خەڵکەکەی دیکە ڕەش پێستن. لە ٥%ی شارەکە مووسڵمانن و ٩٥%ی دانیشتووانەکەی دیکە ئایینەکانی دیکەن، دوازدە ئایینزا لەو شارە دەژین، مزگەوت و کەنیسە و پەرستگای هەموو ئایینەکانی تێدایە.

له ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٤ بەرەو باشووری ئەفریقا گەشتم کرد، مانگی تشرینی یەکەم لەو وڵاتە سەرەتای بەهارە، من یەکەم گەشتم بوو بۆ کیشوەری ئەفریقا. لەو وڵاتەش کیپ تاونم هەڵبژارد، لە سویدەوە تا شوێنی مەبەست ١٦ کاتژمێری خایاند.

لە ستۆکهۆڵمەوە گەشتەکەم بۆ شاری دوبەیی لە ئیمارات دەست پێ کرد، کە شەش کاتژمێر و نیوی خایاند، لە دوبەی تا کیپ تاون نۆ کاتژمێر و بیست خولەکی خایاند، واتە کۆی گشتی نزیکەی ١٦ کاتژمێر لە ڕێگا بووم.

ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی ئەیلوول گەیشتمە شاری کیپ تاون، دوای پشکنینی پاسپۆرت لە فڕۆکەخانەی شارەکە چوومە دەرەوە، ئەو گەشتە بۆ من زۆر جیاواز بوو، چونکە یەکەم جار بوو گەشت بۆ وڵاتێکی ئەفریقی ڕەش پێست بکەم.

لەو وڵاتە نەشارەزا و تەنیا بووم، وەک پێویستی زمانی ئینگلیزیم نەدەزانی، هەرچەندە لەگەڵ خێزانێک پەیوەندیم دروست کردبوو، ئەو پیاوەی پەیوەندیم لەگەڵ دروست کردبوو، هاوتەمەنی خۆم بوو، ناوی ئێنووک بوو، ئێنووک و

سارا دوو هاوسەر بوون، خاوەنی دوو منداڵ بوون، کوڕێکی تەمەن هەشت ساڵ و کچێکی تەمەن شەش ساڵانیان هەبوو، جانتایەک جلوبەرگ و لاپتۆپ و کەلوپەلم وەک دیاری پێ بوو، کە بۆ ماڵی ئێنووک و سێ خێزانی دیکەم بردبوو.

سەرەتا ویستم بچمە هۆتێل، لە فڕۆکەخانەوە تاکسییەکم بە کرێ گرت و چوومە ناو شار، خاوەن تاکسییەکە گەنجێکی سپی پێست بوو، کوڕێکی زۆر باش بوو، گوتی: من دەتبەمە هۆتێلێکی باش و هەرزان، خۆی چووە سێ هۆتێل و پرسیاری نرخەکەی کرد، منیش هەر لە ناو تاکسییەکە دانیشتبووم، ئەو کاتە هەم تاکسی و هەم هۆتێلیش نرخییان هەرزان بوو، دواجار منی بردە هۆتێلێکی سێ ئەستێرە، شەوی بە بیست دۆلار بوو، هۆتێلەکە پاک و تەمیز بوو، نانی بەیانیشی لەگەڵ بوو، ئەو هۆتێلە بۆ من گونجاو بوو، لە هەمان کاتدا لە بازاڕ و یاریگای گەورەی کیپ تاون نزیک بوو، خاوەنی هۆتێلەکە زۆر پیاو بوو، ڕێزی گرتم و گوتی: تۆ مێوانی لای ئێمە بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم بە تەنیا مەڕۆ بۆ ئەملاوئەولا، خودانەخواستە با تووشی خەڵکی خراپ نەبیت و ڕێگریت بۆ دروست

نەبێــت، پێم بــاشـــە هەر کــاتێــک چوویتە دەرەوە، بــا کارمەندێک، یان دوو کارمەندی ئێمەت لەگەڵ بێت، ئەو قسانە منی دڵخۆش کرد، واتە پشتیوانییەکی باشم بۆ پەیدا بوو.

دیارە من حەزم لە گەڕان بوو، دەمویســـت شـــوێنی خۆش و سروشتی جوان ببینم، میک و جۆن دوو کارمەندی هۆتێل بوون و بوونە هـاوڕێی گەشـــتەکەم، هەم خەڵکی ناوچەکە بوون، هەم شـــارەزاش بوون. لە گەشـــتەکەمدا هاوکاری باشـــییان کردم، بە تایبەتی لە چوون بۆ باخچەی ئاژەڵان و چەندین شوێنی دیکە.

ماوەی دوو ڕۆژ لە خێزانی ئێنووک دابڕام، ئەمەش بە هۆکـاری نەبوونی خەتی پەیوەنــدی تەلەفۆنی، ئێنووک و سارا پاش دوو ڕۆژ پەیوەندییان پێوە کردم، لە هۆتێل هاتنە لام، لەگەڵ ئەو خێزانە چوومە شارەکەی ئەوان، کە نزیکەی ٤٠ کیلۆمەترێک لە شاری کیپ تاون دوور بوو.

دوو ڕۆژ چوومە ماڵی ئێنووک و ســارا خان، لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژە چەند گەشــتێکمان بۆ چەند گوند و دەڤەری جیاواز کرد، لەو ناوچانە تازە ســەرەتای بەهار بوو، گەڵامێو تازە پەلکی دەکرد و دەپشکووت، گەنم و جۆ نزیکەی یەک

بست باڵای بەرز بوو، گژ و گیا سەوز بوون، دار و درەخت پەلکیان سـەوز هەڵگەڕابوو. لەو کاتەدا، واتە لە سـەرەتای مانگی تشـرینی یەکەم لە وڵاتی خۆمان وەرزی پاییز و گەڵارێزانە، بەڵام لە باشـووری ئەفریقا بە پێچەوانەیە تازە سەرەتای بەهارە.

کاتژمێر پێنج و پێنج خولەکی ئێوارەی ڕۆژی شـەممە، ڕێککەوتی ١١ی تشـرینی یەکەم من و ئێنووک چووینە یاری کۆتایی لە شـاری سـالت ڕیڤەر، لە یاریگای نیولاندز ڕەگبی، ئەو جۆرە یارییە لە ئەفریقا بەناوبانگە، هاوشـێوەی وڵاتانی کیشـوەری ئەمریکا، یاری کۆتای بوو، لە نێوان دوو تیپ بە ناوەکانی (DHL WP و Sharks).

میک، جۆن و ئێنووک لەو گەشـەدا سـێ هاوڕێی زۆر باش بوون، سـەردانی زۆر شـوێن و ناوچەم لە باشـووری ئەفریقا کرد، هەڵبەت بە هاوکاری ئەو کوڕە ڕۆح سووکانە.

سـەردانی یاریگایی تۆپی پێی کیپ تاونم کرد، ئەو یاریگایە سـاڵی ٢٠١٠ بۆ جامی جیهانی ئامادە کرا بوو، چەندین وڵات لەو یاریگایە یارییان کردووە، یاریگایەکی ناوازە بوو، شوێنی زیاتر لە ٥٠ هەزار هاندەر بوو.

سەردانەکەی من بۆ باشووری ئەفریقا نزیکەی سێ هەفتەی خایاند، لەو گەشتەدا لەزەتێکی باشم وەرگرت، زۆر شوێنی تازەم دیت و ئەزموونێکی باشم وەرگرت. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە گەشتانە بۆ مرۆڤ زۆر گرنگە، ئەگەر بۆت بگونجێت.

## فینلاند، هێلسنکی

ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی دووی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٥ لە شاری ستۆکهۆڵمەوە بە گەشتێک چووینە شاری هێلسنکی پایتەختی فینلاند.

ئەگەرچی چەندین جاری دیکە بە گەشت چووینە ئەو وڵاتە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو دراوسێی سوید بوو، گەشت کردن بۆ ئەو وڵاتانە زۆر زەحمەت نییە.

فینلاند وڵاتێکی گەورەیە، بەڵام چڕی دانیشتووانی زۆر نییە، بۆیە پێم خۆش بوو ئامارێک و باسێکی کورتی گەشتەکەمان بۆ ئەو وڵاتە بخەمە ڕوو.

چڕی دانیشتووانی وڵاتی فینلاند تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ بریتییە لە ٥٦٠٣٨٥١ پێنج ملیۆن و شەش سەد و سێ هەزار و هەشت سەد و پەنجا و یەک کەس بوو.

کەشـــتییەکان لە ســتۆکهۆڵمی پایتەختی ســویدەوە بۆ هێلســـنکی پایتەختی فینلاند بە درێژایی ســـاڵ بەردەوامە، ڕۆژانە چەندین گەشت لەو نێوەدا دەکرێت.

بە شـــێوەیەکی گشـــتی کەشـــتییەکان ڕۆژانە لە نێوان کاتژمێر ٤:٣٠ بۆ ٥:٣٠ خولەی پاش نیوەڕۆ ســـــتۆکهۆڵم بەجێ دەهێڵن و شـــــەوێک لـە ڕێگا دەڕۆن، نزیکەی ١٧ کاتژمێر بە ڕێگاوە دەبن، دواتر دەگەنە هێلسنکی فینلاند.

دوو کۆمپـانیـای ســــەرەکی لەو ڕێگـایە کـار دەکەن، ئەوانیش دوو کەشتی گەورەن بەم ناوانە:

Tallink Silja Depart from vartahamnen Terminal and Viking Line from Stadsgorden Terminal.

ئەو کەشـــتییانە گەورەن و دیزاینێکی جوانییان هەیە، لە یەک کاتدا دەتوانرێت چەندین سەرنشین بەو کەشتییانە گـەشـــــت بکـەن، ئەو کەشـــتییـانە لە دەریـای بـاڵتیـک خزمەتگوزاری پێشکەش بە گەشتیاران دەکەن.

لە هەموو وەرزەکـان بە بەردەوامی ئەو کەشـــتییـانە خزمەتێکی باشـــی هاووڵاتییان دەکەن، لە کاتی گەشـــت کردن خەڵک دڵیان زۆر بەو کەشتییانە خۆشە.

وڵاتی فینلاند بە زۆر شت ناسراوە لەوانە:

١. تەلارسازی و دیزاین: هێلسنکی بە تەلارسازی و دیزاینی جیهانی بەناوبانگە، یاریگای ئۆلۆمپی هێلسنکی و وێستگەی شەمەندەفەر و شانۆی لە شێوەی شارە مۆدێرنەکان.
٢. هونەر و ڕۆشنبیری: هێلسنکی بە هونەر و کولتووری داهێنەرانە ناسراوە، لەوانە: مۆزەخانە و گەلەری و فێستیڤاڵی ساڵانەی هێلسنکی.
٣. کولتوور: هێلسنکی بە ئاهەنگەکانی سەمای ژێرزەمینی و دیمەنی مۆسیقای تەکنۆ ناسراوە.
٤. گواستنەوە: هێلسنکی سیستەمی میترۆی باکووری جیهان و گواستنەوەی گشتی نایابی هەیە.
٥. بازاڕ کردن: هێلسنکی بە دیزاینە سکاندیناڤیاکانی ناسراوە، لە نێویاندا براندەکانی وەک: ئەلڤار ئاڵتۆ، ئیتالا و ماریمێکۆ.
٦. گەشتی بەلەم: هێلسنکی بە گەشتەکانی بەلەم ناسراوە.

لەو گەشتەمان بۆ فینلاند، منداڵەکان چێژیان وەرگرت و دڵیان زۆر خۆش بوو، هەر وڵاتێک کولتوور، فەرهەنگ، زمان، خوارد، جلوبەرگ، ئاهەنگ و چەندین شتی جیاوازی تایبەت بە خۆیان هەیە.

## وڵاتی تانزانیا، دار ئێس سەلام

وڵاتی تـانزانیـا، یەکێکی دیکـەیـە لە وڵاتە جوان و دڵڕفێنەکانی کیشـــوەری ئەفریقا. تانزانیا وڵاتێکی جوانە، دەوڵەمەنـدە بە پـارکی جۆراوجۆری ئـاژەڵان، منیش زۆر حەزم بە گەشـــت و بینینی ســـروشـــت و ئەو جۆرە لە باخچەی ئاژەڵانە هەیە، هەر بۆیە بڕیارمدا گەشت بۆ وڵاتی تانزانیا بکەم. من چۆن هاوڕێم بۆ وڵاتانی باشـووری ئەفریقا و غـانـا پەیـدا کرد، ئەوهـاش هـاوڕێم لە وڵاتی تەنزانیـا دۆزییەوە تا لە گەشتەکەم هاوکارم بن.

ئەو کات لە شـاری سـتۆکهۆڵم، لە ناوچەی نێســبی پارک لە شــــارەوانی تێبی دەژیام. باڵیۆزخانەی تانزانیا لە نێســبی پارک بوو، نزیک بوو لە ماڵەکەی ئێمە. سـەردانی باڵیۆزخانەم کرد و پرسیاری سەردانەکەم کرد، هەر بە دە خولەک ڤیزای وڵاتی تانزانیام وەرگرت، لە بەرامبەردا ٥٠٠ کرۆنی سویدیم بە باڵیۆزخانەکەدا.

لە ڕێگەی فەیسبووکەوە هاوڕێیەکی دڵسۆزم لە شاری دار ئێس سەلام دۆزییەوە، کە ناوی سام بوو.

ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی ٢٢ی تەمموزی ســـــاڵی ٢٠١٦ لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بە فڕۆکە گەشتم کرد، فڕۆکەکەم چووە ئیمارات، شاری دوبەی، پاشان لە دوبەی بە فڕۆکە چوومە شاری کیلیمانجارۆ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تانزانیا، شـــەوێک لە هۆتێلێکی ئەو شـــارە مامەوە، ڕۆژی ٢٣ی تەمموز لە شـــاری کیلیمانجارۆ بە فڕۆکە چوومە شاری دار ئێس سەلام، کە پایتەختی وڵاتی تانزانیایە.

ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢٣ی سەرژمێری وڵاتی تانزانیا، دەریخســــتووە کە ڕێژەی ئەو وڵاتە دەگاتە ٦٦٦١٧٦٠٦ شەست و شەش ملیۆن و شەش سەد و حەڤدە هەزار و شـــەش ســـەد و شـــەش کەس. ڕێژەی ڕەگەزی مێ لە ٥٠,٦% و ڕەگەزی نێر ٤٩,٤% لەو وڵاتە پێک دەهێنێت. خەڵکی تانزانیا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و سواهیلی واتە: کیسواهیلی، کە زمانی تانزانیایە قسە دەکەن.

**هەڵکەوتەی جوگرافیای وڵاتی تانزانیا**

کۆمـاری یەکگرتووی تـانزانیـا وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی کیشـــوەری ئەفریقایە، لەگەڵ زەریای هیندی، وڵاتانی کینیا، ئۆگاندا، ڕواندا، بوروندی، کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، زامبیا، مالاوی و وڵاتی مۆزەمبیق هاوسنوورە، بەم شێوەی خوارەوە.

١. ولاتـانی کینیـا و ئۆگـانـدا کەوتوونەتە بـاکووری تانزانیا.
٢. ولاتانی ڕوانـدا و بوروندی و کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ، کەوتوونەتە ڕۆژئاوای تانزانیا.
٣. ولاتـانی زامبیـا، مـالاوی و مۆزەمبیق، کەوتوونەتە باشووری تانزانیا.
٤. زەریای هیندی کەوتووەتە ڕۆژهەلاتی تانزانیا.

تـانزانیـا گەورەترین ولاتی ڕۆژهەلاتی ئەفریقـایە و دوورگەکانی زانزیبار و پێمبار و مافیا لەخۆدەگرێت.

تـانزانیـا کەش و هەوای گەرمی هەیە و لە چوار ناوچەی سـەرەکی پێک دێت، دەشـتی کەنار دەریای گەرم و شـێدارە، ناوچەکەی نیمچە وشـکە، ناوچەی دەریاچەکانی شێدارە و ناوچە بەرزەکانی مام ناوەندە.

تـانزانیـا خـاوەنی کۆمەلێـک بیروبـاوەڕی ئـایینی جۆراوجۆرە، ئایینی مەسیحی لەو ولاتەدا زۆرترینە، نزیکەی لە ٦٣,١% خۆیان بە پەیڕەوانی ئایینی مەسـیح هەژمار دەکەن. ئایینی ئیسـلام نزیکەی لە ٣٤,١% خۆیان بە پەیڕەوانی ئایینی ئیسـلام دەناسـێنن. لە لایەکی دیکە نزیکەی ١,١% خۆیان وەک پەیڕەوی ئایینییە نەریتییەکانی

ئەفریقا دەناسـێنن. لە ٠,١%ی دانیشـتووان خۆیان بە پەیڕەوی ئایینەکانی دیکە دەناسـێنن. دابەشـبوونی نێوان گرووپە ئـایینییەکـان ئەوەنـدە ڕوون نییە، کە ئـامـارە فەرمییەکان باسـی لێوە دەکەن، چونکە خەڵکێکی زۆری گوندنشـینەکانی تانزانیا ئایینە ڕەسـەنەکانی خۆیان پەیڕەو دەکەن.

لە قوتابخانە حکومییەکان دەتوانرێت ئایین بخوێنرێت، بەڵام بەشـێک نییە لە پرۆگرامی فەرمی دەوڵەت، بەشـێک لە مـامۆسـتـایـانی خۆبەخش بە ڕەزامەنـدی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەتوانن دەرسەکانی ئایین بڵێنەوە.

تانزانیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کیشـوەری ئەفریقا، کە زۆرترین پارکی ئاژەڵانی تێدایە. سـادانی ناشـیۆناڵ پارک لە ڕیزبەندی تانزانیا ژمارە ١٣ی بەرکەوتووە.

سـادانی پارک بە هۆی ئەوەی تاکە پارکە کەوتووەتە نێوان دەریا و وشـکانی، لە دەریادا چەندین گیانەوەری جۆراوجۆری ئاوی تێدایە، پارکە وشـکانییەکەش ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی کێوی تێدایە.

پارکی سادانی ڕووبەرەکەی ١٠٦٣ کیلۆمەتر دووجایە، لە سـاڵی ٢٠٠٥ بە فەرمی لە لایەن وەزارەتی گەشـتوگوزار

کراوەتەوە، کە لە ژێر دەسـەڵاتی پارکە نیشـتمانییەکانی تانزانیا بەڕێوەدەبردرێت. پارکەکە لە ڕووی کارگێڕییەوە دەکەوێتە باشـووری ڕۆژهەڵاتی قەزای پەنگانی سـەر بە هەرێمی تانگە و باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای چالینزە لە هەرێمی پوانی.

ئەو پارکە تاکە شوێنی پاراستنی گیانلەبەرە کێوییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، کە زۆر سەرسووڕهێنەر و ناوازەیە و شایەنی سەردانی کردنە.

لە دەروازەی پارکەکە چەندین خانووی یەک کەسـی و دوو و سێ کەسی لێیە، وەک میوانخانە بەکار دەهێندرێت بۆ گەشـتیاران. چێشـتخانە و خزمەتگوزاری و چاودێری ئۆتۆمبێل و پاسەوانی گەشتیاران لەو پارکە بوونی هەیە.

کاتژمێری هەشـتی بەیانی من و سـام بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت، لەگەڵ چوار پاسـەوانی پارکەکە بەرێکەوتین بۆ ناو پارک و دیتنی ئاژەڵە کێوییەکان. ئاژەڵەکان هەموویان بەڕەڵان، ئێمە تا کاتژمێری یەکی دوانیوەڕۆ بەردەوام بووین، لە گەڕان لەو پارکە گەورە و سەرنجڕاکێشە، لەم گەشتەدا دەیان ئاژەڵی کێوی جۆراوجۆرمان دیت، کە جێگای تێڕامان بوو، بە تایبەتی بۆ من.

له پارکی سـادان سـەدان جۆری ئاژەڵی کێوی تێدایە، وەک: شێر، پڵنگ، زەڕافە، فیل، بەراز، زێبڕا، گورگ، ڕێوی، ئاسک، هەموو جۆرەکانی بزنی کێوی، مەیموون، کەرکەدەن، گۆریلا، ورچ، کەروێشـــک، پشـــیلە و دەیان جۆری ئاژەڵی کێوی دیکـە و چەنـدین جۆری بـاڵنـدەی جۆراوجۆری لەو پارکە سەرنجڕاکێشە دەبینرێن.

له تـانزانیـا زۆر شـــوێن گەڕام، کولتوور، فەرهەنـگ، جلوبەرگی جیـاواز، زمـانی جیـاوازم بینی، دراوی وڵاتـەکـە ناوی شیلینگی تانزانیا بوو.

سـام یەکێک بوو، لەو کوڕە خوێن شـیرینە جوانەکانی شـــاری دار ئێس ســـەلام، کە هاوکارم بوو بۆ ســـەرجەم گەشتەکانم لە تانزانیا.

## ئینگلتەرا، ویڵز

هەمیشـــە ئارەزووم گەشـــت کردن بووە بۆ وڵاتان، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشـنایەتیم سـەبارەت بە کولتوور، فەرهەنگ، جوگرافیا، مێژوو، سـرووشـت، ئاخاوتن، جلوبەرگ، خواردنی وڵاتان، ئاواز و مۆسیقا و دابونەریتی گەلان هەبێت.

ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی ٢٣ی کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێگای فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە شاری ستۆکهۆڵم، گەشتێکمان بۆ فڕۆکەخانەی بیرمینگهام ئەنجامدا، لە فڕۆکەخانەی بیرمینگهام کاک تەها مام حاجی خدر دەربەندی هاتە پێشوازییمان.

شەو لەماڵی کاک تەها ماینەوە، بۆ بەیانی سەردانی هاوڕێی ڕێگا مامۆستا هەورازمان کرد، بۆ ئێوارەکەی سەردانی ماڵی کاک عمرانمان کرد لە ناوچەی وێدنسبێری، دوانیوەڕۆ لەگەڵ کاک عمران و کاک تەها چووینە ناو سەنتەری شاری بیرمینگهام، چەند شوێنێکی شارمان بەسەرکردەوە.

دیمەنێکی جوانی ئەو شارەمان بەرچاو کەوت، بۆ ئێوارە چووینە ماڵی کاک عمران و شەو لە ماڵی ناوبراو ماینەوە، بۆ ڕۆژی سێیەم لەگەڵ کاک تەها چووینە شاری گلۆستێر لای کارزانی مام جەوهەر و کاک تەها گەڕاوە بیرمینگهام، ئێمەش لەگەڵ کاکە کارزان ڕۆیشتین بۆ ماڵی کاک هاوکاری مام جەوهەر لە شاری نیوپۆرت لە هەرێمی وێلز، ئێمە یەکەم گەشتی خێزانیمان بوو بۆ ئەو شار و هەرێمە، خێزانی کاک هاوکار ناوی شادیە خان بوو،

خوشــکی گەلاوێژی هاوژینم بوو، نزیکەی ســێ ســاڵ دەبوو ئەو دوو خوشــکە یەکتریان نەدیتبوو، بۆیە ئەو گەشــتە بۆ هەردوولا؛ بۆ ئێمە و منداڵەکانیش خۆش بوو.

چەند ڕۆژێک لە ماڵی کاک هاوکارماینەوە، چووینە شــارە جوانەکەی کاردیف، پایتەختی هەرێمی وێڵز، چووینە دوورگەی باری لە ویلایەتی وێڵز، لەو ناوچەیە شـــتی زۆر جوان و نـاوازەمـان دیـت، یـاریگـای تۆپی پێ لە کـاردیف، مۆڵی جوان، بازاڕێکی قەرەباڵخ، کە جمەی دەهات لە هەموو نەتەوەکان؛ زمانی جیاواز شـانبەشـانی زمانی ئینگلیزیت بەر گوێ دەکەوت.

زمانی وێڵزی، یان ســیمراگ زمانێکی ســێلتیکییە، کە خەڵکی وێڵزە و بەشێکە لە ژێر بریتۆنی وێڵز، لە ئەرجەنتین قسەی پێ دەکرێت.

مێژووی زمــانی وێڵزی کۆنترین زمــانی بەریتــانییە، ســــەرچاوەی لە زمانەکانی هیندۆئەورووپی و بریتۆنیکەوە هاتووە. ڕۆمییەکان یەکەم کەس بوون کە وشــەی وێڵزییان تۆمـار کرد و توخمەکـانی زمـانی لاتینی تـا ئەمڕۆش لە زمانەکەدا هەن.

وشـەسازی و ڕێزمان: زمانی وێڵزی لە گرووپی زمانی ســـێلتیکدایە، ئینگلیزیش لە گرووپی ژێرزمانی ڕۆژئاوادایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە زمانی وێڵزی لە ڕووی وشەسازی و ڕێزمانەوە جیاوازترە لە زمانی ئینگلیزی، هەر وەک چۆن لە هەنـدێـک وڵاتـانی ئـەورووپـا زمـانـەکـان جیـاوازن، وەک هۆڵەندی، سویدی، دانیمارکی و... هتد.

زمانی وێڵزی بەشـــێکی گرنگی کولتووری وێڵزییە و منداڵان لە هەموو قوتابخانەکانی وێڵزیدا پێویسـتە بیخوێنن، زۆربەی قوتابخانەکان بە شـــێوەیەکی ســـەرەکی بە زمانی ئینگلیزی وانە دەڵێنەوە، بەڵام هەندێک قوتابخانە نزیکەی هەموو پۆلەکانیان بە زمانی وێڵزی دەرس دەخوێنن.

ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی دڵڕفێن و دڵگیرە، لەو ڕێگایە مێگەلە ئاژەڵی مەڕ و مانگامان دیت، سـروشـتێکی جوانمان لەو ڕێگایە بەرچاو کەوت، ئەو وڵاتە ســـامانی ئاژەڵی بێ ئەندازە زۆرە.

ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی ٣٠ی کـانوونی یەکەم لە شـاری نیوپۆرت، بە ڕێگەی شـەمەندەفەر چووینە شـاری برادفۆرد بۆ لای ئاراسـی ئامۆزام و ئاشـەی هاوسـەری، کە ژنێکی پۆڵۆنی بوو، کوڕێکی بچووکیان هەبوو ناوی ســـابیر

بوو، دوو شـەو لەو شـارە ماینەوە، کەش و هەوا سـارد بوو، زستان بوو، نزیکی سەری ساڵ بوو، سەردانێکی ناو شار و دەوروبەری ماڵی ئاراسـمان کرد. سـەری سـاڵی ٢٠١٧مان لەو شـارە بەڕێکرد، ئاشـە خان ژنێکی زۆر بەڕێز بوو، ئەو دوو ڕۆژە قەدرێکی زۆری گرتین.

ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێککەوتی یەکی کانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠١٧ لە شـاری برادفۆرد بۆ شـاری لەندەن، لە وێسـتگەی پاسـەکانی شـاری برادفۆرد، بە ڕێگای پاس گەشـتمان کرد، پێشـتر پەیوەندییم بە کاک ئازاد ماوەتی کردبوو بۆ پەیدا کردنی خانوویەک، لە شاری لەندەن کاک ئازاد ماوەتی لە چاوەڕوانیماندا بوو.

لەگەڵ کـاک ئـازاد چووینە خـانووەکە، ئەو مـاڵە زۆر گەورە بوو، هەموو جۆرە خواردنێکیان لە ناو سـەلاجەی ماڵەکە ئامادەکرد بوو، خانووەکە ئی ماڵی کاک تەها حاجی مەجید بۆسـکانی بوو، پیاوێکی پیاوانە بوو، ئێمە خێزانێکی شەش کەسی بووین.

نزیکەی چوار شـەو لەو مـاڵە مـاینەوە، پێشـتر نەمدەناسـی، بەڵام بە هیممەتی کاک ئازاد ماوەتی ئەو خـانووەم دیتمەوە، بەڵام کـاک تەهـا هیچ پـارەیەکی

وەرنەگرت، ئەو چوار ڕۆژە میوانداری کردین، من سوپاسی کاک ئازاد ماوەتی و کاک تەها حاجی مەجید بۆسکانی دەکەم بۆ ئەو ڕێز و ئەمەکدارییەیان.

ئەو چوار ڕۆژەی لە لەندەنی پایتەخت بووین چەندین شوێنی بەناوبانگ گەڕاین، چەندین شتی جیاوازمان بەرچاوکەوت، خەڵکی جیاواز، زمانی جیاواز، کولتوور، فەرهەنگ، شۆفێری ئۆتۆمبێلی دەستە ڕاست، مۆزەخانە، یاریگای ویمبلی، کۆشکی کێنسنگتۆن، گلۆبی شکسپیر، وێست ئێند، شەقامی ئۆکسفۆرد، ماڵەکانی پەرلەمان، مۆزەخانەی مێژووی سروشت، هاید پارک، ژوورەکانی جەنگی چەرچل، تاوەر بریج، کۆشکی باکینگهام، بیگ بێن، لەندەن ئای و چەندین شوێنی بەناوبانگی دیکە گەڕاین، لەندەن شارێکی گەورە، شارێکی قەرەباڵخ، شارێکی پڕ جووڵە، هەموو جوانییەکانی جیهانی لەخۆگرتووە، تا بگەڕێیت لە جوانی ئەم شارە تێر نابیت.

لەم گەشتەماندا، منداڵەکان زۆر شتی جوان و جیاوازییان دیت، لەزەتێکی خۆشمان لەو چەند ڕۆژە وەرگرت.

ڕۆژی پێنجشــەممە، ڕێککەوتی پێنجی کانوونی دووەم گەڕاینەوە بۆ بیرمینگهـام و چووینەوە مـاڵی کـاک تەهـا، ڕۆژی دواتر کۆتـاییمـان بەو گەشـــتە هێنـا و لە ڕێگـای فڕۆکەخانەی بیرمینگهام گەڕاینەوە بۆ ستۆکهۆڵم لە سوید.

## ئیسپانیا، بەرشلۆنە

یەکەم شــوێنی نیشــتەجێبوونی مرۆڤ لە بەرشــلۆنە دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی بەردینە نوێیەکان، شـارەکە خۆی لە لایەن ڕۆمەکانەوە دامەزراوە، کە لە کۆتاییدا کۆڵۆنییەکیان بە ناوی بارچینۆ دامەزراندووە.

ســاگرادا فامیلیا بە ڕاســتی پەرســتگایەکی ناوازەیە، دەرەنجامی کارەکانی تەلارســـــازێکی بەناوبانگە بە ناوی ئەنتۆنی گۆدی. دوای زیاتر لە ١٣٥ سـاڵ لە دانانی بەردی بناغە، بیناسازی لە سەر بازیلیکاب کارەکانی بەردەوامە.

دیزاینی ئەســـڵی پرۆژەی ســـاگرادا فامیلیا لە لایەن تەلارسازێکی ئەپستۆریا بە ناوی فرانسیسکۆ دی پاولا دێل ڤیلارەوە بەپێی ڕێنماییە باوەکانی ئەو ســەردەمە بوو، بەڵام ئەنتۆنی گۆدی، پرۆژەکەی بە ئاراستەیەکی جیاواز برد، ئەم پرۆژەیە تاکوو نووســـینی ئەم بابەتەش بە بەردەوام کاری

تێدا دەکرێت و جوانترین نەخش و دیزاینی ناوازەی بۆ کراوە، ڕۆژانە بە سەدان گەشتیار ڕوو لەم پەرستگایە دەکەن و داهاتێکی خەیاڵی بە ناوی ئەو پەرستگایە کەوتووەتە ناو ئەو شارە جوانە.

ئەگەر تۆ هاندەری تۆپی پێ بیت، بچیت بۆ شاری بەرشلۆنە، ئەوا ناتوانیت سەردانی یاریگای کامپ نوو نەکەیت، ئەو یاریگایە و تیمی بەرشلۆنە مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە. دەنگ و سەدایەکی باش و ناوبانگێکی جوانی بەخشیوەتە شاری بەرشلۆنە، ڕۆژانە بە هەزاران هاندەری بەر شلۆنە و تۆپی پێ ڕوو لە کامپ نوو دەکەن بۆ بینین و بیستنی مێژووی ئەو تیپە لە ناو کامپ نوو، کە دەچیتە ناو گەلەری کامپ نوو، بەراستی سەرسام دەبیت بەو مێژووە لە تۆپی پێ.

ئەکواریۆم شوێنێکی دیکەی سەرنجڕاکێشی بەرشلۆنەیە، گەورەترین ئەکواریۆمە لە ئەورووپا، زۆرترین ژ مارەی جۆرەکانی ماسی تێدایە، تیرەکەی ٣٦ مەتر و قووڵییەکەی پێنج مەترە، قەبارەکەی ٣٧٠٠ مەتر سێجایە، پلەی گەرمییەکەی ١٤ بۆ ١٨ پلەی سەدیە، ڕووناکییەکەی بەرز و ناوازەیە، نزیکەی چوار ملیۆن لیتر ئاوی تێدایە.

چەندین جۆری ماسی وەک: گیلتێد، مۆرای ئیل، ماسی خۆری ئۆقیانووس، تیشک و دوو جۆری نەهەنگی تێدایە، نەهەنگی پڵنگی خۆڵ، نەهەنگی ساندبار و سەدان جۆری ماسی دی تێدایە.

ساگرادا فامیلیا، کامپ نوو، ئەکواریۆم و دەیان شوێنی دی جوانی و داهاتێکی باشی بەخشیوەتە شاری بەرشلۆنە.

شاری بەرشلۆنە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێ دەکات، بۆ نموونە ساڵی ٢٠٢٣ نزیکەی ١٢ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار گەشتیار ڕووی لە بەرشلۆنە کردووە.

ئێمەش خێزانێکی حەوت کەسی بووین، ڕۆژی دووشەممە، ڕێککەوتی ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧ لە ستۆکهۆڵمەوە گەشتێکی دوو هەفتەمان بۆ بەرشلۆنە کرد، لەو گەشتەماندا نزیکەی دوو هەفتە لە ئیسپانیا و شاری بەرشلۆنە ماینەوە. لەو گەشتەماندا چەندین شوێن گەڕاین، کەنار دەریا، گەڕان بە پاس بۆ ناو شاری بەرشلۆنە، کامپ نوو، ئەکواریۆم، سەگرادا فامیلیا، قەد شاخەکانی پشتی بەرشلۆنە، ناوەڕاستی شار و چێشتخانەکانی ناو شار بوونە شوێنی ئەو دوو هەفتەیەمان، لەو گەشتەدا منداڵەکان دڵیان زۆر خۆش بوو.

## غانا، ئەکرا

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٨ سەفەری وڵاتی غانام کرد، لەو گەشـــتەدا چوومە شـــاری ئەکرا (Accra) کە پایتەختی ئەو وڵاتەیە، غانا کەوتووەتە ڕۆژئاوای کیشـــوەری ئەفریقا، کەش و هەوای غانا گەرمە و کاریگەری باشـــی وەرزی ڕۆژئاوای ئەفریقای لە ســـەرە، کەش و هەوا بەگوێرەی ناوچەکان دەگۆڕێت، هەندێک ناوچە گەرم و شـێدارە، هەندێکی دیکە گەرم و تەڕن. پشـتێنەی کەناری ڕۆژهەڵات گەرم و تا ڕادەیەک وشکە. گۆشـەی باشووری ڕۆژئاوا گەرم و شـــێدارە، باکووری وڵات گەرم و تەڕە. ناوەڕاســتی زســتان گەرمە و تێکڕای پلەی گەرمی ڕۆژانە دەگاتە ٣٥ پلەی ســـەدی، ئەو وڵاتە بارانی زۆری لێ دەبارێت و بە بەردەوامی سەوزایی لە وڵاتدا هەیە.

بەگوێرەی ئاماری ســـاڵی ٢٠٢٣ چڕی دانیشـــتووانی وڵاتی غانا ٣٤١٢١٩٨٥ سی و چوار ملیۆن و سەد و بیست و یەک هەزار و نۆ سەد و هەشتا و پێنج کەسە. بەگوێرەی هەمان ئامار ژمارەی دانیشـــتووانی ئەکرای پایتەخت نزیکەی ٢٦٦٠٠٠٠ کەسە.

پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر، خەڵکی غانا سەربەخۆیی خۆیان بە سەرۆکایەتی دکتۆر کوامێ نەکرۆما (DR KWAME NKRUMAH) ڕاگەیاند، کە پێشتر لە ژێر داگیرکاری ئینگلیزدا بوون، هەر لەم ساڵە کوامێ بووە یەکەم سەرۆکی وڵات، ناوبراو ساڵی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد. بۆ ڕێزلێنان لە کەسایەتی دکتۆر کوامێ پارکێکی شاهانە و گۆڕستانێکی شاهانەیان لە ناوەڕاستی شاری ئەکرا بۆ دروست کرد.

گۆڕستان و پارکەکە وەک یادگارییەکی کوامێ نەکرۆما دەکەوێتە ناوەندی شاری ئەکرا. چەندین ساڵە لە تەواوی جیهانەوە خەڵک سەردانی ئەو پارکە دەکەن و سەرنجی گەشتیارانی بە لای خۆیەوە ڕاکێشاوە. ساڵانە نزیکەی ٩٨ هەزار کەس سەردانی دەکەن، جوودا لە جوانی پارکەکە بەشێکی بۆ ڕێزگرتن لە یەکەم سەرۆکی غانا و وەرگرتنی زانیاری لە بارەی ژیانییەوە سەردانی دەکەن.

پارکی سەرۆک یەکێکە لە ١٠ شوێنە سەرەکییەکانی وڵات، کە زۆرترین سەردانیکەر ڕووی تێ دەکات، چونکە پارکەکە گرنگییەکی کولتووری و مێژووی بێ ئەندازەی هەیە.

له دیتنی پارکەکە تێر نابیت؛ له نووســـین له بارەی پارکەکە تێر نابیت، له دڵسـۆزی خەڵکی وڵات بۆ پارکەکە و ســـەرۆکەکەی تێ ناگەیت. دیاره گۆڕی ســـەرۆک و هاوژینەکەی لەو پارکەدایە.

هەر کەسـێک بچێتە ئەو وڵات و ئەو شــاره دەبێت سەردانی ئەو پارکە جوانە بکات، کە بە ناوی سەرۆکە.

سـوپاسـی سـامویێل و دایی دەکەم، کە لەو گەشـتەدا هاوکاری باش بوون، چونکه ئەوان ڕێنیشاندەر و هاوڕێیەکی بە ئەمەک بوون.

غـانـا چەنـدین تیره و تـایەفە و نەتەوە و پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە و بە یەکەوە دەژین. لێرەدا چەند زانیارییەک دەربارەی ئایین له وڵاتی غانا دەخەینە ڕوو.

- ئایینی مەســـیحی یەکەمین ئایینە و لە ٧١,٣%ی خەڵک پەیڕەوی له ئایینی مەسیح دەکەن.
- ئایینی ئیسلام دووەم ئایینە و لە ١٩,٩%ی خەڵک پەیڕەوی له ئایینی ئیسلام دەکەن.
- ئایینە ڕەســـەنەکان، یان ئەنیمســـتەکان لە ٣%ی خەڵک پەیڕەوی ئەو ئایینە دەکەن.

- ئایینەکانی دیکە ٦%ی خەڵک پەیڕەوی لە ئایینی دیکە دەکەن.
- لە کۆی ١٩%ی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام لە غانا، ٥١%ی خەڵک سوننە مەزهەبن.
- لە ١٦%ی مووسڵمانانی غانا لە بزووتنەوەی ئەحمەدیین.
- بەگوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی هیندۆسەکان لە غانا دەگاتە نزیکەی ٣٠٠٠٠ کەس، واتە ١%.

دەستووری وڵاتی غانا ئازادی تاکەکان بۆ پراکتیزە کردن و دانپێدانان بە هەر ئایینێک دەپارێزێت، هەروەها جیاکاری ئایینی لە وڵاتە قەدەغەیە.

## تەکیە و شێخانی غانا

لە ناو هەموو گەلانی دونیا دیاردەی ئایینی، کولتوور و دابوو نەریتی خۆیان هەیە. تەکیە و خانەقاش لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان بوونی هەبووە و هەیە. لە کوردستان و بە تایبەتی لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینییەکان هەرگیز نەچوومەتە تەکیەکان.

ساموێل و دایی، وەک دوو مرۆڤی جوان بوونە هاوڕێی گەشـــتەکەم. ســـاموێل گوتی: هاوڕێ حەز دەکەیت بچیتە تەکیەی ماڵی شێخ، کە هەموو ڕۆژانی هەینی لەو تەکیەیەدا ئەرکی ئـاییني خۆمـان جێبەجێ دەکەین و خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆدەبنەوە و مەراسـیمی ئاییني ئەنجام دەدەن. گوتم: بێگومان حەز دەکەم و پێم خۆشە ببینم، بزانم چ دەکرێت و چ دەکەن.

ڕۆژی هەینی ڕووەو شـارۆچکەیەک ڕۆیشـتین کە ٤٠ کیلۆمەتر لە ئەکرای (Accra) پـایتەخــت دوور بوو، ساموێل چووە ژوورەوە، گوتی: یا شێخ پیاوێک لە سویدەوە هاتووە و دەیەوێت لە تەکیەدا بەشـداری مەراسـیمی ئاییني بکات. یەکێک لە دەستە ڕاستەکانی شێخ هات و پێشوازی لێ کردم، گوتی: بە خێر بێیت، من ناوم دایقە، یاریدەدەری شــــێخم، بفەرموو، بەڵام لە کــاتی جێبەجێ کردنی مەراســـیمەکە نابێت وێنە بگریت و ڤیدیۆ تۆمار بکەیت، هەڵبەت پێشتر مۆبایلەکەی خۆم بە ساموێل دابوو، تا چەند وێنەیەکم بۆ بگرێت.

خولاسە چووینە مەراسیمەکە و منیان بە شێخ ناساند و لە نێوان شـێخ و یاریدەدەرەکەی دانیشـتم، لەوێ ڕێزێکی

زۆریان لێ گرتم. مەراسیمەکە لە دەرەوەی بیناکە، لە ژێر ساباتێکی گەورەی جوان بەڕێوە دەچوو، بەڵام هەر چواردەوری کراوە بوو، دیزاینێکی جوانی هەبوو.

شێخ و دارودەستەکەی لە سەر قەنەفە و کورسی دانیشتبوون، خەڵکێکی زۆری هەژاریش، بە ژن و بە پیاوەوە لە ژێر ئەو ساباتە و لە سەر زەوی دانیشتبوون، هەر کەسێک مریشکێک، یان کەڵەشێر، قاز، عەلەشیش، گیسک و بەرخیان لەبەر دەم بوو، چونکە دانیشتنەکەیان بازنەیی بوو، ناوەڕاستیان بەتاڵ بوو.

یەکێکیش لە موریدەکانی شێخ لەسەر دۆشەکێکی جوان دانیشتبوو. یەک یەک بانگی خەڵکەکەی دەکرد، بە نموونە مریشکەکەی وەردەگرت، ئینجا تەقڵەیەکی بە مریشکەکە لێ دەدا و دەچووەوە شوێنی خۆی، کارەکەی بەردەوام بوو تا هەموو ئامادەبووان تەواو بوون.

دوای هەموویان خاوەن پەلەوەر و ئاژەڵەکان هەستانە سەر پێ، ملی مریشک و ئاژەڵەکانیان بە هەڵواسراوی گرت، تا گیانیان دەرچوو، لەو لاشەوە بە دەفە، مۆسیقا و کولتووری تایبەتییان کردیانە بەزمی خۆیان.

پاشـــان کە مریشــک و ئاژەڵەکان مرداربوونەوە، هەر لەوێ و بۆماڵی شـێخ جێیان هێشـت و خەڵکەکە گەڕانەوە مـاڵی خۆیـان. دواتر هەموو مریشـــکە مرداربووەکـانیـان سەردەبڕی و بەشێکیان بە ماڵە هەژارەکان دەدا و بەشێکی دیکەش بۆ تەکیە بوو.

خەڵک باوەڕی بە شـــێخ و تەکیە هەبوو، باوەڕیان وا بوو بەم شـــێوەیە دەرد و بەڵام و نەخۆشـــی دەڕوا، بە پێچەوانەوە شیفایان بێ دێ.

پێشـــتریش لای خۆمان ئەو دیاردە هەبوو، بەڵام لە ئێســـتـادا بەو شـــێوە بەربڵاوەی ڕابردوو نەمـاوە و کەم بووەتەوە.

## میوانداری بە خواردنی فوو فوو

لە ســـەردانێکم بۆ غانا (Ghana)، لە کیشـــوەری ئەفریقا، زۆر شتی جیاواز و جۆراوجۆرم بەرچاو کەوت.

بێـگـومــان هـەمـوو نـەتـەوەیـەک، خــاوەنـی کـولـتـوور، فەرهەنگ، خواردن، جلوبەرگ، ئاهەنگ گێران و زۆر شـتی دی تایبەتی خۆیانن.

ساموێل گوتی: هاوڕێ حەز دەکەیت سەردانی دایکم و پوورم بکەین؟ چونکە دایکم گوتی: میوانەکە لەگەڵ خۆت بهێنە، من خواردنی فوو فووتان بۆ دروست دەکەم.

منیش گوتم: پێم خۆشـــە، هەم خانەوادەکەت و هەم ناوچەکەش دەبینین.

لە شـــاری ئەکرا بۆ ئەو شـــارە ڕۆیشـــتین، کە دایکی ساموێلی لێ بوو، ٧٥ کیلۆمەتر دوور بوو. ئەوان لە گوندێکی زۆر ناوازە و جوان دەژیان، چووینەماڵی دایکی ســـاموێل و پێشوازی و حورمەتێکی باشیان گرتین.

دایکی گوتی: بە هـاتنـت دڵم خۆشـــم، لەبەر ئەوە خواردنی فوو فووم بۆ دروســـت کردوون، لە وەڵامدا گوتم: زۆر ســـوپاس، من زیاتر بەو ســـەردانە و دیدەنی ئێوە دڵ خۆشم.

یەکەم جارم بوو ئەو جۆرە خواردنانە ببینم، بە لامەوە شتێکی جیاواز بوو.

ئەو جۆرە خواردنە ئەفریقییە بەنـاوبـانگە، کە بە فوو فوو ناسـراوە؛ خواردنێکی سـەرەکییە لە ئەفریقا، تەنانەت لە زۆرێک لە وڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەفریقاشدا هەیە.

فوو فوو، به تێکەڵکردن، وردکردن، یان تێکەڵکردنی سەوزەی نیشاستەیی، یان گەنم دروست دەکرێت، تا ڕێڕەوێکی هاوشێوەی یەکگرتوویی دروست دەکات، ئەم خواردنە زیاتر لەگەڵ شۆربای بامیەی ئەفریقی، یان شۆربای ئۆگبۆنۆ، یان شۆربای ماسی دەخورێت، بە لای ئەفریقییەکانەوە هەر ژەمێکی فوو فوو هەبێت، ئەوا ئەوان دڵخۆش و شادمان دەبن.

جۆرەکانی خواردنی فوو فوو لە سەرانسەری ئەفریقادا دەبینرێن، لە سەوزەی نیشاستە، کە بە ئاسانی دەست دەکەوێت لە ناوچەکە دروست دەکرێن، بە شێوەیەکی باو لە ئاردی گەنم، ئاردی گەنمەشامی، ئاردی برنج دروست دەکرێت.

لەگەڵ ساموێل و دایی زۆر شوێن گەڕام، سەردانی بنکەی سەرەکی ڕادیۆی بی بی سی وڵاتانی غانا، تۆگۆ، بورکینا فاسۆم کرد.

سەردانی بینای سەرۆک کۆماری وڵاتی غانام کرد، سەردانی مۆزەخانەی شاری ئەکرام کرد، سەردانی ناو بازاڕم کرد و دەیان پارچە ڤیدیۆم تۆمار کردووە، سەدان وێنەم گرتووە و لای خۆم پاراستوومە.

چەندین شـار و شـارۆچکە و گوندم بەسـەر کردەوە، لەم گەشـــتە بەرفراوانە ســـامویێل ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، پشتیوانییەکی زۆر باشی کردم، سوپاسگوزاریم.

لە ڕاســتیدا بە بینینی ئەم جۆرە کولتوور و فەرهەنگە جیاوازانە دڵم خۆش بووم. تا بگەڕێین و لە ژیان بەردەوام بین، شتی ناوازە و جیاواز دەبینین.

## هونەری ژینگەیی لە پارکێکی غانا

هونەری ژینگەیی بریتییە لەو هونەرەی کار لە ســـەر ژینگە دەکات، بە تەواوی پشـت بەو شـتانە دەبەسـتێت کە لە ژینگەدا هەیە، وەک: دار، بەرد، ئاو، خۆڵ و گوڵ و...

هونەرمەنـد بە شـــێوازی تـایبەتی خۆی کـارە هونەرییەکە لە ژینگەدا دەکات، وەک هەڵکۆڵین، تراشـــین، ڕەنگکاری، شکاندن، چاککردن و زۆر شتی تر.

بە گشـــتی هونەری ژینگە لە خزمەت ژینگەدایە؛ دووبارە ســـوود لە کەرەســـتەکان بۆ شـــتێکی دیکە وەردەگیرێت و بەرهەمێکی جوانی لێ دروست دەکرێت.

لە پارکێکی شـــاری ئەکرا، لە غانا، درەختێکی تێدایە کە هەڵکۆڵراوە؛ نەخشـــی لە ســـەر دروســـت کراوە،

هونەرمەندەکە پاڵپشـــت بە کوالێتی درەختەکە کارەکەی ئـەنجـام داوە. هەر کـاتێـک ســـەردانی ئەو پـارکە جوانە دەکەیـت، دیمەنی ئەو دارانە و ســـروشـــتە جوانەکـانی دەبینیت، بیر و خەیاڵت دەچێتە جیهانێکی دیکە.

لە نـاو دارەکـان کـارێکی هونەری زۆر جوان کراوە، وێنەی دەیان مرۆڤ، ئاژەڵی جۆراوجۆر بە شـێوەی هونەری هەڵکۆڵراوە و نەخشێنراوە.

هەرچەندە من لەو شـــێوازە هونەرییە تێناگەم، بەڵام ئەم شێوازە دەربڕینە لە سەر جەستەی ئەم دارانە سەرنجی زۆری ڕاکێشـــام؛ هەروەها گەشـــتیاران بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکەن، دەیانەوێت لە ماناکانی ئەم نەخشەسازییە تێبگەن.

ئەگەر بە وردی بیری لێبکەیتەوە، ئەو جۆرە کـارانە زۆر ســـەختە، بیر و کات و ئەزموونێکی زۆری پێویســـتە، کارە هونەرییەکە جێگای دەست خۆشی و پێزانینە.

لە کوردســتانیش دەیان بەهرەمەندی باشــمان هەیە، دەیان داری لەم شـــێوەیەمان هەیە، هونەرمەندان دەتوانن ئەزموونەکـانی خۆیـان تێیـدا بەکـار بهێنن بۆ جوان کردنی هونەری ژینگەیی، تا ســەرنجی گەشــتیاران بۆ وڵاتەکەمان

ڕابکێشـــن. هەر کاتێک کارێکی جوان و جیاوازی هونەری دەبینم چێژی زۆری لێ وەردەگرم! هیوادارم ئێوەش چێژ لەو هونەرە وەربگرن.

## هەرێمی ویڵز، بەریتانیا

به لای منەوە گەشــت زۆر خۆشــە، چونکە لە شــوێنی جوگرافیای خۆتەوە گەشـــت بۆ شـــوێنێکی دی دەکەیت، بەتایبەتی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، چونکە کۆمەڵێک شـــتی جیاواز دەبینیت، کە لە وڵاتی خۆت نەتدیتووە، بۆیە من چێژ لە گەشتکردن وەردەگرم.

ڕۆژی یەکشــەممە، ڕێککەوتی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٨ لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە شاری ستۆکهۆڵم گەشتمان کرد بۆ فڕۆکەخانەی گاتویک لە لەندەن.

پێش گەشـــتەکە پەیوەنــدییم بە کــاک حــەکیم عەبدولحەمید کرد، کە دۆستی خۆم بوو، ناوبراو لە شاری کاردیف دەژیا، لە هەرێمی ویڵز، تا ئۆتۆمبێلێکمان بۆ بە کرێ بگرێت و بێتە دوامان لە فڕۆکەخانەی گاتویک.

دواتر کاک هاوکار و ئەلەندی کوڕی بە مینی پاسێک، کە کاک حەکیم گرتبووی هاتنە دوامان، خاوەنی مینی

پاسەکە خەڵکی ڕۆمانیا بوو. ڕێگایەکە ١٥٢ میل بوو، نزیکەی دوو کاتژمێر و چل و شەش خولەک بوو، ئێمە دەچووینە شاری نیوپۆرت لە هەرێمی ویڵز.

خێزانی کاک هاوکار ناوی شادیەیە، خوشکی گەلاوێژی هاوسەرمە، گەلاوێژ و شادیە بە دیدەنی یەکتری دڵیان زۆر خۆش بوو، لە هەمان کاتدا منداڵەکانیش ئاسوودە بوون.

شاری نیوپۆرت ١٢ میل، واتە ١٩ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کاردیف دوورە و سەر بە هەرێمی ویڵزە.

نیوپۆرت شارێکی جوانە، دەیان گرد و دۆڵ و بەرزی و نزمی هەیە، لەو گەشتەماندا چووینە شاری کاردیف و چەندین شار و شارۆچکەمان لە هەرێمی ویڵز بەسەرکردەوە.

هەرێمی ویڵز لە حەوت شار و چەندین شارۆچکە و سەدان گوند پێک هاتووە، شارەکان بریتین لەمانە.

Cardiff, Bangor, Newport, ST Davids, St Asaph, Swansea and Wrexham.

ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی ٢٧ی کانوونی یەکەم، ئێمە و ماڵی کاک هاوکار بە گەشتێک چووینە شاری

مانچێستەر، بۆ ماڵی کاک جەنگی لە شارۆچکەی ستۆکپۆرت، کە چەند کیلۆمەترێک لە سەنتەری شاری مانچێستەر دوورە.

ڕۆژی دواتر من و هاوکار و جەنگی و منداڵەکان، چووینە ناو یاریگای ئیتیحاد کە یاریگای مانچێستەر سیتی بوو، زۆربەی بەشەکان و گەلەری ناو یاریگامان بەسەر کردەوە، خۆشمان و منداڵەکان زۆر دڵخۆش بووین.

نزیکەی سێ ڕۆژ لە شاری مانچێستەر ماینەوە، زۆربەی شوێنە گشتییەکانمان لەو شارە بەسەرکردەوە، یەکەم جارمان بوو، سەردانی شاری مانچێستەر بکەین.

سەری ساڵی نوێی ٢٠١٩مان لە مانچێستەر پیرۆز کرد، ڕێککەوتی سێی کانوونی یەکەم گەڕاینەوە شاری نیوپۆرت، لەو ڕێگایە بە سەدان ئاژەڵی جیاوازمان دیت، وەک: مانگا و مەڕ و ئاژەڵی دیکە.

ڕێککەوتی پێنجی کانوونی یەکەم گەڕاینەوە ستۆکهۆڵم.

## کۆچی کۆتایی: سوید بۆ بەریتانیا

مرۆڤ تا لە ژیاندا بەردەوام بێت، خولیای ژیانی زۆر دەبێت، ئێمەش وەک خێزانێکی کورد، نزیکەی ١٩ ساڵ لە سـوید جێنشـین بووین، بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەمان خۆم و خێزانم کارمان دەکرد، شـەش منداڵمان هەبوو، دوو کچ و چوار کوڕ.

- ڕێژین ڕۆژی پێنجشـەممە، ڕێککەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی سـاڵی ١٩٩٦ لە شـاری هەولێر لەدایکبوو.
- ڕێنـاس ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی یـەکی کـانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ لە شاری کۆیە لەدایکبوو.
- هـاوبیر ڕۆژی چوارشـەممە، ڕێککەوتی دووی تەمموزی سـاڵی ٢٠٠٨ لە نەخۆشـخانەی داندری لە ستۆکهۆڵم لەدایکبوو.
- هاوژیر لە ڕۆژی دووشـەممە، ڕێککەوتی شـەشـی تەمموزی سـاڵی ٢٠٠٩ لە نەخۆشـخانەی داندری لە ستۆکهۆڵم لەدایکبوو.

- دێنێ لە ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ٢١ی ئابی ساڵی ٢٠١٠ لە نەخۆشخانەی داندری لە شاری ستۆکهۆڵم لەدایکبوو.
- دێهان لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی دەی تەمووزی ساڵی ٢٠١٦ لە نەخۆشخانەی داندری لە ستۆکهۆڵم لەدایکبوو.

واتە: ڕێژین و ڕێناس هەردووکیان لە کوردستان لەدایکبوون؛ هاوبیر، هاوژیر، دێنێ، دێهان ئەو چوارەیان لە ستۆکهۆڵم لە سوید لەدایکبوون.

ئێمە ڕەگەزنامەی سویدمان هەبوو، چەند ساڵێکیش بوو، خۆم و خێزانم لە دوو قوتابخانەی جیاواز، خواردنمان بۆ قوتابییەکان دروست دەکرد. واتە بەردەوام کارمان دەکرد.

کەش و هەوای سوید زۆر ساردە، زستانی درێژە و بە بەردەوامی بەفری لێ دەبارێت، ئێمە لە کەش و هەواکەی بێزار بووین، بۆیە بڕیارماندا شوێنی نیشتەجێ بوونمان لە سوید بۆ بەریتانیا بگوازینەوە.

هاوڕێیەکی خۆشەویستم بە ناوی کاک تەها حاجی خدر دەربەندی، پێشتر لە سویدەوە هاتبووە ئینگلتەرا، لە

شـــاری بیرمینگهام نیشـــتەجێ بوو، ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسـانەی کە هۆکار بوو، تا منیش هەمان ڕێگا بگرمە بەر. کاک تەها هەموو جۆرە هاوکارییەک و کار ئاسـانییەکی بۆ کردم، ڕێنیشـــــانـدەرێکی بـاش بووم، کـاتێکی بۆ گرتم (مۆعیدی بۆ دیاری کردم) لە فەرمانگەی سەنتەری کار لە شاری بیرمینگهام.

ڕۆژی هەینی، کـاتژمێر پێنجی ئێوارە، ڕێککەوتی حەوتی حوزەیرانی ســاڵی ٢٠١٩. هەمان ڕۆژ کاتژمێر دەی سەرلەبەیانی لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە ستۆکهۆڵم گەشتم بۆ فڕۆکەخانەی بیرمینگهام کرد.

کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گەیشـــــتمە فڕۆکەخانەی بیرمینگهام، کاک تەها هاتبووە فڕۆکەخانە و لە چـاوەڕوانی منـدا بوو، بە یەکەوە چووینەوە مـاڵی کـاک تەها، کاتژمێر پێنجی ئێوارە چووین بۆ فەرمانگەی سەنتەری کـار، چـاوپێکەوتنمـان ئەنجـامـدا و داوای ژمـارەی بیمەی نیشتمانی وڵاتی بەریتانیام کرد.

شەو لە شاری بیرمینگهام، لە ماڵی کاک تەها مامەوە، بەیانییەکەی ڕۆژی شەممە گەڕامەوە شاری ستۆکهۆڵم.

پاش سێ هەفتە دوای چاوپێکەوتنەکەم، خۆشبەختانە فەرمانگەی سەنتەری کار لە شاری بیرمینگهام ڕەزامەندییان دەربڕی سەبارەت بە داواکارییەکەم بۆ ژمارەی بیمەی نیشتمانی بەریتانیا.

ناونیشانی من لە سەر ناونیشانی ماڵی کاک تەها بوو، هەر پۆستێکم بۆ هاتبووایە دەچووە ناونیشانی ماڵی کاک تەها.

پلانی کۆچکردنمان لە سوید بۆ بەریتانیا دەستی پێ کرد، بۆ دۆزینەوەی خانوو پەیوەندییم بە زۆر کەس کرد، لە چەندین شاری ئەو وڵاتە، دواتر جارێکی دیکە خۆم هاتمەوە وڵاتی بەریتانیا، شارەکانی لەندەن، بیرمینگهام، مانچێستەر، لیڤەرپوول، کاردیف، نیوپۆرت، نیوکاسڵ، بلاکپوڵ، بۆڵتۆن و چەند شارێکی دیکە گەڕام، لە ئەنجامدا شاری مانچێستەرم بۆ ژیان دەست نیشان کرد.

## کورتە باسێکی شاری مانچێستەر

مانچێستەر لە شارۆچکەیەکی بچووکی لانکاستریاوە بۆ شارێکی گەورەی پیشەسازی بەریتانیا و جیهان هەنگاوی ناوە.

مانچێستەر لە دەوروبەری سەدەی نۆزدەیەمدا دەستی بە فراوان بوون کرد، بە ڕێژەیەکی سەرسووڕهێنەر وەک بەشێک لە پرۆسەی شارنشینی بێلایەن، کە بە هۆی بووژانەوەی بەرهەمهێنانی قوماش لە کاتی شۆڕشی پیشەسازیدا هاتە ئاراوە، گۆڕانکارییەکە کەمێک زیاتر لە سەدەیەکی خایاند.

مانچێستەر شوێنێکی سەرەکی شۆڕشی پیشەسازی بووە، شوێنی یەکێک بووە لە یەکەم وێستگەکانی شەمەندەفەر لە جیهاندا، هەروەها چەندین دەستکەوتی گرنگی زانستی زۆری هەبووە؛ مانچێستەر سەرکردایەتی چاکسازی سیاسی و ئابووری وڵاتی بەریتانیای کردووە، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا.

شاری مانچێستەر خاوەنی دوو تیمی تۆپی پێی بەهێزی جیهانییە، ئەوانیش بریتین لە: مانچێستەر یونایتد و مانچێستەر سیتی. ئەو دوو یانەیە بە سەرانسەری جیهاندا هەوادارێکی زۆریان هەیە، بە هۆی ئەو دوو یانەیە هەوادارێکی زۆری تۆپی پێ ڕوو لەو شارە دەکەن، هەر ئەوەش وای کردووە شاری مانچێستەر ببێتە شارێکی گەشتیاری.

ئەو شــارە خاوەنی دوو وێســتگەی شــەمەندەفەرە، بە ناوەکانی: وێســـــتگەی پیکادیلی، وێســــتگەی ڤیکتۆریا، وێستگەی پاس، فڕۆکەخانەی مانچێستەر کە سێ تێرمیناڵە.

مۆزەخانەیەکی گەورەی لێیە، هەروەها بە گەورەترین مۆزەخانەی زانکۆکانی بەریتانیا هەژمار دەکرێت، وەک شــوێنێکی ســەرنجڕاکێش خوێندکاران ســەردانی دەکەن، وەک ســـــەرچـاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و وانە گوتنەوە ئەکادیمییەکان بەکاری دەهێنن، ســــاڵانە نزیکەی ٤٣٠ هەزار کەس سەردانی ئەو مۆزەخانە نیشتمانییە دەکەن.

ئەو وەسفە جوانەی شاری مانچێستەرم بیست، بووە هۆکار بۆ ئێمە تا بتوانم لەم شــارە جوانە نیشــــتەجێ بین، منداڵەکانیش زۆر ئارەزوویان لە یاری تۆپی پێ هەبوو، لە هەمان کاتدا هەردوو مانچێســـــتەریان خۆش دەوێت، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئێمە.

لە شــــاری مانچێســــتەر چوومە نووســــینگەیەکی بەکرێدانی خانووبەرە، خۆشبەختانە خاتوو ژیان، کە خەڵکی سـلێمانی بوو، کاک مستەفاش پیاوێکی بە ڕەگەز عەرەب بوو، خەڵکی شــــاری بەغدا بوو، هەردووکیان هاوســــەری یەکتری بوون، ژیان خان لە نووســــینگە نەبوو ســــەردانی

وڵاتی سعوودیەی کرد بوو، بە مەبەستی فەریزەی عەمرە، ژمارە تەلەفۆنی ژیان خانم وەرگرت و دامە کاک تەها. کاتێک ژیان خان لە وڵاتی سعوودیە گەڕایەوە، کاک تەها پەیوەندی پێوە کرد،ماڵی ئاوا بێت بە بێ ئەوەی هیچ شتێک لە ئێمە داوا بکات، چەند خانوویەکی بۆ دۆزینەوە.

نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە کاک جەنگی سکتانی و شاناز خانی هاوسەری، دوو مرۆڤی جوان و بە ئەمەک بوون، چەند خانوویەکمان دۆزییەوە ئەو ژن و پیاوە خۆنەویستانە دەچوون سەیری خانووەکەیان دەکرد و وێنەیان دەگرت و ڤیدیۆیان بۆ دەناردین، تا بزانین چەند ژوورە و شێوازی خانووەکە چۆنە. دواجار خانوویەکی باشمان بە نسیب بوو، زۆر سوپاس بۆ کاکە جەنگی و شاناز خان، کە هاوکاری بێ وچانمان بوون.

جارێکی دیکە هاتمەوە بۆ شاری مانچێستەر، لە ڕێگای فڕۆکەخانەی ئەو شارە، چوومە ماڵی کاک جەنگی، بۆ بەیانی لەگەڵ ناوبراو چووم بۆ نووسینگەی خانووبەرە لای ژیان خان، ڕێککەوتنمان ئەنجامدا و گرێبەستێکی دوو ساڵیمان واژۆ کرد، پێشەکی کرێی سێ مانگی خانووەکەماندا.

خانووەکە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی یەکی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ بە شێوەیەکی فەرمی کەوتە سەر ناوی ئێمە، ڕۆژی سێشەممە، ڕێککەوتی سێی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، سویدمان بەجێ هێشت و ماڵئاواییمان لە دراوسێ و خزم و خاک و نیشتمانی سوید کرد و هاتین بۆ مانچێستەر لە ئینگلتەرا.

سەرەتا ژیان لەو شارە بۆ ئێمە ئاسان نەبوو، چونکە ڕانەهاتبووین، منداڵەکان لە سوید لەدایکبوون، سوید بۆ ئەوان نیشتمانی دایک بوو.

پاش سێ مانگ مانەوەمان لە مانچێستەر، ڤایرۆسی کۆرۆنا سەریهەڵدا، هاتووچۆ کردن لە هەموو شوێنێک قەدەغە کرا، قوتابخانەکان داخران، منداڵەکان و بۆ خۆمان بە بەردەوامی لە ماڵەوە بووین، ڕۆژانەش لە شاشەکانی تەلەڤزیۆن بە بەردەوامی هەواڵی مردنی خەڵک بڵاودەبووەوە، تەنگەنەفەسی هانایی بۆ هێنایین، بەڵام ئەوەی باش بوو چواردەورمان پارک و دارستان و گۆڕەپانی یاری زۆری لێبوو، من گەلاوێژی هاوسەرم نەمانهێشت منداڵەکان هەست بە بێ تاقەتی بکەن، ڕۆژانە دەچووینە ئەو پارک و دارستانانە و دەگەڕاین، تا منداڵەکان بێ تاقەت نەبن.

له کاتی ڤایرۆســـی کۆرۆنا تێکەڵاوی خەڵک نەبووین، زۆر خۆمان بە دوور گرت و ڕێنماییەکانی وڵات و وەزارەتی تەندروستیمان پەیڕەو دەکرد.

خۆشبەختانە بە سەر ڤایرۆسی کۆرۆنا زاڵ بووین، هیچ کەسـێک لە خانەوادەکەمان تووشـی ئەو پەتایە نەگریسـە نەبوو.

هێواش هێواش بۆ ماوەیەکی درێژ بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، ژیان گەڕایەوە دۆخی ئاســـایی، منداڵەکان چوونەوە بۆ قوتابخانە، ئیدی تا ئێستا لە شارە جوانەکەی مانچێستەر بەردەوامین.

لە ڕێگـای ئینتەرنێتەوە منـداڵەکـان، تیمەکـانی تۆپی پێیـان دۆزییەوە. هەر یەکێکیـان بەگوێرەی تەمەنەکـانیـان پەیوەنـدییـان بە تیپەکانی تۆپی پێ کرد، هـاوبیر و هـاوژیر چوونە تیپی تۆپی پێی کوڕان لە بروکلانـدز، دێنێ خـانیش چووە تیپی تۆپی پێی کچان لە ئەلترینچام.

ئێســـتا لەگەڵ وڵات و شـــار و ناوچەکە خۆمان گونجاندووە.

## ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID-١٩) نەخۆشییەکی درمییە، کە بە هۆی ڤایرۆسی سارس- کۆڤید- ١٩ دروست دەبێت. زۆربەی ئەو کەسانەی هەڵگری ڤایرۆسەکەن، تووشی نەخۆشییەکی سووک تا مامناوەندی کۆئەندامی هەناسەدان دەبن و چاک دەبنەوە بە بێ ئەوەی پێویستییان بە چارەسەری تایبەت هەبێت، بەڵام هەندێکییان بە سەختی نەخۆشییەکە دەگرن و پێویستییان بە چاودێری پزیشکی هەیە، کەسانی بەساڵاچوو و ئەوانەی کە حاڵەتە پزیشکییە بنەڕەتییەکانی وەک نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، شەکرە، نەخۆشی درێژخایەنی هەناسەدان، یان شێرپەنجەیان هەیە، ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکی قورس زیاترە. هەموو کەسێک دەتوانێت بە کۆڤید- ١٩ نەخۆش بکەوێت؛ بە سەختی نەخۆش بکەوێت، یان بمرێت لە هەر تەمەنێکدا بێت.

باشترین ڕێگا بۆ خۆپاراستن و خاوکردنەوەی گواستنەوە ئەوەیە کە بە باشی ئاگادار بیت لە نەخۆشییەکە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. خۆت و کەسانی دی

له تووشـــــبوون به هەوکردن بپارێزه، به دوورکەوتنەوه به لایەنی کەمەوه یەک مەتر له کەســـــانی دی و بەســـــتنی دەمامکێکی گونجاو و شــووشــتنی دەســتەکانت. پێویســته ســەردانی بنکه تەندروســتییەکان بکەین و کات بگریت بۆ کوتان، کاتێک نۆبەتی تۆ دێت خۆت بکوته و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکه.

ڤایرۆســەکه دەتوانێت له دەم، یان لووتی کەســێکی تووشـــــبووەوه به گەردیلەی شــــلەی بچووک بڵاوبێتەوه، کاتێک دەکۆکێت، یان له کاتی پژمین، قسـه کردن، گۆرانی گوتن، یان هەناسـه دان. ئەم تەنۆلکانه له دڵۆپه گەورەکانی هەناســـەدانەوه دەســــــت پێ دەکات. گرنگه ئادابەکانی هەناســـەدان پراکتیزه بکەین، بۆ نموونه به کۆکه کردن بۆ ناو لەپی دەســــــت، یان کلێنکس بەکار بهێنین، هەروەها دەتوانیت له ماڵەوه بمێنیتەوه و خۆت گۆشـەگیر بکەیت، تا چاک دەبیتەوه، ئەگەر هەستت بەو نەخۆشییه کرد، دەبێت ئاگادار بیت.

له مانگی کانوونی دووەمی ســـاڵی ٢٠١٩ ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا بوو، ئێمەش ســـێی کانوونی دووەمی هەمان ساڵ، ماڵمان هاته ئینگلتەرا.

یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید- ١٩ لە ڕێککەوتی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ لە بەریتانیا تۆمار کرا.

مانگی کانوونی دووەم هاوژیر و دێنێ دەستیان بە خوێندن کرد، دێهان چووبووە داینگە، بەڵام هاوبیر قوتابخانەی بۆ دەرنەچوو بوو، کۆرۆناش میوانێکی ڕەزاگران بوو، بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەو میوانە ڕەزاگرانە لە ماڵەکانمان نزیک دەبووەوە، هەموومانی نیگەران کرد بوو.

لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکانی جیهانەوە ڕۆژانە هەواڵی جەرگبڕ بڵاودەکراوە، ئەو پەتایە تەواوی بەریتانیای گرتەوە.

لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٠ لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای نەگبەتی کۆرۆنا گیرانە بەر، قوتابخانەکان بە ڕووی قوتابییاندا داخران، دوکانەکان، مۆڵەکان، بارەکان، سینەما، کتێبخانەکان، یاریگای منداڵان لە ناو پارکەکان و تەواوی شوێنە گشتییەکان داخران.

وڵات و میللەتی بەریتانیا وەک سەرجەم وڵات و میللەتانی دونیا تووشی ئەو پەتایە هاتن، ئەگەر چووبایە شەقام و کەسێکت دیتبا و لەو کاتە کۆکۆت کردبا، یان

پژمینت هاتبا و کەسی بەرامبەر گوێی لێ بووایە، لە ترسان یـەک بـە خۆی ڕای دەکرد، لـە ڕابردوودا مرۆڤەکـان لە پڵنگ و شـێر و ئاژەڵی دڕندە دەترسـان، بەڵام کاکی کۆرۆنا وای لەو خەڵکە کردبوو، مرۆڤەکان لە یەکتری بترسێن.

ئەو پەتـایە هەمووماـنی هیلاک کرد، لە کـاتی هـاتنی ڤایرۆســی کۆرۆنا تێکەڵاوی خەڵک نەبووین، زۆر خۆمان بە دوور گرت و ڕێنماییەکانی وڵات و وەزارەتی تەندروستیمان پەیڕەو کرد، تا بتوانین بە باشترین شێوە خۆمان بپارێزین.

خۆشبەختانە بە سەر ڤایرۆسی کۆرۆنا زاڵ بووین، هیچ کەسـێک لە خانەوادەکەمان تووشــی ئەو پەتایە نەگریســە نەبوو.

هێواش هێواش بە ماوەیەکی درێژ بارودۆخەکە ئاسایی بووەوە، تـا ئەنـدازەیەک ژیـان گـەڕایـەوە دۆخی پێشـــــوو، منداڵەکان چوونەوە قوتابخانە.

هیوادارین ناخۆشــی و پەتای لەو شـێوەیە ڕوو لە هیچ وڵات و میللەتێکی دونیا نەکات.

## سەنتەری ترافۆرد لە مانچێستەر

ســـەنتەری ترافۆرد، شـــوێنێکی بەناوبانگی بەریتانیا و جیهانی بازاڕ کردن و کات بەســـەربردنە، بە تایبەتی بۆ گەشتیاران.

سەنتەری ترافۆرد سەنتەری بازرگانی و کۆمەڵگەیەکی گەورەی شاری مانچێستەرە لە ناوچەی ئورمستۆن لە وڵاتی ئینگلتەرا، ئەو ســـەنتەرە گەورەیە ســـاڵی ١٩٩٨ بە ڕووی گەشـــتیاراندا کراوەتەوە، یەکێکە لە ســـەنتەرە گەورەکانی وڵاتی ئینگلتەرا، لە ڕووی گەورەییەوە پلەی ســـێیەمی لە سەر ئاستی بەریتانیا وەرگرتووە.

ئەو ســـەنتەرە، لە ڕۆژانی دووشـــەممە تا هەینی، لە کاتژمێر دەی بەیانی، تا کاتژمێر دەی شـەو بە ڕووی کڕیار و گەشـــتیاراندا کراوەتەوە، ڕۆژانی شـــەممە کاتژمێر دەی بەیانی تا نۆی شـەو، ڕۆژانی یەکشـەممە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ تا کاتژمێر شەشی ئێوارە کراوەیە.

ئەو سەنتەرە شوێنی دەیان دوکانەکانی جیاوازە، وەک: خواردەمەنی، جلوبەرگ، پێڵاو، مارکێت، کاتژمێری گرانبەها و مۆدێلە تازەکان، گازینۆ، ســـاردەمەنی، کافتریا، کەلوپەلی

منداڵان، بارِ و سینەما، جۆرەها چێشتخانەی وڵاتی چینی و دەیان چێشتخانەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان و خواردنە خێراکان لەو سەنتەر بوونی هەیە.

چەندین وێستگە لەو ناوچەیە بوونی هەیە، سەنتەری ترافۆرد، پردی پەیوەندی ترافۆرد پاڵازۆ- ترافۆرد سەنتەر، وێستگەی پاسەکانی ترافۆرد، ڕیتێل پارک، سەنتەری وێستگەی شەمەندەفەر، سەنتەری بازرگانی.

وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ هەموو ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵیان پێیە، شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکانیان دیاری کراوە، ڕێگەیەکی ئاسان و سەلامەت و ڕاستەوخۆ بۆ ناو سەنتەرەکە هەیە.

- وەستانی ئۆتۆمبێل بۆ کەمئەندامان: ئەو سەنتەرە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی دیاری کراوی زۆریان بۆ کەمئەندامان هەیە، زۆربەی شوێنەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دەروازە سەرەکییەکاندایە، ئەگەر خەڵکی ئاسایی ئۆتۆمبێل لە شوێنی کەمئەندامان ڕابگرن، ئەوا کارمەندانی ئاسایش لێپێچینەوە دەکەن.

- شـــــوێنی وەســــتانی پاســــەکان: ســــەنتەرەکە وێســــتگەیەکی تایبەت بە پاســــی هەیە، هەموو پاسەکان ژمارە و ناوچەی خۆی لەسەرە، پاسەکان لە تەواوی ناوچەکانی دیکەوە ســــەرنشــــینەکان دەگوازنەوە بۆ ئەو سەنتەرە سەرنجڕاکێشە.
- شەمەندەفەری ناو شار: ئەو سەنتەرە نزیکەی پێنج میل لە ڕۆژئاوای ناوەندی شــــارەوە دوورە، هێڵی شــــەمەندەفەر، واتە میترۆلینک، لە ســــەرجەم ناوچەکانی مانچێستەر بەو سەنتەرە دەبەستێتەوە، هەموو کەس دەتوانێت بە ئاســــانی لە پیکادیلی سەنتەری شاری مانچێستەر، ئورمستۆن، سالفۆرد و چەندین شــــوێنی دی بە ڕێگای ترامەوە بگاتە ئەو شوێنە.
- هیچ کاتێک بۆ مانەوە و ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل دیاری نەکراوە، هەر چەندێک لەو ســــەنتەرە بمێنیتەوە کێشەی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلت نابێت.
- شــــوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل: شــــوێنی وەســــتانی ئۆتۆمبێلەکان، زۆر گەورە و ئەفسووناوییە، چەندین شــــوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل ڕاگرتن هەیە، شــــوێنی

ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل بە خۆڕاییە؛ شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکان بێ ئەندازە فراوان و گەورەیە شوێنی زیاتر لە ١١٥٠٠ یازدە هەزار و پێنج سەد ئۆتۆمبێل دەبێتەوە، بە ڕاستی شوێنێکی سەرنجڕاکێشە.

- شوێنی وەستانی تاکسی و بەکرێدانی تاکسی بۆ هەموو کاتە پێویستییەکانی گەشتیاران بوونی هەیە.
- وەستانی پایسکل بە شێوەیەکی پارێزراو لە تەنیشت وێستگەی پاسەکانەوە هەیە.
- سەردان و یەکتر بینینەوە لەو سەنتەرە: سەردانی کردنی تاک و خێزان بۆ ئەو سەنتەرە هەموو خۆشییەکت پێ دەبەخشێت، ئەگەر بتەوێت گەشتێکی تایبەت بۆ یەکێک لە شوێنە جوانەکان و بازاڕ کردن و بەسەربردنی شوێنە خۆشەکانی بەریتانیا و ئەورووپا بکەیت، ئەوا دەتوانیت سەنتەری ترافۆرد لە شاری مانچێستەر هەڵبژێریت.

لەو سەنتەرە سەرسووڕهێنەرە، هەموو جوانییەکی تێدا دەبینی، نەخش و نیگارێکی جوان، دیزاینێکی ناوازە، دەیان پەیکەری سەرنجڕاکێشی پیاو و ژنە

بەناوبانگەکانی تێدا نەخشێندراوە، پەیکەری دەیان ئاژەڵی جۆراوجۆر دروست کراوە، هەروەها چەندین زانیاری گرنگ لە سەر ناوبانگ، تەلارسازی، بەردی مەڕمەڕ، مێژوو، کارمەند و تێڕوانینی گشتی بۆ کارەکان هەیە، چەندین نافوورەی جوان لەو سەنتەرە دروست کراوە.

- ئەو سەنتەرە شوێنی فرۆشتنی تاکەکەسی زیاتر لە ٢٠٠ دوکان، ٦٠ چێشتخانە و کافێ و بارِ و شوێنی پشوودانی جۆراوجۆری تێدایە، سەردانیکەران لە سەرانسەری باکووری ڕۆژئاوا و دوورتری ئینگلتەرا سەردانی ئەو سەنتەرە دەکەن.
- بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری شاری مانچێستەر ساڵانە نزیکەی ٣٠ سی ملیۆن کەس سەردانی ئەو سەنتەرە دەکەن.
- پەیکەرەکان: لە ناو سەنتەر و چواردەوری دەرەوەی سەنتەری ترافۆرد لە مانچێستەر چەندین پەیکەری دروستکراوی لێیە، لەوانە فیگەری برۆنزی تیپێکی جاز، کریستیک لە سەرووی دەرگا سەرەکییەکانەوە، پەیکەری چەندین شێری مەڕمەڕ لەو دەروازانە

هەیە. پەیکەرە برۆنزییەکانی تیپێکی جاز لە لایەن پەیکەرتاشی بەناوبانگ کۆڵین سپۆفۆرتەوە دروست کراوە؛ خەڵکی ناوچەی ئەلترینچامی مانچێستەرە.

پەیکەری کریێســـتەکان لە ســـەرەوەی باڵەخانەکە دروســـــت کراوە، ئەو پەیکەرانە تێکەڵەیەکن لە گریفین و یەکەشەمشەمەکوێرە و سەدەی ڕۆمانی، هەروەهـا ئـامـاژەیە بۆ قۆڵەکـانی بنەمـاڵەی دی ترافۆرد.

پەیکەری شـێرە مەڕمەڕەکان، لە بنەڕەتدا لە ئیتاڵیا وەرگیراوە، بەڵام دواتر زۆربەیـان لە وڵاتی چین دووبارە کراونەتەوە.

- ناو ســـەنتەری ترافۆرد گۆڕەپانێکی بارتۆنی هەیە و ١٢٠ پەیکەری جۆراوجۆری لەخۆگرتووە و ٣٣ دیواری ئیلهـامبەخشـــــی ڕۆمـانییەکـانی تێـدایە و چەنـدین نـافوورەی جوان و جۆراوجۆریش لە نـاو ئەو سەنتەرە بوونی هەیە.
- پریمارک لە نـاو ســـــەنتەری ترافۆرد: پریمارک یەکێکە لە دوکانە بەناوبانگەکانی وڵاتی بەریتانیا، لە هەموو شـار و شـارۆچکەکان بوونی هەیە، بەڵام

له ناو شـــاره گەورەکان چەندین دوکانی گەورەی پریمـارک هەیە، لە نـاو ترافۆرد ســـەنتەریش پریمارکێکی گەورە و دوو نهۆمی ناوازە هەیە.

ئەو پریمـارکە هەموو جۆرە جلوبەرگێکی پیـاوان و ژنـان و منـدالانی تێـدایە، هەروەهـا هەموو جۆرە پێویستییەکانی پیاوان و ژنان و مندالان و کەلوپەلی ناو مالی تێدایە، کوالیتی شـــتەکان و نرخەکەشـــی مامناوەندە، بۆ چینی خەلکی مامناوەندیش گونجاوە، ئێمە زۆر جـار جلوبەرگی پریمـارک دەکڕین و بەکاری دەهێنین.

- ســەنتەری ترافۆرد ئەکواریۆمی تێدایە، ئەو شــوێنە چەندین جۆری گیانلەبەری ئاوی تێدایە، خەلکێکی زۆر و خاوەن مندالەکان ســـەردانی ئەو شـــوێنە دەکەن بۆ بینینی گیانلەبەرە ئاوییەکان.
- ئەو ســـەنتەرە زۆر جوان و ســـەرنجراکێشـــە، بە تـایبـەتی بۆ پیـاســـە کردنی ڕۆژانە و دیتنی دیمەنەکانی ئەو ســـەنتەرە، پێویســـتە ناو ناوە سـەردانی ئەو شـوێنانە بکەیت، چونکە بۆ زووخاوی مێشک باشە.

## ئیسپانیا، سالۆ

ئیسپانیا وڵاتێکە کەوتووەتە باشووری کیشوەری ئەورووپا، ١٧ هەرێمی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت، کە جوگرافیا و کولتووری جۆراوجۆریان هەیە، پایتەختی وڵاتی ئسپانیا شاری مەدریدە، شوێنی کۆشکی شاهانە و مۆزەخانەی پڕادۆیە، کارەکانی وەستاکانی ئەورووپی تێدایە. پایتەختی هەرێمی کەتەلۆنیا شاری بەرشلۆنەیە، کە بە هێما مۆدێرنیستییە خۆپەرستەکانی ئەنتۆنی گۆدی، وەک کلێسای ساگرادا فامیلیا پێناسە دەکرێت.

ئیسپانیا گەورەترین وڵاتی باشووری ئەورووپایە و چوارەم وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپایە، کە زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی هەیە. بەرشلۆنە لە هەرێمی کەتەلۆنیا، پایتەختی کۆسمۆپۆلیتی ناوچەی کەتەلۆنیای ئیسپانیایە، بە هونەر و شاکارە جوانەکانی تەلارسازی ناسراوە. کڵێسا خەیاڵییە بەناوبانگەکەی ساگرادا فامیلیا لەخۆگرتووە.

ئەو کڵێسایە لە لایەن ئەنتۆنی گۆدی دیزاین و نەخش و نیگارێکی جوانی بۆ کراوە، ئەو کڵێسایە ئێستا مۆزەخانەیەکی مێژوویی شارەکەیە، چەندین شوێنی شوێنەواری ڕۆمانی لەخۆدەگرێت.

بەرشـــلۆنە بە زۆر شـــت بەناوبانگە، تەلارســـازی بەرشـــلۆنە شـــوێنی هەندێک لە کاریگەرترین کارەکانی ئەنتۆنی گۆدییە، کە یەکێکە لە گەورەترین تەلارســازەکانی مێژوو. هەنـدێـک لە بەرهەمەکانی بریتین لە: ســـەگرادا فامیلیا، پارک گوێل، لاکاسامیلا و لاکاسا باتلۆ.

یاریگای تۆپی پێی کامپ نوو لە شـاری بەرشـلۆنەیە، یەکێکە لە یاریگا بەناوبانگەکانی جیهان، کە هەواداری زۆری هەیە.

ســـالۆ یەکێکە لە شـــارەوانییەکانی تـاراگۆنێس لە پارێزگای تاراگۆنا، لە هەرێمی کەتەلۆنیا، لە ئیسـپانیا، سـالۆ نزیکەی دە کیلۆ مەتر لە شاری تاراگۆنا دوورە.

کاتێک دەچمە هەر وڵاتێک، یان شـــارێک، یاخود ناوچەیەک، پێم خۆشــە زانیاری لە ســەر شــوێنەکە پەیدا بکەم، بۆیە پێم خۆشـــە بە کورتی ئەو زانیارییانە بە ئێوەی خوێنەر ئاشنا بکەم.

شـاری سـالۆ دەکەوێتە پارێزگای تاراگۆنا، لە هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا. شاری سالۆ ناوچەیەکی کەنار دەریایە و بە کەناراوە درێژ و زێڕینەکان و ئاوە پیرۆزەکانی ناسراوە.

سالۆ شوێنێکی گەشتیاری بەناوبانگە، چەندین کەنار دەریای هەیە، لەوانە لیڤانت و کاپێلان، کە قەرەباڵخن، بەڵام کالا کرانس لەوانی دیکە جیاوازە. کەش و هەوای سالۆ زۆر نایابە، شارێکی زۆر پاک و خاوێنە، شوێنێکی گەشتیارییە، لە زۆر وڵاتەوە ڕووی تێدەکەن، نزیکترین فڕۆکەخانە لە شاری سالۆ فڕۆکەخانەی ڕیوسە کە نزیکەی ١٥ بۆ ٢٠ خولەک بە ئۆتۆمبێل لێیەوە دوورە.

سالۆ شوێنێکی بەناوبانگی پشووی هاوینەیە بۆ خەڵکی سەرتاسەری ئەورووپا، هاوینە هەواری خێزانییە و شوێنی یاری کردنی لە کەناراوەکاندا هەیە، کۆستا دۆرادا، ناوچەیەکی کەنار دەریایە کە لە کەتەلۆنیایە، چەندین کەنار و ناوچەی گەشتیاری خۆش لەو هەرێمە هەیە.

ئیسپانیا لە شاری سالۆ، لە هەرێمی کەتەلۆنیا، ساڵانە جامی یاری تۆپی پێ بۆ کوڕانی تەمەن هەشت ساڵان تا دەگاتە کوڕانی تەمەن خوار حەڤدە ساڵان ڕێک دەخات.

بەشێکی زۆری وڵاتانی کیشوەری ئەورووپا، بە چەندین تیپی تۆپی پێ بەشداری لەو جامە دەکات، وڵاتی بەریتانیاش ساڵانە بە چەند تیپێک بەشدار دەبێت.

کاکە هاوژیر یەکێک بوو، لەو یاریزانە تازە پێگەیشتووانەی کە شانبەشانی تیپی تۆپی پێی ترافۆرد ئێف سی لە شاری مانچێستەر بەشداری لە پاڵەوانیەتی بەرشلۆنە کرد.

ئێمە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێککەوتی ١٢ی نیسان ساڵی ٢٠٢٣ گەشتێکی خێزانیمان بۆ شاری سالۆ لە هەرێمی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا ڕێکخست. سەرەتا لە فڕۆکەخانەی مانچێستەر بە ڕێگای فڕۆکە گەشتمان بۆ بەرشلۆنە کرد.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە فڕۆکەخانەی بەرشلۆنە بە تاکسی ڕۆیشتین بۆ ناو بەرشلۆنە، پاشان چووینە هۆتێلێک بۆ ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ لەو هۆتێلە ماینەوە. ئەو دوو ڕۆژە بۆ جاری دووەم بە بەرشلۆنە شاد بووینەوە، چونکە ئەو گەشتەمان بۆ بەرشلۆنە دووەم جار بوو.

کاتژمێر نۆی بەیانیی ڕۆژی هەینی، ڕێککەوتی ١٤ی نیسان ڕێکخەرانی جامی بەرشلۆنە ئۆتۆبۆسێکی گەورەیان بۆ ئامادە کردین، چونکە چەند خێزانێک لە وڵاتە جیاوازەکانەوە دەچووینە شاری سالۆ، بە مەبەستی بەشداری کردنی ئەو کوپە، کە بۆ کوڕەکانمان ڕێک خرابوو.

شــوێنی وەســتانی پاســەکەمان بەردەم فرۆکەخانەی بەرشــلۆنە بوو، هەموو خێزانەکان لەو شــوێنە کۆبووینەوە، ڕێگاکە ١٠٨ کیلۆمەتر بوو، نزیکەی یەک کاتژمێر و بیست و پێنج خولەک بە ڕێگاوە بووین.

کاتژمێر ١٠:٣٠ خولەکی بەیانی گەیشـــتینە بەردەم باشترین هۆتێلی کامبریلز، کە هۆتێلێکی چوار ئەستێرە بوو. ئەو میوانخانەیە دەکەوێتە ناو شــاری ســالۆ، لە تەنیشــت کەناری ڤیلافۆرتۆنییە، نزیکەی ٥٠ مەتر بە پێ لە کەناری دەریاوە دوورە، مەلەوانگەیەکی نایابی تێدایە، شـوێنی ساونا، بارِ، بلیارد، شـوێنی یاری منداڵان، هەروەها چێشـتخانەیەکی ناوازەی تێدایە، ئێمە سێ ڕۆژ و سێ شـەو لەو میوانخانەیە ماینەوە.

ڕۆژانی شـەممە و یەکشـەممە، ڕێککەوتی ١٥ و ١٦ی مانگی نیســان یارییەکان دەســتیان پێ کرد، لە یاریگایەکی گەورە، ئەو شـــوێنە خاوەنی ١٠ یاریگای تۆپی پێ بوو بۆ یارییەکان. وڵاتە بەشداربووەکانی ئەم جامە بریتی بوون لە: ئیســپانیا، ئینگلتەرا، فەرەنســا، ســوید، دانیمارک، بەلجیکا، نەرویج، ئایسلەندا، فینلاند، سویسرا، سکۆتلەندا و ئێرلەندا.

ولاتی ئینگلتەرا بە چەنـد تیپێـک بەشـــــداری لەو پاڵەوانێتییە کرد، تیپی ترافۆرد لە شـــاری مانچێســتەر کە هـاوژیر تێیـدا ئـەنـدام بوو، کەوتنە بەرامبەر تیپەکـانی فەرەنســا، ئێرلەندا و ســوید. تیپی ترافۆرد یەکێک بوو لەو تیپانەی کە لە ناو یاریگا زۆر بەهێز دەرکەوتن.

1. Trafford FC Manchester -England.
2. AGJA Caudatan France.
3. uppåkra FC Sweden.
4. Kerry Schoolboys Ireland.

ڕۆژانی شـەممە و یەکشـەممە یارییەکان گەرموگوڕی زۆری بە خۆیەوە دەدیت، هەموو تیپەکان ڕۆژی شــــەممە ســـێ یارییان ئەنجام دەدا، هەموو یارییەکان ٤٠ خولەک بوو، هەر جێمێک ٢٠ خولەک بوو، واتە دەبوو هەر تیپێک ســـی یاری بکردایە، یارییەکان بە شـــێوەیەک بوو، کە لە چوار گرووپ دوو تیپ سەردەکەوتن.

ڕۆژی یەکشــەممە تیپە ســەرکەوتووەکان ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، هەموو تیپەکان ســـێ یارییان ئەنجامدا، پاشـــان دوو تیپەکەی ئینگلتەرا و فەرەنســا کەوتنە کۆتایی یارییەکە، لە ئەنجامدا فەرەنسییەکان بوونە پاڵەوانی کوپەکە و ئینگلیزەکان بوونە دووەمی پاڵەوانێتییەکە.

Trafford FC Manchester -England ١-٤ AGJA Caudatan France

پاش کۆتایی هاتنی یارییەکان، سەرجەم تیپەکان کاسی بەرشلۆنەیان پێ بەخشرا؛ سەرجەم یاریزانەکان میدالیای ملوانکەیان پێ بەخشرا.

لە دوو ڕۆژی پاڵەوانێتییەکە خەڵکێکی زۆر بۆ دیتنی یارییەکان هاتبوون، سەرجەم کوڕەکان و دایک و باوک و خانەوادەکان چێژێکی زۆریان لەو گەشتە وەرگرت، منداڵەکانیش زۆر دڵخۆش و ئاسوودە بوون.

ئەو سێ ڕۆژە لە شاری سالۆ مەلەوانییەکی زۆر خۆشمان کرد، پیاسەیەکی زۆر و خۆشییەکی زۆرمان دیت، کەش و هەوا زۆر گەرم و خۆش بوو، ئەو شوێنە شایەنی گەشتکردنە.

هۆتێلەکە ناوی کامبریڵز بوو، هۆتێلێکی چوار ئەستێرە بوو، چێشتخانەیەکی جوان و ناوازەی تێدا بوو، خواردنی بەیانییان، نیوەڕۆ و ئێوارانمان هەبوو، خواردنەکان بۆفیەی کراوە بوو، هەموو جۆرە خواردنێکی نێودەوڵەتی پێشکەش بە گەشتیاران دەکرا.

ســــالّی ئایندەش، واتە: ڕۆژی هەینی ٢٤ی مانگی ئایاری ســــالّی ٢٠٢٤ جارێکی دیکە چووینەوە شــــارە جوانەکەی ســــالۆ بۆ جامێکی دی بەرشــــلۆنە لە هەرێمی کەتەلۆنیـا، بەڵام ئەو جـارەیـان یـارییەکـان و هۆتێلەکە و فرۆکەخانەکە جیاواز بوو، بەڵام هەمان یاریگا بوو، بەڵام تیپی جیاوازتر بوون.

شـــێوازی بەڕێوەبردنی یارییەکان بە هەمان شـــێوەی ساڵی ٢٠٢٣ بوو، پێشتر باسم کردووە، بۆیە پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە.

سـڵاو لە سـالۆ، سـڵاو لە هەرێمی کەتەلۆنیا و شـاری بەرشــلۆنە، ســڵاو لە وڵاتی ئیســپانیا، بە ڕاســتی لە وڵاتی ئیسپانیا هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەیت، هەر ئاوەدان بێت وڵاتە جوان و ڕەنگینەکەی ئیسپانیا.

# بەشی پێنجەم

# ڕێکخستنەکانی ی. ن. ك لە سوید

## بەشی پێنجەم: ڕێکخستنەکانی ی. ن. ک لە سوید

### کۆمەڵە کوردییەکانی سوید

کوردێکی زۆر لە شاری هێلسینگبۆری دەژین، کۆمەڵەی کوردی هێلسینگبۆری سەر بە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی سوید لەو شارە بوونی هەبوو.

چەند کەسێک سەرپەرشتییان دەکرد، لە هەمان کاتیش ئەوان ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لە ڕێکخراوی پارتی لەو شارە کاریان دەکرد، کە ئەو بەڕێزانە بوون: کاک ماجید و غوربەت خان، هاوسەری یەکتری بوون، کە خەڵکی لای زاخۆ بوون، مام شێخ محەممەد، خەڵکی لای کەرکووک بوو، کاک فەرهاد شێخ محەممەد، خەڵکی کەرکووک بوو، بەڵام لە هەولێر دادەنیشت، کاک فارووق خەڵکی دەشتی هەولێر بوو.

لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵەیەکی دیکەی کوردی بە ناوی ماڵی کورد دروست بوو، ژمارەیەک لە کوردانی هێلسینگبۆری وەک ستاف کارمان دەکرد. کاک مستەفا

کوڕی مامە قالە، خەڵکی شـــاری بانەی ڕۆژهەڵات بوو، ســـەرپەرشـــتی کۆمەڵەی مـاڵی کوردی دەکرد، ئەم بەڕێزانەش وەک ســـتاف کاریان دەکرد: کاک جەمال کوڕی مامە قالە، کاک کاوە بیبانی، خەڵکی کەرکووک بوو، کاک ســیار خەڵکی هەولێر بوو، کاک ســەرباز ســەعدی ناســـراو بە شـــوان مەرزانی خەڵکی هەولێر بوو، دکتۆر مەزهەر، خەڵکی هەولێر بوو، کاک ئارام خەڵکی ســـلێمانی بوو، کاک ســەردار ســۆرانی خەڵکی ســلێمانی بوو، هاوڕێ سماقوڵی (خۆم).

مـاوەیەکی بـاش بە یەکەوە کـارمـان کرد، کۆمەڵەی ماڵی کورد بارەگای هەبوو، لە هەموو بۆنەیەکی نیشـــتمانی ســـوید ئامادەییمان هەبوو، گرووپێکی کوڕ و کچمان بۆ هەڵپەڕکێی کوردەواری هەبوو.

مامە قالە بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە وەک ڕەمزی کوردانی شـــارەکە بەشـــداری دەکرد، هەروەها زۆربەی کوردەکان بە جلی ڕەنگاوڕەنگی کوردی بەشـداری بۆنەی نەتەوەییان دەکرد.

لە زۆربەی بـۆنەکـان ئەو دوو کـۆمەڵەیە کـاری هاوبەشـیان بە یەکەوە نەدەکرد؛ یەک هەڵوێسـتییان نەبوو،

کۆمەڵەی کوردی هێلسـینگبۆری سـەر بە فیدراسـیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان، برادەرانی پارتی سـەرپەرشـتییان دەکرد، بەڵام کۆمەڵەکەی دیکە لە هەموو ڕەنگەکان پێک هـاتبوو، وەک گوتم کە کـاک مسـتەفـای مـامە قـالە سـەرپەرشـتی دەکرد، کە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردسـتـانی ئێران بوو، ڕێژەی ئـەنـدامـەکـانی ئێمـە لـە کۆمەڵەی ماڵی کوردی زۆر هەڵکشـا، بەڵام کاک مسـتەفا ئەو گەشەکردنەی ئێمەی پێ هەزم نەکرا، لەبەر ئەوە ئێمە لە کۆمەڵەکە چووینە دەرێ.

## کەرتی ڕێکخستنی ی. ن. ک لە هێلسینگبۆری

ئێمە زۆر بووین، ڕێژەی ئـەنـدامـمـان لە هەردوو کۆمەڵەکە زیاتر بوو، لـەبـەر ئـەوە بیرمان لەوە کردەوە لە جیـاتی کۆمەڵەی کوردی، کەرتی ڕێکخسـتنی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لەو شـارە دروسـت بکەین، ئیدی کـەرتی ڕێکخسـتنمـان بـە نـاوی کەرتی ڕێکخسـتنی هێلسینگبۆری دامەزراند.

پێشـتر کاک شـێخ هیمداد مەلا محەممەد هیرانی لێپرسراوی کۆمیتەی سوید بوو، کاک هیمداد زۆر هەوڵیدا،

لە ڕێگای ئێمەوە کەرتی ڕێکخستن دروست بکرێت، ئێمەش کۆمەڵێک گەنجی خوێنگەرم بووین، لە ڕابردووشدا زۆربەمان ئەندام و هەواداری یەکێتی بووین.

ڕۆژی سێشەممە، ڕێککەوتی ٢٠ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ کۆمەڵێک لە کوردانی شاری هیلسینگبۆری، کەرتی ڕێکخستنی شاری هێلسینگبۆریمان دروست کرد، کە سەر بە کۆمیتەی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە هەوادارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو شارە بوونیان هەبوو.

دەستەیەکمان بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی ڕێکخستنی شاری هێلسینگبۆری پێک هێنا، کە بریتی بوون لە: کاوە عیزەدین پاشا/ کەرکووک، سەرباز سەعدی ناسراو بە شوان مەرزانی/ هەولێر، وشیار عەسکەری/ کەرکووک، شاکر خدر مادۆ شێخان، جەوهەر مستەفا عەلی/ شارەزوور، مەهدی هیندی عەلی/ شێخان، هاوڕێ سماقوڵی/ هەولێر.

سەرەتا کاک شوان مەرزانی وەک سەرپەرشتیاری کەرت دەست نیشان کرا، ماوەی ٢٤ ڕۆژ بەردەوام بوو، کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێککەوتی ١٣ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٤، بە سەرپەرشتی کاک ئیبرایم

حەمە عەلی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی باشووری سوید و کاک شێرزاد عەزیز لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی مالمۆ، کاک زاهیر کارگێڕی کەرتی مالمۆ، کۆنفرانسی کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری بەڕێوەچوو.

لە کۆنفرانسی کەرتی هێلسینگبۆری نزیکەی ٣٠ ئەندام ئامادە بوون، لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانە، چەند کەسێک توانییان متمانەی کۆنفرانس بەدەست بهێنن و ببنە لێپرسراو و کارگێڕی کەرتی هێلسینگبۆری، ئەمەش لیستی ناوەکانە:

١. هاوڕێ سماقوڵی، لێپرسراوی کەرت.
٢. شوان مەرزانی، کارگێڕی کەرت.
٣. کاوە عیزەدین پاشا، کارگێڕی کەرت.
٤. مەهدی هیندی عەلی، ئەندامی کەرت.
٥. وشیار عەسکەری، ئەندامی کەرت.
٦. شاکر خدر مادۆ شێخان، یەدەگ
٧. جەوهەر مستەفا عەلی، یەدەگ

کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری شانبەشانی کەرتەکانی مالمۆ، کریستیانستاد، ڤێکخۆ، هاڵمستاد بوونە پێنج کەرت لە باشووری سوید، کە توانییان زۆرترین

ئەندام کۆبکەنەوە، ســـێ مانگ جارێک ئەو پێنج کەرتە بە یەکەوە کۆبوونەوەی هاوبەشـــییان دەکرد، هەر جارێک لە شــارێک بە یەکەوە کۆدەبووینەوە، کاک برایم حەمە عەلی سـەرپەرشـتیاری کەرتەکان بوو، لێپرسـراوی کەرتەکانیش بوونە هاوکاری کاک برایم. ئەو کەرتانە بە یەکەوە کاری هاوبەشی زۆریان ئەنجامدا.

## چالاکییەکانی کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری

کەرتی هێلسـینگبۆری ڕۆڵێکی باشــی لە کۆکردنەوەی ئەنـدامـان هـەبوو، کۆڕ و کۆبوونەوە و ســـیمینـارمـان بۆ کەســـایەتییەکانی ناوچەکە ڕێک دەخســـت، کە ڕەوەندی کوردی تێیــدا ئــامــادە دەبوون؛ تــاکە کەرت بووین چاونەترســـانە ســـیمینارمان بەڕێوە دەبرد، هەم بۆ ژنان و هەم بۆ پیاوان.

ئەو کەرتە لە کار کردن بەردەوام بوو، تا وای لێهات ڕێژەیەکی بەرچــاو لە ڕەوەنــدی کوردی هــاتنە دەوری ڕێکخســـتنەکان لەو ســـنوورە، لە ماوەی ســـاڵێکدا ڕێژەی ئەندام گەیشتە ٨٤ کەس.

ئێمە لە کار و چالاکی بۆ خزمەتی ڕەوەندی کوردی بەردەوام بووین، دواتر و لە ڕۆژی شـەممە، ڕێککەوتی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥ کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری شـانبەشـانی کەرتەکانی مالمۆ، کریسـتیانسـتاد، ڤێکخۆ، هاڵمسـتاد، لە شـاری لاندسـکرۆنە لە باشـووری سـوید، گەورەترین ئاهەنگمان بۆ ڕەوەندی کوردی سـاز کرد، لەو ئاهەنگە زیاتر لە ٨٤٠ ژن و پیاو، کوڕ و کچمان کۆکردەوە، جگە لە منداڵی خوار تەمەن ١٢ سـاڵ. لە ڕاسـتیدا ئەمە کارێکی گەورە بوو.

لەو ئـاهەنگەدا کـاک برایم حەمە عەلی و تەواوی لێپرسـراوانی پێنج کەرتەکە و کارگێڕان و بەشـێکی زۆری ئەندامان و خەڵکێکی زۆری بێلایەن و ڕەوەندی کوردی لە دانیمارک و زۆربەی ڕەوەندی کورد لە شارەکانی باشووری سـوید و هەر چوار پارچەی کوردسـتان بۆ ئەو ئاهەنگە هاتن.

وەک کەرتی ڕێکخسـتنی هێلسـینگبۆری، میوانداری ئـاهەنگەکە و خەڵکەکەمـان کرد، بـەمـە دڵی تەواوی ئامادەبووانی ئاهەنگەکەمان خۆش کرد.

وەک لێپرسـراوی کەرتی ڕێکخسـتنی هێلسـینگبۆری شـــەرەفی ئەوەم پێدرا، کە وتـاری یـەکێتی نیشـــتمـانی کوردســـتان بنووســـمەوە و بیخوێنمەوە، کە وتارێک بوو جێگەی بایەخی ئامادەبووان بوو.

هونەرمەنـدانی بە توانـا کـاکە میکـایـل گۆرانیبێژی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کاکە سەردار کەرکووکی گۆرانیبێژی میللی شـاری هەولێر، گۆرانیبێژی دەنگ خۆش کاکە سـەعدوون خێریی شـێخانی، بە گۆرانییە خۆشـەکانیان ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە.

نابێت ئەوەشـــمان لە بیر بچێت، ســـەرجەم کادیر و هەڤاڵانمان توانیان بە باشـــترین شـــێوە ئارامی ناو هۆڵەکە بپارێزن، کە جێگای دەست خۆشی بوو.

لەم ئاهەنگەی شـــاری لاندســـکرۆنە، پەیامنێرانی کوردســـات لە دانیمارک و لە ســـوید ئامادەی ئاهەنگەکە بوون و بۆ مـاوەی چـل و پێنج خولـەک بـە شـــێوەیـەکی ڕاستەوخۆ ئاهەنگەکەیان لە تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردسات پەخش کرد.

پەیامنێری کەناڵی ئاسـمانی کوردسـات لە سـتۆکهۆڵم و ســـوید، کاکە فەلاح ئەحمەد ڕەشـــید، پەیامنێری کەناڵی

ئاسمانی کوردسات لە کۆبنهاگن و دانیمارک کاکە هاوڕێ مەحموود، بە یەکەوە ڕۆڵێکی باشـــیان لە پەخش کردنی ئاهەنگەکە هەبوو، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕەوەندی کوردی ناو ئاهەنگەکە ئەنجامدا، چاویان ماچ دەکەم و بە گەرمی دەستیان دەگوشم. تا درەنگانی شەو ئەو ئاهەنگە بەردەوام بوو، دڵی ڕەوەندی کوردییمان خۆش کرد.

ئێمە لە کاری ڕێکخراوەیی بەردەوام بووین، لە زۆربەی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان بەرچاو بووین، خێزانێکی زۆرمان کۆدەکردەوە، هەر خێزانێک خواردنی خۆی دەهێنا و لە سەر یەک مێز دامان دەنا و بەیەکەوە دەمانخوارد، دواتر دەمانکردە ئاهەنگ و کاتێکی خۆشمان بەسەردەبرد و دڵی بەشداربووانی ڕەوەندی کوردیمان خۆش دەکرد.

ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بۆ ئەوە بوو، کە پەیوەندی خێزانی بەهێز بکەین، منداڵەکانمان زمانی شیرینی کوردییان لە بیر نەچێتەوە.

لە ماوەی کارکردنمان وەک کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری پاڵپشتیمان (تەسکیە) بۆ زیاتر لە ١٢٠ کەس

کرد، که ئەوانەی ئەندامی خۆمان بوون، یان بێلایەن، یان هەواداری حیزبە بچووکەکان بوون، زۆربەی ئەو کەسانەش خەڵکی دەڤەری شێخان و شنگال و ناوچەی ئێزدییەکان بوون.

سوپاسی کاک دارا ئەحمەد بێکەس دەکەم، کە لە ڕێگای کونسوڵخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم هاوکارمان بوو، لە بەخشین و هاوکاری کردنی ڕەوەندی کوردی لە باشووری سوید، بە پێدانی زیاتر لە ١٢٠ پاسپۆرتی ئێس (S)، ئەو کارەی کاک دارا هاوکاری باشی ڕەوەندی کوردی کرد، هیوادارم نموونەی زۆر بێت بۆ خزمەتی هاووڵاتییانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات.

## کۆمیتەی سوید

کۆمیتەی سوید دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنی دەکرد، دەستەیەکی نوێ هەڵدەبژێردرا. دەستەکە لە لێپرسراوی کۆمیتە و چوار کارگێڕ و دوو یەدەگ پێک هاتبوون، وەک کارگێڕ و لێپرسراوی بەشەکان، ئەوانیش بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

١. ئاری شێخ نووری، بەرپرسی کۆمیتەی سوید.

٢. شەماڵ ئاکۆ، کارگێڕی کۆمیتە.

٣. لێزمە عەلی حەویز، کارگێڕی کۆمیتە.

٤. خەڵات شێخ جەناب، کارگێڕی کۆمیتە.

٥. عەدنان فەیلی، کارگێڕی کۆمیتە.

٦. محەممەد شارەزووری، کارگێڕی کۆمیتە.

٧. ڕاژە خان، کارگێڕی کۆمیتە.

کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەی گشتی ئەنجوومەنی کۆمیتەی ئەنجام دەدا، لە کۆبوونەوەکەدا سەرجەم لێپرساوی کەرتەکان ئامادە دەبوون، ئەگەر لێپرساوی باڵا لە کوردستانەوە بهاتنایەتە سوید ئەوا کۆبوونەوەی تایبەت بۆ ئەنجوومەنی کۆمیتە ڕێک دەخرا.

سوید وڵاتێکی گەورەیە، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لە زۆربەی شارەکان کەرتی ڕێکخستنی هەبوو، بەڵام بە هۆی دووری شارەکان لە یەکتری ساڵانە دوو کۆبوونەوە ئەنجام دەدران، بۆ نموونە: شاری یۆتۆبۆری دووەم شاری سویدە و تا شاری ستۆکهۆڵم ٤٦٦ کیلۆمەترە، بە ئۆتۆمبێل چوار کاتژمێر و پەنجا و هەشت خولەکە، مالمۆ لە باشووری سویدە و سێیەم شاری سویدە، تا شاری

ستۆکهۆڵمی پایتەخت ٦١٠ کیلۆمەترە، بە ئۆتۆمبێل شەش کاتژمێر و ٢٧ خولەکە، واتە کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەڵکە کارێکی ئاسان نەبوو، هەروەها خەرجییەکی زۆریشی پێویست بوو، لەبەر ئەوە شەش مانگیان بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەن دیاری کردبوو.

کۆمیتەی سوید لە ١٧ شاری گەورە و مام ناوەند کەرتی ڕێکخستنی هەبوو، بەم شێوەیە:

١. کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆڵم.
٢. کەرتی ڕێکخستنی یۆتۆبۆری.
٣. کەرتی ڕێکخستنی مالمۆ.
٤. کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری.
٥. کەرتی ڕێکخستنی هاڵمستاد.
٦. کەرتی ڕێکخستنی کریستیانستاد.
٧. کەرتی ڤێکخۆ.
٨. کەرتی ڕێکخستنی لینشۆپینگ.
٩. کەرتی ڕێکخستنی کارلستاد.
١٠. کەرتی ڕێکخستنی ئوپسالا.
١١. کەرتی ڕێکخستنی بۆرۆس.

١٢. کەرتی ڕێکخستنی ئێسکلیستونا.

١٣. کەرتی ڕێکخستنی ڤێستێرۆست.

١٤. کەرتی ڕێکخستنی ئۆروبرو.

١٥. کەرتی ڕێکخستنی ترۆلهێتان.

١٦. کەرتی ڕێکخستنی یێڤلێ.

١٧. کەرتی ڕێکخستنی سوندووسڤاڵ.

ڕەوەندی کورد لە سـوید زۆر چالاک و زیندوو بوون، لە هەموو بۆنەکان ئامادە بوون، سـتۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری و مالمۆ سـێ شـاری زیندوو بوون، زۆربەی شـاعیران، نووسـەران، گۆرانی بێژان، چالاکوانانی مەدەنی و دەیان دکتۆر و چینی ڕۆشـنبیر لەم شـارانە دەژیان، بە تایبەت لە شاری ستۆکهۆڵم.

ڕەوەندی کوردی لە سـوید یەکجار زۆرە، لە هەموو شـار و شـارۆچکەیەک بوونیان هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی سوید لەگەڵ کۆمەڵگەی سوید و نەتەوەکانی دیکە هاوسـەرگیریان کردووە. بە شـێوەیەکی گشـتی کوردانی سـوید تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەورووپی بوون و خۆیـان گونجاندووە.

یاسایی سوید بۆ پیاو و ژن یەکسانە، پێویستە ژن و پیاو بە یەکەوە کار بکەن بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان، هەر ئەوەشە وای کردووە کە ژن و پیاو گورجوگۆڵ و کراوە بن.

ژنەکان دەتوانن شانبەشانی پیاوان پشت بە خۆیان ببەستن، ئەگەرچی لە ئێستادا ژنانی کوردستان زۆر جیاوازتر دەردەکەون، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، بەڵام هێشتا ماویەتی.

## کۆنفرانسی کۆمیتەی سویدی ی. ن. ک

مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بارەگای لە وڵاتی هۆڵەندا بوو، سەرپەرشتی تەواوی کۆمیتەکانی دەرەوەی دەکرد، لە هەموو کیشوەر و ئەو وڵاتانەی کە کۆمیتەی لێبوو. کۆمیتەی سویدیش یەکێک بوو لەو کۆمیتانەی سەر بە مەڵبەندی دەرەوە بوو، کۆمەڵێک لە کادیرانی پێشکەوتوو سەرپەرشتی مەڵبەندی دەرەوەیان دەکرد، کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە.

١. مامۆستا جەمال حاجی محەممەد، لێپرسراوی مەڵبەند بوو.

٢. شێخ شەماڵ، نوێنەری مام جەلال بوو لە مەڵبەندی دەرەوە.
٣. مەحموود ڕەزا، لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی مەڵبەند بوو.
٤. چیا عەباس، لێپرسراوی بەشی ڕێکخستن بوو.
٥. ملازم کەمال، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون بوو.
٦. کامەران باجەلان، لێپرسراوی بەشی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو.
٧. شاخەوان ناوێک، لێپرسراوی بەشی دارایی و ئابووری بوو.
٨. شەفیق حاجی خدر، لێپرسراوی بەشی پەیوەندییەکان بوو.

مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو ساڵ جارێک کۆنفرانسی بۆ کۆمیتەکان ئەنجام دەدا، مەڵبەند بڕیاریدا کە ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ کۆنفرانسی کۆمیتەی سوید ئەنجام بدرێت.

لە هەموو ئۆرگانێکی حیزبی، یاخود پەرلەمانی وڵات، حەز و ئارەزوو بۆ خۆ کاندید کردن زۆرە، ئەوانەی

بەهرەیان لە بوارە جیاجیاکاندا هەیە، یاخود باوەڕیان بە خۆیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شـــوێنەی کە خۆت لێی دەژیت.

کۆمیتەی ســـوید یەکێک بوو لەو کۆمیتە چالاکەکانی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان، کە توانیبووی خەڵکێکی زۆر لــە ڕەوەنــدی کوردی لە دەوری خۆی کۆبکـاتەوە، هەر بۆیەش چەنــدین کەس حەزی دەکرد بەشـــــداری لە کۆنفرانســە جیاوازەکانی ڕێکخســتنەکانی ســوید بکات، زۆر جار چەندین کەس ململانێیان بۆ لێپرســـــراو، یان کارگێڕ، یان ستافی کۆمیتە کردووە.

بڕیارەکە بە شێوەیەک بوو، کە لە کۆی پێنج ئەندامی ئـابونەدەر، یەک ئەنـدام دەبووە نوێنـەر لـە کۆنفرانســـــی کۆمیتـە. لـە کۆمیتەی ســـوید خـاوەنی ١٢٠٠ ئەنـدامی ئابونەدەر بووین، لە کۆی گشـتی ئەندامانی کۆمیتەی سـوید ٢٤٠ ئەندام مافی ئەوەی هەبوو ببێتە ئەندامی کۆنفرانس، ٢٥ هەڤاڵ و پێشـمەرگەی دێرین و کەمئەندامانی سـەنگەر شـەرەفی ئەوەیان پێ بەخشـرا کە ببنە ئەندامی کۆنفرانس، واتە ڕێژەی بەشداربووانی کۆنفرانس بوونە ٢٦٥ کەس.

بڕیار درا کۆنفرانســـی کۆمیتەی ســـوید لە شـــاری یۆتۆبۆری ئەنجام بدرێت، شەرەفی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی کۆمیتەی ســـوید، کەوتە ســـەر شـــانی هەڤاڵانی کەرتی ڕێکخستنی یۆتۆبۆری.

یۆتۆبۆری دووەم گەورە شـــاری ســـویدە، دەکەوێتە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ســـوید و بە دارســـتان و دەریاچە و دەریا دەورە دراوە. شـاری یۆتۆبۆری بە خواردنی دەریایی و تۆپی پێ و بەندەری پیشـــەســـازی ناســـراوە؛ ئەو شـــارە بە لەندەنی بچووک ناســـــراوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کۆچبـەرانی بـەریتـانیـا، کـە لـە ســــاڵانی ١٨٠٠دا پیشـــەســـازی شـارەکەیان بەڕێوە بردووە. بەگوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠٢٣ ڕێژەی دانیشـتووانی ئەو شـارە ٥٩٦٨٤٠ پێنج سەد و نەوەد و شەش هەزار و هەشت سەد و چل کەسە.

ســـێ هەفتە پێش هەڵبژاردنەکان تەواوی ڕکابەرەکان بەدەرکەوتن، بۆ پۆستی لێپرسراوی کۆمیتە و ستافی کۆمیتە خۆ کاندید کرد، کە چوار گرووپ بووین، لە هەمان کاتدا چەند کەسێکی بێلایەنیش هەبوون، بەم شێوەیە:

١. ئاری شێخ نووری و هاوڕێکانی.

٢. ئیدریسی خوارزای شەهید حەسەن کوێستانی و هاوڕێکانی.

٣. خەلاتی شێخ جەناب برای ئاواتی شێخ جەناب و هاوڕێکانی.

٤. هاوڕێ سماقوڵی (خۆم) و هاوڕێکانم.

٥. کاک ئارام قزلەری، ئەویش پاڵێوراوێکی سەربەخۆ بوو، نووسەر و کوڕێکی بە توانا بوو، بنەماڵەکەی خاوەنی چوار شەهید بوون، بەم ناوانە: شەهید فەخریە کەریم، شەهید مەهاباد عومەر، شەهید ئازاد عومەر و شەهید بەرهەم عومەر.

کاک ئاری شێخ نووری برای ئاسۆی شێخ نووری بوو، چەند ساڵێک بەر لە ئێمە لە سوید بوو؛ چەندین ساڵ پێش ئێمە لە کۆمیتە کاری کردبوو، لە هەمان کاتدا لێپرساوی ئێمە و کۆمیتەش بوو. کاک ئیدریس پێشتر بەرپرسی کۆمیتە بوو، کاک خەلاتیش کارگێڕی کۆمیتە بوو، ئەو بەڕێزانە زۆر متمانەیان بە خۆیان هەبوو، بەوەی دەردەچن و دەبنەوە بە بەرپرس و ستافی کۆمیتە.

ئێمە ستافێکی جیاواز بووین، زۆربەمان پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووین، تەمەنێکی زۆریش

نەبوو هاتبووینە سـویـد، واتە خەڵک بە باشـی ئێمەی نەدەناسـی، بە مانایەکی دیکە ئێمە لە چاو ئەوانی دی ئەزموونمان کەمتر بوو، بەڵام ئێمە ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە کارمان دەکرد، دوور لە چوارچێوەی منافەسەی ناشەریفانە دەجووڵاینەوە.

ئێمە لیستێکمان دروست کرد، کە لە خەڵکی ماندوونەناس و کوردپەروەر پێک هاتبوون، کە ئەمانە بوون:

١. هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی، ناسراو بە هاوڕێ سماقوڵی، سەرۆکی لیست.
٢. سەرباز سەعدی عەلی، ناسراو بە شوان مەرزانی، ئەندام.
٣. باڵامبۆ کۆکۆیی، ئەندام.
٤. لێزمە عەلی حەویز، ئەندام.
٥. ئەحمەد شێخ ئیسماعیل، ئەندام.
٦. نیهاد مەلا محەممەد هیرانی، ئەندام.

لەگەڵ هاوڕێکانم شار بە شاری سوید دەگەڕاین، کۆڕ و کۆبوونەوەمان لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی ڕێکخستن لە زۆربەی شارەکانی سوید ئەنجام دەدا، سیستەمێکی

وامان پەیڕەو کرد، تا لە زۆربەی شارەکانی سوید خەڵکمان هەبێت، بۆ نموونە من و کاک شـــوان لە ســـکۆنێ، لە باشووری سوید، لە شاری هێلسینگبۆری بۆ ستافی کۆمیتە خۆمان کاندید کرد، کاک بالامبۆ کۆکۆیی لە ڕۆژئاوای سوید، لە شاری یۆتۆبۆری کاندید بوو، شێخ نیهاد و شێخ ئەحمەد لە ناوەڕاستی سوید، لە ستۆکهۆڵم کاندید بوون، کاک لێزمە عەلی حەویز لە باکووری ستۆکهۆڵم، لە شاری ئوپسالا کاندید بوو.

ئێمە بەردەوام بووین لە گەڕانی شـــارەکانی ســـوید، دەتوانم بڵێم: بە ســـەدان کیلۆمەترمـان دەبڕی بۆ بە ســـەرکردنەوەی هەوادار و ئەندامی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، کاکە بالامبۆ ڕۆڵێکی باشـــی لە یۆتۆبۆری گێڕا، کە زۆرترین ئەندامانی ڕێکخستنی یەکێتی لەو شارە بوون.

کۆی گشـــتی کەرتەکانی ڕێکخســـتن لە ســـوید ١٧ کەرت بوو، ئەو کاتە من لێپرســـراوی کەرتی ڕێکخســـتنی هێلسینگبۆری بووم، لە باشووری سوید، لە هەرێمی سکۆنێ. پەیوەندییەکی تۆکمە و باشمان لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری بەرپرس و کارگێڕەکانی کەرتەکانی دیکە دروست کردبوو، بێگومان نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، کە کاک جەنگی

ڕەسوول عەلی، برای هەڤاڵی بەڕێز کاک کۆسرەت هاوکار و پشتیوانییەکی باشی ئێمەی کرد، بۆ ئێمە وەک سەنگەرێکی پۆڵاین و برا وا بوو.

لە ڕاستیدا لە لایەن لێپرسراوی مەڵبەند، واتە مامۆستا جەمال حاجی محەممەد، کاک مەحموود ڕەزا ئامۆزای خوداڵێخۆشبوو کاک نەوشیروان بوو، دکتۆر چیا عەباس، ئەو سێ بەرپرسە زۆر بە توندی دژایەتییان دەکردین، حەزیان نەدەکرد ئێمە دەربچین و ببینە لێپرسراو و ستافی کۆمیتە، چونکە ئەوانیش خەڵکی خۆیان هەبوو.

ئەو سەردەمە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی ڕەگ بوو، کە دکتۆر چیا یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، پاشان دروست بوونی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئارادا بوو، مامۆستا حاجی محەممەد و کاک مەحموود ڕەزا هەڵوێستییان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆران بوو، بۆیە ئەو سێ کەسە زۆر بە توندی دژایەتی ئێمەیان دەکرد، بە هیچ شێوەیەک حەزیان نەدەکرد ئێمە ببینە لێپرسراوی کۆمیتە و کارگێڕی کۆمیتە لە سوید.

سیستەمی هەڵبژاردن وا بوو، لە پێنج کەس یەک کەس دەبووە نوێنەری کۆنفرانس، واتە بەشداربووانی کۆنفرانس گەیشتە ٢٦٥ ئەندام، وەک لە پێشتر باسم کرد.

لە شاری یۆتۆبۆری شوێنێکی زۆر باش بۆ کۆنفرانسی کۆمیتە بە کرێ گیرابوو، ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ١٦ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ سەرجەم بەشداربووانی کۆنفرانس گەیشتنە هۆڵی کۆنفرانس.

وەفدی مەڵبەند سەرپەرشتی کۆنفرانسی کۆمیتەی سویدییان دەکرد، کە ئەم بەڕێزانە بوون:

١. مامۆستا جەمال، سەرۆکی وەفد.
٢. مەحموود ڕەزا، ئەندام.
٣. چیا عەباس، ئەندام.
٤. شێخ شەماڵ، نوێنەری مام جەلال، ئەندام.
٥. ملازم کەمال، ئەندام.
٦. کامەران باجەلان، ئەندام.
٧. شەفیقی حاجی خدر، ئەندام.

واتە بە قورسایی و تەواوی ستافی مەڵبەند هاتبوون تا سەرپەرشتیاری کۆنفرانسی کۆمیتەی سوید بکەن. لە هەمان کاتدا هەموو گرووپەکان خۆیان بۆ هەڵبژاردنی ستافی کۆمیتە ئامادە کردبوو.

کۆنفرانسی کۆمیتە لە کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە دەستی پێ کرد، لیژنەکان هەموویان کاری خۆیان کرد، کۆنفرانس ڕێگای خۆی گرتە بەر، نامەوێت بچمە ناو ناوەڕۆکی کۆنفرانس، بەڵام کۆنفرانس تا درەنگانی شەوی بەردەوام بوو، چێشتخانەیەکی کوردی خواردنێکی جوانی بۆ سەرجەم بەشداربووان ئامادە کردبوو، پشوو وەرگیرا و نان خواردن کۆتای هات، دواتر کۆنفرانس لە کارەکانی بەردەوام بوو، ژمارەیەک ئەندام و هەڤاڵ خۆیان بۆ لێپرسراو ستافی کۆمیتە کاندید کردبوو.

بەشێک لەو ئەندامانەی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ستافی کۆمیتە بەربژێر کردبوو، ئەمانەن بوون، بە مانایەکی دیکە بڵێم: هەر ئەو ناوانەم لە خەیاڵە:

ئیدریس سۆرانی، ئاری شێخ نووری، هاوڕێ سماقوڵی، باڵانبۆ کۆکۆیی، لێزمە عەلی حەویز، شەماڵ ئاکۆ، سەردار ئەمین، شوان مەرزانی، ئەحمەد شێخ ئیسماعیل، نیهاد مەلا محەممەد، شنۆ خان خێزانی کاک یووسف زۆزانی، ئارام قزلەری، خەلات شێخ جەناب و چەند هەڤاڵێکی دیکە.

ئەندامانی کۆنفرانس بۆ ستافێکی تازە دەنگیان بە نوێنەرەکاندا، واتە لێپرسراوی کۆمیتە ئەندامەکانی دەست

نیشــان نەدەکرد، کۆنفرانس پێویســتی بە حەوت ئەندام و دوو یەدەگ بوو، پاشــــان ئەو حەوت ئەندامە دەرچووەکە مافی ئەوەیان هەبوو، دەنگ بە لێپرســـراوی کۆمیتەی تازە بدەن.

پاش جیا کردنەوەی دەنگدانی کۆنفرانســـی کۆمیتەی سوید، ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوو.

١. هاوڕێ کێخوا عەبدەی سماقوڵی، ناسراو بە هاوڕێ سماقوڵی
٢. لێزمە عەلی حەوێز
٣. باڵانبۆ کۆکۆیی
٤. سەرباز سەعدی، ناسراو بە شوان مەرزانی
٥. ئاری شێخ نووری
٦. ئارام قزلەری
٧. شنۆ خان، خێزانی یووسف زۆزانی

ئەو حەوت ئەندامە بوونە ئەندامی ســەرەکی ســتافی کۆمیتە. ئەو دوو بەڕێزەش وەک ئەندامی یەدەگ دەســت نیشان کران.

١. نیهاد مەلا محەممەد هیرانی
٢. ئەحمەد شێخ ئیسماعیل

مامۆســـــتا جەمال و مەحموود ڕەزا و دکتۆر چیا لەو ئەنجامە ترســــــان کە ڕوویدا، لەبەر ئەوە هەوڵیان دەدا هەڵبژاردنی لێپرســـراوی کۆمیتە بۆ ڕۆژی دواتر دوا بخەن، تا بتوانن دووبەرەکی لە نێوانمان دروســـــت بکەن و دەنگی یەک دوو ئەندامی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕابکێشــــــن، چونکە چوار هەڤـاڵ لە ســـــتـافەکەی ئێمە ســـــەرکەوتن، دوو یەدەگەکەش هەر لە ستافی ئێمە بوون، بەڵام کاک جەنگی برای کاک کۆسـرەت گوتی: دەبێت هەر ئەم شـەو کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنین، دواکەوتنی هەڵبژاردنی لێپرسراوی کۆمیتە بۆ ڕۆژی داهاتوو نا یاســـــاییە، دیارە دواکەوتنی هەڵبژاردنی لێپرســـــراوی کۆمیتە لە بەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو.

دواتر هەمووومان لە سـەر مێزێکی گەورە دانیشـتین بۆ هەڵبژاردنی لێپرسراوی کۆمیتە، زۆربەی ستافی مەڵبەند بە ســـــەرپەرشـــــتی مامۆســـــتا جەمال و هەر حەوت ئەندامە سـەرکەوتووەکەی کۆمیتە بەشـدار بووین، مامۆسـتا جەمال هەندێک قسـەی کرد و گوتی: هەر کەسـێک لێپرسـراوی کۆمیتەی داهاتووی سـوید بێت، دەبێت ماڵی لە سـتۆکهۆڵم

بێت[1]، ئەو مەرجە تایبەت بوو بە من، چونکە منماڵم لە شــاری هێلســینگبۆری بوو. هەر چۆنێک بێت پرۆســەکە دەستی پێ کرد.

لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا مامۆستا جەمال گوتی: کێ بۆ لێپرسراوی کۆمیتەی سوید خۆی دەپاڵێوێت؟ من و کاک ئاری شــێخ نووری و کاک ئارام قزلەری دەســتی خۆمان بەرز کردەوە، پاشــان دەنگدانی نهێنی دەســتی پێ کرد، هەر حەوتمان دەنگماندا، دوای ڕاگەیاندنی دەنگەکان ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

١. هاوڕێ سماقوڵی، ٤ دەنگ.
٢. ئاری شێخ نووری، ٢ دەنگ.
٣. ئارام قزلەری، ١ دەنگ.

باڵامبۆ کۆکۆیی و شوان مەرزانی و لێزمە عەلی حەوێز دەنگیان بە مندا، شنۆ خان دەنگی بە کاک ئاری دابوو، من و ئاری و ئارام دەنگمان بە خۆماندا.

پرۆسەکە کۆتایی هات و من بوومە بەرپرسی کۆمیتە، هەڤاڵانی ناو کۆنفرانس پیرۆزباییان لە من و هەڤاڵانی

(١) لە بەشی چوارەمدا ئاماژەم بە گواستنەوە ماڵ لە هێلسینگبۆرییەوە بۆ سوید کرد، لە ڕاستیدا ئەمە هۆکارەکە بوو.

ســتافی کۆمیتە کرد، کۆنفرانســی یۆتۆبۆری، لە کاتژمێری دووی بەرەبەیـان کۆتـایی بە کـارەکـانی هێنـا، خەڵکەکە ڕێگایان دوور بوو، هەر کەسێک گەڕایەوە شاری خۆیان.

مەحموود ڕەزە لێپرســــراوی ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دەرەوە بوو، (PUK Media) ڕاگەیاندنی مەڵبەند بوو؛ واتە: مەحموود ڕەزا سـەرپەرشـتی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی دەکرد. دوای کۆنفرانس دەبوو ڕاگەیاندنی مەڵبەند هەواڵی کۆنفرانســی بڵاوکردبووایەوە، بەڵام هەفتەیەک چاوەڕێمان کرد، کەچی هەواڵەکەیان بڵاونەکردەوە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمـانزانی کـاک مـەحموود ڕەزا بۆ ئەوەنـدە دژایەتی ئێمەی کرد.

بە شـــێوەیەکی فەرمی و دیموکراتییانە نووســـراوێکی ڕەخنە ئامێزم ئاراســـتەی کاک مەحموود و ڕاگەیاندنی مەڵبەنـد کرد، ســـەبـارەت بە بڵاونەکردنەوەی هەواڵی کۆنفرانســـی مەڵبەند، لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەییدا، بەڵام بەداخەوە مەحموود ڕەزا وەڵامی نووســراوەکەی منی نـەدایـەوە، بـەڵکوو داوای دادگـایی و ســـڕ کردن و دوورکەوتنەوەی منی کرد بوو، لە کاری ڕێکخراوەیی، تەنیا لە سەر یەک ڕەخنەی کاری ڕێکخراوەیی.

له بەرامبەردا له مەحموود ڕەزا زۆر پەســـت و تووڕە بووم، گوتم: خۆزگە ئامۆزای کاک نەوشـــیروان نەبووای، کـاتێـک توانیـت مســـتەشـــار و ڕەفیق حیزبییەکـان و ئەنفـالچییەکـان و بکوژانی خوێنی ڕۆڵەکـانی گەلەکەمـان دادگایی بکەیت، ئەو کاتە دەتوانی دڵســـۆزێکی وەک من دادگایی بکەیت.

جـاری وا هەبوو برا گەورەکـان له ســـەرەوە ڕێـک نەدەکەوتن، له بەر ئەوە پەلاماری کەســـە باشـــەکانی خوارەوەیـان دەدا، کورد گوتـەنی: "بۆ خۆی نـاوێرێ، ئـەمن دەنێرێ." بەداخەوە ئەو دیـاردە خراپـانە وەکوو مۆرانە بەربوونەتە گیـانی یەکێتی نیشـــتمـانی کوردســـتـان و ڕێکخراوەکەی خۆیان.

## دوای کۆنفرانس

له ڕاسـتیدا ئێمە له کاری ڕێکخراوەییدا سـەربەسـت نەبووین، کۆمەڵێک ئاســـتەنگ هاتە پێشـــمان، بە نموونە: بڕینی دارایی بۆ ماوەی ســـێ مانگ، دژایەتی کردنمان له لایەن چەند کەســێکی خۆمان له ســوید، وەک: مامۆســتا جەمــال و مــەحموود ڕەزا، له لایەکی دیکــەوە چەنــد

ئەندامێکی باڵا لە کوردستان، هۆکاری ئەو هەموو دژایەتییە، ئەوە بوو کە ئێمە نەبووینە داشـــی دامەی هیچ کەس و تاقمێک، من یەکێک بووم لەوانەی کە باوەڕم بە کاری ڕێکخراوەیی هەبوو، نەک کەســەکان، لەبەر ئەوە ئەگەر بە دڵی هەر کەسێک نەباین، ئەوا بە ئارەزووی خۆیان پەخشان نامەیان بۆ دەهۆندینەوە، بەڵام کۆڵمان نەدا و بەردەوام بووین.

دیارە ئێمەش مرۆڤین، لە کاری ڕێکخراوەیی بێ کەموکوڕی نەبووین، بەڵام دژایەتی کردنی بەشـــێک لەو هەڤاڵانە بە بێ هۆکار بوو، بەداخەوە زۆر ناحەقیان بەرامبەر بە ئێمە کرد، بەڵام ســەرەنجام ئێمە وەک تاک زەرەرمەند نەبووین، تەنیا یەکێتی نیشتمانی کوردستان زەرەرمەند بوو، باوەڕی من وا بوو کەسمان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاد نەبووین، هەموومان بە یەکەوە جوان بووین.

کورد دەڵێت: "گەورە ئاوێ دەڕێژێت، گچکە پێی لێ دەخشـــێنێت." خۆزگە وا نەبووایە، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو بەرپرســە بێ هەستانە، زۆربەی ئەو بەرپرسانە لە وڵاتانی دەرەوە ڕەگەزنامەی جۆراوجۆریان هەیە، سیستەمی وڵاتان و کار کردنی وڵاتی دیکەیان دیتووە، بەڵام هیچ ئەزموونێکی

ئەوتۆیـان وەرنەگرتووە، بـەردەوام خەریکی شـــکـانـدن و لەناوبردنی هاوبیرەکانی خۆیانن، لە خۆڕا نییە کورد دەڵێت:

"دار کرمی لە خۆی نەبێت، تەمەنی هەزار ساڵ دەبێت."

لە ماوەی کار کردندا چەندین کاری باشـمان ئەنجام داوە، وەک: دروست کردنی کەرتی نۆرشـۆپینگ، دروست کردنی ناسـنامەیەکی زۆر بۆ ئەندامان، دروسـت کردنی زیاتر لە دووسەد نامەی پشتگیری بۆ ڕەوەندی کوردی بە بێ جیـاوازی، چەنـدین ئـاهەنگمـان بۆ ڕەوەنـدی کوردی ڕێکخسـتووە، چەندین کۆڕ و سـیمینارمان بۆ بەڕێزان: مەلا بەختیار، جەلال جەوهەر، مەحموود سەنگاوی، ئالا تاڵەبانی، ئاوات شێخ جەناب، ئارێز عەبدوڵلا و چەند کەسایەتییەکی دیکە ئامادە کردووە و خەڵکێکی زۆر بەشـداریيان کردووە، بەشـداری خۆشـی و ناخۆشـییەکانی ڕەوەندی کوردیمان لە شارەکانی سوید کردووە.

سـوپاسـێکی بێ پایانمان بۆ تەواوی لێپرسـراوانی کەرتەکان و کارگێڕ و پۆلەکان و سـەرجەم ئەندامانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە سوید؛ تەواوی ڕەوەندی کوردی؛ پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە، هەر کـاتێـک گەل و میللەت یەکگرتوو بوون، ئـەوا

ئامانجی وڵاتەکەمان ئاســـانتر دێتە دی، بەڵام چەند لێک دوور بکەوینەوە و نـاکۆکی لە نێوانمـان تۆختر بێـت، دڵی ناحەزانمان خۆش دەکەین و ئاسۆی دوارۆژی میللەتەکەمان بەرەو ئاقارێکی نادیار دەڕوات.

## هاتنی وەفدێکی ی. ن. ک بۆ سوید

لە سەر داوای پارتی سۆسیال دیموکراتی وڵاتی سوید، وەفدێکی ی. ن. ک کە پێک هاتبوون لە ١٥ کادیری بە توانا سـەردانی وڵاتی سـویدییان کرد، بە مەبەسـتی ئاشـنا بوون بە ئەزموونی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان لەو وڵاتە.

وەفدەکە لە ناوەوەی کوردســـتان هاتبوون بۆ وڵاتی سـوید، مەبەستی وەفدەکە بەشداری کردن بوو لە خولێکی ئەو پارتە، کە چەندین تەوەری گرنگی لەخۆگرتبوو، خولەکە لە ڕێککەوتی ١٤ی ئۆکتۆبەر تا ٢٢ی ئۆکتۆبەری ســـاڵی ٢٠٠٧ بەردەوام بوو، لەو خولە چەنـدین کـادیری بە توانـا بەشـــدارییان کرد، کادیرەکان لە مەکتەبە جیاوازەکان و بەشێک لە مەڵبەندەکان یەکێتی پێک هاتبوون.

چەنـدین کـادیری بە توانـا لە پـارتی ســـۆســـیـال دیموکراتەکانی ســـوید، وانەیان بەو کـادیرانەی یەکێتی

نیشـــتمانی کوردســـتان دەگوتەوە. بابەتی زۆر گرنگ و بە سوود سەبارەت بە کاری ڕێکخراوەیی بۆ ئەو پۆلە کادیرانە باس کرا. ناوی ئەندامانی بەشـــدار بوو لە خولەکەی پارتی سۆسیال دیموکراتەکانی سوید، ئەم بەڕێزانە بوون:

١. عارف ڕوشدی/ سەرۆکی وەفد.
٢. دلێر ماوەتی/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٣. کاردۆ محەممەد پیرداود/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٤. ئازاد سادق/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٥. سلێمان مستەفا حەسەن/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٦. شێخ لەتیف شێخ عومەر/ مەکتەبی ڕێکخستن.
٧. شەرمین محەممەد کەریم/ لە مەکتەبی ڕێکخستن.
٨. تەلار لەتیف/ لە مەکتەبی ڕێکخستن.
٩. کاوسێن بابەکر/ لە مەکتەبی بیر و هۆشیاری.
١٠. ســـەرهەنـگ حوســـێن/ مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.
١١. ئەمەل جەلال/ مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.
١٢. ســـەرکەوت محەممەد/ مەکتەبی پشـــکنین و چاودێری.
١٣. مریەم سەمەد/ مەڵبەندی ٨ی ڕێکخستنی ڕاپەڕین.

١٤. شوان بابان، له پەیوەندییەکانی دەرەوە.

١٥. دڵخواز قادر، له پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ئەو بەڕێزانە زۆر زانیـاری، ئـامۆژگـاری، کـار کردنی پـارتی نـاوبراو، ئەزموونی پـارتەکە، پلانی نزیـک و پلانی درێژخایەن، خوێندن و کردنەوەی خولی جیاواز، یەکســانی ژن و پیـاو، کۆبوونەوە و گۆڕینەوەی بیروڕا، ئـامادە کردنی بەرنامەیەکی چڕوپڕ و بەهێز له کاتی هەڵبژاردن و جێبەجێ کردنی؛ چەندین بابەتی دیکەش لەو خوله باس کرا.

لەو خولەدا بەرپرسـانی پارتی سـۆسـیال دیموکراتەکان باسی حوکمڕانی، سیاسەتی و شێوازی حوکمڕانی سویدییان بۆ ئەندامانی بەشداربووی خولەکە خستە ڕوو.

خول و دەورە بۆ کادیران گرنگە، پێویســـتە هەموو کادیرێک پێویستە خول ببینێت، زانیاری هەبێت و بتوانێت زانیارییەکانی له خول و دەورەکان وەریدەگرێت بە خەڵکی ناوچەکەی خۆی بگەیەنێت، تا زۆرترین خەڵک سوودی لێ وەربگرن. هەندێک خاڵی گرنگ له خوارەوە دەخەمە ڕوو:

١. ڕاســـتەوخۆ کادیرەکان ڕێگایەکی عاقڵانە پەیڕەو دەکەن، کە گرنگی بە پەرەپێدانی کارامەییەکانیان له ناو کۆمەڵگە دەدەن.

٢. ئەو کادیرە ئەزموونێکی جوان پەیدا دەکات، وەک مامۆستایەک لە ناو کۆمەڵگەدا بە دەر دەکەوێت.

٣. خولی کادیران دەبێت بڕوانامەی تێدا بێت، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت وەک کەسێکی بە توانا لە ناو کۆمەڵگە ڕۆڵ ببینێت.

٤. ئەو کەسانەی کە دەرس دەڵێنەوە بۆ کادیرەکانیان، دەبێت هەوڵ بدەن کادیرەکان وا پەروەردە بکەن، کە دوور بکەونەوە لە هەموو شێوازێکی توندوتیژی، تەنانەت لە کاتی ئاخاوتنیان دەبێت جیاواز بن.

٥. خول ڕاهێنانی کادیرانە، تا لە داهاتوو وەک مامۆستا بکەونە ناو کۆمەڵگەوە.


٦. پرۆگرامی خولەکە بۆ پێگەیاندن و یارمەتیدانی کادیرانە، تا بتوانن کارامەیی وەربگرن بۆ ئەوەی ئەویش خزمەتی کۆمەڵگەی پێ بکەن.

٧. دەبێت پەیمانگای کادیران بتوانێت بە جوانترین شێوە کادیرەکانی خۆی پی بگەیەنێت، تا بتوانن لە ئاستی بەرپرسیارەتی ناو خەڵک بن.

٨. ئەو پەیمانگایە دەتوانێت چەندین سەرکردە، سەرۆک وەزیران، وەزیر، پەرلەمانتار و بەڕێوەبەری خزمەتگوزار و چەندین کادیری باش پێ بگەیەنێت.

## بانگهێشتنامە بۆ سەردانی سوید[١]

## بۆ/ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان



بانگهێشتنامە بۆ سەردانی سوید

بۆ/ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بە خۆشحاڵیەوە بانگهێشتی حزبی ئێوە دەکەین بە ناردنی شاندێکی توێژینەوە بۆ سەردانی حزبمان لە سوید لە ماوەی ١٥/ ئۆکتۆبەر – ٣١/ ئۆکتۆبەر/٢٠٠٧ لە ستۆکهۆڵم.

پرۆگرامی شاندەکە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچێت لە ناوچەی باشوری سکین.

خاڵی سەرەکی باسەکە: هەڵبژاردن لە ناو حیزبدا، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە گشتیەکاندا، کاندیدەکان لە هەڵبژاردنی گشتی و ناوخۆدا، دارایی هەڵبژاردن (خەرجیەکانی)، راهێنان بۆ هەڵسوڕاوانی حیزب، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی حزب، کار و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشێکی تر دەبێت لە پرۆگرامەکە.

لە میانەی پرۆگرامەکەدا سەردانی پەرلەمانی سوید و بارەگای سەرکردایەتی حزب و سەرکردایەتی دەکەین.

لە ناوچەی سکین بابەتێك پێشکەش دەکرێت لەسەر قۆناغە لۆکال و هەرێمیەکان تاکۆ وێنایەکی رون بدەین لەسەر بناغەی پارتەکە.

ئێمە خەرجی سەفەر و مانەوەی هەموو ئامادەبوان دەگرینە ئەستۆ.

ئاگادارمان بکەن لە وەڵامتان بە مەبەستی رێکخستنی کارەکان بە هەماهەنگی.

لەگەڵ رێزدا..

مارتن ساندگرین
جێگری سکرتێری کاروباری دەرەوە
سوشیال دیموکرات

کۆنی فریدریکسۆن
رێکخەری تۆری کوردی لە حزبی
سۆشیال دیموکراتدا

---

(١) ئەمە بەڵگەنامەی بانگهێشتنامەکەیە، بە هۆی گرنگی نووسراوەکە، جارێکی دیکە سەرلەنوێ تایپی دەکەینەوە.

بانگهێشتنامە بۆ سەردانی سوید

بۆ/ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتی حیزبی ئێوە دەکەین بە ناردنی شاندێکی توێژینەوە بۆ سەردانی حیزبمان لە سوید، لە ماوەی ١٥/ ئۆکتۆبەر-٢١/ ئۆکتۆبەر/ ٢٠٠٧ لە ستۆکهۆڵم.

پرۆگرامی شاندەکە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچێت لە ناوچەی باشووری سکین.

خاڵی سەرەکی باسەکە: هەڵبژاردن لە ناو حیزبدا، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، کاندیدەکان لە هەڵبژاردنی گشتی و ناوخۆدا، دارایی هەڵبژاردن (خەرجییەکانی)، ڕاهێنان بۆ هەڵسووڕاوانی حیزب، ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی حیزب، کار و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشێکی تر دەبێت لە پرۆگرامەکە.

لە میانی پرۆگرامەکەدا سەردانی پەرلەمانی سوید و بارەگای سەرکردایەتی حیزب و سەرکردایەتی دەکەین.

لە ناوچەی سکین بابەتێک پێشکەش دەکرێت لە سەر قۆناغە لۆکاڵ و هەرێمییەکان تاکوو وێنایەکی ڕوون بدەین لە سەر بناغەی پارتەکە.

ئێمە خەرجی سەفەر و مانەوەی هەموو ئامادەبووان دەگرینە ئەستۆ.

ئاگادارمان بکەن لە وەڵامتان بە مەبەستی ڕێکخستنی کارەکان بە هەماهەنگی.

لەگەڵ ڕێزدا...

مارتن ساندگرین
جێگری سکرتێری
کاروباری دەرەوە
سۆشیال دیموکرات

کۆنی فریدریکسۆن
ڕێکخەری تۆڕی کوردی
لە حیزبی
سۆشیال دیموکراتدا

# بەرنامەی خولی کادیرانی ی. ن. ک لە سوید



بەرنامەی خولی کادیرانی ی.ن.ک لە سوید

رۆژانی ١٠/١٤ — ٢٠٠٧/١٠/٢٢

خشتەی بابەتەکانی خولی راهێنان:

| بەروار | سەعات | بابەت | وتەبێژ | پسپۆری و پیشە | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ١ی دوای نیوەرۆ | گرینگی خول راهێنان | کۆنی فریدیکسۆن | بەرپرسی ئۆمار کردن لە سۆشیال ئەنتەر ناسیۆنال | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٢ی دوای نیوەرۆ | مێژووی سۆشیال دیموکرا | لارش ئیل سامەر | بەرپرسی ئەرشیف لەبەشی کرێکاران | م.س |
| | | | | | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٣ی دوای نیوەرۆ | گێشەو شکستی سۆشیال دیموکراتەکان لەکاتی هەڵبژاردندا | برگیتاسێلین | جێگری لیپەرسراوی ئۆلف پالمی | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٦,٢٠ی ئێوارە | ١. وڵاتی سوید (مێژووی جوگرافیا)<br>٢. دەسەڵاتی سیاسی سوید<br>٣. حکومەتی (ئیداری) سوید | پرۆفیسۆر گۆستافۆن | مامۆستای زانستی سیاسی لەزانکۆ ستۆکهۆلم | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ٩,٢٠ | بەخێرهاتن و پێشوازی | مۆناسالین | سەرۆکی حزب سەرۆکی فراکسیۆن | پەرلەمان |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ٩,٤٥ | جۆنیەتی کاری ئەندام پەرلەمانی | لەیف پاکوسیۆن | جێگری سەرۆکی دەستەی سۆشیال دیموکرات لەپەرلەمان | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ١ی پاش نیوەرۆ | ئەزموون و شێوازی کارکردن | لویجیانونەستودیلو | ئەندام پەرلەمان | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ١٠ی بەیانی | پرۆسەی هەڵبژاردن و جۆنیەتی بەرێوە چوون | کارۆلین ڤالدین | ل. بەشی رێکخستن و ئامادەکاری بەرنامەی هەڵبژاردن | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٢ی دوای نیوەرۆ | گرینگی پەیوەندیەکان لەگەڵ کورد و یەکێتی | نان لین مارتن | سکرتێری بەشی دەرەوە | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٢ی هەمان رۆژ | خەبات و پێگەی ژنان لەسۆشیال دیموکرات | ئالین یکیگۆل | سەرۆکی ژنانی سۆشیال دیموکرات | م.س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٦ی ئێوارە | چۆن حزب بەرێوە دەچێت | مارتینا ئۆلنسگوگ | سکرتێری حزب | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٨ | ٨,٢٠ ئێوارە | | مۆرگان جۆهانسۆن | ئەندامی سەرکردایەتی ئەندام پەرلەمان وەزیری تەندروستی پێشوو | بلگاردن |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ١١ی نیوەرۆ | کۆمەڵایەتی و بەرگری | شاشتین ئینگل | ئەندامی پەرلەمان و پەیوەندیەکانی مەڵبەندی سکۆنە | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ١١ی پێش نیوەرۆ | جۆنیەتی کارکردنی ئۆرگانەکانی رێکخستن | ئەندرێش ئالیگرین | | لەشاری لۆند بارەگای کۆمیتەکە |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ٢,٣٠ دوای نیوەرۆ | شێوازی کارکردنی کۆمیتە | بیۆرن ئابکسۆن | | بارەگای کۆمیتە |
| ٢٠٠٧/١٠/٢١ | | | | | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | | | | | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ١٢ی نیوەرۆ | کاری لیژنەی راوێژکاری وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپا | پیتەر پاڵشۆ | | نوروت |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٢ی پاش نیوەرۆ | پەرەپێدانی رێکخستن و کاروباری سیاسی حزب و کاری رێکخراوەیی | ڤین ستۆکتۆف | لێپرسراوی رێکخستن و جێگری سکرتێر | بارەگای سۆشیال دیمو |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٣ی دوای نیوەرۆ | خەباتی سەندیکایی | پیتەر پلیشە | سکرتێری گشتی سەمەک (samk) | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٣,٠ | پەیوەندیەکانی دەرەوەی کێشەی کورد | ستین | نوێنەری حزب بۆ کار و باری دەرەوە | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٣,٤٥ | دۆستایەتی کورد و هاوکاری ئەوان | ڤیلیلۆ | ئەندامی پەیوەندیەکانی دەرەوە | |

| بەروار | سەعات | بابەت | وانەبێژ | پسپۆڕی و پیشە | شوێن |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ١ی دوای نیوەڕۆ | گرنگی خولی ڕاهێنان | کۆنی فریدیکسۆن | بەرپرسی تۆمارکردن لە سۆشیال ئینتەر ناسیۆنال | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٢ی دوای نیوەڕۆ | مێژووی سۆشیال دیموکرات | لارش تیل سامەر | بەرپرسی ئەرشیف لە بەشی کرێکاران | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٣ی دوای نیوەڕۆ | کێشە و شکستی سۆشیال دیموکراتەکان لە کاتی هەڵبژاردندا | برگیتاسێلین | جێگری لێپرسراوی ئۆلف پاڵمی | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٥ | ٤:٣٠ی ئێوارە | ١. وڵاتی سوید (مێژووی جوگرافیا)<br>٢. دەسەڵاتی سیاسی سوید<br>٣. حکومەتی (ئیداری) سوید | پرۆفیسۆر گۆستافۆن | مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ٦:٣٠ | بەخێرهاتن و پێشوازی | مۆناسالین | سەرۆکی حیزب سەرۆکی فراکسیۆن | پەرلەمان |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ٦:٤٥ | چۆنیەتی کاری ئەندام پەرلەمان | لەیف باکوسیۆن | جێگری سەرۆکی دەستەی سۆشیال دیموکرات لە پەرلەمان | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٦ | ١ی پاش نیوەڕۆ | ئەزموون و شێوازی کارکردن | لوچیانوئەستوردیلو | ئەندام پەرلەمان | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ١٠ی بەیانی | پرۆسەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی بەڕێوەچوون | کارۆلین ڤالدین | ل. بەشی ڕێکخستن و ئامادەکاری بەرنامەی هەڵبژاردن | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٢ی دوای نیوەڕۆ | گرنگی پەیوەندییەکان لەگەڵ کورد و یەکێتی | ئان لین مارتن | سکرتێری بەشی دەرەوە | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٢ی هەمان ڕۆژ | خەبات و پێگەی ژنان لە سۆشیال دیموکرات | ئالین پکیگۆل | سەرۆکی ژنانی سۆشیال دیموکرات | م. س |
| ٢٠٠٧/١٠/١٧ | ٤ی ئێوارە | چۆن حیزب بەڕێوەدەچێت | مارتینا ئۆلنسگوک | سکرتێری حیزب | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٨ | ٨:٣٠ ئێوارە | | مۆرگان جۆهانسۆن | ئەندامی سەرکردایەتی ئەندام پەرلەمان وەزیری تەندروستی پێشوو | بلگاردن |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ١١ی نیوەڕۆ | کۆمەڵایەتی و بەرگی | شاشتین ئینگل | ئەندامی پەرلەمان و پەیوەندییەکانی مەڵبەندی سکۆنە | |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ١١ی پێش نیوەڕۆ | چۆنیەتی کارکردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن | ئەندرێش ئالیگرین | | لە شاری لوند بارەگای کۆمیتەکە |
| ٢٠٠٧/١٠/١٩ | ٢:٣٠ دوای نیوەڕۆ | شێوازی کارکردنی کۆمیتە | یۆرن ئایکسۆن | | بارەگای کۆمیتە |
| ٢٠٠٧/١٠/٢١ | | | | | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | | | | | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ١٢ی نیوەڕۆ | کاری لیژنەی ڕاوێژکاری وەزیرانی دەرەوەی ئەورووپا | پیتەر پاڵشۆ | | نوروت |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٢ی پاش نیوەڕۆ | پەرەپێدانی ڕێکخستن و کاروباری سیاسی حیزب و کاری ڕێکخراوەیی | فین ستۆکتۆف | لێپرسراوی ڕێکخستن و جێگری سکرتێر | بارەگای سۆشیال دیموکرات |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٢ی پاش نیوەڕۆ | خەباتی سەندیکایی | پیتەر پلیشە | سکرتێری گشتی سەمەك (samak) | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٢،٠ | پەیوەندییەکانی دەرەوەی کێشەی کورد | ستین | نوێنەری حیزب بۆ کاروباری دەرەوە | |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٢ | ٣:٤٥ | دۆستایەتی کورد و هاوکاری ئەوان | ڤیلیلۆ | ئەندامی پەیوەندییەکانی دەرەوە | |

## کۆبوونەوەی وەفدەکەی ی. ن. ک

ئەو پۆلە کادیرە هەر بەوە نەوەستان، کە بەشداری خولەکەی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید بکەن، بەڵکوو کۆمیتەی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەشێک لە کەرت و شارەکانی وڵاتی سویدییان بەسەر کردەوە، چەندین کۆبوونەوەی جیا جیایان لەگەڵ ڕێکخستنەکان، ئەندامان، کەسایەتییە کوردەکان و کۆمەڵە کوردییەکانیان بەسەرکردەوە. لە لایەکی دیکەوە چەندین دیداری تایبەتییان ئەنجامدا، هاوڕێ و ئازیزانیان لە شارە جیا جیاکان بەسەرکردەوە.

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ی. ن. ک لە سنووری شاری ستۆکهۆڵم و دەوروبەری ڕێکخرا، لە هۆڵی شیستا تریێف، ئەو هۆڵە زۆربەی ڕەوەندی نەتەوەکانی دیکە کۆڕ کۆبوونەوە و بۆنەکانیان تێدا ئەنجام دەدا.

لەو کۆبوونەوەیە تەواوی ئەندامە یاخیبووەکانیش ئامادە بوون، سەرەتا من وەک بەرپرسی کۆمیتە بەخێرهاتنی

ئامادەبووانم کرد، پاشـــان کۆبوونەوەکەم ســـپارد بە بەڕێز کاک عارف ڕوشـــدی ئەندامی ســـەرکردایەتی ئەو کاتەی یەکێتی و شاندی یاوەری.

لەو کۆبوونەوەیە کاک عارف ڕوشـدی باسـی ناوخۆی کوردســـــتان و عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردســـــتان و هەلومەرجی ئەو کاتەی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە، پاشان تیشـکی خسـتە سـەر هاتنی ئەو شـاندەی کە بە مەبەسـتی بەشداری کردن لە خولی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید هاتبوونە وڵاتەکە.

پاشان ئەندامەکان دەستییان بە پرسیار و ڕوونکردنەوە کرد، سەرەتا دارا ئەحمەد بێکەس کە بە سەرۆکی کوتلەی یاخیبووەکانی یەکێتی لە ستۆکهۆڵم ناسـرابوو، هێرشـێکی بێ ویژدانـانەی کردە ســــەر کۆمیتە و بەنـدە، هەوڵیـان دەدا کۆمیتە هەڵبوەشـێننەوە، هەر بەرپرسـێک دەهات ئەو کوتلە دەچوون و ماســــتاویان بۆ دەکردن و بە نارەوا پەلاماری یەکێتییان دەدا، ئەو گرووپە پێک هاتبوون لە دارا ئەحمەد بێکەس و بورهان حەبیب و نەوزاد عەلی و چەند کەسێکی دیکە، ئەو تاقمە لە ناو یەکێتی زۆر ســــوودمەند بووبوون، بەڵام خێری یەک جگەرەشـــیان بۆ یەکێتی نەبوو، هۆکاری

ئەو یاخیبوونەشـــیان ئەوە بوو، کە ئێمە لە بەرژەوەندی ئەوانماندابوو، ئەندامانی کۆنفرانســەکەی یۆتۆبۆری دەنگیان وەک پێویست نەهێنا بۆ ستافی کۆمیتە، تا بۆ ئەنجوومەنی کۆمیتە ســەربکەون، بۆیە ئێمەیان بە لاواز دەزانی و خۆیان بە گەورەتر و وەک ئـاغـا وێنـا دەکرد، بەڵام لە هەموو هەوڵەکانیان شکستخواردوو بوون، تا هەڵبژاردنی داهاتوو.

لە مانگی تشرینی یەکەم ستافی کۆمیتە بە هاوبەشی وەفدەکە ڕێگای ٤٦٩ کیلۆمەترمان بڕی و چووینە شـــاری یۆتۆبۆری لە ڕۆژئاوای وڵاتی سوید، ئەو شارە دووەم شاری ئەو وڵاتە بوو، کەرتی ڕێکخســـتنی شـــــاری یۆتۆبۆری کۆبوونەوەیەکی باشـــیان بۆ ڕێکخســـتین، دەیان ئەندامیان ئامادەی ئەو دیدارە بوون، سـەرەتا کاک ئازاد ماوەتی وەک بەرپرســی کەرتی شــارەکە بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد، دواتر کاک عارف ڕوشــدی باســی ناوخۆی کوردســتان و عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردســتان و هەلومەرجی ئەو کاتەی بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە، دواتر ئامادەبووان پرسیار و سەرنجەکانیان خستە ڕوو.

شـــەو چووینە مـاڵی کـاک ئومێـد گۆمەشـــینی لە یۆتۆبۆری، ڕێزێکی زۆری نوانـد، ئەرک و مـانـدووبوونێکی زۆری کێشا، کە جێگای ڕێزە.

ڕۆژی شـــەممە، ڕێککەوتی ٢٠ی تشـــرینی یەکەم، ڕێگای دووری ٢٦٣ کیلۆمەترمان بڕی تا گەیشتینە شاری کریستیانستاد، کاتژمێر ١٢:٣٠ خولەکی دوانیوەڕۆ شاندی کۆمیتە، کاک عارف و شاندی یاوەری گەیشتینە ئەو شارە، بە مەبەســـتی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەو ناوچانە، کۆبوونـەوەیەکی بەرفراوانمـان ئەنجـامـدا، کە دڵی هەوادارانمان خۆشــکرد، شـایەنی باســە ئەندامانی کەرتی ڕێکخستنی شاری ڤێکخۆش ئامادەی دیدارەکە بوون.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی تشـــرینی یەکەم، ڕێگای ١٠٩ کیلۆمەترمان بڕی و سەردانی شاری هێلسینگبۆریمان کرد، لەو شـــارە کۆمەڵەی کوردانی ئێزدی و دەیان کەســـایەتی کوردی شـارەکە و هەڤاڵانی کەرتی ڕێکخستنی ی. ن. ک بەســەرکرایەوە، شــەو لە شــارە جوانەکەی هێلسـینگبۆری ماینەوە.

ڕۆژی ٢١ی تشـــرینی یەکەم شـــاندەکە ســـەردانی مالمۆی کرد، مالمۆ ســـێیەم شـــاری ســـویدە، مالمۆ و هێلسـینگبۆری کەوتوونەتە هەرێمی سـکۆنێ، لەو شـارەش کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ شـاندەکە ڕێکخرا، ســەرەتا کاک شـێرزاد عەزیز وەک بەرپرســی کەرتی ڕێکخســتنی مالمۆ

بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد، پاشـان کاک عارف قسـەی بۆ ئامادەبووان کرد، کۆبوونەوەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند، ئێوارەکەی گەشـتێکی ناو شـار و کەنار دەریامان کرد، کۆمەڵێک وێنەمان بۆ یادگاری چرکاند.

شایەنی باسە شاندی کۆمیتە: هاوڕێ سماقوڵی، شێخ نیهاد و شـێخ ئەحمەد بووین، شـاندی کوردسـتان کاک عارف ڕوشـدی، کاردۆ، ئازاد سـادق، دلێر ماوەتی، شـێخ لەتیف، کـاوسـێن بـابەکر، تەلار لەتیف، ئەمەل جەلال، شـەرمین محەممەد کەریم بوون. بەیەکەوە سـەردانی شارەکانی ڕۆژئاوا و ناوەڕاست و باشووری سویدمان دەکرد.

## میوانداریيەک لە کەبابخانەی سەفین

ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێککەوتی ١٤ی تشـرینی یەکەمی سـاڵی ٢٠٠٧، کۆمیتەی ڕێکخسـتنی سـویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، میوانداریيەکی بەرفراوانی بۆ ڕەوەندی کوردی و ڕێکخسـتنەکانی یەکێتی لە شـاری سـتۆکهۆڵم ڕێکخست. میوانداریيەکە لە کەبابخانەی سەفین، لە شاری سـتۆکهۆڵم بوو، خاوەنی کەبابخانەکە هیوای لیوا جەمال بوو، کاکە هیوا کوڕێکی ڕۆح سووک و خوێن شیرین بوو.

کاتژمێر شـــەشـــی ئێوارە خەڵکێکی زۆری شـــاری ســـتۆکهۆڵم و دەوروبەری بۆ میوانـدارییـەکـە هـاتن، لەو میوانداریيە چەندین هونەرمەند، نووســـەر، کەســـایەتی ناو شـار، زۆربەی شـاندەکەی یەکێتی کە هاتبوون بۆ سـوید لە ئێوارە خوانەکە بەشدار بوون.

سـەرەتا وەک بەرپرسـی کۆمیتەی سـوید، بەخێرهاتنی ئامادەبووانم کرد و گوتەیەکی کورتم پێشـــکەش کرد، لە کورتە گوتـارەکەم جەختم لەوە کردەوە، کە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە گرنگن، پەیوەنـدییەکـان پتەوتر دەکەن، تێکەڵاویی زیاتر لە نێوان خۆمان و منداڵەکانمان دروســـت دەکات، ئەو جۆرە دیدارانە لە دەرەوەی وڵات و بۆ ڕەوەندی کوردی زۆر پێویستە.

ستافی چێشتخانەکە خواردنێکی جوانیان پێشکەش بە میوانەکان کرد، تا درەنگانێکی شـــەو میوانەکان بە قســـەی خۆش، گێڕانەوەی یادگارییەکان، بەســـــەرهاتەکانی خۆیان ئێوارە خوانەکەیان ڕازاندەوە و جوانتریان کرد.

کاکە پوشـــۆ کوڕێکی هەولێرییە، یەکێک بوو لە کوڕە ڕۆح سـووک و خوێن شـیرینەکانی شـاری سـتۆکهۆڵم، کە هەمیشە حەزی لە هاوکاری و خزمەت کردنی خەڵک بوو،

ناوبراو لەگەڵ هەموو چینێک ڕۆڵێکی باشـــی دەگێڕا، یارمەتیدەری کوردانی شـــاری ســـتۆکهۆڵم بوو. ئەو میواندارییە لە چێشتخانەی سەفین بەڕێوەچوو، کە نزیکەی ١٢٠ کەسایەتی و خەڵکی جۆراوجۆر تێیدا بەشدار بوون.

## دەربارەی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید

بەرنامە و پلاتفۆرمی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید، پەیڕەوی بنەما و ئامانجی دامەزرێنەری حیزبەکەی دەکات، کە بە ســۆســیالیزمی دیموکراســی وەســفی دەکات، بەڵام چاودێران ئایدیۆلۆژیای حیزب بە ســـۆســـیال دیموکرات وەسف دەکەن.

لە یەکەم بابەتی پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەدا هاتووە: "مەبەســتی پارتی کرێکارانی ســۆســیال دیموکراتی ســوید خەباتە بەرەو ســـۆســـیالیزمی دیموکرات." واتە: کۆمەڵگە ئابوورییەکی دیموکراسی لە سەر بنەمای سۆسیالیستی هەبێــت. "لە هەر یەکەیــانەوە بەپێی توانــای خۆی، بۆ هەریەکەیان بەپێی پێویستی خۆی". پارتەکە ساڵی ١٨٨٩ دروســـت بووە، لەو کاتەوە تا ســـاڵی ٢٠٠٣ زۆربەی کات دەســـەڵاتی وەرگرتووە، ئایدیۆلۆژیا و ســـیاســـەتەکانی کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر سیاسەتی سوید هەبووە.

ئایدیۆلۆژیای سـۆسـیال دیموکراتی سـوید بەشـێکی دەرەنجـامی ڕزگـاریخوازی چینی کرێکـاری و خۆپـارێزی و بزووتنەوەی فۆلکلۆری ئـایینی ســـاڵانی هەشـــتـاکـان و نەوەدەکانی ســـەدەی ڕابردوو بووە، دیارە بەهێز بووە و بە بـاشـــی ڕێکخراوە، بە هۆیەوە ڕێکخراوی جووتیـاران و کرێکاران لە ســـەرەتاوە هاتنە ناو پێکهاتە دەوڵەتییەکان و ڕێگەیان بۆ سیاسـەتی هەڵبژاردن خۆش کرد. بەم شـێوەیە ئایدیۆلۆژیای سۆسیال دیموکراتی سوید لە لایەن نەریتێکی سـۆسـیالیسـتییەوە دەگۆڕێت، کە گەشـەسـەندنی بەربڵاو و تاکەکەسی مرۆیی لە پێشەوەیە.

گونار ئادلێر کارلســـۆن یەکێک بوو لە ســـەرکردە دیارەکانی سۆشیال دیموکراتەکان، ساڵی ١٩٦٧ پرۆژەیەکی پێشکەش کرد، تا بەها و دەسەڵاتی بنەماڵەی مەیلک کەم بکرێتەوە.

ســۆســیال دیموکراتەکان لایەنگری ســەرســەختی یەکسانیخوازن، دژایەتی بەهێزی جیاکاری و ڕەگەزپەرستی دەکەن. پارتی سـۆسـیال دیموکراتەکان پشـتگیری لە دابین کردنی چـاودێری کۆمەڵایەتی دەکـات، کە بە بـاجـدانی پێشـــکەوتووانە پـارەی بۆ دەدرێـت، هەروەهـا پـارتەکە

پشـــتگیری لە ئابوورییەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە بریتییە لە بە دامەزراوەیی کردنی سیستەمی هاوبەشی کۆمەڵایەتی لە نێوان گرووپە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ســـەرمایە و کار، لەگەڵ چاودێری کردنی حکومەت بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو کوتلە. ســـەبارەت بە پرســـە دەســـتوورییەکان، ســـۆســـیال دیموکراتەکان بانگەشـــە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی پاشایەتی دەکەن.

پـارتی ســـۆســـیـال دیموکرات بە گشـــتی وەک تەلارسازێکی سەرەکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سوید کە لە ســـەر بنەمـای بـاجـدانـانی پێشـــکەوتنخوازانە، بـازرگـانی دادپەروەرانە، کەمی بێکاری، سـیاسـەتی چالاکانەی بازاڕی کار (ALMP) ناســـراوە، کە لە ســـاڵانی دوای دووەمین جەنگی جیهـانی پەرەی پێـدرا. ســـویـد بە بەرنـامەیەکی ئابووری کورت و ســـەرکەوتووی ســـۆســـیال دیموکراتێکی دیـارەوە بـانگەشـــەی دەکرد، بە لێکۆڵینەوە لە کـارەکـانی ئابووریناســـە لیبراڵە توندڕەوەکانی بەریتانیا خۆی لە بواری ئابووریدا پەروەردە کرد، بە شـێوەیەکی دروسـت لە خراپی ئابووری گەورەوە دەرکەوت. ســـیاســـەتەکانی بازاڕی کار سۆسیال دیموکراسی، یان (ALMPs) لە ساڵانی ١٩٤٠ و

١٩٥٠ له لایەن ئابووریناسـانی فیدراسـیۆنی گۆسـتا ڕێن و ڕودۆڵف مـایـدنەر پەرەی پێـدرا. مۆدێلی ڕێن مـایـدنەر سـیسـتەمی ناوەندی موزایەدەی مووچەی تێدا بوو، کە ئامانجی بوو، هەم کرێ لە ئاستێکی دادپەروەرانەدا دابنێت، هەم کارایی و بەرهەمهێنانی بازرگانی بەرەو پێش ببات. دەوڵەت دیاری کرد، کە کرێ زیاتر دەبێت لەوەی کە بازاڕ لە کۆمپانیاکانی ناکارامە، یان نارِکابەریدا دادەنێت و کەمترە لەوەی کە بازاڕ لە کۆمپانیاکانی دادەنێت، کە بەرزە بەرهەمـدار و کێبڕکێکـار، کرێکـاران بە ڕاهێنـان و گواسـتنەوەیان، کە دەوڵەت سـپۆنسـەری دەکرد قەرەبوو کرانەوە.

لە هەمان کاتدا دەوڵەت چاکسـازی لە کرێدا کرد بە ئامانجی مووچەی یەکسـان بۆ کارێکی یەکسـان، بێکاریی نەهێشـت، کە بە سـوپای یەدەگی کار ناسـراوە، وەک ئامرازێکی دیسـپلین و داهاتەکانی بە بەردەوامی بەرز کردەوە، لە هەمان کاتدا باجدانی بەرەوپێشـچوون و کۆکردنەوەی سـامانی کۆمەڵایەتی بۆ پێشـکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگەی حکومەتە ناوخۆییەکانەوە. سیاسەتی سۆسیال دیموکرات بە شێوەیەکی نەریتی جەختی

له سـەر پێکهاتەی خەرجییەکانی دەوڵەت کردووەتەوە، کە خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ڕێگەی حکومەتی ناوخۆییەوە دابین دەکرێن، بە پێچەوانەی جەخت کردنەوە لە سـەر گواستنەوەی بەرنامەکانی بیمەی کۆمەڵایەتی.

ئەم سیاسـەتە سۆسـیال دیموکراسـییانە کاریگەری نێودەوڵەتییان هەبوو، هاوپەیمانی سوور- سەوزی سەرەتایی سوید هانی سۆسیالیستەکانی تۆڕی باکووری لە ویلایەتی مینیسـوتادا بۆ تەرخان کردنی هەوڵەکانیان بۆ بنیاتنانی هـاوپەیمـانییەکی بەهێزی کرێکـار و جووتیـاران، کە سـۆسـیالیسـتەکانی خسـتە ناو پۆسـتی پارێزگارەوە، بەڕێوەبردنی بەرنامەی داهێنەرانەی دژە ڕەگەزپەرسـتی لە سەر ئاستی ویلایەتەکە.

لە سـاڵانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم وایکرد بەڕێوەبەرانی دارستانە فیدراڵییەکان لە ویلایەتی مینیسوتا، پارتی ناوبراو سۆسیالیزمێکی پێشوەختەی پراکتیزە و پەیڕەو دەکرد، چاکسـازیخوازانی پارتی دیموکرات لە سـاڵی ١٩٤٤ ژێرخـانی پـارتی جووتیـار-کرێکـاری بۆ پـارتی دیموکراتی لیبراڵ تەرخان کرد.

## کەرتی ڕێکخستنی ڤێستەرۆست

## سەرکەوتووانە کۆنفرانسی خۆی ڕێکخست

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی ٢٠٠٧/١١/٤ بە سەرپەرشتی کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید کەرتی ڕێکخستنی ڤێستەرۆست کۆنفرانسی خۆی ڕێک خست. سەرەتای کۆنفرانسەکە لە لایەن دڵشاد هەڵەبجەییەوە بەخێرهاتن و ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێ سماقوڵی لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید لە وتەیەکدا باسی هەلومەرجی ئێستای کوردستان و ئەو بارگرژییەی سەر سنووری تورکیا و هەرێمی کوردستان، چۆنیەتی دارِشتنەوەی ڕێکخستنەکان لە داهاتوو بۆ هەڤاڵان شیکردەوە. پاشان لێزمە عەلی حەویز، شێخ نیهاد کارگێڕانی کۆمیتە چۆنیەتی ڕێکخستنیان لە داهاتوو بۆ هەڤاڵان شیکردەوە. دوا بە دوای ئەمان کار و چالاکییەکانی کەرت خوێندرایەوە. پاشان نۆ هەڤاڵ بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکانیان لە پێشبڕکێدا بوون لە ئەنجامدا ئەم هەڤاڵانە بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی کەرتی ڕێکخستنی ڤێستەرۆست هەڵبژێردران.

١.  دڵشاد محێدین هەڵەبجەیی، لێپرسراوی کەرت.
٢.  وریا بەکر ڕەشید، کارگێڕ.
٣.  عەبدوڵڵا دکتۆر نەجمەدین، کارگێڕ.
٤.  سوبحی عوسمان ئاکرەیی، کارگێڕ.
٥.  هادی عەلی فەرەج، کارگێڕ

لەگەڵ ڕێزماندا

بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سوید

## لە باشووری سوید کەرتی ڕێکخستنی هێلسینگبۆری کۆنفرانسی خۆی ئەنجامدا

ڕۆژی یەکشـــەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/٢ کەرتی ڕێکخســـتنی هێلســـینگبۆری بە ئامادەبوونی هەڤاڵانی کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید کۆنفرانسی خۆیان ڕێکخست. ســەرەتای کردنەوەی کۆنفرانس لە لایەن هەڤاڵ ســەردار سـۆرانییەوە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شـەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشــان هاوڕێ ســماقوڵی لێپرســراوی کۆمیتە باســی بارودۆخی ئێســتای کوردســتان و چۆنیەتی ڕێکخســتنی لە وڵاتی سوید بۆ هەڤاڵان شیکردەوە. هەروەها شوان مەرزانی جێگری لێپرسـراوی کۆمیتە باسـی کارەکانی کەرتی کرد لە ڕابردوو. پاشـان شـێخ نیهاد کارگێڕی کۆمیتە باسـی بواری دارایی بۆ هەڤاڵان باس کرد. دوا بە دوای ئەمان هەڤاڵان بە پرســـیار و تێبینییەکانیان کۆنفرانســـەکەیان ڕازاندەوە. پاشـــان دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە، لە ئەنجامدا ئەو هەڤاڵانە بوونە لێپرسراو کارگێڕ.

١. سیروان عەزیز کەریم، لێپرسراوی کەرت.
٢. سەردار خدر ئەحمەد، کارگێڕی کەرت.

٣.  دارا ڕەشید برۆ، کارگێڕی کەرت.
٤.  هۆگر تاریق مام کۆ، کارگێڕی کەرت.
٥.  وشیار عەسکەری، کارگێڕی کەرت.
٦.  ئازاد عوسمان حەمە ڕەش، یەدەگ.
٧.  باپیر بابە شێخ، یەدەگ.

لەگەڵ ڕێزماندا

بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سوید

**کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید**

**ئامادەی کۆنفرانسی کەرتی ڕێکخستنی نۆرشۆپینگ بوو**

ڕۆژی شـــــەممە، ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٦/١٥ کاتژمێر ١٣:٠٠ کۆمیتەی ڕێکخسـتنی سـوید سـەردانی سـنووری کەرتی ڕێکخسـتنی شـاری لینشـۆپینگی کرد. لە شـاری نۆرشـۆپینگ بە مەبەسـتی کردنەوەی کەرتی نوێی شـاری نۆرشـۆپینگ. سـەرەتا کۆبوونەوەکە لە لایەن هەڤاڵ ناسـیح مشـــاری لێپرســـراوی کەرتی لینشـــۆپینگ، بەخێرهاتن و وەسـتان بۆ گیانی پاکی شـەهیدان دەسـتی پێ کرد. دواتر کۆبوونەوەکەی سـپارد بە هەڤاڵانی کۆمیتە. سـەرەتا هاوڕێ سـماقوڵی دەسـت خۆشـی و پیرۆزبایی ئاراسـتەی هەڤاڵان کرد و چۆنیەتی گەشـــەکردنی ڕێکخســـتنی بۆ هەڤاڵان شـیکردەوە، کە لەم سـنوورە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ داهاتوو. دواتر شـوان مەرزانی جێگری لێپرسـراوی کۆمیتە وتەیەکی پێشـکەش کرد سـەبارەت بە گرنگی کردنەوەی کەرتی ڕێکخستن لەم سنوورە. دوایی هەڤاڵ لێزمە و هەڤاڵ باڵامبۆ و هەڤاڵ شـــێخ نیهاد هەر یەکێکیان ســـەرنج و بۆچوونی خۆیان بۆ هەڤاڵان ڕوونکردەوە. پاشـان بە پرسـیار

و بۆچوونەکان کۆبوونەوەکە دەوڵەمەند تر بوو، بیروڕا لە لایەن هەڤاڵان ئاڵوگۆڕ کرا، کە جێگای خۆشـــحاڵی هەموو لایەک بوو.

پاشــان دەرگای خۆ پاڵاوتن کرایەوە، کە نۆ هەڤاڵ لە پێشـــبڕکێدا بوون بۆ پڕکردنەوەی جێگای پێنج کارگێڕ و دوو یەدەگ، لە ئەنجامدا ئەم هەڤاڵانە بوون بە لێپرســـراو کارگێڕ لە شاری نۆرشۆپینگ.

١. ئاوات عەلی سابیر، لێپرسراوی کەرت.
٢. فەرهاد وەلی عارف، کارگێڕ.
٣. سەمیرە ساڵح ئەمین، کارگێڕ.
٤. هەردی ئیبراهیم، کارگێڕ.
٥. مازن نوراها پترۆس، کارگێڕ.
٦. عیماد ئەحمەد تەها، یەدەگ.
٧. ئیبراهیم شوکر عەزیز، یەدەگ.

بە ناوی کۆمیتەی ڕێکخســـتنی ســـوید پیرۆزبایی لە کەرتی تازە هەڵبژێردراو، کەرتی ڕێکخســـتنی نۆرشـــۆپینگ دەکەین، هیوادارین کارەکانی خۆیان بە باشـــی ڕاپەڕێنن و لە خزمەتی گەل و نیشتماندا بن.

هەر هەمان ڕۆژ هەڤاڵانی کۆمیتە لەگەڵ هەڤاڵانی کارگێڕی کەرتی ڕێکخستنی شاری لینشۆپینگ کۆبوونەوە، سەبارەت بە کار و چالاکی کار کردنیان لە داهاتوو لە سنووری چالاکی کەرتی ڕێکخستنی لینشۆپینگ، هەردوولا بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد، وە کۆبوونەوەکە زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سوید

ستۆکهۆڵم

٢٠٠٨/٦/١٥

**له یادی دامەزراندنی ٣٣ ساڵەوە**

**وتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

له لایەن هاوڕێ سماقوڵی خوێندرایەوە

خوشک و برایانی بەڕێز

کەسایەتی و لایەنە سیاسییە بەڕێزەکان، کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

له یادی ٣٣ ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ک و ٣٢ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین.

خوشک و برایانی ئازیز

ئەم یاد کردنەوەیە نەک تەنیا لای هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دۆستانی دەکرێتەوە، بەڵکوو لای تێکڕای جەماوەری گەلەکەشمان له مێژووی دوور و نزیکی بزاڤی ڕزگاریخوازانەیدا، بە وەچەرخان و ڕووداوێکی سیاسی گرنگ و هەلومەرجێکی دژوار و ڕۆژگارێکی سەخت دەژمێردرێت، کە ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، مەستی سەرکەوتن و گەلەکەشمان له بازنەی تەلبەند کراوی نا ئومێدییەکی ترسناکدا قەتیس کرابوو.

پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ ئومێدێکی گەورەی بەخشی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرەنجامیش ڕاپەڕین و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ لە دایک بوو.

هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی بەها و نرخی ٣٣ ساڵ تەمەنی پڕ سەروەری یەکێتییەکەمان بەرز و پیرۆز ڕابگرین، سەرهەڵدان و گۆڕانکاری ئەو وەرچەرخانە لە مێژووی گەلەکەماندا بەرجەستە بکەین، بۆ ئەوەی ٣٣ساڵی پڕ ئەزموون شکۆدارتر بکەین، پیلانەکان تێک بشکێنین و خەونی دوژمنانی گەلەکەمان لە گۆڕ نێین، قۆناغی داهاتوومان لە ناو تەونی گرفت و ئاستەنگەکاندا بە باشی ببڕین ڕەنجی چەندین ساڵەمان بە فیڕۆ نەچێت، ببینە نموونەیەکی مۆدێرن و بەرجەستەی زیندووی گەلەکەمان بکەین، گرەوە مێژووییەکەی ببەینەوە، سەرنجی دۆستەکانمان زیاتر ڕابکێشین و ناحەزانیشمان نا ئومێد و هیوا بڕا و بکەین، پێویستە قسە لە سەر متمانەی نوێ و کاری جددی بۆ ئایندە بکەین.

پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە یەکێتی حیزبی شەهیدان و ئەو بنەما و بنچینە پتەوەیە کە مێژوویەک

خۆی لە ســـەر هەڵچنیوە، بە چەندین ئەزموونی هەوراز و نشــێودا تێپەڕیوە. یەکێتی ڕیزەکانی بووە و لە ئێســتا و لە داهاتووشـــدا وێڕای ئاڵۆزی و هەندێک گرژی هەمیشـــە تێکۆشــەرانی یەکێتی گەشــبینن بەوەی کە ئەو قەیرانەش وەک قەیرانەکانی تر کۆتایی پێ دێت و لەبەردەم کۆنگرەی گشتیدا هەمووان بە سەربەرزانە بۆ سەروەری و پاراستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕادەوەستین. لە دایک بوونی یـەکێتی وەک چۆن ئـەزموونێکی نوێ بوو لـە پێکهـاتـە و دروســت بوونیدا، ئاواش ئەزموونێکی نوێ بوو لە شــێوازی کار کردن و ئازادییەکانی نێو خۆیدا. هەر ئەمەشـە یەکێتی جیا دەکاتەوە لە ئەزموونەکانی دی خەباتی کوردایەتی. ئێمە وەک کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید ڕیزەکانی ناوخۆمان بە مەســەلەیەکی چارەنووســـاز دەزانین کە ڕەنگدانەوەی گەورەی دەبێت لە ســـەر ئایندەی کوردســـتان و پانتایی سیاسی و خەباتی کوردایەتی. دڵنیاشین لەوەی کە یەکێتی هەمیشــە و بەردەوام لەبەردەم پرۆســەی خۆ نوێ کردنەوە دایە، هەر ئەمەش بووەتە ســـیما و خەســـڵەتی زیندووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

خوشک و برایانی بەڕێز

ئاشـــکرایە ئەزموونی کوردســـتان بەردەوام لەبەردەم گەلە کۆمەکی و پیلان و بەرنامەی ناحەزانی ناوخۆ و دراوسـێکان دایە، ئەمەش پێویستی بە پتەو کردنی زیاتری ڕیزەکان و گیانی هاوپەیمانی یەکێتی و پارتی و ســـەرجەم هێزە کوردستانییەکان هەیە و گوتاری سیاسـی کوردیش پێویســـتە شـــەفافانە و وردتر کاری لە ســـەر بکرێت، بە شـێوەیەک کە جەماوەر هەوڵەکان نەخاتە ژێر پرسـیارەوە. ئەمەش وا دەکات لە شـــەڕی دەســـتووریدا کە بۆ یەکەم جارە لە ســـایەی دەقێکی وادا لە ســـەرەنجامی خەبات و قوربانیدا گەلەکەمان بە بەشێکی مافەکانی شاد بێ.

بەڵام ئەو دەقە دەســـتوورییە کەوتووەتە بەردەم هەڕەشـــەی عەقڵیەتی پاوانخوازی ناسـیۆنالیزمی عەرەبی و دەیانەوێت لەبەردەم مادەی ١٤٠دا بە بیانووی نابەجێ گرفت دروست بکەن. ئەگەر بۆشـیان بکرێت دیزە بەدەر خۆنەی بکەن. تەنانەت لۆبی دەرەکیشیان بۆ پەیدا کردووە. دوای هاتنە ناوەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ســـەبارەت بە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ســـەرکردایەتی ســـیاســـی کوردســـتان چاوەڕێی پرۆژەکەی (دیمەســـتورا)یە، لەمەڕ

پەتای گەندەڵیش پێمان وایە هۆکار و فاکتەری زۆر لە پشـــــت ئـەو دیـاردەیـەن، کـە دیـاردەیـەکی جیهـانییـە و کوردســتانیشــی گرتووەتەوە و بە شـێوەیەک نیگەرانییەکی زۆری لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دروست کردووە.

ی. ن. ک هەم لە پلینۆم و هەم لە کۆبوونەوە یەک لە دوا یەکەکانی کۆمیتەی ســـــەرکردایەتی و هەم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیدا و هەم لە کۆبوونـەوەکانی مەکتەبی سـیاسـی لەگەڵ هەڤاڵانی پارتیدا زۆر ڕاشـکاوانە لەمەڕ دیاردەی گەندەڵی هەڵوێســـــتەی کردووە و هەوڵی داوە و ڕێگە چارەی پێویســـــت و گونجاو بۆ ئەم پەتایە بـدۆزێتـەوە. هیوادارین لـە ڕاگـەیـانـدنی کـابینـەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردســتانیشــدا چارەســەری کێشــە و کەموکوڕییەکان و سنوورێک بۆ پەتای گەندەڵی بدۆزێتەوە.

تەمەنی ســـــەوزی ٣٣ ســـــاڵەی یەکێتی ئەلبوومێکی درەوشـــــاوەیە لە خەبات و خۆڕاگری و داهێنان لە ســـــەر ئاســـــتی کوردســـــتان و ناوچەکە و جیهان وەک حیزبێکی ئەندام لە سۆسیال ئینتەر ناسیۆنالدا حیسابی بۆ دەکرێت و خوێندنەوەی لە سـەر دەکرێت، لە هەمان کاتیشـدا یەکێتی مـافـەکانی کـەمـە نـەتـەوەکـان و مـەزهـەبـەکـان و ژنـان و

خوێندکاران و لاوان و هەموو ڕێکخراوەکانی لەبەرچاو گرتووە و بەردەوامیش لە خزمەتی گەل و نیشـــتمانەکەی دایە.

ئامادەبووانی بەڕێز

لە یادی ٣٣ ساڵەی دامەزراندنی ی. ن. ک جارێکی تر ســەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شــەهیدە نەمرەکاندا دادەنەوێنین و پیرۆزبایی لە هەموو پێشمەرگە و زیندانە سیاسییەکان و هاووڵاتییان دەکەین، کە لە ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتیدا هاوڕێ و پشتیوانی ی. ن. ک بوون و کاروانی تێکۆشانی پڕ شکۆی یەکێتییان بەرەو پێش برد و هەمیشە دڵسۆز و خۆنەویست بوون. سڵاوی گەرممان بۆ لایەنە ســیاســییەکانی هاوپەیمانی کوردســتان و هێزە کوردســتانییەکان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردســتان و هەموو لایەنە عێراقییە دیموکرات و پێشــکەوتنخوازەکان هەیە، ســەرکەوتوو بێت خەباتی یەکگرتووی گەلی کوردســتان، نەمری و ســەربەرزی بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان.

ئێوەش شاد و سەرکەوتوو بن

کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید

ستۆکهۆڵم، یەکشەممە، ٢٠٠٨/٦/١

## ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، ئاسۆی دواڕۆژ[1]

بە دروشـــی ئەمڕۆی هەرێمی کوردســـتان، ئاســـۆی دواڕۆژ، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشـــەممە، ٢٠٠٨/٠٢/٢٤ کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید و کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆڵم، کۆڕێکی بۆ ئەندامی لیســـتی ســـەوز پەرلەمانتار ئاریز عەبدوڵلا لە هۆڵی شــیســتا تریێف لە شــاری ســتۆکهۆڵم پایتەختی ســـوید ڕێکخســـت، لەم کۆڕەدا هەر یەک لە کارگێڕان و ئەندامانی کۆمیتە و ئیدریس بیتوێنی بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆڵمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سـوید و نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لیژنەی ســـوید و لیژنەی ســـتۆکهۆڵم پێشـــمەرگە دێرینەکان و نوێنەری باڵیۆزخانەی عێراق لە ســـوید و کۆمەڵەی گەلی کوردســـتان و گەشـــەی ژنان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردســـتان و پەیامنێری کوردســـتانی نوێ و ماڵپەڕی دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان و کەناڵی ئاسـمانی کوردسـات و وەرزشـکاران و گەنجان و لاوان و بنەماڵە و کەســـوکاری شـــەهیدانی بالیســـان و

---

(١) ئەم بابەتە لە لایەن ڕۆژنامەوان فەلاح ئەحمەد ڕەشید لە سوید ئامادە کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

هەڵەبجە و قەرەداخ و شـــوێنەکانی تری کوردســـتان ژمارەیەک لە ڕەوەندی کورد لە شاری ستۆکهۆڵم، ئامادەی بوون، ســـەرەتا هاوڕێ ســـماقوڵی بە ناوی کۆمیتەی ڕێکخســـتنی ســـوید و کەرتی ڕێکخســـتنی ســـتۆکهۆڵمەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و سـوپاسـی بەڕێز پەرلەمانتار ئاریێز عەبدوڵڵای کرد، کە ئامادەیی خۆی نیشـــاندا بۆ سازدانی ئەم سیمینارە، سەرەتای سیمینارەکە بە خولەکێک وەســـتان بۆ گیانی پاکی شـــەهیدانی کورد و کوردســـتان دەستی پێ کرد، پاشان پەرلەمانتار ئاریێز عەبدوڵڵا دەستی بە وتوویێژ کردن کرد، شـــایەنی باســـە کۆڕەکە لە لایەن هاوڕێ ســـماقوڵی، لێزمە عەلی حەویز کۆیی، ئیدریس بیتوێنی بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەڕێوەچوو.

## جەلال جەوهەر: سیمینارێک و لێکۆڵینەوەیەک لە سەر مەسەلەی کەرکووک لە سوید[1]

رۆژی دووشـــەممە، رێککەوتی ٥ی ئـایـار، کـاتژمێر ١٨,٠٠ ئێوارە لە هۆڵی شـیسـتا تریێف شـاری سـتۆکهۆڵم پایتەختی سـوید، کۆمیتەی رێکخسـتنی سـوید بە هاوکاری کەرتی رێکخسـتنی سـتۆکهۆڵمی ی. ن. ک هەسـتا بە سـازدانی سـیمینارێک، لێکۆڵینەوەیەکی ورد و درشـت لە سـەر مەسـەلەی کەرکووک بۆ بەرێز جەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی. ن. ک، لەو سیمینارەدا بەرێز مەحموود سـەنگاوی ئەندامی سـەرکردایەتی ی. ن. ک و نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال، بورهان حەبیب نوێنەری ی. ن. ک لە سـوید، شـەفیق کایا سـەرۆکی هاوپەیمانی هێزە سـیاسـییەکانی کورد و کوردسـتانییەکان لە سـوید، لقی ئەورووپای کۆمەڵەی پێشـمەرگە دێرینەکان، نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، حیزب و رێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان و ژمارەیەک لە رەوەندی کورد لە شـاری ستۆکهۆڵم، ئامادەی ئەو سیمینارە بوون.

---

(١) ئـەم بابـەتـە لـە رێککـەوتی پێنجی ئـایاری سـالی ٢٠٠٨، لـە (Pukmedia) بڵاوکراوەتەوە.

سـەرەتا هاوڕێ سـماقوڵی لێپرسـراوی کۆمیتەی ڕێکخسـتنی ی. ن. ک لە سـوید بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکانی کرد، پاش وەسـتان بۆ گیانی پاکی شـەهیدانی کورد و کوردستان، بەڕێز جەلال جەوهەر دەستی کرد بە پێشـکەش کردنی لێکۆڵینەوەکانی لە سـەر مەسـەلەی کەرکووک، باسی لە گرنگی مێژوویی شاری کەرکووک لە سەر ئاستی عێراق و دەوڵەتەکانی هاوسێی ڕوونکردەوە، لە وتارەکانیدا ئاماژەی بە خاڵە بنەڕەتییەکانی کوردیەتی کەرکووکی ڕوونکردەوە، بەوەی قورسـایی و سـەنگی نەتەوەیی کورد لە کەرکووکدا دەردەکەوێت، بەڕێزی بەپێی ئامارەکانی مێژوو کوردبوونی کەرکووکی ڕوونکردەوە.

هەروەها نکۆڵی لەوەش نەکرد، کە چەند نەتەوەیەکی دیکە لە ناو شـاری کەرکووک و دەوروبەرەکەی هەن و ئاماژەی بەوەش کرد ئەگەرچی ئەوانە کورد نین، بەڵام خەڵکی کەرکووکن و لە دێر زەمانەوە لەو شارە نیشتەجێن و جیاوازن لەتەک عەرەبە هاوردەکانی سـەردەمی تەعریب کردنی کەرکووک لە لایەن بەعسی لەناوچووەوە، ئەمانە و چەند خاڵێکی بنەڕەتی تری خستە پێش چاوی ئامادەبوون، مەسەلەی بڕیاری ١٤٠ بەشێکی تری وتەکانی بوو، ئاماژەی

بەوە کرد نەک بە تەنیا ئەو بڕیارە بگرە زۆر شتی تر هەن، کە نابێت فەرامۆشیان بکەین کە بۆمان دەسەلمێنێت کەرکووک خاکی کوردستانە.

دواتر بەڕێز مەحموود سەنگاوی ئەندامی سەرکردایەتی و نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال باسی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد کە چەند سەنگین و مەحەکە لە ناو ڕیزەکانی عێراقدا، بەڕێزیشی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە دەنگۆیەک هەیە کە حکومەتی مەرکەزی عێراق هەوڵی داماڵینی چەکی قورس لە ناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، سەنگاوی لەم بارەیەوە گوتی: ئێمەی کورد و پێشمەرگە هەمیشە و هەموو کاتێک ئەگەر چەکمان هەڵگرتبێت بۆ بەرگری کردن و دەستەبەرکردنی مافەکانمانە، نەک بۆ دەستدرێژی کردن، هەموومان خاوەن چەکی خۆمانین و چەک دانانێین و بەرگریش دەکەین، نەک تەحەدای نەتەوەکانی تر بکەین.

پاشان چەند پرسیار و ڕەخنە و پێشنیازەکانی ئامادەبووان ئاراستەی هەر یەک لە بەڕێزان جەلال جەوهەر و مەحموود سەنگاوی کران، ئەوانیش وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.

ســـــيمينارەکە لە لایەن شـــێخ عەلی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەڕێوەچوو، ماوەتەوە کە بڵێن کاک جەلال جەوهەر بەڕێزی هاوکات لەگەڵ وەفدێکی عێراقی فیدراڵ هات بوو کە پێک هاتبوون لە نوێنەرایەتی ســــەرکردایەتی ئەمن و ئاسایشی و ئەنجوومەنی ڕێکخراوە عێراقییەکان و نوێنەری هاوپەیمانی کوردستان و سەرجەمیان شەش کەس دەبوون و ئامانجی ســـەرەکی ســـەردانەکەیان بۆ کۆنگرەی یەکێتی عێراق بۆ گفتوگۆ کردن لە سەر ئاشتەوایی نیشتمانی بوو، لە وڵاتی فینلاند، هاتنی بەڕێزیشـــی بۆ وڵاتی ســـوید تەنیا وەک ســـەردانێک و بەســـەرکردنەوەی کەس و هاوڕێ و هاوســـەنگەرەکانی بوو، هەڤاڵ ســـەنگاوی بە ســـەردانێکی تایبەت گەڕابووەوە بۆ وڵاتی ســـوید، لە ســـەر داخوازی کۆمیتەی ســـویدی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان ئەو سیمینارەی ڕێکخست.

## سوید... یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان[1]

لە میانەی یادی ۳۳ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید، کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠٨/٠٦/٠١ لە کاتژمێر ١٤,٠٠ لە هۆڵی شیستا تریڤ شاری ستۆکهۆڵم، سیمینارێک و ئاهەنگێکی ڕێکخست.

لەم یادەدا هەر یەک لە ئەحمەد بامەڕنی باڵیۆزی عێراقی فیدراڵ، عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان و دیندار زێباری ڕێکخەری کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و ناوچەی سویدی پارتی دیموکرات و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی پارت و حیزبە سیاسییەکانی کورد و کوردستانییەکان، کە زیاتر لە ١٥ نوێنەر دەبوون و حیزبە

(١) ئەم بابەتە لە ڕێککەوتی دووی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨، لە لایەن فەلاح ئەحمەد ڕەشید ئامادە کراوە و لە (Pukmedia) بڵاوکراوەتەوە.

عێراقییەکان و گەشەی ژنان و چەند هونەرمەند و کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی دانیشتووی سوید ئامادەبوون.

بەرنامەکە بەم شێوەیە بوو: دەستپێک بە سروودی مەشخەڵان و ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی، سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، داگیرساندنی ٣٣ مۆمی تەمەنی ی. ن. ک لە لایەن ئامادەبووانەوە بوو، وتاری کۆمیتەی ڕێکخستن لە لایەن هاوڕێ سماقوڵی خوێندرایەوە، هەریەکە لە پارت و حیزبە سیاسییەکان وتاریان خوێندەوە، کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستان و هەیئەی پارت و هێزە عێراقییەکان و وتاری مەکتەبی سیاسی ی. ن. ک بە زمانی عەرەبی لە لایەن لێزمە عەلی حەوێز خوێندرایەوە، وتاری لیژنەی سوید پارتی دیموکراتی کوردستان، فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان و پێشمەرگە دێرینەکان و پارتی ژینگەی سوید و زیاتر لە ١٥ وتار پێشکەش کران، لە نێوانی وتارەکاندا هونەرمەند سەردار کەرکووکی چەند سروودێکی نیشتمانی پێشکەش کرد، ئەم یادە بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر بە سەرپەرشتی شێخ نیهاد و ئاری شێخ نووری و بەڕێوەبردنی لە لایەن بەختیار کوردی، شالی ساڵحی بوو.

هەر لە شاری ستۆکهۆڵم ڕۆژی ٢٠٠٨/٠٥/٣١ کەرتی ڕێکخســـتنی ســـتۆکهۆڵمی ی. ن. ک شـــەوە ئاهەنگێکی قەشەنگی لە ڕێستۆرانت دیدار ساز کرد، پێشکەش کردنی سروودی مەشخەڵان و وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، وتاری بەخێرهاتن لە لایەن ئیدریس بیتوێنی بەرپرســـی کەرت پێشـــکەش کرا، وتاری کەرتی ڕێکخســـتن لە لایەن شـــێخ ئەحمەد خوێندرایەوە، لەم بۆنەیەدا هونەرمەندی ناســـراوی گەلەکەمان عەزیز وەیســـی وێرای پیرۆزبایی کردنی خۆی بۆ هەموو ئەندامان و هەوادارانی ی. ن. ک سی دی نوێی خۆی پێشکەشی یادی ٣٣ ساڵەی ی. ن. ک کرد و هاوکات بە چەند گۆرانییەکی ئاهەنگەکەی زیاتر ڕازانەوە، شـــێخ عەلی و خاتوو لانە عەلی ئاهەنگەکەیان بەڕێوە برد، هەتا درەنگانێک بە مۆسیقا و گۆرانی ئاهەنگەکە بەردەوام بوو.

## گلەیی کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید

بەڕێزان بە پێویسـتی دەزانین کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەڕێزتان باس بکەین، لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا، واتە مانگەکانی حەوت، هەشـت، نۆ و دە، هەر بۆیەش ئەو مانگانەمان لە سـەر یەک کۆکردووەتەوە، لە دوای نەمانی مەڵبەند لە دەرەوەی وڵات، هیچ جۆرە نووسـراوێکمان لە لایـەن مەکتەبی ڕێکخسـتن بۆ نـەهـاتبوو، خۆشـمـان نـەمـانـدەزانی پەیوەنـدی بە کێوە بکەین، هەر بۆیە بـە سـوپاسـەوە لە ڕێگای ئەو شـاندە بەڕێزە بە سـەرۆکایەتی کاک عارف ڕوشدی، کاک دلێر ماوەتی، کاک ئازاد سادق، کاک کاردۆ گەلاڵی، کاک شـێخ لەتیف و چەند خوشـک و برایەکی دیکـە، کـار و چـالاکییەکـانمـان ئـاراسـتەی ئەو بەڕێزانە کرد.

١. ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێککەوتی یەکی تەمموزی سـاڵی ٢٠٠٧ هـەڤاڵانی کۆمیتـە کـە لـە لایـەن هاوڕێیانی حیزبی شـیوعی عێراقی بانگهێشـت کرابووین. بەشـداری کۆڕی ئەبوو ڕافد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقمان کرد.

٢. ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی حەوتی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧، لە کاتژمێر ١١ کۆبوونەوەی کارگێڕانی کۆمیتە بەڕێوەچوو.
٣. ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی حەوتی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧، لە کاتژمێر شەشی ئێوارە کۆبوونەوەمان لەگەڵ ستافی کەرتی ڕێکخستنی ستۆکهۆڵم کرد.
٤. ڕۆژی یەکشەممە، ڕێککەوتی هەشتی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید کۆبوونەوەی لەگەڵ ستافەکانی ڕاگەیاندنی ی. ن. ک لە سوید کرد، بە مەبەستی کاری ڕاگەیاندن و چالاکی ڕێکخستنەکان کە بریتی بوون لە: Pukmedia ,Pukonline، تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردسات، ڕادیۆی ستۆکهۆڵم، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، بەداخەوە کوردستانی نەهات.
٥. ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ١٤ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ کۆبوونەوەی کارگێڕانی کۆمیتەمان کرد.
٦. ڕۆژی شەممە، ڕێککەوتی ٢٨ی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٧ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمیتەمان کرد، لە شاری ئوپسالا، کە کەرتی ڕێکخستنی ئوپسالا، ئەرکی کۆبوونەوەکەی خستە سەرشانی خۆی.

٧. ڕۆژی یەکشـــەمەمە، ڕێککەوتی ٢٩ی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧ کۆمیتەی ڕێکخستن لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکانی لقی هەندەران کۆبوونەوەیەکی ســـاز کرد، بە مەبەســتی تۆکمە کردنی پەیوەندییەکان و ئەنجامدانی کاری هاوبەش.

٨. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٠٧ هەڤاڵانی کۆمیتە بەشـــدارییان لە چەندین کۆڕ و یادەوەری لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوە پیشـەییەکان کرد، کۆڕی خوێندکاران، یادەکانی مەلا مستەفا بارزانی، دکتۆر عـەبـدولڕەحمـان قـاســـملوو، دکتۆر ســـادق شەرەفکەندی، بەشداری دەیان پرسەی کەسوکاری ئازیزان لە وڵاتی سوید.

٩. ڕۆژی یەکشـــەممە، ڕێککەوتی دووی ئابی ٢٠٠٧ لێپرســـراو و کارگێڕانی ناوچەی ســـویدی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کرد، بە مەبەســـتی پیرۆزبایی لە ســـتافی نوێی کۆمیتە، لە هەمان کاتدا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا.

١٠. ڕۆژی شـــەممە، ڕێککـەوتی ١١ی ئـابی ٢٠٠٧ کۆمیتەی ڕێکخســتنی ســوید بە هاوکاری کەرتی ڕێکخســـتنی ئۆروبرو پێشـــمەرگە دێرینەکان و بنەماڵەی کاک جەبار فەرمان پرسەیەکی شایستە بۆ هەڤاڵ جەبار فەرمان لە شاری ئۆروبرو ڕێکخرا، کە شـــایەنی ئەو کەڵە پیاوە بێت، خەڵکێکی زۆری ڕەوەندی کورد لە سـوید بەشـداری ئەو پرسـەیان کرد.

١١. هەمان ڕۆژ، لە کاتژمێر شـــەشـــی ئێوارە، کەرتی ڕێکخســتنی ڤێســتەرۆســت پرســەی ماتەمینی بۆ کاک جەبار فەرمان دانا، کۆمیتە و دۆســـت و هەوادارانی یەکێتی و ڕەوەندی کوردی شـارەکەش تێیدا بەشدار بوون.

## لە زمانی بەڵگەنامەکانەوە

Patriotic Union of Kurdistan
Dukan 27th malband of organization

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
مەڵبەندی ( ٢٧ ) ی ڕێکخستنی دووکان
کۆمیتەی ( ٢ ) ی ڕێکخستنی پیرەمەگرون

ژمارە : ٢٠
بەروار : ٢٠/٦/٢٠٠٧

بۆ / بەڕێز .. کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید

بابەت / پشگیری

سڵاوێکی گەرم ......

بەڕێزان :

